مەنسوور هومافەڕ

# بەرامەی مردووەکان

سیانەی جەنگ 3

و. سیامەند شاسواری

# سیانەی جەگەن | نۆڤێلای سێیەم

# بەرامەی مردووەکان

# سیانەی جەگەن


ناوی پەرتووک: بەرامەی مردووەکان

نووسینی: مەنسووری هومافەڕ

وەرگێڕانی: سیامەند شاسواری

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم،

چاپ: چاپخانەی The a King

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

پێشکەشە بە باوکم و
شۆری جامووی تارەکەی...

## بەندی یەکەم

پوورە بڵقیسم، فنجانی قاوەکە، کە دایکم تا بن هەڵی لووشیوە و سەروبنی کردۆتەوە، لە بەردەم ژنە ئەرمەنیەکەدا دائەنێ. هێشتا هیچکامیان هیچیان نەوتووە، کە ژنەی ئەرمەنی فنجانەکە هەڵئەگرێ، سەری ڕائەوەشێنێ و ئەڵێ:

«ــ پڕە لە گیروگرفت. ئەم منالّە خەریکە هەموو ڕووداوەکانی جیهان لەگەڵ خۆی ئەهێنێ. خوا بە خێری بگێڕێ!»

پوورە بڵقیس چاوەکانی دائەچەقێنێ و، لە کاتێکا کە باوەڕی بە ژنەی ئەرمەنی نەماوە، ئەڵێ:


«ــ کامە منالّ، مادام؟»

مادام ئەڵێ:

«ــ منالّی ئەم خانمە! مسۆگەر خۆتان هێشتا ئاگاتان لێ نییە. ئەم خانمە دووگیانە!»

پوورە بڵقیس گوێی قوڵاخ ئەکات، دایکم زیت ئەبێتەوە و مادام درێژەی ئەدا:

«ــ بەڵێ ئەزانم، ئەم خانمە تازە بووکە و شووەکەی ئێستاکە لە زیندانە. براکەی تۆیان چەن ڕۆژ پاش زەماوەند گرت. بەڵام ئەمە پێوقەدەمی بووکەکە نییە خانم گیان. لە زووەوە بڕیار وابوو زاوا بگیرێت. هۆی دواکەوتنەکەی من ئەیزانم. زۆر باشیش ئەیزانم.




بەڵام وتنی هیچ سوودێکی بۆ ئێوە نییە. ڕاستەکەی ئێستە بۆ ئەوە نابێ بوترێ. بەڵام باش گوێ بگرن. ناتوانم دووپاتەی بکەمەوە. بە لاچوونی کەسایەتیەکی گرنگ، کە لە هەشت مانگ زیاتری پێ ناچێ، براکەتان ئازاد ئەبێت. پیاوێکی سەرکەوتوو، سەرکەوتووی هەموو شەڕێک. ئەستێرەی ئەو سێبەری خستۆتە سەر چارەنووسی هەموو شاهان. هەتا ئەبێ بە سێ ساڵان باوکی بە بێداری ئەمێنێتەوە. پاشان دەربەدەری و ئاوارەیی بۆ شا ئەبینم. پاشان نۆرەی شایەکی تازەیە. پاشان بۆ ئێوە ئاوارەیی و ماڵبەکۆڵی ئەبینم. لەم شار بۆ ئەو شار. لە هەموو ئەو شارانەدا، هەژاری و نەداری و نەخۆشی ئەبینم.»

مادام سەری لە سەر فنجانەکە بەرز ئەکاتەوە و، لە پوورە بلقیس مۆڕ ئەبێتەوە و ئەڵێ:

«ـ کە منداڵەکە بوو بە سیانزە ساڵان، تۆ کۆچی دوایی ئەکەیت! ببوورن کە پێتان ئەڵێم. ناچارم، ئەبێ بیڵێم. ئەو کاتەی منداڵەکان بوون بە سیان. من لە چارەنووسی ئەم ماڵەدا زۆر جەنگ ئەبینم کە لە هیچ جەنگێک ناچن. دوژمنەکەی هەمیشە چەکی پێیە و ئەم بێچەکە! بەڵام ئەم سەرئەکەوێ. لەوەش گرنگتر لە سەردەمی ئەودا دوو جیهان پێکەوە تێکەڵ ئەبن. ئەو ئەبێ بە پردێک لە نێوان ئەم جیهان و ئەو جیهاندا. نەء ــ ناتوانم بیڵێم، ناتوانم ــ ببوورن خانمەکان. بە ئەندازەی ئەو پارەیەی کە داوتانە، پێتانم وت. ئیتر بەسە!»


ئەوسا من، کە بڕیار وابوو لە هەموو شەڕێکدا سەرکەوتوو بم، وا دیارە هێشتاش نامەوێ بترسم و ئەمە ئیتر بووە بە خوویەک

بۆم: وەکوو ڕۆژی سی تیر[1]، لە بەردەم کۆگای «بەخشی»، لە مەیدانی بەهارستان، کاتێکە ئاگرپژێنەکان کوژایەوە و خوێن لە ژێر دار سەوڵەکان‌دا جۆگەلەی بەستبوو، من بە تاقی تەنها مابوومەوە. ئەوانی‌تر یان هەڵاتبوون یان بەرکەوتبوون. بەڵام من هێشتاش وەستابووم. وڕ و مات. نەء، من نابێ جارێ بمرم. ئەگەر بڕیار بوایە بمرم، لە بن دیوارەکەی ماڵی موسەدیق لە شەقامی کاخ ئەمردم. ئەمانەش لەبەر ئەوەیە کە هێشتا هەموو چیرۆکەکە نەنووسراوە و شانۆگەرییەکە بە تەواوی نەبراوە بەڕێوە. مادام وتبووی ئەبم بە پردێک لە نێوان دوو جیهان‌دا و، من هێشتا پردم لێ نەداوە. ڕەنگە پاش پردلێدان بێت کە ئیتر نەتوانم سەرکەوتوو دەرچم. بەمجۆرە بوو کە نە من لە مەیدانی تۆپخانە بەر تیری بەڵا کەوتم و نە لە مەیدانی بەهارستان. هەر بەوجۆرە لە ملەی ئەڵاهوئەکبەریش، لەو تۆفانی بەفرەدا، تیانەچووم. چونکا هێشتاش تەمەنم ماوە و هێشتاش سەرکەوتووی هەموو جەنگێکم. ئەم چیرۆکە هێشتاش بڕێکی ماوە. کەوابوو نابێ بترسم. تەنانەت لە یەکسەد و سێزدەهەمین مانگی پاشکەوتنی بەهار، تەنانەت لەو وتووێژەدا کە ئەبێ بە تاقیکردنەوە و من نازانم نزای چاککردنەوەی پسوولەی چییە؟

هەرچەند ماوەیەکە ئیتر بەفر نابارێ، بەڵام بەفرەکانی پێشوو

١- ڕۆژی سی تیر **١١٣١:** مێژوو ڕەهات بەرامبەر بە ڕۆژی **٢١** جوونی **١٩٥٢**، خۆپیشاندندانی سەرلەبەیانی لایەنگرانی سەرۆک وەزیرانی ئێران د. موسەدیق، بووە هۆی کوژرانی ١٨٠ کەس و خۆپیشاندنی سەد هەزار کەسی لایەنگرانی حیزبی توودە، پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بە تێکڕا بووە هۆی ڕووخانی دەوڵەتی «قەواموسەڵتەنە» و هاتنەوە سەرکاری د. موسەدیق، کە پێنج ڕۆژ پێشتر وازی هێنابوو.









وەکوو خۆیان ماونەتەوە. شۆستەکان و لێواری دیوارەکان بە بەفر سپی هەڵگەڕاون. لە زۆربەی شوێنەکاندا بەفر بووە بە سەهۆڵێکی ڕوون و، تاکە پێڵاو، کڵاوی سەربازی، چاویلکەی خوێندنەوە[٢]، تەنەکەپووتی بەتاڵ و هەندێ جار وێنەیەکی خۆری بە ڕەنگی زەرد و لەرزۆکەوە تیا بەدی ئەکرێ. بای سەرسەرِ ئاقارێکی دیاریکراوی نییە. هەندێ جار لە باکوورەوە بۆ باشوور و جاریش لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات. دیار نییە ئەم با ساردەیە، کە خۆری لە تین خستووە، یان بە هۆی کزبوونی خۆرەوەیە کە باکان ئەوەندە سارد بوون؟ لە جەمسەری هەندێ لە کۆڵانەکاندا ئەستوورایی سەهۆڵی ڕچاو تەنانەت ئەگاتە نیو مەتر و، لەو کاتانەدا کە ئەکرێ خۆر لە ناخی سەهۆڵەکاندا ببینرێ، دەرئەکەوێ ئەم خۆرە ئیتر ئەو خۆرە کۆنەیە نییە کە ئەیتوانی عەرز گەرم بکاتەوە. وێنەی خۆر، لە ناخی سەهۆڵی چڵکن و چەپەڵی شۆستەکاندا، نەخۆشینی لەرزوتای پێوەیە.

لە شەقامەکاندا، جێجێ ئۆتۆمۆبیلێکی ڕچاو ڕایگرتووە. درەختەکان، هەرکامە و پەیکەرێکی زەبەلاحن، کە بەفر و سوهۆڵ دایپۆشیون. درەختەکانی قەراخ شەقامەکان پڕن لەو چلوورە درێژ و نووک تیژانەی جارجارە یەکیان لە لقێکەوە بەر ئەبێتەوە و بە دەنگێکی وەکوو دەنگی شکانی جامێکی بلوور، شەتەرەق بەسەر شەقامەکەدا بڵاو ئەبێتەوە. هەندێ جار چلوورەیەکی باریک و درێژ، وەکوو نێزەیەک، ئەیدا بە تەوقی سەری ڕێبوارێکدا و، بەبێ هیچ دەنگێک، کۆڵەی ئەکوتێ! پاشان شەرابی ڕژاو بەسەر سەهۆڵەکەدا

---

٢ ـ چاویلکەی خوێندنەوە: eyeglasses ئاو چاویلکەی پزیشکی. ع نظارة طبية N briller د عینک ذره بینی.

ئەبینی کە هەڵمی لێ هەڵئەسێ. درەخت و دیوار و پیادەڕەوەکان ئەبێ لێیان بترسی.

لە سۆڵە[٣] و سەرمایەکی ئاوەهادا، شەوانە لە ترسی فڕۆکەکانی دوژمن، بەرنامەی خامۆشیش بەڕێوە ئەبرێ. ئەو ئوتۆمۆبیلانەی کە هێشتاش ئەتوانن بڕۆن بەڕێدا، ئەبێ شووشەی لایتەکانیان کردبێ بە شین. شینێکی بی وزە و بێڕەنگ، لەسەر تەختی ڕچاوی شەقامە سپییەکاندا، ڕنگی زەمهەریرێک ئەدرەوشێتەوە کە تا ئێستا وێنەمان نەبینیوە.

ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆ، لەبری تاقیکاری سەبارەت بە هەڵبژاردنی پسپۆڕی ئابووری، ئەزموونی ڕامیاری—ئایدیۆلۆژیکم لێوەرگیرا. لە گەڕانەوەمدا بۆ ماڵەوە، دوو کەسم بینی کە پووزەوانە[٤] ئەستوورە بەرگنەکانیان[٥] بەستبووی و بە دوو کۆڵەکەی سەهۆڵەوە هەنگاویان ئەگواستەوە. هەڵمی هەناسەیان لە حەوادا ئەیبەست و وەکوو لۆکۆمۆتیڤە هەڵمە کۆنەکان، هێڵێکی سپی و ئەستوور لە دوایانەوە بەجێ ئەما. دڵنیا کارێکیان هەیە کە بەوجۆرە، لەو سەرمایەدا دەرکەوتوون.

---

٣ـ سۆڵە: bitter cold کەشوهەوا ناو سەرمای بەتین، بەستەڵەک. ع البرد القارس N veldig kaldt د سەرمای سخت.

٤ـ پووزەوانە: leggings, socks ناو پووزلخ، زەنگاڵ، بەلەکپێچ، دۆلاغ؛ پووزەوانە هەم لە سەرووی شەرواڵەوە لەبەر ئەکرێ و هەم بە زۆری لە خوری و مووی زبر دروست ئەکرێت بۆ پاراستنی قاچ لە پەلاماری خشۆک و دەعبا. ع جوارب N leggings د ساق پوش.

٥ـ بەرگن: fluff ناو لوا، کولکەی بزن و وشتر کە زۆر نەرم و گرانباییە و بە شانە لێی ئەکەنەوە. ⇦ پووزەوانەی بەرگن، تایبەتی ناوشار و کەشخەییە و پووزەوانەی موو هیی گوند و شاخە.

ناو کۆڵانەکە تۆزێ لە دەرەوە گەرمترە. جیرەبەندی سووتەمەنی بووەتە هۆی ئەوەی تەنها یەک ژووریماڵەکە گەرم بکەین. ئێمەش ژوورەکەی ڕوو بە حەوشەمان هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی پەیوەندی بە کۆڵانەوە نەبێت و، لە دەسرێژی جارجارەی شەوانەدا، کە ئێمە هەرگیز بۆمان دەرناکەوێ چی ڕووی داوە؛ بەر گوللەی وێڵەکی نەکەوین. جگە لەوە هاتووچۆی پاسدارەکانیش نابینین و تووشی دڵەخورپەی نابەجێ نابین. هەروەها ئەگەر بە ڕێکەوت هێڵێکی باریکی ڕووناکیی لە درزێکی باریکەوە لە ناخی شەودا دەرکەوت, ئەوا تاقی بەرهەیوانەکە ئەیشارێتەوە و نەک هەر فڕۆکەکانی دوژمن ئەو تیرێژە ناسکە نابینن، بەڵکوو پاسدارەکانیش پێی نازانن. چونکە بە هەستپێکردنی کەمترین ڕووناکی پاسدارەکان زرمە لە دەرگا هەڵئەسێنن و بەکۆمەڵ خۆیان ئەکەن بە ژووردا بۆ ئەوەی ڕێگە بەر ڕووناکایی بگرن. لە ژوورەکەی لای بەرهەیوان، تەلەفزیۆن، دوو قەرەوێڵەی نوستنی بەیەکەوە لکێنراو، چەند دانە بەتانی، هەندێ قاپ و قاچاخ و پیاڵە و ژێرپیاڵە و ڕادیۆیەکی پیل لەگەڵ لایتێکمان هەیە. بۆ ئەوەی کاتێکە کارەبا ئەڕوات بتوانین ڕادیۆکە بدۆزینەوە. یان کاتێک کە ئاژیری هەوایی لێ ئەدەن، بتوانین خۆمان بگەیەنینە ژێرخان.

لەسەر تەلەفزیۆنەکە، نامەیەکی فەرمی سەرنجم ڕائەکێشێ. لە کاتێکا خەریکی کردنەوەی پاکەتەکەم، ژنەکەم ئەڵێ: «لە شارەوانیەوە هاتووە، دڵنیام هیی باجی خانووبەرەیە.»

لە لای سەرووی نامەکەوە نووسراوە "بسمەتعالی" و، لە ژێریەوە بە چاپێکی قەڵەو نووسراوە:

"بسمەتعالی"

**تا ئەو کاتەی کۆرپەیەکی شیرخۆرە**
**لەم وڵاتەدا مابێ، درێژە بە جەنگ ئەدەین!**

برا (فلانی)

بەگوێرەی ئەوەی کە خوالێخۆشبووی باوکت لە سەردەمی ژیانیدا "سێ تار"ی لێ ئەدا و سێ تار نەک هەر سازێکی شۆڕشگێڕانە نییە، بەڵکوو بە دژی ئیسلام و دژی شۆڕش ناسراوە و بەگوێرەی ئەوەی کە کاتی ژەندنی سـێتار، مسۆگەر موسەکەراتیشی خواردۆتەوە، کە وابوو بە موحاربی خودا و خەڵقی خودا ناسراوە و لە گۆڕستانی موسڵمانان جێگەی نابێتەوە و دەرئەکرێ. داواتان لێ ئەکەین لە ماوەی پێنج ڕۆژ پاش ڕێکەوتی ئەم نامەیە، سەر بدەن لە بەڕێوەبەریتی گۆڕستانەکانی شار تا شوێنی وەرگرتنەوەی تەرمەکەتان بۆ دیاری بکرێ.

بەڕێوەبەریتی گشتی پاکتاوکردنی گۆڕستانەکانی شارەوانی

نامەکەم جارێکی تر خوێندەوە. ئەڵێی دەستم ئەلەرزێ و ڕەنگم گۆڕاوە و هێڵەکانی ڕوخسارم تێکچووە کە ژنەکەمی تۆقاندووە؛ چونکە ئەڵێ:

ـ بۆ قسە ناکەی چی بووە؟

دەقی نامەکە، جارێکی تر بە دەنگی بەرز ئەخوێنمەوە.

ـ شتی وا نابێت، ڕەنگە یەکێک ویستوویەتی گاڵتەمان لەگەڵ بکات.

ـ پێم وانییە. یەک دوو حەفتە لەمەوپێش دەنگۆیەکی وا هەبوو. بەڵام هەموو پێ ئەکەنین. کێشە ئەوەیە داوایان کردووە تا پێنج ڕۆژ لە ڕێکەوتی نامەکەوە بچین بۆ لایان. ئەمڕۆ حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی نامەکە تێپەڕیوە.

ـ ئەوەی گرنگ نییە. ئەمانە جیاوازی نێوان دەرچوو و هاتوو نازانن. بە ڕای من لەبیری بکە و گوێشی مەدەرێ.

ـ ڕەنگیشە بە هۆی سەهۆڵبەندانە درەنگ گەیشتووە.

ـ بە هۆی سەهۆڵبەندانەوە نامەکانی خەڵک دوا ئەکەوێ. کەچی نامەکانی خۆیان وەکوو مەرگی کتوپڕ ئەگات. ئەوە نییە ئوتۆمۆبیلەکانیان کات و ناکات بە کۆڵان‌دا دێن و ئەچن؟

ـ بەیانی تەلەفۆنیان بۆ ئەکەم. خوا بکات زۆر بە تۆخی نەیانگرتبێ.

ـ شتێکم بە بیردا هات. ئەڵێم وا باشترە بەبێ ئەوەی بیخەیتە خۆت بچی بۆ لایان و بڵێی ئەتەوێ دە ساڵ نوێژ و ڕۆژوو بۆ خوالێخۆشبووی باوکت بکڕی. ڕەنگە پارەیان ئەوێ، بەڵام لەم ڕێگەیەوە داوای ئەکەن.

ـ تۆیش چیت بە بیردا دێ. یەکەم ئەوە خۆی وەکوو حەسحەس وەرە بمگرەیە. دووەمیش کوا ئەو ئاخوندەی کاتی بەتاڵی هەبێ؟ هەموویان بوون بە سەرۆک و وەزیر و گزیر.

ـ ئاگات لێ نییە ئەڵێن چی. مەبەستم ئەوەیە پارەیەکت لێ بسێنن و هەڵڵاکە دامرکێننەوە.

ـ بەو جۆرە بێ مسۆگەر ملیۆنێکیش کەمە. ئینجا کوا پارە؟ جارێ با تەلەفۆن بکەم بزانم نامەکە ڕاستە یان نا. پاشان بیرێکی لێ ئەکەمەوە.

لە سەر لێواری قەرەوێڵەکە دائەنیشم، بەرامبەر تەلەفزیۆنەکە. ئاماژە بە مەهدی کوڕم ئەکەم تەلەفزیۆنەکە هەڵکات و داوا لە ژنەکەشم ئەکەم زووتر شێومان بۆ ئامادە بکات. زیاتر لە بەر ئەوەی لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە و بە هەڵبوونی تەلەفزیۆنەکە نەیکا بە قیژە و هەرا.

بەمجۆرە ساتێک سەیری تەلەفزیۆن ئەکەین: کۆمەڵێکی یەکجار زۆری خەڵک تابووتی بە ڕەش داپۆشراویان بە سەر شانەوەیە و هاوار ئەکەن «جەنگ، جەنگ، تا سەرکەوتن!» دیمەنێ سەرەتاکانی پاشتر، ناشتنی شەهیدەکانە. لەگەڵ جووڵانەوەی پەردەی بەردەم ژوورەکە کوڕەکەم چالاکانە خۆی هەڵئەدا بۆ لای تەلەفزیۆنەکە و ئەیکوژێنێتەوە.

ژنەکەم سفرە نایلۆنەکە هەڵئەدا بۆ ناوەڕاستی دیوەکە و ئەڵێ:

ــ من لەم ئاشپەزخانە کاولبووە تەزیم.

ئاماژە بە کوڕەکەم ئەکەم بچێ بۆ یارمەتی.

ــ بەمجۆرە نابێ. ئەبێ لەگەڵ ئەوانەی قاتی سەرەوە قسە بکەین بۆ ئەوەی چێشتخانەکانیش گەرم بکەن.

ئەزانم هاوسێی سەرەوە مل نادا. ئەو ئەزانێ کە دواین بەشی گازۆیلی ئەمساڵمان وەرگرتووە و ئەگەر مازووتی قاچاخیش دەسخەین قەت ناتوانین بیگەیەنینە ئێرە. کوڕەکەم و دایکم پێکەوە خواردنەکە ئەهێنن. کاتی سفرە کۆکردنەوە و گواستنەوەی بۆ چێشتخانە من و کوڕەکەم یارمەتی ئەکەین و ناهێڵین ژنەکەم، کە بەتانیەکی لە خۆیەوە ئاڵاندووە، دەست بۆ هیچ ببات.

لە چێشتخانەوە دەنگی ئاژیرێکی ناوچەیی ئەبیسم. بە پەلە ئەگەڕێمەوە بۆ ژوورەکە و تەلەفزیۆن هەڵئەکەم. دادیاری گشتی خەریکە سەبارەت بە «زیناحی موحەسەنە» قسە ئەکات. کە کارەبا ئەبڕێ. کوڕەکەم بە پەلە لایتەکە هەڵئەکات. و ڕادیۆکە ئەدۆزێتەوە. ڕادیۆکەش خەریکە «یاسای وسڵ دەرکردن» باس ئەکات. لەپڕ دەنگی پێی بە پەلەی ژمارەیەک ئەبیستم کە خۆیان ئەکەن بە ژێرخانەکەی ئێمەدا. ژنەکەم ئەقیژێنێ: «بێدەنگی کە!» من ڕادیۆکە ئەکوژێنمەوە.

ــ چی بووە؟

کوڕەکەم ئەڵێ:

ــ مزگەوتی گەڕەک ژێرخانی ماڵەکەی ئێمەی بە ناوی کونە تەیارە ڕاگەیاندووە. هەڤاڵەکەم وتی.

ــ کە وابوو ئێمەش ئەبێ بچین.

ژنەکەم ئەڵێ:

ــ ئێمە بۆچی؟

لەپڕ دۆشکەکانی دەوراندەوریماڵەکەمان چوار پەلی ماڵەکەیان هێنایە لەرزین. بە پەلە ئالالە ئەگرمە باوەش، بەتانیەک ئەدەم بە سەر خۆم و ئەودا و، ئاماژە بە ژنەکەم ئەکەم ئەویش و کوڕەکەیشم بکەونە ڕێ. کوڕەکەم بەتانیەک ئەدا بە سەریدا و لە ژێر بەتانیەکەوە لایتەکەی بە دەستەوەیە. بەڵام ژنەکەم جووڵە ناکا. ئێمە بە ترسەوە چاومان بڕیوەتە ئەو و چاوەڕوانین، بەڵام ئەو ئەڵێت:

ــ ئەمە شانۆگەری ترس لە جەنگە. ئێوە بەشداری بکەن بەسە. من لە جێی خۆم نابزوێم.

دەرفەتی مشتومڕمان لەگەڵ ئەودا نییە. بەرەو ژێرخان ئەکەوینە ڕێ. حەوت هەشت پاسدار لە ژێرخانەکەدا بە بێدەنگ وەستاون و لە پەنجەرەی بن بنمیچەکەوە چاویان بڕیوەتە ئاسمان، بۆ ئەوەی بەڵکوو فڕۆکە عیراقیەکان ببینن. یەکیان ئاوڕ ئەداتەوە و لایتەکەی بۆ ساتێک ڕوخساری هەردوکمان ڕوون ئەکاتەوە. ئەڵێت:

ــ برا ئێوە لە کوێوە هاتن؟

ــ لە قاتی سەرەوە. لە ماڵی خۆمانەوە.

ــ ئێرە ماڵی ئێوەیە؟

ــ بەڵێ.

ــ ماشەڵڵا باش تاغووتیە!

ئیتر هیچ ناڵێت. ئێمەش لە سووچی ژێرخانەکەدا لە سەر قەرەوێڵەیەکی تەختە لە تەنیشت یەکەوە قنجکان ئەکەین. بەتانیەکان لە خۆمان ئەئاڵێنین و هەرکامە بە چاوێک ئەمانەوێ لەگەڵ دەرەوەی بەتانیەکە پەیوەندی بگرین. هیچ شتێک نابینرێ، تەنانەت ڕەشایی پشت شووشەکان.

ناخودئاگا جزدانەکەم لە گیرفانی باخەڵم دەرئەهێنم و لەو تاریکیەدا

لە وێنەکەی باوکم لە ناو نایلۆنەکەدا مۆڕ ئەبمەوە.

ـ چەندە شەرمەزارم بابە. هەر هاتن و بانگیان کردی کە بچی سێتاریان بۆ لێبدەی یان وتووێژت لەگەڵ بکەن، بەرم پێگرتیت و نەمهێشت بڕۆیت.

ـ خۆم نەڕۆیشتم. بۆچی دیسانەوە خەریکی ناتۆرەم لێ ئەنێی؟

ـ ڕاست ئەکەی بابە، خۆت نەچوویت. بەڵام لەم دواییانەدا ئەحمەدی نەفرەتلێکراو هات و هەڵیخڕاندی.

ـ من هیچ حەزم نەئەکرد. پێیان وتم دانیشتنێکی خۆمانەیە، بۆ ئەوەی باش تۆمار بکرێ لە ستۆدیۆیەکی ڕادیۆ ئەو کارە ئەکەن.

ـ بەڵێ بابە! ئەزانم کە ڕاست ئەکەی. هەموو کەس بە ئاسانی نەی ئەتوانی کڵاو بکاتە سەرت.

ـ من پێیانم وت: «تەمەنێک نانی نۆکەریمان خواردووە، لەم کۆتایی ژیانەدا نامەوێ خۆم بخەمە ناو ئەم بەزمەوە.»

ـ هەق بە تۆیە بابە. هەمیشە ئەتوت نابێ بۆ مرۆڤی بێنرخ ساز لێ بدەی. ئەمانە تێناگەن.

ـ ئێستە بینیت؟

ـ ئێستە چی بکەم بابە؟ بەداخەوە نازانی چی ڕووی داوە. تۆ تەمەنێک لە هەوێشخان و لە ژێرخانە داخراوەکان‌دا سازت لێ ئەدا و کەس نەی بیست. ئێستە پاش مردنت لە کوێوە دەنگی سازەکەتیان بیستووە؟

لەو بزە هەمیشەییانەی، کە تیشکێکی دفرە و خاکەڕایی لە چاوەکانیا ئەدرەوشێتەوە، ئەکەوێتە سەر ڕوخساری و ئەڵێ:

ـ چۆن نازانم چی ڕووی داوە. من هێشتا زیندوو بووم ئەم ڕووداوە دەستی پێکرد.

ـ نە بابە گیان. بابەتەکە لەم قسانە گرنگترە. ئەیانەوێ لە گۆڕستان دەرت بکەن.

ـ ئەزانم کوڕم. ئەمە ئەزانم. لە کوێی کوڕم؟ کاتێکە بڕیار

وایە هەموو شتێک سەرەوبن بکرێ، ئەمانەش درێژەکەیەتی. یەکێک لە پاشکۆکانی تەنگبوونی جێگەیە لە گۆڕستان. هەوڵ بدە هەواڵێک دەسخەی بزانی گۆڕی ڕەزا شێت و حەبیب سەنتووری چی لێ ئەکەن. هەروەها هیی ئیرەج و عارف و عیشقی و سەباش؟![٦]

ـ ئەگەر هەموو مرۆڤی دڵپەرەستان لە خاک دەربهێنن، خاک ئەپووکێتەوە!

ـ سەر خاک بەتاڵ، بن خاکیش پووک... ئێوە لە نێوان زەوی و ئاسماندا هەڵواسراون... هەڵێن. لێرە مەمێننەوە. ئێمەش ساڵی لاڕەشەکە هەڵاتین و تیانەچووین. بەڵام ئەمە بای تاعوونە. ئەکوژێت. هەوڵبدەن تیا نەچن. گۆڕستان نابێ بە نیشتمان!

دەنگی یەکێک لە پاسدارەکان بەر گوێم ئەکەوێ. زۆر بە ئەسپایی بەوی تر ئەڵێ:

ـ ئەوەتانێ. وەکوو ئەستێرەیە، بەڵام زەردە، خەریکە ئەچێ بەرەو فڕۆکەخانە.

ـ کوانێ تۆیش، ئەڵێی چی لە خۆتەوە؟

ـ ئەو ئەستێرە زلە ئەبینی؟ لەوێوە بچۆ بۆ لای چەپ. ئێستە لە نێوان ئەو دوو پەنجەی منەوە جوان سەیری ئەو پارچەیەی ئاسمان بکە. چراکەی هەر هەڵ ئەبێت و ئەکوژێتەوە.

لەم کاتەدا ئاژیری بەردەوام، کە بە واتای تەواوبوونی مەترسی هەواییە، لە کۆڵانەکەدا بڵاو ئەبێتەوە. ئێمە لە سەر جێی خۆمان ڕائەبین. کوڕەکەم لایتەکە هەڵ ئەکات. دەنگێکی فەرماندەر لە ناو پاسدارەکانەوە بەرز ئەبێتەوە:

ـ برا بیکوژێنەوە. بیکوژێنەوە!

من ئەڵێم:

ـ تەواو بوو برا، ئاژیری دووەمیشیان لێدا.

ـ لە خۆوە لێیان دا. ئەوەتا من فڕۆکەی دوژمن بە ئاسمانەوە

---

٦ـ هەر چواریان لە هۆنەرانی بەناوبانگی ئێرانن.

ئەبینم. بڕۆن لە سەر جێگەکەتان دانیشنەوە.

ـ نە برا، فڕۆکەکانی دوژمن هەڵاتن. ئەم ئاژیرە لە خۆوە نییە. فەرمانی ئەم ئاژیرە لە لایەن ڕادارەوە ئەدرێ.

ـ من ئەڵێم خەریکە فڕۆکەکە ئەبینم. تۆ هەر بڵێ ڕادار!

ـ ڕەنگە تۆ فڕۆکەی خۆیی ئەبینی کە بۆ بەرگری کردن هەڵساوە. مەگەر لە سەر فڕۆکەکە نووسراوە سەددام و تۆش خوێندتەوە؟ بەم نیوەشەوە بیانوو ئەگری. هاتوویتەتە ماڵەکەم، پێڵاوت سەرچاو. ئەتەوێ دیسانەوە بمێنیتەوە، دیسان سەرچاو. بەڵام ئێستە ئیتر دۆخی نائاسایی نییە. دەسەڵاتیش ڕایگەیاند کە نییە. من و مناڵەکانیشم ئەمانەوێ بچین بخەوین.

یەکیان ئەڵێ:

ـ هەق بە تۆیە برا! ئەم برایە لە سەرەتاشەوە هیچی نەبینیبوو. ئەندێشە هەڵیگرتووە. فەرموون بڕۆن بخەون. ئێمەیش چاوەڕوانی ئۆتۆمۆبیلین. تا چەند خولەکی تر بەجێتان ئەهێڵین.

بەبێ ماڵاوایی کەوتینە ڕێ و چووینە سەر. گەرمای ژوورەکە بەو بۆنە مەییوانەوە زۆر خۆشە. ژنەکەم لە ژێر لێفەیەک و دوو بەتانیدا خۆی گرمۆڵە کردووە و لێی خەوتووە. ئالالە کە بە باوەشی منەوە خەوی لێکەوتووە، ئەلکێنم بە دایکیەوە بۆ ئەوەی گەرمی ببێتەوە. پاشان کوڕەکەم ئەخەمە ژێر بەتانیەکەوە و دەوروبەرەکەی دائەپۆشم بۆ ئەوەی هەوا نەچێتە ژێر بەتانیەکان و خۆیشم لە لایانەوە، لە لێواری سیسەمەکە ڕائەکشێم و، لە نێوانی تەقینەوە ترسناکە دوورەکاندا شەو کوت کوت ئەکەم.

بەیانی و کاتی ڕابوونە. ڕادیۆکە هەڵ ئەکەم. ڕەنگە هەواڵێک سەبارەت بە نامەکەی دوێشەو بڵاوبکەنەوە. بەڵام لە ڕادیۆوە دەنگی دەنگی ئارام و یەکدەستی پیرەمێردێک ئەبیسرێ کە بە زاراوەیەکی گوندییانە ئەڵێ: «لە حەزرەتی سادق عەلەیهـ سەلامەوە ئەگێڕنەوە ئەبێ

نەعلەینی زەرد لە پێ بکرێ. پێڵاوی ڕەش یان ڕەنگەکانی تر نەگبەتی ئەهێنێ. بەتایبەتی ئەگەر پاژنەکەشی داخراو بێ.»

رادیۆکە ئەکوژێنمەوە. کترییەکە ئەخەمە سەر ئاگر. دەست و ڕوویەک ئەشۆم و بە ڕیشتاشی کارەبایی ئەکەومە ڕیش تاشین، کە لەپڕ بیرم ئەکەوێتەوە خۆزگە ڕیشم نەئەتاشی. ئەم برایانە زۆر حەزیان لە ڕوومەتی ساف و تاشراو نایەت. بەڵام تازە چ نەئەکرا و ئەبوا ئەوی تریش بتاشم. جگە لەمەش ئەمانە خۆ بە ڕیشی یەک ڕۆژە فریو ناخۆن. جگە لەوە مەگەر کەم پیاوی ڕیشدار و ژنی چارشێو بە سەریان تیرەباران کردووە؟

خۆ ئەخلافێنم تا ئەبێ بە کاتژمێری هەشت. ئاخرەکەی دەنگی کۆڕاڵێکی دەنگ ناخۆش کە خەریکن چەند ئایەتێک لە سوورەتی جاڵجاڵووکە ئەخوێنن لە بڵێندگۆی مزگەوەتەوە ئەبیسرێ. ئەم ئایەتانە سەرەتای هەواڵەکانی هەشتی بەیانیە. لە دەنگوباس‌دا هیچ ناڵێ. تەلەفۆن ئەکەم بۆ شارەوانی. یەکێک ئەڵێ: «پەیوەندی بە ئێمەوە نییە.» و، ژمارەی گۆڕستانی شارم پێ ئەدات. تێ ئەگەم دەنگی ئاسایی نییە. پێم وایە ڕەنگە گەرووی هاتووە. سپاسی ئەکەم و بیستۆکەکە دائەنێمەوە. هزرم کۆ ئەکەمەوە و تەلەفۆن ئەکەم بۆ بەڕێوەبەرێتی گۆڕستانەکانی شار. دەنگێک وەکوو ملەخڕەی گرتبێ وەڵام ئەداتەوە:

ـ سەلام برا! گۆڕستانی شار، فەرموون.

ـ سڵام قوربان، ئەمویست بپرسم نامەی ژمارە... بە ناوی منەوە لە لایەن ئێوەوە نێردراوە؟

ـ برا ئەبێ تەلەفۆن بکەی بۆ سکرتاریەتی بەڕێوەبەرێتی گشتی پاکسازی گۆڕستانەکانی شارەوانی.

ـ ببوورە جەناب ئەکرێ ژمارە تەلەفۆنی ئەو جێگەیەی کە فەرموت پێم بڵێی؟

ـ چاوەڕێ بە خۆم بۆت وەرئەگرم.

وا هەست ئەکەم بە هۆی سەرما و نەبوونی سووتەمەنیەوە، هەموو گەروویان ئێشێ، چونکە دەنگێکی خنکاوی تر ئەقرخێنێ: «سەلام برا! بفەرموون.»

ــ سەلام جەناب، ئەمویست بپرسم نامەی ژمارە ... لە لایەن ئێوەوە بۆ من نێردراوە؟

ــ تۆزێ ڕاوەستە.

دەنگی پەڕە هەڵدانەوەی پەڕاو و دەنگی ترپەی دڵم ئەبیسم و پاشان هەمان دەنگی گەرووئێشە ئەڵێ:

ــ بەڵێ برا، تکایە بە زووترین کات چارەنووسی تەرمەکە دیاری بکە.

ــ ئاخر من چی لەو تەرمە بکەم؟

ــ ئەوەیان من نازانم. بەرپرسی ئەو کارە حاجی ئاغە ئەڵڵاوێردییە.

ــ بفەرموون چۆن ئەتوانم حاجی ئاغە ئەڵڵاوێدی بدۆزمەوە.

ــ هەر لێرە، لە نووسینگەی گۆڕستان.

ــ ئەکرێ سڵامێکیان لێ بکەم؟

ــ نە برا، ئەو وەڵامی تەلەفۆن ناداتەوە.

ــ کە وابوو ئەتوانم هەر ئەمڕۆ چاوم پێی بکەوێ؟

ــ ئەو لە بەیانیەوە هەتا شێوان لە سەر کارەکەیەتی. کەی هاتی، هاتی.

بیستۆکەکە دائەنێمەوە. ئێستاکە زیاتر هەست بەوە ئەکەم کە خەڵکێک ویستوویانە گاڵتەم پێ بکەن. ژنەکەم، دەستی ناوەتە لاکەلەکەی و لە پشت سەرمەوە وەستاوە. نازانم چۆناوچۆن وەڵامی نیگا پرسێنەرەکەی بدەمەوە.

ــ ئەڵێی بەڕاستیانە.

ــ مەبەستت چییە؟

ــ من ئەچم بۆ «بەهەشتی زەهرا».

ــ ئوتۆمۆبیلەکە بەستوویەتی. بە چی ئەتەوێ بڕۆی؟

ـ هەر چۆن بووە هەڵی ئەکەم.

بەرچایی بە دەستلێنەدراوی لە سەر لێواری سیسەمەکە ماوەتەوە. ئەوەندەی بۆم ئەکرێ خۆم دائەپۆشم و ئەوەندەی بۆم ئەکرێ لە سووچ و قەراخی ماڵەکە ڕۆژنامە و مقەبا کۆ ئەکەمەوە. لە کۆڵان هەندێ ڕۆژنامە لە ژێر تانکی ڕۆن و نزیک تەگەرەکانەوە ئاگر ئەدەم و بۆ ماوەیەک ڕۆژنامە ئەدەم بە دەم ئاگرەکەوە. مەشخەڵە ئاگریش لە بەر دەسکی دەرگای ماشینەکە ڕائەگرم بەڵکوو بیکاتەوە. پاشان نۆرەی شووشەکانی بەرەوە و دواوەیە، کە ڕۆژنامە تەواو ئەبێت. ئەگەڕێمەوە بۆ ژوورەوە. هەندێ پەڕۆ کۆن ئەبەستم بە دەسکی گسکەکەوە و لە نەوتی هەڵئەژەنم. بە یارمەتی ئەم مەشخەڵە، شووشەکان ئەیکاتەوە و ئاو بەملا و ئەولای ئۆتۆمۆبیلەکەدا ئەڕژێتە خوارەوە. بەڵام قفڵی دەرگاکان دیسانەوە ئەیبەستنەوە. هەرچی چۆن بێ، دەرگای ماشینەکە ئەکەمەوە. کورسیەکان توێژێکی ناسکی سەهۆڵ داپۆشیون. وا دیارە ئەم سەهۆڵە بەرەنجامی دوایین هەناسەکانمانە کە لە ناو ماشینەکەدا هەڵمانکێشاوە. ئەچمەوە ژوورەوە. بەتانیەکی کۆنە لەگەڵ خۆم ئەهێم و چوارقەدی ئەکەم، لەسەر کورسیەکە ڕای ئەخەم و ستارت لێ ئەدەم. هەڵنابێت. لە ترسی ئەوەی باترییەکە بەتاڵ ببێ. ئیتر ستارت لێنادەم. ئەچمەوە ژوورەوە. لە ژێرخان پەرەمێزێکی گەورە کە هیی دۆخەوالێنانی[7] دایکمە، هەڵئەکەم. دێمەوە و پەرەمێزەکە ئەگرم بە ژێر ڕادیاتۆرەکەدا، تا ئەیکاتەوە. پاش چەند خولەک پێشی ماشینەکە هەڵمی لێ هەڵئەسێ. دێت بە بیرمدا، پاشتر پەرەمێزەکە لە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەدا دابنێم، بۆ ئەوەی ناوەوەش بە تەواوی بیکاتەوە. بەڵام پەرەمێز پاش تۆزێک ئەکوژێتەوە. ڕای ئەوەشێنم، خاڵی و خەواڵی. بۆ ئەوەی

٧ـ دۆخەوا: دۆکوڵیو، سووپی لووشە، ئاشێکە بە لووشە و سوورەبنە، لەگەڵ ماست و برنج و لەتکەنۆک لێئەنرێ. بۆ ئەوەی ماستەکە نەبڕووسقێ لەسەرەتاوە تا هاتنە کوڵی ماستەکە ئەبێ مای بهێنرێتەوە. ⇦ ماهێنانەوە: ما ـ هێنانەوە، لێکدانی دۆکوڵیو و دۆکەشکە لەسەر ئاگر تا دێتە کوڵ، بۆ ئەوەی نەبزڕکێ.

ماشێنەکە دیسانەوە نەیبەستێ، هەڵی ئەکەم و پەرەمێزە بەتاڵەکەش لە سەر کورسیەکەی دواوە دائەنێم و ئەکەومە ڕێ.

لێخوڕین لە سەر ئەو توێژە ئەستوورەی سەهۆڵ، ئەو هونەرەیە کە ماوەیەکە پێی ڕاهاتووم. سەرەڕای ئەوەش هەندێ جار ئوتۆمۆبیلەکە بە هەر لایەکدا پێی خۆش بێت ئەڕوا. شەقامەکان چۆڵ و هۆڵە. بەڵام دیسانەوەش نابێ خێرا لێ بخوڕم، چونکە کۆنترۆڵی ماشینەکە لە سەر سەهۆڵ کارێکی دژوارە.

لە ڕێگەی «بەهەشتی زەهرا»[8]، هاتوچۆی ئوتۆمۆبیل زیاترە و چەندە لە گۆڕستان نزیک ئەبمەوە زیاتر قەرەباڵغ ئەبێت. پاسەکان بە قوماشی ڕەش داپۆشراون. ئەو قوماشانەی وەکوو ئالایی پڕن لە نووسینی چڕی عەرەبی. سەدان بڵیندگۆ لە سەربانی پاسەکان دابەسراوە و هەر کامە و دەنگی جۆراوجۆریان لێ بڵاو ئەبێتەوە. سەردۆلکەی غەمگین، دەنگی عەرەبی و دروشمی جۆراوجۆر لە حەوادا تێکەڵ ئەبن و ئەبن بە یەک دەنگ. دەنگێکی بێگانە، نامۆ و بێناوەرۆک و لە هەمان کاتدا ترسناک. سەدان وێنەی مردوانی گەنج بە ڕیشی زۆر و سەرنجی بەردینەوە لە نێوان گوڵی ڕەنگاوڕەنگی پالاستیکیدا، بە دار و دیواری پاس و مینی بووسەکانەوە هەڵواسراوە و لە سەربانی ئوتۆمۆبیلەکاندا دابەستراون. لە ناو پاسەکاندا ژنانی چارشێو ڕەش بە ئارامی دانیشتوون. بەڵام لە ڕێ بەندانی شەقامەکاندا ژنانی چارشێو ڕەشی ڕیزی دواوە، زۆریش ئارام نین، ئەڵێن و پێ ئەکەنن. پاسەکە بە ئەسپایی ڕێ ئەکات. بەردەمی پاسەکە پڕ لەو ئاپۆرەیەی کە ئالایی ڕەنگاوڕەنگیان بە دەستەوەیە، سەوز و سپی و ڕەش.

زۆر بە دژواریی ئەکەومە پێش پاسەکەوە و ئەکەومە تەنیشت کۆمەڵە خەڵکی پاسەکەوە. بازنەیەکی ژنانی چارشێو بە سەر. لە

٨ـ بەهەشتی زەهرا: گەورەترین گۆڕستانی گشتی ئێران لە جاشووری تاران.

ناوەڕاستی بازنەیەکدا ژنێک جلی بووکێنی لەبەر کردووە، بەهارنارنج[٩] و تارای سپی و دوو دار بەدەستەوە، بە شێوازی وەکوو سەماکردن، ئەڕوا بە ڕێدا و هاوار ئەکا و هەندێ شت ئەڵێ و دارەکانی ئەکوتێ بە یەکدا. شووشەی ئوتۆمۆبیلەکە دائەدەمەوە بۆ ئەوەی ببیستم ئەڵێ چی. بەڵام کزەی سەرما ناچارم ئەکا بە خێرایی شووشەکە هەڵدەمەوە. بە قەراخ بازنەی ژنەکاندا تێ ئەپەڕم و جێیان ئەهێڵم.

نزیکەی دوو کیلۆمەتری ماوە بۆ گۆڕستان، ڕیزی پاسە وەستاوەکانی قەراخ جادەکە ئەبینرێ، هەر هەمووی قوماشی ڕەش و ئەو دروشمە زلانەی لە سەر قوماشەکان نووسراوە، داپۆشیون. هەروەها وێنەی گەنجان کە بە گوڵی پلاستیکی و بلێندگۆ و ئەو دەنگانەوە کە بە ئاوازی جۆراوجۆر تێکەڵ و پێکەل و ناڕوون. لە تەنیشت ئەم پاسانەشەوە بە دژواری تێ ئەپەڕم و نیگەرانی ئەوەم ڕەنگە ڕێگەم نەدەن بە ئوتۆمۆبیلەوە بچمە ژوورەوە، چونکە لە کاتێکی ئاوەهادا جێگەی پارککردن پەیدا نابێت ڕەنگە ئەبێ چەند کیلۆمەتر بە پیادە بڕۆم. بەڵام کاتێکە ئەگەمە بەر دەروازە گەورەکەی بەهەشتی زەهرا، ئەبینم چەند جەوانی یونیفۆرم لە بەر بە دەست ڕاوەشاندنی بە پەلە، ڕێنموونی ئوتۆمۆبیلەکان ئەکەن بچنە ژوورەوە. منیش ئەچمە ژورەوە.

لە قەراخی هەموو شەقامەکاندا ئوتۆمۆبیل ڕایان گرتووە. لە زۆر جێگادا دووبلە. ناوەڕاستی هەموو شەقامەکان پڕە لە جەماوەر. لە ناو کەرتەکانیشدا ئاپۆرە جمەی دێ. بۆ پێشەوە چوون زۆر دژوارە. سەرانسەری گۆڕستان جەنگەڵێکی داری ئاسنە و بەری هەر دارەش گەنجێکە لە قاپێکی ئاسندا. زۆربەی وێنەکان هیی سەردەمی تاغووتە؛ بە ڕیشی تاشراو و قژی شانەکراو و یەخەی سپی و خاوێنەوە. تەنانەت

٩ـ بەهارنارنج: veil, net veils ئارایشت ناو تۆڕێکی دامتێلە بۆ ڕازاندنەوەی بووک یان بۆ جوانی ئەیدەن لەسەر ع حجاب شبكي N nett slør د تور صورت عروس.

هەندێ جار بە کراڤاتەوە. وەک بڵێی خاوەنەکانیان دەرفەتی ئەویان نەبووە پێش شەهید بوون وێنەیەکی نوێ بگرن. بە ئەسپایی بەرەو نووسینگەی گۆڕستان ئەچم و نیگەرانی ئەوەم بەنزین تەواو ببێت. ئەگەر لێرە بەنزینم لێ ببڕێ، نازانم ئەبێ چی بکەم. هیچ جێگایەک نادۆزمەوە پارکی بکەم. ناچار ئەبم لە شەقامێکی پان‌دا دوبلە ڕای بگرم. ئەمەوێ ماشینەکە نەکوژێنمەوە بۆ ئەوەی ئەگەر زۆرم پێچوو، دیسانەوە نەی بەسێتەوە. بەڵام ئامپێری بەنزین دواین دڵۆپی پیشان ئەدات. ئەیکوژێنمەوە. چی ئەبێ با ببێ!

کۆمەڵەی ئاپۆرەی ڕەشپۆش بە درێژایی شەقامەکە بە ڕێوەیە و هێڵێکی سپی مردوانی کفنپۆش، بە سەر شانی ئاپۆرەی ڕەشپۆشەوە، بەبێ کێش و بە پەلە، کەوانێکی مەزنیان پێکهێناوە کە سەرەتاکەی لە پێچی کۆتایی شەقامەکەدا دیار نییە و کۆتاییەکەشی لە سەرەتای شەقامەکەدا ون ئەبێت. نووسینگەی گۆڕستان لە ئاقاری سەرچاوەی ئەم ڕووباری مردوانە دایە. پیادە و بە پێچەوانەی ئاراستەی کاروانی مردووەکان، بە دژواری ئەچمە پێشەوە. ئەوەندەی لە نووسینگەی گۆڕستان نزیک ئەبمەوە، ئاپۆرەکە چڕتر ئەبێتەوە. ئێستە ئیتر ئەوە من نیم کە ئەڕۆم، ئەوە لافاوی جەماوەرە بەملا و ئەولادا ڕام ئەدا. وا هەست ئەکەم ئاقارەکەم ون کردووە. لە دوورەوە سەردەرگای مردەشۆرخانە ئەبینم. ئەمە سەرچاوەی چەمی مردووەکانە. لافاوی خەڵکەکە هەڵم ئەدا بۆ بەردەرگای مردەشۆرخانە. بە سەر دەرگاکەوە بڵیندگۆیەکی بەهێز قورئان ئەخوێنێ و دروشمی ئاڵۆز بڵاو ئەکاتەوە. جەماوەر هاوار ئەکەن: «جەنگ، جەنگ، تا سەرکەوتن!» و بە دەمیەوە ئەدەن بە سەر و سینگی خۆیان‌دا و ڕێ بۆ ئەو ماشینە سپی و ڕەشانە ئەکەنەوە کە یەک بە دوای یەک‌دا ئەگەن و، خەڵکی بە پەلە کارتۆنی لاکێشەی شەتەکدراویان لێ دائەگرن. دڕ بە ڕیزی خەڵکەکە ئەدەم و لە بەردەم دەرگای هۆڵی مردەشۆرخانەکەدا ئەوەستم. کارتۆنەکان وەکوو کاڵای بازرگانی، کە لە هەمارەکانی کاڵای گومرک‌دا ڕیز بکرێن،

ڕێکوپێک لە سەر یەک دانراون. هەندێ تەرمی بێخاوەنیش بە دەمی داچەقاوەوە لە سەر عەرزەکە ڕاکشاون. وا دیارە ئەمانە بە مەرگی سروشتی مردوون. ناتوانم سەرنجم لە سەر کارتۆنە شەتەکدراوەکان، کە بە ڕێکوپێکی لە سەر یەک دانراون و تا نزیک بنمیچەکە هەڵچنراون، بدزمەوە. کارتۆنی گەورەی مقەبام دیبوو کە یەخەچاڵ تێ ئەخستن. بەڵام هەرگیز بە بیرمدا نەهاتبوو کە مرۆڤی مردووش ئەتوانن بچنە ناو کارتۆنی مقەباوە. کەوتمە بیری قسەی یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆنی خۆم کە وتبووی: «هەر شتێک کە زیاد بەرهەم هێنرا، بە پلەی یەکەم پێویستی بەوەیە باش بەستەبەندی بکرێ.»

بۆ ساتێک وام بیرکردەوە ڕەنگە شوێنیان کەمە، بۆیە ئەیانەوێ باوکی من لەم گۆڕستانە دەربکەن. بەڵام ئەوە زۆر ڕاست نەبوو، چونکە بە ئاسانی ئەتوانن گۆڕستانەکە پەرە پێ بدەن. هەڵبەت ئەمەش ناگونجێ. ئەگەر ڕێگە لە گەورەبوونەوەی گۆرستانەکە نەگرن، ئەم دێوەزمەیە، وەکوو پەرەگرتنی بیابان، هەموو شار و گوندەکانی سەر ڕێی هەڵئەلووشێ. نازانم چی ڕوو ئەدات.

گوشاری ئاپۆرەکە لەپڕ پاڵم پێوە ئەنێ بۆ دواوە. ئەگەڕێمەوە. بە ناچار ئەکەومە ناو بەستێنی جۆگەی کەوانی مردووەکانەوە. ئەوا گەیشتوومەتە بەر نووسینگەی گۆڕستان. لە یەکێک لە بلۆکەکاندا جەماوەرێکی فراوان لە جووڵەدان. لە ڕووبارە خرۆشاوەکە دێمە دەرەوە بۆ ئەوەی خۆم بگەیەنم بەوان. بلۆکی چلوهەشتیش وەکوو باخێک وایە داری ناسنی لێ ڕوابێت. بە سەر هەر دارێکەوە ڕوخساری لاوێک. خەڵکیش لە نێوان ئەو نەمامە ئاسنانەدا لە هاتوچۆدان، وەستاون، دانیشتوون و ئەگرین. ئەگەمە شوێنە هەژاوە هەڵچووەکە.

کۆمەڵێک هەوڵئەدەن پیرێژنێک ئارام بکەنەوە. ژنە ئەقیژێنێ و پەڕەکانی پەرتووکی ئاسمانی، پەڕە پەڕە، هەڵئەدا بە حەوادا. هەر جارەی دەم ئەکاتەوە بقیژێنێ، پاسدارێک دەمی ئەگرێت و دوان سیانێکیش بە پۆستاڵی سەربازی سک و لاکەلەکەی ئەدەنە بەر لەقە. لە

ناو کۆمەڵی تێکچرژاوی خەڵکەکەوە دروشمی مەرگ بۆ «مونافق، مەرگ بۆ ئیسراییل، مەرگ بۆ ئەمریکا» ئەو ناوە دائەگرێ. چەند ڕوخساری بێلایەن و چەند ڕوومەتی خامۆش بەڵام هەژار لە ناو خەڵکەکەدا ئەبینم کە لە ترسان دەنگیان دەرنایەت. ئاخرەکەی کۆڵ ئەدات و لەسەر خۆڵە ڕچاوەکە ئەکەوێ. هەندێکی پێ ئەچێ تا پاسدارەکان باوەڕ بکەن کۆڵی داوە و ئەبێ لە کۆڵی ببنەوە. پیرێژن لە بنەوە، ئاگای لە دوورکەوتنەوەی پاسدارەکانە. لەپڕ هاوار ئەکات. «بۆچی کوڕەکانی خۆیان نانێرن بۆ جەنگ؟» پاسدارەکان بە پەلە ئەگەڕێنەوە و دەمی ئەگرن...

لەگەڵ خۆمدا بیر ئەکەمەوە و ئەڵێم ئەم خەڵکە ئاگری بن خۆڵەمێشن. باوکم لە پشت سەرمەوە بە ئارامی دەستی ئەخاتە سەر شانم، سەری ئەهێنێتە بن گوێمەوە و ئەڵێ:

ـ ئاگری بن خۆڵەمێشن، بەڵام لە ژێر حەوت قاتی خۆڵەمێشن. زریان پێویستە، زریان!

لە کاتێکا لە بینینی، گیانم ئەلەرزێ، ئەڵێم: «لێرە چی ئەکەی بابە؟» بزەیەک ئەیگرێ، ئەڕوات و لە ناو ئاپۆرەکەدا ون ئەبێ.

لە دالانەکەدا کابرایەکی کورتەباڵا لە پشت مێز دانیشتووە. بە دەست ئاماژە ئەکات. دانەومەوە بۆ ئەوەی بم پشکنێ. گۆڕستان و پشکنین؟ دائەنەومەوە. هەموو گیرفانەکان، بن باخەڵ و ناوگەڵم ئەگەڕێ و ئەپرسێ:

«کارت بە کێیە؟» لە دەنگی گڕی موچڕکەم پیادێ. کاغەزەکە لە گیرفانم دەرئەهێنم و پیشانی ئەدەم و ئەپرسم:

«ئەبێ بچم بۆ لای کێ؟»

ئەوەندەی دەرگا ئەکەمەوە چوار کورتەبنە ئەبینم لە سەر عەرز لە پشت چوار میزی کورت، وەکوو مێزی مەکینەی کەونارای دوورینی دەستی، دانیشتوون. سەرنجی ترساوم بە ناویاندا ئەگەڕێ. کاغەز بە

دەست ئەڵێم: «حاجی ئەڵڵاوێردی؟» یەکێک لە کورتەبنەکان سەری ڕائەوەشێنێ. ئەچمە بەرەوە، لە لایەوە لە سەر عەرزەکە دائەنیشم و کاغەزەکە ئەخەمە سەر مێزەکە. کاغەزەکە هەڵئەگرێ، ئەیگرێ بە بەر چاویەوە و نیوەی لەشی لە پشت نامەکەدا ون ئەبێت. پەنجە بچکۆلەکانی سەیر ئەکەم، هەرگیز پەنجەی وا بچکۆلەم نەدیوە.

ـ بەڵێ برا، وایە. ئەبێ ڕێکەوتی وەرگرتنەوەی تەرمەکەی باوکت دیاری بکەی.

ـ حاجی ئاغە من تێناگەم، مەگەر ئێوە بەرپرسی بەهەشت و دۆزەخی مردووەکانن؟

ـ نەخێر برا، ئێمە بەرپرسی بەهەشت و دۆزەخی کەس نین. نعووزوبیللا، نامانەوێ خۆ لە کاری خوداش هەڵقورتێنین. بەس بیر لە ڕۆحی شەهیدەکان ئەکەینەوە کە بوونی ئەو جۆرە مردوانە لێرە ئازاریان ئەدات.

ـ با پرسیارێکتان لێ بکەم. مەگەر هەڵدانەوەی گۆڕ لە ئیسلامدا ناڕەوا نییە؟

ـ ئەم ئەحکامانە لە هەلومەرجی ئاسایی‌دا جایزن. ئەم قانوون و ئەحکامانە بۆ بەرژەوەندی ئیسلام دروست بووە. بۆ وێنە ئەگەر حاکمی شەرع بە پێویستی بزانێ و حوکم بدات مردوو بخۆن؛ دەسبەجێ خواردنی مردارەوە بووش ئەبێ بە حەڵاڵ و پەیکەری پاکی هەموو ئەم شەهیدانە ڕەوانە ئەکەین بۆ کوشتارگاکانی شار. بەرژەوەندی ئیسلام لەوەدا بوو کە ڕەسووڵەڵڵا قیبلەی موسڵمانان بگۆڕێ و گۆڕای. دەرکردنی چەند مردوو لە گۆڕستان خۆ لەوە گرنگتر نییە.

سەرم داخستووە. وەڵامم پێ نییە. گێژ و سەرگەردانم. نازانم چی بڵێم کە لەپڕ شتێک دێ بە مێشکمدا و ئەپرسم:

ـ ئێوە کە هەڵدانەوەی گۆڕ بە ڕەوا ئەزانن، کە وابوو ڕێگە بدەن لە جێگەیەکی تر بینێژین. بۆچی ئەتانەوێ مردوویەکی ڕزاو بدەنەوە بە کۆڵی منا؟

ئێمە کارمان بەویتری نییە برا. ئێمە بەرپرسی پاکسازی گۆڕستانین و بەس. تۆ خۆت چۆنت پێخۆشە وابکە. بۆ ئەوەی نەڵێی ئازادی نییە. جگە لە گۆڕستانی موسڵمانان لە هەر کوێ کە پێت خۆشە بینێژە. بەڵام کاتێک دیاری بکە لە یەکەم دەرفەتدا تەرمەکەتان بۆ بنێرمەماڵەوە.

قسەی ترم نییە. بیر ئەکەمەوە ئەبێ بچم لەگەڵ براکەم ڕاوێژ بکەم. هەرچی چۆن بێ، ئەو باشتر ئەمانە ئەناسێ. هەڵئەسم و بەبێ قسە لە ژوورەکە ئەچمە دەرەوە.

ئەمەوێ بۆ دوایین جار بچمە سەر گۆڕی باوکم. چونکە نازانم لەوەو پاش چی ڕوو ئەدا. ئەگەمە شەقامی سەرەکی. کۆمەڵی ڕەشپۆش و هێڵێکی سپی کە نایانە بە شانیانەوە، هەتا ئاسۆیەکی دوور بەردەوامە. ئەڵێی وێنەیەکی ڕاوەستاوە. بەڵام کاتێکە ئەبینی ئاپۆرە، وەکوو لافاوی هەژاو، بەڕێوەیە و کۆتایی ئەو کاروانە گەیشتۆتە بەرەگەی ئاسۆ، ئەوسا بۆت دەرئەکەوێ، کە هەموو کەرتە نزیکەکان پڕ بوون و ئەگەر بەو جۆرە درێژە پەیدا بکات، نەک هەر ئەم گۆڕستانە، بەڵکوو هەموو زەوییەکانی خوارووی شار و، نەک هەر زەوییەکانی خوارووی شار، بەڵکوو هەموو زەوییەکانی دەرەوەی شاریش بەشی مردووەکان ناکات.

ڕێم لە کاروانەکە جیا ئەکەمەوە. پێ ئەنێمە ئەو کەرتەی باوکم لەوێ نێژراوە. ئەبێ بە ڕیزی گۆڕەکاندا بڕۆم و ڕیزێک بۆ کۆتایی، بیدۆزمەوە. ژمارەکەیم لەبیر نەماوە. لە ژێر پێمدا کێلی زۆربەی گۆڕەکان بە پیک ورد کراوە. زۆربەی بەردەکان هەڵگیراوە و تەنها پارچەبەردێکی بچکۆلە کە هیچی لە سەر نەنووسراوە بەجێماوە، پێشێل ئەکەم. بیستبووم، بەڵام باوەڕم نەکردبوو، کێلی گۆڕی نەیارە تیربارانکراوەکان ورد ئەکەن. بەو جۆرە بە ناو مردووە بێناو و نیشانەکاندا سەرگەردانم کە پیرەمێردێک لە بەردەممدا قیت ئەبێتەوە. جلی کەمی لەبەردایە و لە سەرمان ئەلەرزێ. بە سەر و ڕوویدا دیارە کردێکارە. چاوەکانی بە هۆی گریانەوە ئاوساون. ڕیشێکی چەند ڕۆژەی هەیە. بە گومانەوە

سەیرم ئەکات و ئەڵێ:

ــ ئەکرێ سەری ئەم داوەم بۆ بگری؟

گلۆڵە بەنێکی بە دەستەوەیە و سەری گشتەکەکەی بە دەستەکەی تری بۆ من ڕاگرتووە.

ــ بە سەرچاو مامەگیان، ئەتەوێ چی بکەی؟

ــ ئەمەوێ گۆڕی ڕۆڵەکەم بدۆزمەوە. تۆ بیت و خوا ئێستە پەیدا ئەبن، زووکە.

سەری گشتەکەکەی لە دەستی وەرئەگرم.

ــ ئەبێ چی بکەم؟

ــ ڕاست بچۆ بۆ لای ئەو کاژەی کاغەزێکی سپیم پێوە لکاندووە.

بە پەلە ئەچم بۆ لای کاژەکە. پیرەمێردیش ئەوەندەی گشتەکەکە بەش بکات لە من دوور ئەکەوێتەوە و کۆتایی پەتەکە ئەنێتە سەر عەرزەکە. هەر لەوێ چوارمیلکان دائەنیشێ، ئاوڕ ئەداتەوە، بە دەست ئاماژە بە من ئەکات پەتەکە بەردەم. پەتەکە ئەکەم بە گلۆڵە و ئەچم بۆ لای. هەموو گیانی پیرەمێرد بە دەم گریانەوە ئەلەرزێ. بە پارچە دارێک هەوڵ ئەدا لاکێشەیەک لە سەر زەوییە ڕچاوەکە بە نیشانەی گۆڕ دروست بکات. هیچ هێڵێک لە سەر عەرزەکە نەخش نابێت. ڕوخساری لە سەرمادا سوور هەڵگەڕاوە، بەڵام گوێی لە سەرما نییە. لە گیرفانی جاکەتەکەی وێنەیەکی شەش لە چوار دەرئەکات. لە ناو لەپی دەستیدا ئەیشارێتەوە. هەندێ جار سەیری وێنەکە و هەندێ جار سەیری عەرزەکە ئەکات. و بێدەنگ فرمێسک دائەبارێنێ.

ــ مامە گیان ئەوە کوڕت بوو؟

ــ نە قوربان نەوەم بوو. کوڕەکەمیان هەر هەمان سەرەتای ڕاپەڕین کوشت. ئەمەمان بۆ مابوو. ڕۆژێک هاتن و ئەمیشیان برد. پێیان وتم هیچ نییە، چەند پرسیاری لێ ئەکەین و بەری ئەدەین. بەیانیەکەی چووم بۆ کومیتە لێیان بپرسم ئەرێ ئەم چەند پرسیارە تەواو نەبوو؟ وتیان ناردوومانە بۆ ئێڤین. بەیانیەکەی تر چووم بۆ ئێڤین.

وتیان ئەبێ لە ڕیزی سەردانکەراندا بوەستی. ناوم نووسی و وەستام. نزیکی نیوەڕۆ پاسدارێک هات و لە سەر کورسیەک وەستا و وتی: «ئەوانەی ناویان ئەخوێنمەوە بوەستن بۆ چاوپێکەوتن.» ناوی منی تیا نەبوو. پاشان وتی: «ئەوانەی ناویان ئەخوێنمەوە بچن بۆ بەهەشتی زەهرا، ناونیشانی گۆڕەکەی لە نووسینگە وەربگرن.» من خەریک بوو ئەگەڕامەوە کە ناوی منالەکەیان خوێندمەوە. سەیری کە قوربان تۆ بیت و خوا ئەو منالە بۆ ئەوە ئەبوو بیکوژن؟!

سەیری ڕوخساری منالەکە ئەکەم. ڕەنگە پانزە ساڵ ئەبوو. ڕوومەتی وەکوو بەهێی کاڵ کورکی دابوو. سەرنجی پڕ بوو لە ژیان و شەرم. سەرنجێک لە ڕوخسارێکی ڕەسەندا.

ـ چی کردبوو؟

ـ هیچ. ئەو گزگلە منالە چی پێ ئەکرا؟ ئەوپەڕی ڕۆژنامەی خوێندبێتەوە. ئەمانە ئەیانەوێ تۆوی ئێمە لە سەر عەرز هەڵگرن. کوڕەکەم دژ بە ڕژیمی پێشوو خەباتی ئەکرد. حەوت ساڵی ڕەبەق لە زیندان بوو. ئەم منالە من و ژنەکەم گەورەمان کرد. پاش ڕاپەڕین کوڕەکەم لە خۆشیاندا نەی ئەزانی چی بکات. بەڵام نازانم چی ڕووی دا لەپڕ ڕۆژێک بردیان بۆ کومیتە. ڕۆیشتن ئەو ڕۆیشتنە بوو کە ڕۆیشت. دیسانەوە هەر باش بوو، ئەم منالەمان هەبوو.

ـ گۆڕی کوڕەکەت لە کوێیە؟

ـ خوا ئەیزانێ قوربان.

ـ خوا تابشتت پێ بدات مامە گیان. پێتیان نەوتووە ئەیانەوێ مردووەکانت لەم گۆڕستانە دەربەکن؟

ـ نەخێر قوربان، بەڵام بیستوومە ئەیانەوێ ئەو کارە بکەن. لە سەرووی کارێزەکە گۆڕستانێکیان دروست کردووە، ناویان ناوە کفرئاوا. ئەیانەوێ ئەمانە هەموویان بگوێزنەوە بۆ ئەوێ. هەڵبەت لەوێ ئیتر کەس خاوەنی گۆڕ نییە. هەموویان ئەدەن بە سەر یەکا و دایان ئەپۆشن.

ورده ورده هەست بەوە ئەکەم خەریکن چاکەیەکی گەورە لەگەڵ ئێمە ئەکەن کە ئەیانەوێ مردووەکانمان بدەنەوە بە خۆمان. پیرەمێرد مۆڵەق بووەتە سەر وێنەی مێرمنداڵەکە و دەنگی من نابیستێ. پەردەیەکی ئەستووری فرمێسک ئەڵێی گوێشی بەستووە؛ یان ڕەنگە دەنگێک لە گەرووی منەوە نایەت. دیسانەوە ئەڵێم:

ــ سەیر کە مامە. من ئەچم بۆ سەر خاکی باوکم. لێرە ئەبی کە گەڕامەوە بتبەمەوە بۆ شار؟

سەری داخستووە، سەرنجی چەقیوەتە سەر وێنەکە، وەڵام ناداتەوە. ئەمەوێ هەڵسم کە ئەڵێ:

ــ شار کوێیە بابە گیان؟ شاری من ئێرەیە.

چەند هەنگاو کە دوور ئەکەمەوە، ئەگەڕێمەوە، سەیرێکی پیرەمێرد ئەکەم. بە لەپی دەست ئەدا بە ناوچاویا. چاوەڕێی ڕۆیشتنی من بوو تا بە دڵی ئاسوودە زمان هەڵێنێ. بە پەلە سەرنجی لێ وەرئەگێڕم و ڕێگەی خۆم ئەگرم.

بە ناو بەردە وردکراو و پەرش و بڵاوەکان‌دا بە وردی پێ هەڵئەگرم. ئەگەمە شوێنێک کە ئەبێ گۆڕی باوکم بێ. کێل و ناونیشان دیار نییە. دڵنیام شوێنەکە دروستە. ئەکەومە بیری ئەوەی ڕەنگە بتوانم پارچە بەردەکانی ناونیشانی باوکم بخەمەوە تەک یەک. بەڵام بەردەکان لکاون بە عەرزەکەوە و لێی ناکرێنەوە. لە سەر پارچە بەردێکی بچکۆلە ڕێکەوتی لەدایکبوونی باوکم ئەبینم. دڵنیام خۆیەتی. هەر ئەم گۆڕەی لەبەر قاچیا وەستاوم.

سەلام بابە! ئەزانم خەریکی پێم پێ ئەکەنی. بەڵێ وابوو. هەموو قسەکانی تۆ دروست دەرچوو و هینەکانی من هەڵە. بەڵام شتێکیش هەیە پێتی بڵێم: بە شکانی کێلی گۆڕ، بوونی مرۆڤ لە سەر زەوی بەهەستتر ئەبێت. خۆ کەس کاری بە مردوو نییە. کە وابوو ئێوەی کێل شکاو لە ڕیزی زیندوەکان دان... دڵنیام، دیسانەوەش وەکوو

ئەو کۆنانە، خەریکی بە قۆشمەیی[١٠] بە کوڕەکەت پێ ئەکەنی. بەڵام خۆمانین بابە، ئەمە چ چارەنووسێک بوو کە تۆ و باوکت هەتانبوو. کێڵی باوکیشتیان ورد کرد. لوولەکی ڕێگە ساف کردنیان بە سەریا برد و لە کۆتاییدا ئاسفاڵتیان کرد بە سەر ئێسقانە هارڕاوەکانی باوکت و زۆر خەڵکی تریشدا و، شەقامیان لەسەر ساز کرد. لە بیرمە چەندین ساڵ شەوانی هەینی بە پاکەتێک خورماوە ئەچووی بۆ ئەو شەقامە و لە سەر شۆستەکەدا خورمات ئەبەخشیەوە و لە دواییشدا، چەند شەقام سەرووتر، لە گەڕەکی عوودلاجان، ئەخزایتە مەیخانە کۆنەکە، بە تاقی کەوانی و کۆڵەکەی بەردینی کۆنی کولکەگرتوویەوە. لە پشت مێزە تەختە کۆنەکاندا، لە قاپی گڵینەدا فاسۆلیایان بۆ دائەنایت و بە فاسۆلیا و ئارەق خۆت خەریک ئەکرد. چاوت ئەبڕییە دەرگاکە تا هەڤاڵێک خۆی بکات بە ژوورا... بابە! ئەگەر بیانویستایەت ئەسفالْت بکەن بە سەر تۆشدا من زیاترم پێ ناخۆش ئەبوو. بە خۆشیەوە تۆیان داوەتەوە بە من. لەمەو دوا من و تۆ هەمان کێشە کۆنەکەمان ئەبێت. کێشەی خانوو. ئەبینی هێشتاش چەندە زیندویت؟ چۆن هێشتاش لەگەڵ گیروگرفتەکانی سەر زەوی خەریکی؟ مسۆگەر ئەمانەش هەمووی بەرەنجامی مردنە. خۆزگە ئەو ئەوینە ڕاستەقینەیەت فێری منیش ئەکرد. دیسانەوەش ئەبێ شوکرانەبژێر بم کە بە دانەوەت بە من پەیوەندیمان ناپچڕێ.

لە گەڕانەوەدا، ئەچمە شەقامێکی لاوەکی نێوان دوو کەرت. بۆ ئەوەی بە سەر پارچە بەردەکاندا پێ هەڵنەگرم و خەڵوەتی پیرەمێرد تێک نەدەم. لە دوورەوە ئەیبینم. لە کەرتێکی تەنیشت ئەودا، پیرێژنێک بە یارمەتی کچێکی گەنج خەریکە بە پەت گۆڕستان ئەپێوێ. ئەگەمە شەقامی سەرەکی و کاروانی مەزنی مردوان ئەبینم کە هێشتاش بە دوو

١٠ ـ قۆشمە: humorist نازناو ئاوەڵناو مرۆی زیرەک و قسەخۆش و حەنەکباز ع الفكاهي N humorist د بذلەگو ← قەشمەر: ridiculous ناونیتکە ناوی فەرمان توولەکی، ڕاگەش، مرۆی ڕوودار و نەسەلار و گاڵتەجاڕ ع سخيف N latterlig د مسخره. ← قۆشمە نەیاری قەشمەر.

هێڵی ڕەش و سپییەوە بەڕێوەیە. بە دژواریی دڕ بە کاروانەکە ئەدەم و خۆم ئەگەیەنم بە ئوتۆمۆبیلەکە. لە هەموو کەرتەکانی دەوروبەرمدا خەڵک جمەی دێ. بە پێچەوانەی کەرتەکەی باوکم و کەرتەکانی دراوسێی، ئێرە پڕە لە مرۆڤ. لە بەر ئوتۆمۆبیلەکەدا کوڕێکی ڕیشن کە قەمسەڵەیەکی کۆنی ئەمریکایی لەبەر دایە بە چەند پاکەت جگەرەوە وەستاوە. دڵم ئەچێتە جگەرە. «بەهمەن» ئەدا بە سی و پێنج تمەن. پێنج تمەن لە شار هەرزانترە. بەبێ مشتومڕ پاکەتێک ئەکڕم. ماوەی پارەکەم ئەداتەوە. دەرگای ئوتۆمۆبیلەکە ئەکەمەوە. ئەوەندەی بۆی دەرئەکەوێ ماشینم هەیە، ئەڵێ:

ـ کۆپۆنی بەنزینت ناوێ؟

ـ بە چەند؟

ـ دوو سەد تمەن.

ـ گرانە، لە ناو شار ئەیدەن بە سەد و هەشتا.

ـ بابێ، خێری لێ ببینی.

ـ هی تاکسیە؟

ـ بەڵێ برا. ئەگەر پیکابت ئەوێ ئەیدەم بە سەد تمەن.

ـ نە کاکە وازی ئەوەم نییە.

پارەی پسوولەکەی پێ ئەدەم. پسوولەیەکی نوێ ئەخاتە ناو دەستم. بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ وا پێ ئەچێ خەریکە نهێنکاریی ئەکات. ئوتۆمۆبیلەکە هەڵئەکەم. بە ناو ئاپۆرەکەدا ئەخوشێم و لە دەرگای لای باشوورەوە خۆم دەرباز ئەکەم بۆ ئەوەی زووتر بگەمە بەنزینخانە.

هەر دوو بەری ڕێگەکە هێشتاش پڕە لە پاس و مینی بووسی ڕەشپۆش و بە گوڵی پلاستیکی داپۆشراو. دەنگە عەرەبییەکان لە هەموو لایەکەوە وەکوو شمشێری ئاسنین ئەدرێن بە یەکدا و، ئوتۆمۆبیلەکە و شتێک لە دەروونی مندا ئەخەنە لەرزین... ئێمە وەکوو تەنێکی زۆر بچووک بە ئاسانی داگیرکراوین. هەرچەند بای ئەو بادیەی داویە بە لووتی داگیرکەراندا لە شکستەکانی ڕابوردوومان ئەچێ، هەرچەند ئەم

بایە لە سووچە تاریک و بە ڕواڵەت فەرامۆشکراوەکانی دڵانی خۆمانەوە هەڵیکردووە، زۆر بێگانە و بە بەزەیی هوروژمی هێناوە. ئەگەر لە بیرەوەرییەکانی پێشوومان‌دا پەرتووکەکان سووتێنران، ئێستە خودی «وشە»یە کە ئەسووتێ، زمانە کە ئەسووتێ. سەر دیوارەکانی شار پڕە لەو دروشمانەی کە لە فارسی ناچن: «گەنجەکان ئەبێ بچن بۆ جەنگ. نابێ وای لێبێ ژمارەیەک بچن و ژمارەیەک نەچن و ئەوانەی کە چوون ماندوو ببن و جگە لەوە ئەو ژمارەیە لە بری ئەوان نەچن!» ئینجا وا دەرئەکەوێ لەم وەستان و ڕچانەدا جووڵانێکی مۆرانەیی تێدا هەیە، ڕەوتێک بەرەو نەمانی هەموو کەس و هەموو شت. بزووتنێک کە لە نەمانی گەرمای خۆرەوە دەستی پێکردووە و بە نەمانی گیا و ئاژەڵ و مرۆڤ و هەموو نیشانە مرۆییەکان ـــ زمان، نەریت، داب، بینای مێژوویی و تەنانەت بە گۆڕی مردووەکان کە ڕیشەی خەڵکی پێ لە سەر خاکە ـــ ئەگات.

ئەگەمە سێ ڕێیانی مەرگ و ژیان، سێ ڕێیانێک کە دوو ڕێگەی بەرەو گۆڕستانی نوێ ئەچێ و ڕێگەیەکیشی بەرەو شار و زیندووەکان. لە سووچی سێ ڕێیانەکە بەنزینخانەیەک هەیە، کە ماشین لە بەریا بە دوو ڕیزی دوورودرێژیان پێکهێناوە. چ ئەوانەی بۆ گۆڕستان ئەچن و چ ئەوانەی لە گۆڕستان گەڕاونەتەوە. ڕیزەکە زۆر خێرا ئەڕوا. چونکە لە سی لیتر زیاتر بە هیچ کەس نادەن و پاسداری تفەنگ بە شان هێمنی بەنزینخانەکەی پاراستووە. دیواری بەنزینخانەکە خراوەتە قاپێکی سپی و بە هێڵێکی دزێو لە سەری نووسراوە: «بێ حیجابی ژنان هۆی بێغیرەتی مێردەکانیانە!»

دوو ئۆتۆمۆبیل ماوە سەرەم بگات، کارەبا ئەبڕێ. چەند خولەک لە ناو ئوتۆمۆبیلەکەدا چاوەڕێ ئەکەم بەڵکوو کارەبا بێتەوە. بەڵام هیوای لێ ناکرێ بەمزوانە کارەبا بێتەوە. ئەو ئۆتۆمۆبیلانەی هەندێ بەنزینیان پێماوە لە ڕیز دێنە دەرەوە و ئەڕۆن. من ناچارم چاوەڕێ

بکەم. لە ئوتۆمۆبیلەکە دائەبەزم. لە بەردەم کارگە بەردتاشەکان‌دا پیاسە ئەکەم. بەردتاشەکان بەردی گەورەی مەڕمەڕی بێناو کە دوو هۆنراوە بە دەستنووسی خۆش لە سەری هەڵکەنراوە و دەوراندەورەکەی پەراوێزکراوە، لە هەر دوو بەری کارگەکانیان ڕیز کردووە و توێژێکی ناسکی سەهۆڵ کێلە بەردەکانی داپۆشاوە. بەردبڕەکان، بە ئاوازێکی یەکدەست کە لەگەڵ هەناسەیان‌دا ڕێک ئەکەوێ چەکوش لە گوڵمێخ ئەدەن و بە لێدانی گوڵمێخ لە تەختەبەرد ئاوازی بانگهێشتنی بەرەو مەرگ بەرز ئەبێتەوە. لەم ڕاستەیەدا ئەوەندە کارگەی بەردتاش و لە هەر کۆگایەکدا ئەوەندە کرێکاری بەردبڕ هەیە کە زۆربەیان پێنووس لە کێلەکان ئەدەن؛ ئەتوانرێ هەموو ڕۆژێک دەستە دەستە زیندووەکان بۆ مردن بانگ بکرێن و شار و شاران لە ژیان چۆڵ بکرێت. ئەم دەنگە وشکەی بانگهێشتن، دواین دەنگە لە کۆتایی کارەسات‌دا. هەر بەو جۆرەی کە وەستاویت و سەیر ئەکەی زۆرتر و زۆرتر لە ئارەزووەکانت تەرە ئەبیت و لە ژیان دوور ئەکەویتەوە. ئەم دەنگە و ئەو دەنگە بێواتانە تێکەڵ ئەبن و دیوارێک دروست ئەکەن لە نێوانی مرۆڤ و ژیان‌دا.

لە پشت سەرمەوە یەکێک بە سرتە ئەڵێ: «کێلی گۆڕی خۆیانە.» ئاوڕ ئەدەمەوە، کابرایەکە باڵابەرز بە سەر و ڕوویەکی ڕێکوپێک و ڕیشی تاشراوەوە، کە سەر لووتی بە سەرما تۆخی هەڵداوە. سەر و بیچمی دڵنیایی ئەدا بە مرۆڤ. ئەویش لە ژێر چاوەوە من هەڵئەسەنگێنێ و، ئەویش متمانە بە من ئەکات.

ــ شەهیدتان هەبوو؟

ــ نەء، لە شەهید خراپتر.

ــ مسۆگەر ئەیانەوێ مردوویەکتان پێ بدەنەوە!

ــ بەڵێ وایە، تۆ لە کوێوە ئەزانیت؟

ــ لەوێوە کە منیش هاودەردی تۆم. بۆ منیشیان نووسیوە بچم تەرمی براکەم وەرگرمەوە.

ــ تا ئێستا چیت کردووە؟

ـ هیچ. ئەمڕۆ لە گۆڕستان هیچم پێ نەکرا. ئەمەوێ بچم بۆ سەرۆک وەزیری سکالاّ بکەم.

ـ پێت وایە سوودێکی هەبێ.

ـ هەرچی بێت منیش لەم وڵاتەدا مافێکم هەیە. تەمەنێک خزمەتم بەم نیشتمانە کردووە. ئێستەش هیچم ناوێ. لانیکەم لێمگەڕێن مردووەکانم لە ژێر خاکدا بنوون.

ـ من تێناگەم ئەمانە دژی ئێمەن یان دژی مردووەکانمان؟

ـ ئەمانە دژی هەموانن!

دەسبەجێ کابرا لێوی ئەگەزێ و منیش بێدەنگ ئەکات. ئاوڕ ئەدەمەوە. پاسدارێک نزیک ئەبێتەوە و بە لاماندا تێ ئەپەڕێ.

ـ ماشینەکەت لە بەنزینخانەیە؟

ـ بەڵێ. ئەوەندەی نەمابوو بەرم بکەوێ. کارەبا بڕا.

ـ ئەگەر پێت خۆش بێ سەرێک بدەین.

هەردووکمان ئەکەوینە ڕێ بەرەو بەنزینخانە. بایەکی سارد بەرەوڕوومان دێ و ئەدات بە سەر و سینگماندا.

ـ ئەڵێی زستان خەریکە ئەبێ بە هەمیشەیی.

ـ بۆچی نەبێ. ئەگەر خوایەک هەیە و ئەیەوێ ئەم خاکە لە گەرمای هەتاو بێبەش بێت. لێگەڕێ با ببێت. با ببێت.

ـ ئەڵێی باوەڕت بە دین و بە خوا هەیە؟

ـ هەمبوو!

تۆزێکمان ماوە، سەیری ڕیزی لێک هەڵپچڕاوی ماشینەکانی بەنزینخانە ئەکەم. هێشتاش کارەبا نەهاتۆتەوە. پەنجەکانی پێم دەرزیئاژن ئەبن و لەگەڵ ئەوەی کە زۆرم لەبەر کردووە، لە ناخەوە هەڵئەلەرزم. دەستەکانم. نە ئەتوانم ئوتۆمۆبیلەکە بەجێ بهێڵم و بڕۆم و، نە ئەتوانم بیجووڵێنم و، نە ئەزانم کەی کارەبا دێتەوە. ئەگەر بڕیار وابێ تا دوو سێ کاتژمێری تر کارەبا نەیەتەوە چی بکەم؟

ـ من دوو سێ لیتر بەنزینم هەیە و ئەتوانم خۆم بگەیەنمە

بەنزینخانەیەکی تر. تۆ چی؟

ـ من هیچم نییە. ناچارم چاوەڕێ بکەم تا کارەبا دێتەوە.

ـ بە ڕای من ئوتۆمۆبیلەکەت لە ڕیز دەرکە و خۆت بچۆ لە شوێنێک دانیشە. بەمجۆرە ئەتەزی.

ـ بەڵێ، پێم وابێ وا باشترە.

ـ هەر کارێک لە دەست من بێ.

ـ زۆر سپاس، خواتان لەگەڵ.

شادم کە ئەم هاودەمەمە لە کۆڵ ئەبێتەوە. چونکە نازانم کۆتایی ئەو وتووێژە بە کوێ ئەگات؟ ئوتۆمۆبیلەکە لە بەنزینخانە ئەهێنمە دەرەوە و لە تەختایی بەردەمی‌دا پارکی ئەکەم و بە مینی بووسێک خۆم ئەگەیەنمە شاری ڕەی.

لە دەروازەی بازاڕەکەدا باوکم ئەبینم، بە کراسێکی قۆڵ کورتی یەخە کراوەوە. ئەو کراسەی چەند ساڵ لەمەوبەر بە دیاری پێم دابوو. بە قسە کردن لەگەڵ کابرایەکدا بەرەو ڕووم دێ. ئەوەستم و لە دوورەوە سەیری ئەکەم. نزیک ئەبێتەوە. بەبێ ئەوەی بوەستێ، نیگایەکی خێرای گلەیی ئامێزم تێ ئەگری و تێ ئەپەڕێ. لە پشتەوە باش سەیری ئەکەم، خۆیەتی. کاتێکە ئەگاتە پێچی بازاڕەکە ئیتر نایبینم.

دووکەڵێکی قورسی تێکەڵ بە بۆنی کەباب دووکانەکەی ئاخنیوە. مێزی دار و ڕووکەشی پلاستیکی چەور و گوڵدار ئەمباتەوە بۆ سی ساڵ لەمەوبەر. ڕەنگە هەینیەکی ناوەڕاستی هاوین، کاتێکە لەگەڵ دایکم و باوکم و خوشکم لە سەردانی خزمان گەڕابووینەوە، هەر لەم بازاڕە سروەی فێنکی سێبەر، تێکەڵەیەکی بۆنی چێژەمەنی و هێل و بەرامەکەی بە ئارامی ئەدات بە ڕوومان‌دا. دایکم کۆترێکی گەچی سووری بۆ خوشکم کڕی و بۆ منیش ماشینێکی هەڵمی تەنەکە کە واگۆنەکانی سوور و زەرد و شین بوون. باوکم سەری کرد بە چەند

کەبابخانەدا و لە یەکیان دانیشتین. باوکم داوای کەباب و دۆی کرد. لووتم هێشتاش بەرامەی ئەو نان سەنگەکییە و ئەو کەباب و ڕێحانەیەی هێشتاش لەبیر نەکردووە. مێزەکان هەموویان پڕ بوون. ئێمەش لە دەوری مێزێکی چوار گۆشە دانیشتین و یەکێک هات بە دەسڕ، سەر مێزەکەی سڕییەوە. لێی ئەپرسم:

ـ نانت هەیە کاکی برا؟

ـ نەء. ئێمە نانمان نییە. ئەبێ خۆت نان بهێنی.

بیرم کردەوە مسۆگەر نانەواخانە قەرەباڵخە. ئەبێ بچمە ناو سەرە و هەڵ لەرزم و ناشزانم بەرم ئەکەوێ یان نا؟

ـ قاچم ئێشێ کاکە. ناتوانم زۆر لە سەر پێ ڕاوەستم. ئەگەر ئەکرێ پەنجەیەک نانم بۆ پەیدا بکە و دوو شیش کەبابم بۆ دانێ. زۆر سپاست ئەکەم.

ـ وردە نانمان هەیە خۆ قەیناکا؟

ـ نەء. لە سەریشم زیادە.

پاش خاوێنکردنەوەی مێزەکە، یەکێک دەورییەک پڕ لە ڕێحانە و پیازی نایە سەر مێزەکە. ڕۆیشت و هاتەوە و دوو تۆنگەی مل باریک دۆ و چەند لێوانی هێنا. پاشان سینیەک کەبابیان نایە ناوەڕاست. نازانم سی ساڵ لەمەوبەر بوو یان سەد ساڵ؛ بەڵام چێژەکەی هێشتاش لە سەر زمانم و لە بن ددانم دایە.

کەبابەکەم، لە نێوان دوو پارچە نانی بەرماوەی خەڵکیدا بۆ دائەنێن. بە پارووی یەکەم بۆنی گەن ناو دەمم پڕ ئەکات. نازانم گۆشتی سەگە یان کەر یان مرۆڤ؟ مسۆگەر حاکمی شەرع ئەمڕۆ حوکمەکەی نووسیوە. پاروی نەجاوراو فڕێ ئەدەمە بن مێزەکە و ڕائەبم. کاتێکە پارە ئەدەم ئەڵێ:

ـ نانەکەت نەخوراد؟

ـ پێم وابێ گۆشتەکەی ساخ نەبوو. بۆنی ئەهات.

ـ گۆشتەکەی ساخە، بەڵام ئەم کۆگایە تاغووتی نییە، بۆیە لای

تۆ تام نادات.

ـ رەنگە.

ئەگەمە جەمسەری بازاڕەکە. بای ساردی شەماڵ شەقامەکەی چۆڵتر و بەتاڵتر کردووە. با تۆفێکی وای لەگەڵ خۆی هێناوە، ئەڵێی زەوی لە تەوەری خۆی دەرچووە و ملیۆنەها ساڵی تیشک لە دوورترین و بچووکترین خۆر دوور کەوتۆتەوە. ئەم بایە لە کوێوە هەڵئەکات. کەس نازانێ. ئایە لە سەر ڕێگەیدا، شاران و وڵاتان و هەموو ژیانێکی ڕچاندووە یان کە ئەگاتە پشت دەروازەکانی ئێمە بەو جۆرە سارد ئەبێت؟ لە سەر شوستەکە کوتە ڕۆژنامەیەک ئەبینم کە سووچێکی ئەجووڵێتەوە. بەڵام لێی نایێتەوە. بە نووکی پێ ئەدەم لە ڕۆژنامەکە. بەستوویەتی و لکاوە بە عەرزەکەوە. ئێستە ئەبێ یەکێک سەتڵێک ئاوی بکات بە سەردا، بۆ ئەوەی پاش ساتێک لە ژێر قاپە سەهۆڵەکەی خۆیدا ببێت بە وەرجاوەند و سەهۆڵەکانی پاشتر تۆکمەتری بکەن و ڕێبوارەکان وێنەی ئەم مەغوول ڕوخسارە تفەنگ بە دەستەی تەختی شەقام ببینن کە ئەڵێ: «جەنابان ئێمە تا دواین کەس ئەتانکوژین.»

بەنزین تێ ئەکەم و ئەکەومە ڕێ بەرەو ماڵەوە. لە شەقامی ئارامگا تێ ئەپەڕم و لە خانی ئابادی چۆڵ و هۆڵ لە تەنیشت کۆتەڵی ئەو شەهیدانەوە، کە لە جەمسەری هەموو کۆڵانێکدا غەوارەن، تێ ئەپەڕم. کۆتەڵەکان سەرەڕای هەڵبوونیان خەریکن ئەیبەستن. دەوراندەوری قاپی وێنەی شەهیدەکان دۆیان دەرداوە[11] و لە دەوروبەری چراکان هەڵم هەڵئەسێ. سەرما هەموانی ڕەواندووە و وێنەی شەهیدەکان لە تەنهایی و بێدەنگی و ڕچاندا خەریکن سەرانسەر ئەیبەستن. شەقامە

---

١١ ـ دۆ: fungal mildew چاوگی نێیەڕ دۆکە، شۆکە، دۆدەردان، دۆکردن، کەڕوویەکی قارچکییە ئەدات لە درەخت و میوە و تەڕەکاڵ و وەکوو پەڵەیەکی سپی پێیانەوە دیار ئەبێت. هەروەها پەڵەی سپی ڕەقەڵەبەستوو بە هۆی وشکبوونەوەی لێزکەوە کە بە جلەوە دیار ئەبێت. ع العفن الفطري N soppmugg د سفیدک قارچی.

بەتاڵەکان یەک لە دوای یەک تێپەڕ ئەکەم. جگە لە چەند مەفرەزەی پاسداران و مەفرەزەی «خوێنی خودا» و چەند ئۆتۆمۆبیلی دەوڵەتی هیچی تر نابینم.

لە یەکێک لە شەقامەکانی خوارووی شاردا منم و مەفرەزەیەکی «خوێنی خودا» کە لە پشتەوە لێم نزیک ئەبێتەوە. ئەکەوێتە پێشمەوە و بە چرا ئاماژەم پێ ئەدا ڕایگرم. ڕای ئەگرم. لە ناو ئوتۆمۆبیلەکە جگە لە شوفێر چواری تریشی تێدایە کە هەر کامیان زۆر بە وردی شەقامەکەیان خستۆتە بن چاودێری. دوان دوان بەرەو لای شووشەکانی چەپ و ڕاست، یەکێک ڕوو لە شووشەی دواوە و یەکێکیش لای شۆفێرەکەوە. کە ئەوەستم، دوانیان دائەبەزێ. ئەوەی کە لە پشتەوە ئاگای لە شەقامەکەیە، تفەنگەکەی بەرەو من گرتووە. دوانەکەی تر دێنە پێشەوە.

ــ سەلام بار!

ــ سەلام.

لە کوێوە دێیت برا؟

ــ لە بەهەشتی زەهراوە.

ــ شەهیدت هەبوو؟

ئەترسم بڵێم ئەرێ و نەتوانم بیسەلمێنم.

ــ نەخێر بۆ فاتێحا خوێندن چووبووم.

ــ سنووقەکەت بکەرەوە.

یەکیان ناو ئوتۆمۆبیلەکە، ژێر کورسیەکان و داشبۆردەکە بە وردی ئەگەڕێ. ئەوی تریان ناو سنووقەکە ئەپشکنێ. لاستیکە سپێرەکە تاقی ئەکاتەوە بزانێ بای تیایە یان نا. ماوەیەکیش وردەواڵەکانی ناو سنووقەکە هەڵئەداتەوە و پاشان بە هاوکارەکەی ئەڵێ:

ــ خۆی بپشکنە.

یەکیان هەموو گیرفانەکان و بن باخڵم ئەگەڕێ و دەست بە ناولنگمدا ئەهێنێ و ئەڵێ:

ـ ناسنامەت پێیە؟

ـ بەڵێ پسوولەی لێخوڕین.

ـ جگە لە پسوولەی لێخوڕین هیچی ترت پێ نییە؟

ـ نەخێر. پێم وانەبوو پێویست بێ. پسوولەی لێخوڕین بەس نییە؟

پسوولەکە ئەدەمە دەستی. هەندێ سەیری ئەکات. وێنەکەی لەگەڵ مندا بەراورد ئەکات و ئەمداتەوە.

ـ ئەکرێ بڵێی بۆ کوێ ئەچووی؟

ـ بەڵێ. ئەچمەوە بۆ ماڵەوە.

ـ ماڵتان لە کوێیە؟

ـ شەمێران.

ـ ببوورە برا، خوات لەگەڵ. ئەم هەموو وردبینیە بۆ پاسداری کردنی خوێنی شەهیدانە.

لە بەردەم بەڕێوەبەرێتی ڕادیۆ، چۆنەرفرۆش بە عەرەبانە و چۆنەرەکانیەوە بەستوویەتی. بە کلاوی قیت و پاڵتاوی سەربازی سورمەییکراو بە پێوە مردووە. ڕەنگە قۆشمەیەک قاچەکانی بە شتێکەوە بەستبێ. چۆنەر، بەوجۆرەی کە داچنراون، بەستوویانە و زوقمیان کردووە. بەڵام چراتۆڕەکەی ئەگرێ. ئەکەومەوە بیری ئەو سەردەمەی لە ڕادیۆ کارم ئەکرد. ئەوسا، ئەو هاوکارانەی هەر ڕۆژە و کارێکی شیرینیان ئەکرد، کەم نەبوون. ڕەنگە ئێستەش یەکێک لەوانە هەموو ڕۆژێک زۆر بە حەزەوە نەوت ئەکاتە چراتۆڕی چۆنەرفرۆشەکە و بۆی دائەگیرێنێ. نازانم بۆچی لێرە نایجوولێنن. ڕەنگە ئەمەش شیرینکارییەکی تر بێ. چۆنەرفرۆش سروشتی ترین پەیکەرێکە کە ئەتوانێ سووچی مەیدانەکە بڕازێنێتەوە.

لە شەقامی شەمێران، لە ژێر لق و پۆپە قورس و داکەوتووەکانی سپیندارێکدا، پاسێکی دووقات بەستوویەتی و لەگەڵ سەهۆڵەکانی دارەکە تێکەڵ بووە. لە دەرگای پاسەکەوە کە دانەخراوە، سەهۆڵ

خزاوەتە ناو پاسەکە و بە هۆیەوە فەرمان و کورسی و دەسگرەکان بوون بە زوقم و سپی هەڵگەڕاون؛ ڕاست وەکوو کەشتیەکی نوقم بوو لە بنی دەریادا.

لە مەیدانی «تەجریش» دروشمێکی باریک و بەرز، ڕەنگە بە هێزی با بە جۆرێک هەڵگەڕاوەتەوە کە بتوانی بە ئاسانی نووسینەکەی بخوێنیتەوە و دڵەڕاوکەیەک لە سەرووی هەموو ترسەکانی ترەوە لە دڵتدا کۆبکەیتەوە: «هەتا تاقە منداڵێکی شیرەخۆرە لەم وڵاتەدا مابێ، درێژە بە جەنگ ئەدەین!»

ئێوارەی قورقشمینی لێڵ و چۆڵی مەیدانی «تەجریش»، دەنگە دوور و نزیکە عەرەبییەکان، وشە نەناسراوەکانی سەر دیوار و ئەم دروشمە سەرەوخوارە، جگە لە ترس و تەنهایی هیچی لەگەڵ خۆیدا نەهێناوە. ئەمەوێ تیژی کەم، بەڵام لە سەهۆڵبەندانی شەقامەکە ئەترسم بمخلیسکێنێت. برسێتی، دڵێشە هەمیشەییەکەی خۆی هێناوە. بە دڵێکی پڕ لە پەژارە و برسێتی خۆم ئەکەم بە ماڵدا.

## بەندی دووەم

هەموو خەریکی کڵاو و پێڵاو لە سەر و پێ کردنن. منیش لەگەڵ دوا کەوچکی سووپەکە ڕائەبم. بە هەموومان چراکان ئەکوژێنینەوە، بۆ ئەوەی لە نەبوونی خۆمان و لە کاتی ڕوودانی خامۆشی‌دا و بە هۆی ڕووناکییەوە نەڕژێنە ماڵەکەمان. ژنەکەم بە سەر هەموو جلەکانی‌دا کەوڵپۆسەکەی باوکم لە بەر ئەکا و ئالالە ئەخزێنێتە بنی. مەهدیش بە بەتانیەک بە سەریەوە بەرەو پارکینگەکە ئەچێ.

لە «قەیتەریە» ماشین بە دوای یەک‌دا ڕیز بوون. وا دەرئەکەوێ پرسگەیەکی تازە دانراوە. کە ئەگاتە نۆرەی ئێمە، دائەبەزین و سنووقی پشت ئوتۆمۆبیلەکە ئەکەمە. پاسدارێک بە لایت ئەی پشکنێ. دوو پاسداری تر لە دوو لاوە ژێر کورسیەکان و داشبۆردەکە لە بەر ڕووناکی لایت سەیر ئەکەن. یەکێکی تر لەوبەری شەقامەکە وەستاوە و ڕووی تفەنگەکەی تێکردووین. یەکێک لە پاسدارەکان ڕوو ئەکاتە من و ئەڵێ؛

ـ ئەم خوشکە چیتانە؟

ـ خێزانمە.

ـ گرێبەستی هاسەرگیریت پێیە؟

ـ سەیرێکی ڕوخساری کوڕەی میرمنداڵ ئەکەم کە هێشتا بان لێوی تووکی نەداوە. نازانم چی پێ بڵێم. بە زۆر خۆم ڕائەگرم بۆ ئەوەی قڕەمان تووش نەبێ. هەرچی چۆن بێ، ئەڵێم:

ـ دایک و باوکی تۆ هەر کات لە ماڵ ئەچنە دەرەوە بەڵگەی هاوسەرێتی لەگەڵ خۆیان هەڵئەگرن؟



ـ نە برا، بابەتەکە بۆ ئێمەی موستەزعەفین جیاوازە.

ـ نە کوڕم، جیاواز نییە. بەڵگەنامەی منیش ئەم منالاَنەمە.

ـ ئەی ئەم خوشکە بۆچی حیجابی ئیسلامی نییە؟

سەیری ژنەکەم ئەکەم: چەند تاڵە قژ لە ژێر شاڵەکەیەوە لەگەڵ تووکی کەوڵپۆسەکە تێکەڵ بووە.

ـ نا کوڕم، ئەگەر تۆ لایتت لێ نەدایە، حیجابەکەی تەواو بوو.

ـ پێت ئەڵێم ئەبێ فەرمانی پێ بدەی حیجابەکەی جوان هەڵبەستێ.

ـ پێویست بە فەرمانی من ناکا، چونکە لە ترسی سەرماش بووە ئەبێ خۆی داپۆشێ.

ئەمە چ قسەیەکە برا! سەرما دەنگۆی دژی شۆڕشە. ئەی ئێمە بۆ سەرمامان نییە؟

ـ تۆ ڕاست ئەکەی برا، هەواکەی قسەی نییە!

کردنەوەی دەرگا ئاسنەکەی ماڵی دایکم هەمیشە کاری مەهدیە. لە بەر دەرگاکەدا ڕای ئەگرم، ئەو دائەبەزێت و بە گوژمێکی توند کێلوون و بەستی دەرگاکە ئەترازێنێ و دوو لەتی دەروازەکە لێک جیا ئەبنەوە. کە دەروازەکە تەواو ئەکاتەوە بە پارێزەوە ئەچمە ژوورەوە. بە دوامدا دەروازەکە دائەخاتەوە و بە غار دێتەوە بۆ لای ئوتۆمۆبیلەکە. هەتا بەردەم خانووەکە سەد مەترێک ئەبێت. ئێرە باخچەیەکی زۆر جوانی کۆنە کە خاوەنەکەی پێشینەی نیشتمانپەروەری هەبوو و ئێستە گیانی خۆی دەرباز کردووە و لە ئاپارتمانێکی بچکۆلە لە ئامستردام ئەژی. تیشکە شینەکەی ئوتۆمۆبیلەکە بە ناو لقە ڕچاوەکانی شمشادەکاندا ئەڕوا؛ ئەڵێی لە ناخی تاریکیەوە هەزاران دەستی ڕچاو دەستەوداوێنی تیشکەکە بوون.

باخ یەک تۆزیش سەوز ناکاتەوە. تەنانەت کاژەکان وەکوو دێوەکانی زاڵی پرچ سپی[١٢] بە بێدەنگ ڕاوەستاون. بە قەراخی شیروانییەکەدا سەدان چلوورەی درێژ و نوک تیژ شۆڕ بۆتەوە. لای سەرتاقی هەیوانەکە چلوورەکانیان شکاندووە بۆ ئەوەی ڕێی چوونە ژوورەوە مەترسی کەمتر بێت. ئوتۆمۆبیلەکە لە بەردەم هەیوانەکەدا ڕائەگرم. مەهدی بە خێرایی خۆی ئەکا بە ژوورا و لێفەیەک ئەهێنێ. لێفەکە ئەدەم بە سەر ماتۆڕی ئوتۆمۆبیلەکەدا، هەردوکمان یارمەتی ئەدەین بۆ ئەوەی دایکی بە مناڵە داشاراوەکەی ژێر کەوڵپۆسەکەوە دابەزن و لە پلیکانەکانە ڕچاوەکانی بەرهەیوان سەرکەون.

دایکم لەبری وەڵامدانەوەی سەلام، بە سەرسووڕمانەوە سەیری هەمووومان ئەکا و ئەپرسێ:

ـ ئەوە چی ڕووی داوە؟

ـ هیچی وانییە دایە، هاتووین دیدارێک نوێ بکەینەوە.

ـ پێم وانییە بەس ئەوە بێ. بە شێوەی ئاخاوتنت لە پشت تەلەفۆنەکەدا هەستم کرد. نەکا باوکیشتیان ناردۆتەوە؟

ـ کە وابوو ئاگات لێیە.

ـ وا دیارە هەر بە ڕاستی ناردوویانەتەوە. ئەی بەدبەختی بێچارە. لەم دنیا ئاوارە و لەو دنیاش هەر ئاوارە! دابووی لە دڵم. هەر ئەمڕۆ کاتێکە مردوویەکی بەستەبەندیکراویان هێنایەوە بۆ ماڵی حاجی تەنیشتمان، دای لە دڵم.

ـ کە وابوو باسەکە هەتەرە؟

ـ مرۆڤ سەرەتا پێی وایە دەنگۆیە، بەڵام پاشان بە ڕاست ئەگەڕێ. ئێستە باوکت لە کوێیە؟

---

١٢ـ زاڵ: ئەفسانە ناوی تایبەت یان دەستان یان زاڵی پرچ سپی لە پاڵەوانانی ئەفسانەیی شانامە، کوڕی سام و هاوسەری ڕوودابە و باوکی ڕۆستەم بوو. سام پێی خۆش نەبوو مووی کوڕەکەی سپییە، لە بناری کێوی ئەلبورز فڕێی دا. سیمورگ زاڵی دۆزییەوە، بردییە لای خۆی و گەورەی کرد و، تا کۆتایی ژیان پشتیوان و یاوەری خۆی و کوڕەکەی ڕۆستەم بوو.

ـ هێشتا هیچ نەبووە. جارێ تەنها فەرمانەکەی هاتووە. هێشتاش کاتی ئەوە هەیە کارێک بکەین. ڕائەوەستین ئەوانی تریش بێن بزانین چیمان بۆ ئەکرێ.

دایکم لە سەر بەتانیە چوارقەدەکەی لە لای سەماوەرەکەوە دائەنیشێ و، وڕ و مات، بە مەقاشێکی گەورە ئاگری ناو مەنگەڵەکە سەروبن ئەکات. هەموومان بەرامبەر دایکم و بە دەور مەنگەڵەکەدا لە سەر عەرز دائەنیشین.

ـ خەڵووز لە کوێ پەیدا ئەکەی دایە؟

ـ قوڕی پیادرێت ئەم زۆپایە. پەسا پەسا نەوت ئەسووتنێ و ماڵەکەش گەرم ناکات. حەفتەی پێشوو یەدوڵڵای کوڕی ماهنسا هات بۆ ئێرە. خوا تەمەنی درێژ کات، چوو بۆ پشت کولانە مریشکەکە. چاڵێکی هەڵکەند. چڵ و پۆپە شکاو و تەڵاشەکانی کۆ کردەوە و کردیە ناوی. پاشان بە هەزار کێشە کەڕەنای بۆ دروست کرد. بە کورتە بڵێم دوو شەو و دوو ڕۆژ لەگەڵی خەریک بوو هەتا خەڵووزی دروست کرد. خەڵووزەکانی باش نییە. زۆری دووکەڵ ئەکات. بەڵام فێری کردووم ئەوانەش چی لێ بکەم. بەمجۆرە بووین بە خاوەنی چەند فەردە خەڵووز.

ـ نەوتیش خۆ بە ئەندازەی پێویست هەیە؟

ـ ئەرێ کوڕم ئەلحەمیلا، ئەم «لە ئێمە باشترانە»[١٣] کە دێن بۆ سەردانی موڕتەزا چەپکە چەپکە پسوولەی نەوتی پێ ئەدەن.

ـ کاکە برام هێشتاش لەگەڵ لە ئێمە باشتران هاتوچۆی هەیە؟

ـ مەگەر لە کۆڵی ئەبنەوە؟ هەتا ئەو قوزوڵقورتەی مەنگەڵ و دووکەڵ لە بەر دەمیایەتی ئەم دێت و ئەو ئەڕوا، ئەو دێت و ئەم ئەڕوا.

ـ ئەمانەی کە ئەڵێی کەڵکی هیچیان هەیە؟

ـ نازانم وەڵڵا. ئەو پێیان ئەڵێ حوجەتولئیسلام و حەزرەتی

---

٣ـ بە پەری و فریشتە و جنۆکە و لەو بابەتە ئەوترێ. هەندێ جار بە توێژی دەرەبەگ و ئاریستۆکراتیش وتراوە.

ئایەتوڵڵا و لەمبابەتانە. هەر کەس لە ماڵ ئەچێتە دەرەوە ئەڵێ: «ئەمە ئەندامی پەرلەمان بوو، ئەوە سەرۆکی فلان بوو. ئەوەیان ئەیەوێ ببێ بە وەزیر.» من خۆ سەر دەرناکەم.

ـ پێم بڵێ بزانم سەید و بیبی لە کوێن؟

ـ چیت پێ بڵێم ڕۆڵە. سەید داویە لە سەری و بوو بە حیزبوڵڵایی.

ـ سەید قەت نابێ بە حیزبوڵڵایی. مسۆگەر خەریکە قەشمەریان پێ ئەکات.

ـ نازانم وەڵڵا. پاش تەلەفۆنەکەی تۆ، زەنگم بۆ لێدان. کەوتوونەتە ڕێ. ئێستە ئەگەن.

ـ مورتەزا کەی ئەگاتەوە؟

ـ لە ماڵەوە بوو. ئێستەش ڕۆیشت یەکێک لەو حوجەتولئیسلامانە بگەیەنێت و بگەڕێتەوە. ئێستە دێتەوە.

چایی چێژێکی خۆشی هەیە. هەست ئەکەم لە ئێمە باشتران بۆ براکەمیان هێناوە بۆ ئەوەی بەزمی مەنگەڵەکەیان کەموکووڕی نەبێ.

ـ چاکەش لە لایەن لە ئێمە باشترانەوە گەیشتووە؟

ـ خوا خێرت بنووسێ ڕۆڵە. هەر کامیان کە ئەڕوا پاکەتێک لەم چاییە لەگەڵ خۆی ئەبا. مەگەر ئەمانە خێریان بە کەس ئەگات؟ ئەو پسوولانەش کە ئەیدەن بۆ ئەوان هیچی تیناچێ.

سەید و خوشکم بەبێ هەراوهوریا دێنە ژوورەوە. سەید وەکوو هەمیشە کاتی تەوقەکردن بە پەنجەی ناوەڕاست بەری دەستم ئەخورێنێ. بیبی بە پێکەنینە هەمیشەییەکەی من و مناڵەکان و ژنەکەم ئەگرێتە باوەش و ئەڵێ:

ـ کاکە زوو بڵێ بزانم، چی ڕووی داوە؟

سەید دەستی بۆ دەرەوە ڕائەکێشێ و ئەڵێ:

ـ ئەبێ ڕاوەستین هەتا سەرۆکی مردووکێشەکانیش بگەڕێتەوە!

دەنگی پتپتی مەکینەی ئوتۆمۆبیلەکەی مورتەزا ئەبیسرێ. بیبی

ئەڵێ:

ـ ڕاست ئەکات. مورتەزاش هاتەوە.

مورتەزا سەلامێک لە دانیشتوان ئەکات و لە تەنیشت مەنگەڵەکەوە دائەنیشێ و دەستی ئەگرێ بە سەر ئاگرەکەدا. دایکم دیسانەوە ئاگرەکە تێک ئەدا و لە تەنیشتەوە سێ چوار پارچە خەڵووزی ئەخاتە سەر پۆلووە ئاگرەکان.

ڕووداوەکە ئەگێڕمەوە. مورتەزا پێشتر ئاگادار کراوە. ئەپرسم:

ـ باشە ئەبێ چی بکەین؟

هیچ کارێک ناکرێ. ئێستە لەگەڵ حوجەتولئیسلام مەناتی بووم، ئەیوت: «ئێوە هێشتا نازانن چی ڕووی داوە.» ئەیوت: «لە دانیشتنی پەرلەماندا ویستوویەتی باسەکە بهێنێتە ئاراوە، لە دەمیان داوە و بێدەنگیان کردووە!»

ـ کە وابوو هەڤاڵەکانت هیچیان لە دەست نایەت؟

ـ هیچکەس هیچی لە دەست نایەت. خۆمان ئەبێ ڕێگەیەک بدۆزینەوە.

سەید ڕوو ئەکاتە من و ئەڵێ:

ـ من ڕایەکم هەیە. تەنها کەسمان کەماڵی خۆی هەیە تۆیت. بە ڕای من باشتر وایە بابە گەورە لە حەوشەی ماڵی ئێوە بنێژین.

ـ بیرێکی خراپ نییە.

دایکم بە توورەییەوە سەیری سەید ئەکات. و ئەڵێ:

ـ نا براکەم، ئەمە چ قسەیەکە؟ ڕەنگە بەیانی ناچار ببێ خانووەکەی بفرۆشێ، ئەوسا کێ ئەتوانێ بچێتە سەر خاکەکەی و فاتێحایەک بخوێنێ؟

مورتەزا پێ ئەکەنێ و بە دەنگێکی شۆخ وەڵامی قسەکەی دایکم ئەداتەوە:

ـ جگە لەوەش ئەگەر هات و خاوەن ماڵە تازەکە ویستی ئەستێڵێک لە حەوشە دروست بکات، یەک دوو پێمەڕە بدەن لە عەرزەکە سەر و سەکوتی بابە دەرئەکەوێ و گەنی دەردێ.

دایکم ئەڵێ:

ـ ئەرێ ڕۆڵە، ئەو بێچارەیە نابێ ئەوەندە گۆڕ بە گۆڕ بکرێ.

سەید ئەڵێ:

ـ لەم سەرمایەدا بۆ ماوەیەکی زۆر باش ئەتوانین مردووەکە ڕابگرین. باشتر وایە پەلە نەکەین، چاوەڕێ بکەین بزانین ئەوانی تر چی ئەکەن.

بیبی سەری ڕائەوەشێنێ و لە ژێر لێوەوە ئەڵێ:

**وا لەگەڵ چاک و خراپ هەڵکە کە پاشی مردنت، عورفی**

**بە زەمزەم بتشوا موسڵمان و بسووتێنێ لەشت هێندوو**

دایکم چاوێک لە بیبی مۆڕ ئەکاتەوە:

ـ مەبەستت چییە؟ واتە ئەو ڕەحمەتیە لەگەڵ خەڵک باش هەڵی نەکرد؟

مورتەزا ئەڵێ:

ـ نا، دایە گیان. مەبەستی ئەوەیە کە ئەتوانین بابە گیان بسووتێنین و خۆمان ڕزگار بکەین.

دایکم ئەڵێ:

ـ لاڵ نەبی ئیشەڵڵا. ئەتەوێ باوکت لە بەر چاوتا بسووتێنی؟

روخساری سەید و بیبی و مورتەزا دەری ئەخا لەگەڵ ئەم ڕێگەیەی بە دەم گاڵتەکردنەوە دۆزراوەتەوە بۆینن، بەڵام لە ترسی دایکم ناوێرن هیچ بڵێن. سەید ئەڵێ:

ـ بە بۆچوونی من نابێ پەلە بکەین. کۆبوونەوەی ئەمشەو هیچ ئەنجامێکی نابێت. ئەبێ بزانین ئەوانی تر چی ئەکەن.

دایکم بە ڕقەوە ئەڵێ:

ـ خەڵکی لە خۆیان ڕائەبینن. خەڵکی دەست و پێیان هەیە. هەر ئەم حاجیە لە ئەمڕۆوە کەوتۆتە ڕێ بچێ بۆ شاری خۆیان و گۆڕێکی بۆ دەست بخات.

مورتەزا کە هێشتاش ئەو دۆخی گاڵتە کردنەی خۆی پاراستبوو بە

گاڵتە و بەڕاست گەلاڵەیەکی تر پێشنیاز ئەکات:

ـ گوێ بگرە دایە، ئەگەر دەسخستنی گۆڕستان ئەوەندە ئاسان بوایەت، هیچ مردوویەکیان لە هیچ گۆڕێک دەرنەئەهێنا. جگە لەوەش با پێت بڵێم، لە گۆڕستانی ناموسڵمانان تا حەز بکەی گۆڕ ڕژاوە. من هەڤاڵێکی بەهاییم هەیە. ئەتوانین مردووەکەمان ببەین لە گۆڕستانی ئەوان بینێژین.

دایکم ئەکێشێ بە گۆنای خۆیا و ئەڵێ:

ـ زمانم لاڵ. خوایە بە دوور. هیچمان بۆ نەمایەوە گەیشتنە گۆڕستانی بەهاییەکان!

سەید ئەڵێ:

ـ دایە ئەوەی قەیناکا. زەوی زەوی خوایە. بەڵام ئەمانە کەوتوونەتە گیانی بەهاییەکان و دەستە دەستە ئەم بەدبەختانە ئەکوژن. جا ئەوە ئەبێ بە بیانوویەکی باش بۆیان کە ئێمەش بەهایین و گیانی هەمووامان ئەکەوێتە مەترسییەوە.

دایکم ئەڵێ:

ـ هیچ بیر لە گۆڕستانی بەهاییەکان مەکەنەوە.

سەید پاش ماوەیەک وەستان ئەڵێ:

ـ کەس هەڤاڵی ئەرمەنی نییە؟

مورتەزا ئەڵێ:

ـ بۆچی نا، من هەمە. بەڵام ئەرمەنیەکان ئەترسن خۆیان لەو کارانە هەڵقورتێنن.

دیسانەوە گرێ کوێرە. دیسانەوە ڕێ بۆ هیچ کوێیەک دەرباز نابێت. پاش ماوەیەک بێدەنگی بیبی ئەپرسێ:

ـ مردووەکە بە چ شێوەیەک ئەدەنەوە؟

دایکم ئەڵێ:

ـ لە ناو کارتۆنێکی باریک و درێژدا. لە سێ شوێنیشدا شەتەکیان داوە.

سەید ئەڵێ:

ـ زۆر باشە. کە وابوو خەم نییە. ئەگەر بەمجۆرە بێ ئەتوانین بیرێکی لێ بکەینەوە.

دایکم ئەڵێ:

ـ بیری چی؟ ئەگەر بیرێک هەیە ئێستە ئەبێ بکرێتەوە.

من ئەڵێم:

ـ نابێ هەوڵ ببین دایە. هەر کارێک کە پێویست بێ ئەیکەین. بیرێکیش ئەوەیە بیبەین بۆ وڵاتێکی دراوسێ، وەکوو پاکستان، تورکیە، ئەفغانستان...

براکەم ئەڵێ:

دوبەی، لە هەموو ئەمانەی کە وتت باشترە. ویزایشی ناوێ. پێویستی بە ڕۆتینی گومریکیش نییە. چونکە بەندەری ئازادە.

دایکم بە توورەیی و قەڵسیەوە ئەڵێ:

ـ ئەڵێی هەمووتان خرەفاون! خەڵکی مردووەکانیان ئەبەن لە تەنیشت سەیدوشوهەدا ئەینێژن و ئێوەش ئەتانەوێ بیبەن بۆ پاکستان و دوبەی و ئەو جۆرە جێگایانە؟

سەید ئەڵێ:

ـ ئەکرێ لە شوێنێک بە ئەمانەت دایبنێین. جەنگ کە تەواو بوو بیگوێزینەوە بۆ نەجەف.

دایکم ئەڵێ:

ـ تۆ خوا بیبڕێننەوە! ئەڵێی خەریکن مێز و کورسی ئەگوێزنەوە. جارێک دەری بهێنن و بیبەن بۆ دوبەی، پاشان دیسانەوە بیبەن بۆ نەجەف. ئەی گۆڕ بە گۆڕ بوون بە چی ئەڵێن؟

من ئەڵێم:

ـ نە دایە گیان. لەم گاڵتانەم لەگەڵ تەرمی باوکم نییە. چیم لە دەست بێ ئەیکەم بۆ ئەوەی لێرە، هەر لەم وڵاتە، دیسانەوە بینێژمەوە. لەم لایەنەوە دڵت ئاسوودە بێ.

سەید ئەڵێ:

ـ بەس ناوەندیارێکی ملئەستوورمان لە شارەوانی هەبێ، کارەکە جێبەجێ ئەبێ.

براکەم پێ ئەکەنێ و ئەڵێ:

ـ لە سەرۆک وەزیریش هەتبێ هیچی لە دەست نایەت. بە ڕای من مجێورێکی گۆڕستان، لەمکاتەدا لە سەرۆک کۆماریش زیاتر کاری لە دەست دێ.

من ئەڵێم:

ـ بۆچوونێکی زۆر باشە. هەموو گۆڕستانێک هەزار و گۆشە و قەراخی هەیە کە کەس پێی نازانێ. بەس ئەبێ ئاشنایەک بدۆزینەوە.

سەید وتی:

ـ سەرەتا ئەبێ ئاشنایەکی بە دەسەڵات لە شارێک، گوندێک، شوێنێک بدۆزینەوە و، لە ڕێگەی ئەوەوە بتوانین مجێوری گۆڕستانێک دەسخەین. ئەگینا تا سەد ساڵی تریش خۆمان ڕاستەوخۆ گۆڕهەڵکەن و مجێورمان پێ نادۆزرێتەوە.

براکەم ئەڵێ:

ـ ڕاست ئەکات. من لە ڕوودسەر هەڤاڵێکم هەیە، ڕەنگە کارێکی لە دەست بێ.

سەید ئەڵێ:

ـ منیش لە قەمسەر یەکێک ئەناسم کە ئەتوانین پشتی ببەستین.

من ئەڵێم:

ـ زۆر چاکە ئەبێ بکەوینە خۆ. هەرکەس نامەیەک بۆ لایەنەکەی بنووسێ و بیدا بە من. ئەمێنێتەوە کێشەی بەنزین کە مورتەزا ئەبێ چارەسەری بکات.

مورتەزا ئەڵێ:

ـ تا بەیانی سەد کۆپنی بەنزینت پێ ئەدەم.

من ئەڵێم:

پارەش ئەبێ دەسخەین. هەرچی چۆن بێ، گەشت مەزاخی هەیە. هەوەها لەو شوێنەش ڕەنگە پێویست بکات پارەیەک بدرێ بە کەسانێک.
سەید ئەڵێ:
ـ ئەوەی خەمی نییە. پەیدا ئەبێ. بە هەمووومان ئەیدەین.
دایکم سەیرێکی ژنەکەم ئەکات. کە سەری خستۆتە سەر ئەژنۆی و خەوی لێکەوتووە. بە دەنگێکی کپ ئەڵێ:
ـ ئەمە بۆچی ئەوەندە وەنەوز ئەدا؟
ـ تەندروستی باش نییە. شەوانە بە دەنگی یەکەم تەقینەوە دائەچڵەکێ و ئیتر خەوی لێناکەوێتەوە. بە ڕواڵەت زۆر ئەترسێ. هەر بۆیەشە هەمیشە وەنەوز ئەدا.
براکەم ئەڵێ:
ـ خەریکە درەنگ ئەبێ. من ئەڵێم ئەمشەو لێرە بن.
ـ لێرە ئەبین. ئێرە باش گەرم داهاتووە. حەیفە لە دەسمان دەرچێ.

بۆ خەوتنی بە کۆمەڵ بە تەنیشت یەکەوە و بە دەم یەکەوە لە سەر عەرزەکە جێ ڕاخراوە. هەمووومان ئەبێ لەم ژوورە بخەوین. دایکم جێگەکانی وا ڕاخستووە کە خۆی لە لای ئالالەوە بخەوێ. ئەزانم بۆچی. ئەیەوێ بە گەرمای لەشی مناڵەکە گەرم ڕابگرێ. ژنەکەشم بەبێ ئەوەی بزانێ خۆی پێوە لکاندووە. هەقیەتی. لەشی دایک هەمیشە گەرمە. منیش شاڵەکەم لە دەور ملم ئەکەمەوە و بە پانتۆڵ و بلووزی خورییەوە ڕائەکشێم. چاوەڕوانی مورتەزام. ئەزانم هەندێ قسەی بۆ وتن هەیە. ڕۆیشتووە ئۆتۆمۆبیلەکە داپۆشێ. سەرەڕای ئەوەی خەو زۆری بۆ هێناوم، هەوڵ ئەدەم نەخەوم هەتا دێت.
مورتەزا بە سەر مندا ئەنووشتێتەوە و ئەیەوێ بزانێ خەوتووم یان وشیارم. بە ئەسپایی ئەڵێم: «نەخەوتووم.» هیچ ناڵێت. چراکە ئەکوژێنێتەوە و بە یارمەتی شیشی کەباب بەتانیەک ئەخنێ بە درزەکانی

دەرگاکەدا. پاشان پاڵتاوەکەی دەرئەهێنێ و چراکە ئەکوژێنێتەوە و لە تەنیشتمەوە ئەخزێتە ژێر لێفەکە. پێخەفەکان ئەوەندە زۆر و قورسن کە مرۆڤ لە ژێریا هیلاک و ماندوو ئەبێت. بەڵام لە سەرما باشترە. ئەڵێ:

ــ یەکسەر ئەچی بۆ محەللات. لە هەر کەس بپرسی ماڵی ئاغەبابە لە کوێیە، پیشانت ئەدا. ئەگەر لە بیرت بێ هەڤاڵی باوکمان بوو. لە محەللات باش دەستی ئەڕوات. بابەتەکەی لەگەڵ باس ئەکەی. ئیتر خۆی ئەزانێ ئەبێ چی بکات. دڵت ئاسوودە بێ. جارێ تەخت لێی بخەوە، مەولامان لەگەڵە.

ــ پێت وایە کەی بڕۆم؟

ــ بەیانی زوو.

ــ هێشتا تەرمەکەم وەرنەگرتووە، لەخۆوە بچم بۆ کوێ؟

ــ وەرگرتنەوەی تەرمەکە کاری ئێمە نییە. با خۆیان بیهێنن بیدەنەوە. تۆ سەرەتا بیرەکە هەڵکەنە پاشان بچۆ منارە بدزە. هەرچی بێ کاتێکە وەرمان گرتەوە ناچار نابین لێی بوەستین.

ــ ئەگەر بە چوونی محەللات کێشەکە چارەسەر ئەبێ، بۆچی ئوتۆمۆبیل ببەم؟ ئەچم لە شەمسولعمارە سواری پاس ئەبم.

ــ بە ڕای منیش زۆر باشترە. بەیانی خۆم ئەتگەیەنمە شەمسولعمارە. بەڵام نابێ کەس بزانێ خەریکین چی ئەکەین. هەموو داوای یارمەتی ئەکەن و کارەکەمان لێ تێک ئەچێ. باشیەکەی ئەوەیە بەیانی ئەڕۆیت و ئێوارە دێیتەوە. بەرنامەمان دیاری ئەبێ.

ــ خوا بکا بەو ئاسانیە بێ کە تۆ ئەیڵێی.

ــ زۆر سەخت مەیگرە. هەر کارێک ڕێگەیەکی هەیە. خۆ پێم وتی: مەولامان لەگەڵە.

ــ بەسیەتی بابە تۆش بە خۆت و مەولاتەوە.

شوفێری پاسەکان، لێخوڕین لە سەر سەهۆڵ باش فێر بوون. بەیانی زوو کە لەگەڵ براکەم ئەچووم بۆ گاراج، لەو بیرەدا بووم کە

بەو هەلومەرجەی ڕێگاوبانەوە هەرگیز ناتوانم بە ڕۆژێک بچمە محەللات و بگەڕێمەوە.

بەڵام ئێستە هیوام پەیدا کردووە. چونکە پاسەکە بە خێرایی ئاسایی ڕێ ئەکات. نەفەری تەنیشتم بەردەوام ئایەتولکورسی ئەخوێنێ و فوو ئەکا بە دەوروبەری‌دا. ئەوەندە لە سەر یەک و بەردەوام نزا ئەخوێنێ، دەرفەتم نادا سەری قسەی لەگەڵ بکەمەوە. حەز ئەکەم لێی بپرسم بە چەند کاتژمێر ئەگەینە محەللات. ئەمەوێ دڵم لە بابەتی گەڕانەوەم ئاسوودە بکەم. بەڵام نزاکردن و فووکردنی بۆ ساتێکیش نابڕێ. ئاوڕ ئەدەمەوە و سەیرێکی نەفەرەکەی پشتەوە ئەکەم. ئەویش خەریکی دۆعا خوێندنە.

ــ ببوورە، ئەمەوێ بپرسم چەند کاتژمێری تر ئەگەین؟

ــ ئەگەر خوا بیەوێ دەوروبەری یانزە، یانزەونیو. ئەگەر نەشیەوێ هەرگیز.

ــ خوا بۆ ئەبێ نەیەوێ؟

ــ ئێستە ئەبینی خوا چۆناچۆن نایەوێ.

ئەمە ئەڵێت و سەرنجی ئەگوێزێتەوە و ئەکەوێتەوە دۆعا خوێندن و فووکردن. ڕووم وەرئەگێڕمەوە و لە سەر جێگەکەم دائەنیشمەوە و لە پەنجەرەکەوە ئەکەومە سەیرکردنی بیابان. یەکپارچە سەهۆڵ. پەڵەی زەدی خۆر لە ناوەڕاستی دەشتی ساف و پەرداخکراوی سەهۆڵی بێکۆتایی، وەکوو دراوێکی زیڕ لە سەر عەرزەکە کەوتووە. جارجارەش ئێسکەپەیکەری سپی دارێک و جاریش پەیکەری ڕچاوی پردێکی خشت.

ئەمەوێ خۆم بۆ سەیرکردنی خۆرەکە لە ئاوێنەی سەهۆڵەکەدا خەریک بکەم. خۆزگە پەرتووکێکم لەگەڵ خۆ هێنابا. خۆزگە هۆنراوەیەکم لەبەر بوایەت و لە بەر خۆمەوە زەمزەمەم بکردایەت. پێشتر زۆر هۆنراوەم لەبەر بوو، بەتایبەت غەزەڵەکانی حافز. بەڵام ماوەیەکە هیچم لەبیر نەماوە. تێکڕای هۆنراوەکان لە یادم سڕاونەتەوە.

لەپڕ هەست ئەکەم لە خێرایی پاسەکە کەم بۆتەوە. مەکینەی

پاسەکە یەک بە خۆی ئەنەڕێنێ و ئارام ئارام لە پێچی هەورازێک سەرئەکەوێ. لە چەند مەتری جادەکە پاسێکی هەڵگەڕاوە ئەبینرێ. کە نزیکتر ئەبینەوە بۆم دەرئەکەوێ ناو پاسەکە پڕە لە خەڵک. کەوتوون بە سەر یەکا و مردوون و بوون بە سەهۆڵ. یەکێک لە پشت سەری شۆفێرەکەوە بە دەنگی بەرز ئەڵێ: «ئەلفاتیحا!»

نەفەرەکان فاتێحا ئەخوێنن. هێشتا فاتێحای گەشتیارەکان تەواو نەبووە، لە قەراخ جادەکەدا مینی بووسێک ئەبینین کەوتووەتە سەر پشت و وەکوو ڕقە قاچەکانی بە حەواوەیە. دیسانەوە پڕە لە پیاو و ژن و منداڵ کە کەڵەکە کراون بە سەر یەکا. قاچی یەکێک لە شووشە شکاوەکەوە کەوتۆتە دەرەوە و بووە بە پارچەیەک سەهۆڵ. دیسانەوە هەمان دەنگ بەرز ئەبێتەوە: «ئەلفاتیحا!» و دیسانەوە فاتێحا و بە دواشیدا ئایەتەلکورسی خوێندن و فووکردن. پاشان لە پشت سەری شۆفێرەکەوە هەمان کابرا هاوار ئەکات. «بە لاڵی لە دنیا نەڕۆن، سەڵەواتێکی بەرز بنێرن!» دەنگی سەڵەوات، کە لە ترسی گیانە، لە حەوای ناو پاسەکەدا ئەتەقێتەوە.

ـ شەوی یەکەمی گۆڕ عەلی فریات بکەوێ. سەڵەواتی دووەم بەرزتر بنێرە!

پاش لێدانی سەڵەواتی دووەم دەنگی ترساوی پیرەمێردێک لە بنی پاسەکەوە ئەبیسرێ کە ئەڵێ: «یا عەلی!»

پاسەکە بەرزترین شوێنی گردەکەی بڕیوە و ئێستە کەوتۆتە سەر بەرەوژێری و، هەر لە بەر ئەوەش خێرایی پاسەکە زۆر بوو. جوان هەست بەوە ئەکەم کە باشاری پاسەکە بە دەست شۆفێرەکەوە نییە. پاسەکە بۆ خۆی ئەڕوات. ئەو تەنها فەرمانەکەی بە دەستەوەیە و بە هیچ جۆر ناتوانێ لە خێرایی پاسەکە کەم بکاتەوە. ناوێرێ گێڕی پێچەوانە لێبدا یان بە ئەسپایی ستۆپ بگرێ. توند خۆم لکاندووە بە کورسیەکەوە و سەیری دەرەوە ئەکەم. دەشتە پان و بەرینەی وەکوو دەریایەکی ئاوێنەیە کە تەنها یەک وێنەی ناوەڕاستی لەگەڵ ئێمە ئەبزوێ: هەمان

ئەو درواو زێڕینە ڕچاوەکە.

نەفەرەکەی تەنیشتم نزای بن لێو تەواو ئەکات و، بە دەنگی بەرز دیدەننامە[١٤] ئەخوێنێ: «السلام علیک یا بنت رسول الله، یا بنت فاطمة الزهراء.» سەیری بەرامبەرم ئەکەم: گومەزەکە دیارە. گەیشتووین. گەیشتوینەتە قوم. ماسولکەکانم بە ئەسپایی خاو ئەبنەوە و ئاسوودە ئەبم. شادمانم کە بە بێوەی دەرباز بووم. ئەوی تری ئیتر مەترسی نییە. بەڵام هەر لە ئێستەوە بیری گەڕرانەوە ئەکەمەوە. خۆزگە مورتەزاشم لەگەڵ بوایە. بەڵام نەء. باشتر کە لەگەڵم نییە. ئەگەر شتێک ببێ، یەک کەس لە دەست بچێ باشترە. جگە لەوە ئەگەر بشبوایەت بەردەوام هەر ئەیوت: «مەولامان لەگەڵە!» ئەمە و ئیتر هیچ.

پاش کاتژمێرێک ئەگەینە محەللات. لە مەیدانێکی گەورە کە ئیمامزادەیەک وا لە سووچێکیدا تێ ئەپەڕین. لەوبەری مەیدانەکەوە، لە پشت دیواری کۆڵانێکەوە، قۆڵی[١٥] سلینگێک ملی دەرهێناوە و گەنجێک بە گوریس پیاهەڵواسراوە. قاچەکانی لە نێوان عەز و ئاسمانڕدا ئەجووڵێتەوە. پشتی لە ئێمەیە. سەرەگێژە و لێکچوونی دەسبەجێ ئەبێتە هۆی ئەوەی سەرم بگرمە خوارەوە و قاچەکانم لێک دوورخەمەوە بۆ ئەوەی پانتۆڵەکەم پیس نەبێت. زۆر بە دژواریی خۆم ڕائەگرم. ژمارەیەک لە گەشتیارەکان بە بینینی ئەو گەنجە هەڵواسراوە هاوار ئەکەن: «مەرگ بۆ ئەمریکا، مەرگ بۆ ئیسراییل، مەرگ بۆ سەدام!»

لە سەر دیوارەکانی شار ئەم دروشمانە بە دوای یەکدا و بە فۆنتی گەورە نووسراون. لە سەر دیوارێکی کەرپووچ بە دەسنووسێکی زۆر خۆش و گەورە نووسیویانە: «مەرگ بۆ هۆڵەندا!»

---

١٤ ـ دیدەنیار: visitor گەشت ئاییناسی سەردانکەر، میوان، زیارەتگەر ع زائر N besøkende د بازدید کننده، زیارت کننده. دیدەننامە: pilgrimage guide ئاییناسی ڕابەری زیارەت، ڕابەری دیدەنیار و گەشتیارانی ئایینی کە ئەچن بۆ سەردانی شوێنی پیرۆز. ع دلیل الحج N pilegrimsguide د زیارتنامە.

١٥ ـ قۆڵ: jib ناو دەسک، بازوو، ناوەندی شان و ئانیشک. قۆڵی سلینگ: jib crane قۆڵی ئەڕابە یان عەرەبانە. ع ذراع المرفاع N jibb د بازو.

پاسەکە خۆی ئەکا بە گاراجێکدا. گەیشتووین. لە بەر ئەوەی جانتام پێ نییە، یەکەم کەسم لە گاراج دێمە دەرەوە. لە بەر گاراج پرسیاری ماڵی ئاغە باباخان لە یەکێک ئەکەم. ئەویش بە دیالکتی خۆی و زۆر بە وردی پیشانم ئەدا و ئەکەومە ڕێ.

دیواری پەرژینی باخەکە و دەرگای ئاسنی شین و بۆر. خۆیەتی. زەنگیشی هەیە. پەنجە ئەنێم بە زەنگەکەدا و چاوەڕێ ئەکەم. منداڵێک دەرگاکە ئەکاتەوە و سەیرم ئەکا.

ـ ئاغە بابەخان لە ماڵەوەیە؟

ـ تۆ کێیت؟

ـ پێی بڵێ لە تارانەوە میوانتان بۆ هاتووە.

ـ ئاغە بابەخان مردووە و ئەمشەو چلەیەتی. ڕاوەستێ دایە گەورەم بانگ بکەم.

لە جێی خۆمدا وشک ئەبم. نازانم ئەبێ چی بکەم. کوڕە بە غار بەرەو خانووەکە ئەڕوا و پاشی ساتێک پیرێژنێکی قەڵەوی ڕەشپۆش، بە سەرنجێکی پرسێنەر و ترساوەوە، بەرەو ڕووم دێت.

ـ سەلام قوربان، چ فەرمایشێکتان هەبوو؟

ـ سڵاو لە منەوە خانم. من کوڕی یەکێک لە هەڤاڵە نزیکەکانی ئاغە بابەخانم. لە لایەن بنەماڵەوە پەیامێکم هەبوو.

ـ فەرموون وەرنە ژوورەوە. بەڵام ئاغە بابەخان تەمەنی درێژی بۆ ئێوە بەجێ هێشتووە.

ـ سەرەخۆشیتان لێ ئەکەم. زۆرم پێ ناخۆش بوو ئەو هەواڵەم بیست.

ـ سپاس. بە ڕێکەوت ئەمشەو چلەیەتی. بەڵام من تۆم نایەتەوە بیر.

ـ هەڵبەت من بچوکیم لە خزمەتی ئێوەدا هەیە. حەوت هەشت ساڵان بووم شەوێک لەگەڵ باوکی خوالێخۆشبووم هاتین بۆ ئێرە.

ــ زۆر ببوورن، ئەکرێ بفەرمووی ناوی باوکت چی بوو؟

ــ من کوڕی میرزا عەلیخانم.

ــ ئا، بەڵێ بەڵێ، ئەو دەروێشەکەی تاری لێ ئەدا.

ــ بەڵێ، وایە.

ــ ئەو کەی ئەمری خوای کرد؟

ــ ئەواساڵێک ئەبێ.

ــ خوا لێی خۆش بێ. ئەوەندەی خاکی سەر گۆڕەکەیەتی، تەمەنی ئێوە بێ. ئەگەر بزانی ئەم ناموسڵمانانە چ بەڵایەکیان بە سەرمان هێناوە؟

ــ بۆچی چی بووە؟

ــ ئەتەوێ چی ببێ؟ کاتێکە حاجی عومری دا بە تۆ، وەکوو هەموو بەندەی خوایەک بردمان و بە خاکمان سپارد. حەفتەی پێشوو گۆڕەکەیان هەڵدایەوە، تەرمەکەیان خستە ناو قوتویەکی مقەبا، هێایانەوە بۆ ماڵەوە، دایانەوە پێمان و ڕۆیشتن.

ــ سەیرە! کە وابوو ئەم بەڵایە بە سەر ئێوەش هاتووە.

ــ خوا نیست و نابووتیان کات. ئەمانە کارێک ئەکەن شمریش نەیکردووە. سەد ڕەحمەت لە شەیتان. من نازانم ئەمانە چییان لە گیانی ئێمە ئەوێ؟

ــ ئەم بەڵایە بە سەر ئێمەش هاتووە. ڕاستەکەی منیش هەر بۆ ئەم بابەتە هاتوومەتە خزمەتتان بەڵکوو ئاغە بابەخان یارمەتیەکمان بکات. بەداخەوە ئەوەتا خۆشیان کۆچی دواییان کردووە.

ــ ئەرێ بەقوربان، تەرمەکەی خۆشی بە سەر دەستمانەوە ماوەتەوە. نازانم چ قوڕێک بکەم بە سەرمانا.

ــ ئاخرەکەی چ بڕیارێکتان داوە؟

ــ هیچ. بڕیارمان دا لە سووچێکی باخەکە بینێژین. بەڵام گرفتەکەی ئەوەیە کە من نەوەیەکم هەیە فێی لێ دێ. جا بەو جۆرە نە ئەتوانم لە ماڵەوە ڕایگرم و نە ئەتوانم دەربەدەری بکەم.

ــ خوا سەبرتان بدات دایە. من ئیتر ئەرک کەم ئەکەم. ئەو خوالێخۆشبووە هەمیشە دەستی بە کاری خێرەوە بەند بوو. هاتبووم بۆ ئێرە بەڵکوو یارمەتیەکی لێوەربگرم. دەرفەت بدەن تا درەنگ نەبووە بگەڕێمەوە.

ــ ئەیەڕۆ مەگەر ئەهێڵم؟ ئەبێ نیوەڕۆ بکەی. هیچ باش نییە کاتی نیوەڕۆ و بە سکی برسی بگەڕیتەوە.

لە پلیکانەکان سەرئەکەوم و لە دەرگای سووچی داڵانەکە ئەچمە ژووریکەوە. گەرم و گوڕە. دوو کوڕی بچکۆلە بە پەلە سفرەیەکی نایلۆن لە سەر عەرزەکە ڕائەخەن. نان و خوێ، بیبار و دەورییەک سەوزی لە سەر سفرەکە دائەنێن. ئەڕۆن و دێنەوە و دەفرێک پڵاو و قاپێک خۆرشتی قیمە. یەکیان ئەڵێ: «بیسمیللا!» دەس ئەکەم بە خواردن، ژنەکە دێتە ژورەوە و ئەڵێ:

ــ ئەبێ ببوورن ئیتر.

ــ تکایە وا مەفەرموون. دەستتان خۆش بێ. حەح لە کەیەوە سەوزیم نەخواردبوو.

ــ ئەو خوالێخۆشبووە، ئەزانی خۆ، بە ڕاستی حەزی لە ژیان بوو. لە حەوشەی پشتەوە نارنجستانێکی دروست کردبوو. لە ئاسن و شووشە. کارەبای بۆ ڕاکێشابوو و سەوزی تیائەچاند. ئەگەر بزانی چەندە پێیەوە ماندوو بوو. پاشانیش ئێمە نەمانهێشت چراکەی بکوژێتەوە. لای خۆم وتم ئەگەر خۆی نەماوە خۆ یادگارەکەی هەیە. بەڵام پارەی کارەباکەی پشت ئەشکێنێ.

ــ بەڵێ ئەزانم چەند گرانە. بەڵام خوا شوکر کە ئەکرێ.

ــ ئەلحەمیلا.

ــ کەی ئەتانەوێ بینێژن؟

ــ وەڵڵا وتم چلەکەی تەواو بکەین. پاشان لە دەرفەتێکا ئەو خانووەی خوارەوە تەیار ئەکەین بۆ کچەکەم بۆ ئەوەی منداڵەکەی هەڵگرێ بیبا بۆ حەوێ. ئێمەش بە دڵی ئاسوودە ئەتوانین لە حەوشە

بینێژین.

ــ شوکری خوا کە ئەو دەرفەتە بۆ ئێوە هەیە.

ــ بەڵێ کاکە، بەڵام خراپییەکەی ئەوەیە هەتا زیندووین قەت ناتوانین ئێرە بفرۆشین.

ــ هەڵبەت ئەمەش خۆی باشە، چرای ئەو خوالێخۆشبووە قەت ناکوژێتەوە.

ــ ڕاستەکەی ئەوە شتێکە کە حاجیش ئەیویست. خوالێخۆشبوو هەمیشە ئەیوت: «پاش من تاک و تەنها دامەنیشە. من ئێرەم بەم گەورەیی و بەربڵاوییە دروست کردووە بۆ ئەوەی هەمووتان پێکەوە و بە گردی یەکەوە بن.»

ــ خوا ئەنجامی هەموومان بە خێر بکات.

ــ واتە ئێمە سەرەنجام بە خێر ئەبین؟

ــ بەڵێ دادە، خۆ دنیا کۆتایی نەهاتووە.

ــ نازانم بە خوا، ئەڵێی بوومەلەرزە هاتووە و هەموو شتێکی «کن فیکون» کردووە. ڕاستی خانمی دایکت چۆنە؟

ــ زۆر سەلامی هەبوو بۆتان. شوکری خوا خراپ نییە.

ــ ئەگەر ڕێگە بدەن من بچم بە کارەکان ڕابگەم. تۆ بیت و خوا شەرم مەکە. وابزانە ماڵی خۆتانە.

ئەمە ئەڵێت و لە ژوورەکە ئەچێتە دەرەوە. هەموو بزووتنێکی دەری ئەخات زۆر شەڵەژاوە و نیگەرانی بەرنامەکەی شەوە. لە بیری ناشتنی باوکم لە ماڵی خۆمان‌دام کە تاکی دەرگاکە بە ئارامی ئەکرێتەوە و کابرایەکی باڵابەرز و چوارشانە بە کورتە ڕیشێکی بۆرەوە دێتە ژوورەوە. سیما و ئەندامی دوورترین و ونترین بیرەوەرییەکانم ئەهێنێتە پێش چاوم. ئەو ئێوارەیەی کە هەموومان پێکەوە هاتین بۆ ئەم ماڵە. دەرگای ماڵەکە تەختە بوو، بە کێلوونێکی ئەستوورەوە و، ئەو شەوە کە لەبەر ڕووناکی چرا لامپاکەدا بە باوکمی ئەوت: «میزا عەلیخان، من سەد جار ماڵم بە سەر ئەو خەڵکەدا ڕماندووە و ئەو خەڵکەش

سەد جار ماڵیان بە سەردا ڕماندووم.» و باوکیشم ئەڵێ: «ئاغە بابە! مرۆڤ بە چوار مەتر جاوەوە لەم جیهانە ئەڕوات. ئیتر ئەم هەمووەی بۆ چییە؟»

پێش ئەوەی دەرفەتی سەلام کردن پەیدا بکەم، ئەڵێ:

ــ ئاسوودە بە، نانەکەت بخۆ.

هەست ئەکەم لەشم نیشتۆتە سەر لێزک[١٦]. ئەشەڵەژێم و ئەڵێم:

ــ ببوورن لە کاتێکی خراپدا سەرودڵم گرتوون.

ــ نە گیانی من، ملۆزمی ڕاستەقینە منم. ئێرە ماڵی خۆتە. مەگەر تۆ کوڕی میرزا عەلیخان نیت؟

ــ بۆچی قوربان. واتە جەنابیشت خوالێخۆشبوو... ببوورە جەنابی ئاغە بابەخانن؟

ــ بەڵێ، بەڵام پێم وانییە تۆ منت بێتەوە بیر. زۆر مناڵ بوویت کە هاتن بۆ ئێرە.

ــ من تۆم لە بیرە. بەڵام مەگەر تۆ کۆچی دواییت نەفەرمووە؟!

لە لای سفرەکە دائەنیشێ. ئەژنۆی ئەگرێتە باوەش:

ــ بەڵێ... مردووم. بەڵام مردنەکەشمان لە مرۆڤ ناچێ.

ــ من چەند جار خوالێخۆشبوو باوکی خۆیشم بینیوە، بەڵام پێم وابوو بیری چەواشە داویە لە سەرم.

ــ نە گیانی من. ئێمە هەموومان لەم ناوانە خولەمان دێ.

ــ بۆچی گەڕاونەتەوە؟

ــ ڕاستەکەی منیش بە باشی نازانم.

ــ خانمی خێزانت ئەزانێ تۆ گەڕایتەتەوە؟

ــ بەڵێ. بەڵام هەرچەنێ ئەمەوێ قسەی لەگەڵ بکەم، بۆین نابێت. ئەقیژێنێ و هەڵدێ. ڕاستت ئەوێ دڵم بۆی ئەسووتێ. زۆر بە تەنهایە. کاتێکە دیار نییە لە کارەکانی ماڵەوەدا یارمەتی ئەدەم. هەر ئێستە

---

١٦ ـ لێزک: sweat **فیزیۆلۆژی گیاندار** **کاردانەوە** **ناو** خوە، خۆهـ، ئارەق. تراوێکی زەلاڵ و سوێرە لە لووی لێزکرێژی پێستی گوانداران ئەدەڵێ [ع] عرق [N] svette [د] عرق.

ئەوەندەی لێرە بوو، کۆلێک قاپ و قاچاخم بۆ شۆرد. چاوەڕێم پلاوەکەی بێتە کوڵ، کاتی ئاوکێش کردنی برنج، مەنجەڵەکەی لە سەر ئاگر بۆ بەرز بکەمەوە. بەلام ئەبێ بە شێوەیەک ئەو کارە بکەم کە نەمبینێ. زۆر ئەترسێ شەوی چلە لە بەر چاوی خەڵک دەرکەوم. منیش ئەمەوێ پێش هاتنی میوانەکان، لێدەم بڕۆم بۆ ئەوەی دڵی ئاسوودە بێت. تۆ بە شێوەیەک تێی بگەیەنە. زۆر دڵنیگەرانی ئەم پرسگریە. چی بکەین ئیتر، تا نەهاتۆتەوە من بڕۆم باشترە. لە بیرت بێ عەلیخانت بینی سلاوی منی پێ بگەیەنە.

ــ ڕاستی سەبارەت بە باوکم چیتان بە بیردا دێ؟

ــ خوا گەورەیە. کارەکان هەمیشە ئەبێ بە ئەندازەی توانایی مرۆڤ بێت. ئەمجۆرە کارانە لە دەستی من و تۆ بەدەرە. ئەبێ بیدەیتە دەست خوا. نیگەران مەبە. دروست ئەبێت.

سەرنجی نیگەرانی دەرگاکەیە. هەڵئەسێت. لە درزی پەردەکەوە سەیرێکی هەیوان و حەوشە ئەکات. بێدەنگ و بە دەست خواحافیزی ئەکات و، لە درزی دەرگاکەوە ئەخزێتە دەرەوە.

پاش نانخواردن خەریکی جگەرەکێشانم، ژنەکەی بە سینیەکەوە کە دوو پیاڵە چا و گۆشپاقێک[١٧] هەڵوای لە سەرە، دێتە ژوورەوە:

ــ خوا ئاگای لێیە...

سەرەتا بەس دەنگی ئەبیسم. پاشان دەنگیشی نامێنێ. چوومەتە ناو بیرە پەرێشانەکەی خۆمەوە. بیری بەخاکسپاردنەوەی باوکم ئەکەمەوە. بە وتەی ئاغە بابەخان، کوتوەتە سەر ویست و ئەڤانی خوا و هیچکارێک لە دەست من و هیچکەسی تر نایەت. بیری ئەوەی چۆن پەیامەکەی ئاغە بابەخان بە ژنەکەی بگەیەنم؛ چۆن بە ساخی بگەمەوە

---

١٧ ـ گۆشپاق: ناوولێکدراو ژێرپیاڵە، پێشدەستی، زیرە، قاپێکی پەلی تایبەتە لە دەفر بچووکتر و لە ژێرپاڵە گەورەترە، گۆشت یان شیرینی تێ ئەکرێ ڕیشەناسی [گۆشت+ قاپ] بووە بە [گۆش+ پاق].

تاران؛ ئەگەر بە ساخی بگەمەوە... هێشتاش خەریکە قسە ئاکات کە چاکە هەڵئەلووشم و ڕائەبم.

ـ تۆ بیت و خوا ئاسوودە بە. تۆزێ بحەسێرەوە. وا بە پەلە بۆ کوێ ئەڕۆی؟ هێشتا کات زۆرە.

ـ ئەترسم لە پاسەکەدا جێم دەسنەکەوێ. ئەبێ هەندێ زووتر خۆم بگەیەنمە گاراج.

ـ ئاخر بەو جۆرە باش نەبوو. ڕووشکاوی لای ئێوە بووین.

ـ تکایە وا مەفەرموون. دوژمنتان ڕووشکاو بێت. ببوورن کە ناکات سەر و دڵم گرتن.

ـ تۆ خوا وا مەڵێ. لە زمانی منەوە زۆر سڵاوی خانمی دایکت بگەیەنە.

ـ بەسەر چاو گەورەییتان ئەگەیەنم.

کاتی چوونە خوارەوە لە سەر پلیکانەکان نەوە ئەمەگدارەکەی ئەبینم، لارە لار و بە دەمی داچەقاوەوە سەیرم ئەکات. لە تەنیشت ئەستێڵەکەوە کە تێئەپەڕم چاوم ئەکەوێ بە بەشێکی کارتۆنە مقەباکەی ئاغە بابەخان کە لە پشت درەختە کارژەکەدا شاراوەتەوە. بە منجەمنج ئەڵێم:

ـ شتێک هەبوو پێویستە پێتانی بڵێم... لەوە قەڵس مەبە ئەگەر ئاغە بابەخان لەماڵەوە ئەبینی. ئەو ئەمشەو لێرە نابێ بۆ ئەوەی میوانەکان نەیبینن.

بێوەژن بە جارێک ڕەنگی لە ڕوو ئەبڕێ. بە بێئەڤان چنگ ئەدا لە گۆنای و ئەڵێ:

ـ قوڕم بە سەر. ئەڵێی تۆش لە مردووەکانی هاتویت بۆ ئێرە؟

ـ نەء. من لە زیندووەکانم. بەڵام ئاغە بابەخان ئێستە هاتبوو بۆ لای من و گلەیی ئەکرد. ئەمانە خۆ خۆیان سەربەخۆ نەگەڕاونەتەوە بۆ ئەم دنیا. مسۆگەر هۆزانییەک[١٨] لەمکارەدا هەیە. ئەو هەژارە زۆر

---

١٨ ـ هۆزانی: wisdom ئاوەڵناو ناوی چاوگ ژیری، چۆنایەتی ئەزموون و زانست و دادوەری باش، چۆنایەتی ژیربوون N visdom ع حکمة د حکمت.





دەربایسی تۆیە. حەز ئەکا یارمەتیت بدات. تۆش ڕەق مەبە لەگەڵی. هەتا ئیشەڵڵا ئەینێژنەوە و دڵتان ئاسوودە ئەبێت.

ـ ئەی لە شتی نەبیستراو!

ـ ئەوا بیستیشمان و دیشمان. خواحافیز بێت.

لە گاراج، مورتەزا چاوەچاویەتی و ئەیەوێ من بدۆزێتەوە. ئەوەندەی دائەبەزم، بەبێ چاکوچۆنی ئەپرسێ:

ـ چیت کرد؟

ـ ئەم بابایە خۆشی مردووە و تەرمەکەشیان گەڕاندۆتەوە و بە سەر دەستی ژن و منداڵەکەیەوە ماوەتەوە. ئەو بێچارانەش نازانن چ قوڕێک بکەن بە سەریاندا.

ـ ئەمە ئیتر چییە؟ ئەمە ئیتر بەدشانسیە. هەیهۆۆۆ!

ـ دەی جەناب ئێستە ئەبێ چی بکەین؟

ـ بچین بۆ چاخانەکەی باوکم هەمیشە ئەچوو بۆ ئەوێ.

ـ چوونی ئەوێ ئیتر چ سوودێکی هەیە؟

ـ خراپ نییە ئەگەر سەیرێک بکەین بزانین ئیسحاق چی ئەکات. دڵنیام ئەم ڕۆژانە خەریکە بە نرخی بازاڕی ڕەش گۆڕ ئەفرۆشێ.

ـ من ئەڵێم زووتر بچینەوە بۆ ماڵەوە. دڵم بۆ منداڵەکان لێئەدا.

ـ ئەوان ئاسوودەی ئاسوودەن. دڵ لە دڵ مەدە. بچین بۆ ئەوێ یادێکی باوکم بکەینەوە. نەوەد لە سەد دڵنیام ئەتوانین گۆڕێک لە ئیسحاق بکڕین. خۆت خۆ ئەیناسی.

ناو چاخانە پڕە لە دووکەڵ و هەڵم، لەگەڵ بۆنی جادوویی یاسەمەن. لە سەر چاوەکانی فڕنەکە، قابلەمەی کفتەی سابوونکەران[19]، شیلاوک،

۱۹ ـ نووسراوە کفتە تەبریزی، کە گەورەیە و وەکوو کفتەی سابوونکەرانی سلێمانی وایە.

زمان و مەنجەڵی فاسۆلیا هەڵمیان لێ بەرز ئەبێتەوە. هەمان ئەو کۆڵەکە بەردانە، تاقی کەوانی، دیواری ورگ ئاوساو، هەمان ئەو مێز و کورسیە تەختە کۆنانە، ڕوومێزی نایلۆنی بریندار، لە سەریان پیاڵەی گڵ و کەوچک و چنگاڵی نیکڵ و هەمان خەڵک: زۆربەی ئەو پیرەمێردانەی کە بڵێی نەڵێی ئاموٚن. ڕوخسارەکان، چاوەکان و زمانەکان هەر هەموویان سەرخۆشن. بەڵام لە سەر مێزەکان شووشەی مەی لێ نییە. هیچی لێ نییە جگە لە قاپی لوبیا و ژێرسیگاری پڕ لە قنچکە جگەرە.

لە لای کۆڵەکەیەکەوە مێزی بەتاڵ ئەدۆزینەوە. ئیسحاق بە قژی سپی پەرێشانەوە، پشتی کوڕی خوار و پانتۆڵی هەراو، کۆمەکۆم دێ بۆ لامان. سەرنجێکی پرسێنەرمان تێ ئەگرێ. لە نیگایدا سەد پرسیار خۆی مەڵاس داوە: «ئەمانە لێرە چی ئەکەن؟ نەکا پیاوی حکوومەتن؟ بۆچی هاتوون بۆ ئێرە؟» ئەپرسێ:

ـ چی ئەخۆن؟

ـ چیتان هەیە خاڵۆ ئیسحاق؟

ـ شیلاوک ماوە و کفتە.

ـ دوو دانە شیلاوکمان بۆ بهێنە لەگەڵ سڤێن ئاپ.

کۆمەکۆم و لەسەرخۆ ئەگەڕێتەوە. سەرمای دەرەوە و هەڵمی مەنجەڵ و هەناسەکان پەردەیەکی ئەستووری سەهۆڵی لە سەر شوشەکان دروست کردووە و هێمنی چێشتخانەکەی بردۆتە سەرەوە.



مورتەزا باخەڵییەکی[٢٠] بچووک لە گیرفانی دەرئەهێنێ. سەری بتڵەکە ئەکاتەوە، نیونیگایەکی وشیارانە ئەکات بەملا و لادا، قومێکی لێ ئەدا و لە ژێر مێزەکەوە ئەیدا بە من. منیش بە ترسەوە قومێک هەڵئەدەم و لە ژێر مێزەکەوە ئەیدەمەوە دەستی.

ـ هینی بیبی یە؟

٢٠ـ باخەڵی: hip flask بتڵی بچووکی پانی کانزای خواردنەوەی توندی وەکوو ویسکی و ئارەق، کە ئەخرێتە گیرفانی باخەڵ. [ع] زمزمية محرقفة [N] lommelerke [د] فلاسک بغلی.

ــ ئەرێ.

ــ قسەی تیا نییە.

ــ لە ئارەقە کۆنەکانیش باشترە.

ئیسحاق دەفر و کەوچک و چنگاڵ و بایبەیەکی گەورە شیلاوکمان بۆ دائەنێ و فیکەیەک لە نیوان هەر دوو ددانی پێشیەوە لێ ئەدا، واتە: «هیچی ترمان نییە.»

ــ هیچی ترمان ناوێ. سڤێن ئاپەکە بوو بە چی؟

ــ ئێستە ئەیهێنم.

مورتەزا لە ژێر چاوەوە سەیری مێزەکان ئەکات و، دەستەکانی لە بن مێزەکەوە خەریکی باخەڵییەکەیە. ئەڵێ: «زۆر سەیرە. چ بۆنی یاسێک دێت لێرە.» ڕاست ئەکات. ئەڵێی چێشتخانەکەیان بە بۆنی یاس شۆردبێتەوە. سەیرێکی دەوروبەر ئەکەم. دەرگای چێشتخانەکە ئەکرێتەوە و دوو پیرەمێرد دێنە ژوورەوە. لە بەر دەرگاکە ئەوەستن و نیگایان بە دوای مێزی بەتاڵدا ئەگەڕێ. مورتەزا ئەڵێ:

ــ سەیری بەر دەرگاکە بکە.

ــ دەی.

ــ یەکیان ئەڵێی بابە گیانە.

ــ خۆیەتی.

ئەڵێی سێوێکە لە ناوەڕاستدا کرابێت بە دوو لەتەوە.

ــ ئەڵێم خۆیەتی، ڕاوەستە. خۆت ئێستە بۆت دەرئەکەوێ.

سەرم دائەخەم و لە ژێر چاوەوە سەیریان ئەکەم بۆ ئەوەی بزانم لە کوێ دائەنیشن و چی ئەکەن. مورتەزا کە هێشتاش لە مەبەستەکەی من تێ نەگەیشتووە، دیسانەوە ئەڵێ:

ــ بەڕاستی هەر زۆر لە بابە گیان ئەچێ.

ــ ئەڵێم خۆیەتی برای من. بۆ باوەڕ ناکەی؟ من هەموو ڕۆژێک ئەیبینم.

مورتەزا، وەکوو خەون ببینێ، بە سەرنجێکی پرسێنەر و لە هەمان

کاتدا سەرنجی ژیر لە دێوانە، ئەگرێتە من و بە بزەیەکی ترساوەوە ئەڵێ:

ـ باش خول بوویت و خۆت ئاگات لێ نییە.

ـ ئەگەر خول بوون ئەمەیە، ئەوەتا تۆش خول بوویت، چونکە هەر ئێستە باوکت ئەبینی.

ـ ئەتەوێ بڕۆم قسەی لەگەڵ بکەم؟

مورتەزا، دیسانەوەش وەک بڵێی ئەچێ بۆ تەماشای گاڵتەجاڕێک، پێ ئەکەنێ و ئەڵێ:

ـ منیش دێم.

ـ کەوابوو هەستە سەرخۆ.

هەردوکمان ئەچین بەرەو مێزەکەیان. باوکم لە دوورەوە ئاگای لە ئێمەیە و بە نیگایەکی گلەئامێزەوە سەیری من ئەکات. منیش کە لەگەڵ ئەم دۆخە ئاشناترم ئەچمە پێشەوە.

ـ سەلام بابە گیان!

ـ سەلام کوڕم، لێرە چی ئەکەن؟

مورتەزا بە بیستنی دەنگی باوکم، وردە وردە باوەڕ ئەکات. لەگەڵ باوکم ڕووبەڕوو بوەتەوە. ئەیەوێ سڵاو بکات بەڵام زمانی قفڵ بووە و لێزک بە ناوچاویا ئەتکێتە خوارەوە. باوکم بە بینینی مورتەزا بزەیەک ئەکات. تۆزێ جێگۆڕکێ ئەکات بۆ ئەوەی براکەم باشتر ببینێ و نیگا خەندەئامێزەکەی ئەبڕێتە ڕوخساری.

ـ چۆنی مەولا گیان؟

ـ سـ سـ سەلام بابە گیان!

بە بێئەڤان فرمێسک دائەبارێنێ. باوکم ڕوو ئەکاتە هەڤاڵەکەی و ئەڵێ:

ـ ئەمانە کوڕەکانمن. هەر ئەم دوانەوەم هەبوو.

پیرەمێرد هەڵمان ئەسەنگێنێ و سەری ڕائەوەشێنێ. مورتەزا بەردەوام فرمێسک بە چاویا دێتە خوارەوە. باوکم ڕووی تێ ئەکات و

ئەڵێ:

ــ چۆنی کوڕی خۆم؟

ــ بابە گیان ئەتوانم ماچت بکەم؟

ــ وەرە تۆزێ لە لام دانیشە با بزانم.

هەردوکمان لە سەرمێزەکەی باوکم و هەڤاڵەکەی دائەنیشین.

ــ بۆچی هاتوون بۆ ئێرە؟

ــ هاتووین بۆ ئێرە یادێک لە تۆ بکەینەوە.

ــ مسۆگەر هەموو چیرۆکەکەت بیستووە بابە گیان؟

ــ بەڵێ ئەزانم. زۆر خەم مەخۆن. نابمە ملۆزمتان.

ــ بابە، هیچت بە بیردا نایەت؟

ــ ئەی مورتەزای قۆشمە، مەگەر ناڵێی مەولامان لەگەڵە؟

لە بری ئەو من وەڵامم دایەوە:

ــ بۆچی نا، بابە گیان. ڕۆژی سەد جار. تەواو منی وەڕەز کردووە.

ــ کارێکی باش ئەکات. ڕاست ئەکات. مەولامان لەگەڵە. لە هەموو شوێنێک مەولامان لەگەڵە. بەڵام با بۆ دوایین جار شتێکتان پێ بڵێم. هیچ حەز ناکەم لەگەڵ مردووەکان هەڵسوکەوت بکەن. بڕۆنەوە بۆماڵەوە و ئیتر مەیەنەوە بەم ناوەدا.

مورتەزا ئەڵێ:

ــ من ناڕۆم بابە گیان. ئەمەوێ تۆزێک لە لات دانیشم.

ــ ئێستە قەیناکا.

مورتەزا لە گیرفانی باخەڵی بتڵی ئارەقەکە دەرئەهێنێ. لە ژێر مێزەکەوە دەستی ڕائەکێشێ بۆ باوکم و ئەڵێ:

ــ بابە گیان ئەم ئارەقە بیبی گرتوویەتی. وێنەی نییە. قومێک ناخۆیتەوە؟

باوکم بتڵەکە لە مورتەزا وەرئەگرێ. بە خێرایی و بە تەڕدەستی هەمیشەیی خۆی قومێکی لێ ئەدا و باخەڵیەکە ئەداتەوە پێی. من سەیری ئەکەم و بە نیگا لێی ئەپرسم ئەبێ فەرموو لە هەڤاڵەکەیشی بکەین یان

نا؟ ئەویش برۆ هەڵئەتەکێنێ.

ـ باش بوو بابە؟

ـ خراپ نییە. ئەم بی‌بی یە چەتوونە ئەمکارانە لە کوێ فێربووە؟

ـ بابە گیان لەوێ خۆشتان لێ ڕائەبووری؟

ـ من بەس پەژارەی ئێوەمە. هەر ئەمە و بەس.

ـ ئەو شوێنەی ئێوەی لێن چۆن جێگایەکە؟

ـ ئەم کوڕە چەتوونەی من هەمیشە ئەیەوێ گورج سەر لە هەموو شتێک دەربهێنێ. ئەوێش جێگایەکە وەکوو ئێرە. ئێوە ئاگاتان لە خۆتان بێت بۆ ئەوەی بە خۆڕایی نەکوژرێن هەتا ئەم خولە تێ ئەپەڕێ. ئەم خولە ئەمخاتەوە بیری ساڵی هاوڵەکە. هەرکەس مرد دۆڕاندی، هەرکەس ما بردییەوە. هەڵسن بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە. دایکتان دڵی نیگەرانە. هەڵسن.

من هەڵئەسم. مورتەزایش بە ناچاری ڕائەبێت. حەز ئەکا زیاتر دانیشێ...

ـ خواحافیز بابە.

باوکمان وەکوو هەمیشە یاریی بە نووکی سمێڵی ئەکات و سەرمان بۆ ئەلەقێنێ. مورتەزا ئەڵێ:

ـ بابە گیان ئێمە پارەی مێزەکەی ئێوە ئەدەین.

ـ پێویست ناکا. هینی ئێوەش دراوە، بڕۆن. یەکسەر بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە.

ـ بەسەر چاو بابە گیان. ڕۆیشتین، خواحافیز.

مورتەزا ئەوەندە دەستی ئەلەرزێ، تەنانەت ناتوانێ دەرگای ئوتۆمۆبیلەکە بکاتەوە. سویچەکەی لە دەست وەرئەگرم. دەرگاکە ئەکەمەوە و خۆم ئەچمە پشت فەرمان و ئەکەومە ڕێ.

ـ واتە ئەوە خۆی بوو؟

ـ ئەی چۆن، خۆیەتی. نازانم بۆچی لەناو ئێمەومانان‌دا دێت و ئەڕوات. دوێنێش بینیم.

ــ لە کوێ؟

ــ لە بەهەشتی زەهرا. لە ناو بازاڕ.

ــ ئەی بۆ بە منت نەوت؟

ــ باوەڕت نەئەکرد. پێت وابوو ڤرۆشە[٢١] هەڵیگرتووم.

ــ ئێستە، واتە ئەمە بە ڕاستی ئەو بووە؟

ــ مەگەر نەتبینی؟ مەگەر ئارەقت پێ نەدا؟ مەگەر قسەت لەگەڵ نەکرد؟ جگە لەوە، لە محەللات ئاغە بابەخانیشم بینی. خەریک بوو یارمەتی ژنەکەی ئەدا لە ئامادەکاری شەوی چلەدا.

مورتەزا سەیرێکی کاتژمێرەکەی ئەکا و ئەکەوێتە ناو بیرەوە. پاشان باخەڵی ئارەقەکەی لە گیرفانی دەرئەهێنێ، باش سەیری ئەکات. جگە لە چەند دڵۆپە ئارەق لە بنی بتڵەکەدا نەماوە.

ــ ئێمە باوکمان بینی!

ــ خۆ پێم وتی. من هەموو ڕۆژێک ئەیبینم.

ــ باشە بۆ هیچت نەئەوت؟

ــ مەگەر ئێستە کە بینیومانە باوەڕ ئەکەی؟

ــ لەگەڵمان قسەی کرد. وتی: «حەز ناکەم لەگەڵ مردووەکان هەڵسوکەوت بکەن.» مەبەستی چی بوو؟

ــ ڕاستەکەت ئەوێ من خەریکە وا تێ ئەگەم کە هەموو مردووەکان گەڕاونەتەوە ناومان و، ئێمە نازانین ئەوەی کە قسەی لەگەڵ ئەکەین مردووە یان زیندوە!

ــ شتی وا مەگەر ئەبێ؟

ــ منیش تێناگەم چۆن ئەبێ.

ــ بە دایکم بڵێین چیمان بینیوە؟

ــ جگە لەوەی پێی وابێ تێکچووین هیچ ئەنجامێکی نییە. هەر باسیشی مەکە.

---

٢١ ـ ڤرۆشە: imagination ناو ئەندێشە، وەرم، تەمار، پندار، هۆن، گومان، ڕامان، کەڵکەڵە، بوورە. ع خیال N fantasi د فکر، خیال.

ـ خۆزگە لێمان بپرسیایەت چووە بۆ بەهەشت یان دۆزەخ.
ـ ئەبێ خۆمان ڕابهێنین کاتێکە ئەیبینین هەوڵ نەبین.

تیشکی شین لە ناو لابەلای لق و پۆپە ڕچاوە سپیەکانی سپیندارەکانی دوو بەری شەقامەکەدا هەزاران تارمایی دروست کردووە. شەقامەکە بووە بە ئەشکەوتێک کە چلوورەکانی بۆ هەمیشە باوەشیان بە یەکدا کردووە.
ـ رەنگە بەهەشتیش بەستوویەتی.
ـ رەنگە دۆزەخیش بەستوویەتی. ڕەنگە دۆزەخ بەستوویەتی و بەهەشت پلەی گەرمای چۆتە سەرەوە.
ـ هەرچی چۆن بێ، شتێک گۆڕاوە کە مردووەکان گەڕاونەتەوە.
ـ چاکە، ئەبێ بیرێک لە بەخاکسپاردنی بابە گیان بکەینەوە.
ـ نەتبیست چی وت؟ وتی: «خەمی من مەخۆن.» مەولا لەگەڵمانە، ڕێگەیەک هەر پەیدا ئەبێ.

## بەندی سێیەم

زەنگی دەرگای ماڵی ئێمە لێ ئەدەن. کە دەرگاکە ئەکەمەوە، سێ پاسدار ئەبینم بە تفەنگەوە لە بەردەگا وەستاون و پیکاپێک لە پشت سەریانەوە ڕایگرتووە. یەکێک لە پاسدارەکان پەڕەیەکی بە دەستەوەیە و لە ڕووی پەڕەکەوە ناوەکەی من بە هەڵە ئەخوێنێتەوە.

ـ بەڵێ خۆمم.

ـ برا تەرمەکانمان بۆ هێناونەتەوە.

ـ تەرمەکان؟

ـ بەڵێ برا.

ـ من تەنها یەک تەرمم هەیە. نامەشم بۆ هاتووە.

ـ نە برا. سێ دانەیە و هەرسێکیشی ناوی تۆی لێ نووسراوە.

ـ من تەنها یەک باوکم هەبوو. لە بنەماڵەی ئێمەش کەسی تر نەمردووە.

ـ هەندێ ڕاوەستە، هەر ئێستە پیشانت ئەدەم.

لۆی کاغەزەکە ئەکاتەوە و ئەیخوێنێتەوە: «روخسارە خاتون کچی قاسم، لەدایکبووی ١٩٠٩، کۆچی دوایی ١٩٨٠، شوێنی مردن تاران.

ـ من کەسی وا ناناسم.

ـ برا، خزمی نزیکتانە.

ـ وەڵڵا، بە خوا من خزمم نییە بەم ناوەوە. ئێوە بەهەڵەدا چوون.

ـ سوێند مەخۆ برا، سووچی خۆتە کە نایناسی. ئێوەمانان بنەچەی خزمایەتی نازانن. ئەگینا ئەتزانی خزمی ئێوەیە. ئێمە سەرژمێریمان هەیە. کۆلکە و هەژمارمان هەیە. خۆ کەشک نییە.

ـ سێیەمی ئیتر کێیە؟
ـ ئەویش خزمی خۆتانە.
ـ هەر کەس هەیە. مەگەر خۆی خۆی خزم و بنەماڵەی نییە کە هێناوتانە بۆ من؟
ـ تۆ دواین خزمی ئەوانی، بە واتایەکی تر ئێمە تۆمان ناسیوە.
ـ ڕەنگە هەڵەیەک ڕووی داوە. ناوی چییە؟
ـ هەر ئێستە پێتان ئەڵێم.
لە سەر پەڕەکە بە دوای ناودا ئەگەڕێ. ئەیدۆزێتەوە و ئەیخوێنێتەوە: «ئەعزەم سادات، کچی محەمەد.»
ـ لە ناو بنەماڵەی ئێمەدا هەرگیز سەیدی لێ نەبووە. ئەمە ئیتر هیی ئێمە نییە و چ پەیوەندی بە ئێمەوە نییە.
ـ سەیرکە برا. ئێمە دەرفەتی ئەم قسانەمان نییە و هەتا ئێستاش زیادی ڕێزمان لێگرتووی.
ـ لانیکەم ڕێگەم بدەن تەلەفۆن بکەم بۆ دایکم. ڕەنگە ئەو بیانناسێ.
ـ باشە، تەلەفۆن بکە برا. بەس زۆر درێژی مەکەرەوە. ئێمە هەزار کارمان هەیە.
ئەچمە لای تەلەفۆنەکە و زەنگ بۆ دایکم لێ ئەدەم:
ـ ئەلۆ دایە، تۆ ڕوخسارە خاتون ئەناسی؟
ـ ئەرێ کوڕم. بووکی پووری باوکت بوو. ئەوەی کە لە حەزرەتی شێخ عەبدولعەزیم باخی هەبوو. جاران هەندێ ڕۆژانی هەینی ئەچووین بۆ لایان. شتێک ڕووی داوە؟
پاسدارەکان یەک بە دوای یەکدا کارتۆنە مقەباکانیان هێنایە ژوورەوە. ژنەکەم کردوویەتی بە قریشکە و هەرا و ناهێڵێ درێژە بە تەلەفۆنەکە بدەم. ئەڵێم: «پاشان تەلەفۆنت بۆ ئەکەمەوە.» و بیستۆکەکە دائەنێمەوە. یەکێک لە پاسدارەکان ئەڵێ:
ـ کارێک مەکە بەم تفەنگە بکێشم بە دەمتدا، خوشکە!
ـ بێجا ئەکەیت. گوو ئەخۆی لێم ئەدەی. بە چ فەرمانێکەوە خۆت

کردووە بە ماڵی من‌دا؟

ـ من فەرمانم هەیە. من لە ئیمامی زەمانەوە فەرمانم پێیە. بەڵام تۆ شیاوی ئەوە نیت کە پیشانت بدەم. ئەگەر زۆر لەشت ئەخورێ دیسانەوەش قسەی زیادی بکە.

ژنەکەم ڕائەکێشمە ناو ژوورەکە. دەرگای لە سەر دائەخەم و ئەگەڕێمەوە. ئەوان تابووتی سێیەمیشیان هێناوەتە ناو هۆڵەکە.

ـ لێرە نابێ دایبنێن. ئەبێ یارمەتیم بدەن بیبەین بۆ هەیوان.

یەکیان دەرگای ڕوو بە حەوشە ئەکاتەوە. دوانی تریان دوو سەری کارتۆنەکە ئەگرن و ئەیبەن بۆ هەیوان کە ئەڕوانێ بە سەر حەوشەدا و لە سەر یەک دایان ئەنێن. پاشان دەرگاکە ئەبەستن و بەبێ ماڵاوایی لە ماڵەکە ئەچنە دەرەوە. من ماوم و سێ تابووت کە خاوەنی دوانیان باش ناناسم. ئەچم بۆ ژوورەکە، ژنەکەم نیگایەکی سووکانەم تێ ئەگرێ و ئەڵێ:

ـ نەم ئەزانی ئەوەندە بێدەست و پای!

ـ چیم پێ ئەکرا؟ نەئەبوا دۆخەکە لەمەی کە هەیە خراپتر بکردایەت.

ـ من نازانم ئەم تەرحانەیان بۆچی نەبرد بۆ ماڵی دایکت؟ بۆچی هێناویانە بۆ ئێرە و لە نێوان مناڵەکانمدا دایانناوە؟

ـ ئەمە زۆر سادەیە گیانەکەم! لە بەر ئەوەی ئەمانە ئێمەیان نیشان کردووە. مەبەستی سەرەکیان ئێمەیە!

ـ ئێستە پێم بڵێ بزانم چ قوڕێک بکەین بە سەرمان‌دا؟

ـ خۆشبەختانە هەوا ساردە و ئەمانە بۆن ناکەن.

ـ هەر ئەوەندە؟ سێ تەرمیان هێناوەتە بن گوێمان، ئەوسا تۆ دڵت خۆشە کە بۆن ناکەن؟ من پێم باشە لەم ماڵە بڕۆین، هەتا ڕێگەیەک ئەدۆزینەوە.

ـ بیرێکی خراپ نییە، ئەتەوێ بچین بۆ ماڵی دایکم؟

ـ نا نا، هیچ تاقەتی گریان و شیوەنی دایکتم نییە. باشتر وایە

بچین بۆ لای دایکی من. ئەو ئەتوانێ ژوورێکمان بۆ گەرم بکات.

ــ من قسەم نییە، با بچین بۆ ئەوێ.

ــ جارێ با تەلەفۆنێکی بۆ بکەم، پاشان ئەکەوینە ڕێ.

ئەژنۆکانم ئەلەرزێ. پاڵم داوە بە دیوارەکەوە و بە خۆم ئەڵێم لەگەڵ ئەو هەموو مردووە چی بکەم. هیچ ئاگام لە وتووێژی ژنکەکەم لەگەڵ دایکی نییە. لە بیری ئەوەدام بگەڕین بەڵکوو کەسوکارێکی ئەم دوو ژنە بدۆزینەوە. داوایان لێ بکەین بێن و مردووەکانیان ببەنەوە.

ژنەکەم بیستۆکی تەلەفۆنەکە دائەنێتەوە، لە سەر عەرزەکە چیچکان ئەکات. سەری ئەخاتە سەر ئەژنۆی. دەستی ئەگرێ بە بەر دەمیەوە و بە دەنگی بەرز دەست ئەکات بە گریان.

ــ چی بووە ژن؟

وەڵام ناداتەوە و فینگە فینگ ئەگری.

ــ بۆ قسە ناکەی چی بووە؟

سەری بەرز ئەکاتەوە و ئەڵێ:

ــ باوکی منیشیان بردووە و داویانەتەوە بە دایکم.

ــ ئەی دادوبێداد!

ــ ئەی دادوبێداد؟

ــ با تەلەفۆن بکەم بۆ دایکم، لێی بپرسم ئەم دووەمیەیان کێیە. ڕەنگە ڕێگەیەک بدۆزینەوە و دوان لەم تەرمانە لەکۆڵ خۆمان بکەینەوە.

ماڵی دایکم ئەگرم. خۆی بیستۆکەکە هەڵئەگرێ. بە دەنگیا دیارە خەریکی گریان بووە.

ــ باش گوێ بگرە دایە. ئەوجار نەکرا لێت بپرسم. پاسدارەکان تەرمیان بۆ هێناوینەتەوە. نەک یەک دانە، بەڵکوو سێ دانە. یەکیان کە هینی بابە گیانە. ئەوی تریش هیی ڕوخسارە خاتوونە کە وتت. بەڵام سێیەمی هەر ناناسم. ناوی ئەعزەم ساداتە. ئەمە ئیتر کێیە؟

ــ قوڕم بە سەر. ئەو بێچارەیان ئیتر بۆ هێناوەتەوە؟ چۆن نایناسی ڕۆڵە؟ ئەوە ژنی حەمەخانە. کوڕی پووری باوکت.

ـ مەگەر کەسوکاری نییە کە ناردوویانەتەوە بۆ ئێمە؟

ـ نا ڕۆڵە، کوڕەکەی چووە بۆ ئەمریکا.

ـ باشە ئێمە ئێستە چی بکەین؟

ـ نازانم کوڕم، نازانم. جارێ هەڵسن وەرن بۆ ئێرە. باش نییە منالەکان لەوێ بن.

ـ بێین بۆ ئەوێ؟

سەیرێکی ژنەکەم ئەکەم، بە سەر ڕەزامەندی خۆی دەرئەبڕێ.

ـ زۆر باشە، ئەوا کەوتینە ڕێ. بە مورتەزا بڵێ چاوەڕێ بکات تا ئێمە ئەگەین.

بە پەلە منالەکان خەبەر ئەکەینەوە. جلیان ئەکەینە بەر و ئەکەوینە ڕێ. لە سەرەوژێری کۆڵانەکەمان پیکاپێکی تر ئەبینین لە بەردەرگای ماڵێک وەستاوە. ژنەکەم بە بینینی پیکاپەکە، سەری ڕائەوەشێنێ و ئەڵێ: «قوڕمان بە سەر!»

لە شەقامی شەمێران، مورتەزا پیاوێکم پیشان ئەدات، کە بە پاڵتاوەکەیەوە تەختی سەر عەرزەکە بووە. وردە سەهۆڵ سەر و ڕیشی داپۆشیوە. وا دیارە چلوورەیەک لە دارێک بەربۆتەوە و داویە بە تەوقی سەری‌دا. کەس بە سەر شۆستەکەدا هاتوچۆ ناکات. شەقامیش چۆڵە. بەڵام کە لە شارەوانی نزیک ئەبینەوە، خەڵکی جۆراوجۆر ئەبینین خەریکن ئەچن بۆ ئەوێ. تۆزێ نزیکتر خەڵکەکە زۆرتر و زۆرتر ئەبن. لە بەردەم تەلای شارەوانی، چڕەبەندان مۆنج ئەدات[٢٢]. تەژی ئۆتۆمۆبیل و مرۆڤ. هەموان دوبلە پارکیان کردووە. ئێمەش دوبلە

٢٢ ـ مۆنج: surge ناو کار شەپۆلدان، گەڕانەوە و شەپۆلدانی بەتەوژمی ئاوی ڕاوەستاو
ن: هێندە پڕە هەر مۆنج ئەدات. ع اندفاع N bølge د موج خروشان.

پارکی ئەکەین و بە بیری ئاسوودە ئەچینە ژوورەوە.

لە دالانی شارەوانیدا کورتەبنەکان بە پەروەندەی بن باخەڵیانەوە، لە هاتوچۆدان. هەردوکمان لە بەردەم گاردەکەدا ئەنووشیێنەوە و کورتەبنەیەک گیانمان ئەپشکنێ. کارەکەی کە تەواو ئەبێ ئەڵێ:

ــ کارتان بە کەرتی پاکسازی هەیە؟

ــ بەڵێ.

ــ قاتی پێنجەم. کەرتی دەرکردنی بەڵگەی گواستنەوە.

لە قاتی پێنجەم دەرزی هەڵخەی ناکەوێتە زەوی. هەر لێرەوە دیارە دەسمان بە هیچ کوێیەک ناگات. براکەم لەگەڵ یەکێک چاک و چۆنی ئەکات. و پاشان شان بە شانی ئەکەوێتە ڕێ و ئەکەونە سرتە سرت پێکەوە. پاش ساتێک بە پێکەنینێکی سەرکەوتوانەوە ئەگەڕێتەوە بۆ لای من.

ــ یەک تۆز چاوەڕێم ئەکەی؟

ــ ئەتەوێ چی بکەی؟

ــ جێبەجێ بوو، ئێستە خۆت ئەبینی.

لە گیرفانی پانتۆڵەکەی گەلایەکی سەد تمەنی دەرئەهێنێ. پارەکە لوولە ئەکات و لە لەپی دەستیدا ئەیشارێتەوە. کورتەبنە بە دۆسیەیەک بە بن باخەڵیەوە و جگەرەیەک بە سووچی لێویەوە، بە پەلە بە لاماندا تێ ئەپەڕێت. مورتەزا ئەکەوێتە شوێنی. تەوقەی لەگەڵ ئاکات و شتێک ئەڵێت و بە دەستەکەی تری ئاماژە بە من ئەکات بچم بە دوایدا. کورتەبنە لە ناوەڕاستدا و ئێمەش لە هەر دوو لایەوە ئەچین بەرەو دەرگایەک کە لە سەری نووسراوە «گواستنەوە». کورتەبنە دڕ بە ئاپۆرەکە ئەدات و بە دوای خۆیدا ئەمانباتە ژوورەوە. ژوورێکی گەورەیە کە دەوراندەور فەرشیان لێ ڕاخستووە و چەندین کورتەبنە لە پشت مێزە کورتەکاندا، لە سەر عەرز دانیشتوون. ژوورەکە سەرانسەر چۆڵە و یەک کارێنەریشی لێ نییە. مورتەزا ئەنوشتێتەوە بە سەر مێزی یەکەمدا و ئەڵێ:

ـ ببوورن برا. کارم بە حاجی ئاغە ئیلهام هەبوو.

ـ خۆمم، فەرموو.

هەردوکمان لە سەر عەرز دائەنیشین.

ـ «برا ئێحسانی» ئێمەی ناردۆتە خزمەتتان.

ـ بەڵێ، بەڵێ برا. لە خزمەتداین. چەند دانەتان هەیە.

ـ سێ دانە.

ـ سێ دانە هەندێ گران تەواو ئەبێ بۆتان.

چارە چییە حاجی ئاغە. ئەبێ کارێکمان هەر بۆ بکەن.

ـ زۆر چاکە، ئێوە پانزە هەزار تمەن بخەنە هەژماری بەڕێوەبەرێتی و بێنەوە بزانین ئەتوانین چیتان بۆ بکەین.

ـ ئێستە کە توانیومانە بگەینە خزمەتتان، حەز ئەکەم کارەکە تەواو بکەین.

ـ هیچتان لەگەڵ خۆتان هێناوە؟

ـ چەندە پێویستە حاجی ئاغە؟ بفەرموون هەر ئێستە بیدەمە خزمەتتان.

ـ بە مەرجی ڕەزامەندی و بە مەبەستی لێبوردن پێنج هەزار تمەن بدەن.

ـ بەسەر چاو، ئامادەیە. چۆناوچۆن بیدەمە خزمەتتان؟

ـ چۆنی نییە برا، زۆر ئاسایی. دەست بکە بە گیرفانتدا و لە سەر سووچی مێزەکە دایبنێ.

مورتەزا گیرفانەکانی گەڕا و سێ گەڵای هەزار تمەنی دەرهێنا. تێگەیشتم کەمی هێناوە. بە پەلە منیش دەست ئەکەم بە گیرفانمدا و هەردوکمان پێکەوە پارەکە لە سوچی مێزەکە دائەنێین. ئەویش بە ئارامی پارەکان لە سەر مێزەکە هەڵئەگرێ و ئەینوشتێنێتەوە. پاشان جزدانەکەی لە باخەڵی دەرئەهێنێ و پارەکان ئەخاتە ناوی و ئەڵێ:

ـ ناوەکانیانم پێ بڵێن.

ـ میرزا عەلی، کوڕی سمایل. ڕوخسارە کچی... ئەعزەم سادات

کچی...

ـ شوێنی لە دایکبوون و مردن بەجێ ئەهێڵم، خۆتان پڕی کەنەوە. چ خزمایەتیەکیان لەگەڵ ئێوە هەیە؟

ـ یەکەمیان باوکمان بوو. دووەمی و سێیەمی لە خزمانی زۆر دوورن. زۆریش نایانناسین.

حاجی سەری لە سەر پەڕەکە بەرز ئەکاتەوە و ئەڵێ:

ـ ئەم پەڕەیە پسووڵەی گواستنەوەی هەرسێکیانە. تا سێ مانگیش ماوەی هەیە. لەو سێ مانگەدا ئەبێ بیرێکیان بۆ بکەنەوە. ئەگینا ئەبێ پسوولەی نوێیان بۆ وەربگرن. هەڵبەت ئەگەر پێویستی بە نوێکردنەوە کرد، ئەوا من هەم.

ـ زۆر سپاس، حاجی ئاغا.

ـ بەخێر چن.

هەردوکمان هەڵئەسین. من لەپڕ ئەکەومە بیری خەزوورم و ئەڵێم:

ـ ببوورە حاجی ئاغا. یەکی تریشمان هەیە کە من لە بیرم چووبوو.

ـ ئەو ئیتر کێیە؟

ـ خەزوورم.

ـ ناوەکەی بڵێ دەیجا.

ـ قاسم، کوڕی... ناوی باوکی نازانم.

ـ گرنگ نییە. شوێنەکەی بە بەتاڵی دائەنێم، خۆتان پڕی بکەنەوە.

ـ واژۆی ئەکات. مۆری لێ ئەدات و پەڕەکە ڕائەگرێ بۆ من و ئەڵێ:

ـ خەرجی دۆعاکەی ئەمیش ئەبێ بدەن.

ـ بەسەر چاو.

ـ هەزار تمەنیەکی تر لە سەر مێزەکە دائەنێم. سەیرێکی پارەکە ئەکات. هەڵوەستەیەک ئەکات و ئەڵێ:

ـ زۆر چاکە فەرموون.

ئەچینە دەرەوە. لە ناو دالان مورتەزا سەرنجێکی سەرکەوتوانەم

تێ ئەبڕێ و ئەڵێ:

ـ خۆ زۆر سەخت نەبوو؟

ـ سەرەتا پێم وابوو پسوولەی ناشتنت پێ ئەدا.

ـ هەیهۆ... خوا باوکت بە ڕەحمەت کات! تا ئێرەشی کۆڵێک لە پێش خەڵکەوەین.

ئۆتۆمۆبیلەکە ئەکەوێتە ڕێ. بە مورتەزا ئەڵێم:

ـ کاغەزەکەم بەرێ بزانم چییان نووسیوە؟

لە سەر پەڕەکە ناو و نیشانی مردووەکان بە تەواوی نووسراوە و لە ژێریشەوە نووسراوە: «ئەم پسوولەلە تەنها بۆ یەکجار گواستنەوە بڕشتی هەیە.»

ـ ئەمە ئیتر چییە؟ لێرە نووسراوە تەنها بۆ یەکجار گواستنەوە بڕشتی هەیە.

ـ خەم نییە. کارمانیان ئاسانتر کردووە، بۆ ئەوەی تەرمەکان نەدەین بە کۆڵماندا و لەم گۆڕستانەوە بۆ ئەو گۆڕستانیان ببەین. سەرەتا ئەچین جێگەیەک پەیدا ئەکەین و پاشان دێین و ئەیانبەین.

ـ زۆر چاکە کە وابوو لە ئێستەوە هەتا سێ مانگ کاتمان هەیە بە دوای گۆڕستاندا بگەڕێین.

مورتەزا ئاوڕ ئەداتەوە. سەیری من ئەکات. و ئەڵێ:

ـ کاکە، ئەکرێ سەرێک لە ماڵی ئێوە بدەین؟

ـ بۆ؟

ـ لە دەرفەتێکا بچین و سەیرێکی ناو کارتۆنەکان بکەین...

لە بەردەرگا ڕای ئەگرم. مورتەزا دەرگای گاراجەکە ئەکاتەوە. ئۆتۆمۆبیلەکە لە گاراج دائەنێین و سەر مەکینەکە بە زیلۆیەک باش دائەپۆشین و بە دڵی ئاسوودە ئەچینە سەر.

ژوورەکە هێشتاش تۆزێ گەرمە. بەرامبەری یەک دائەنیشین و پاڵ ئەدەین بە دیوارەکەوە. مورتەزا هەواکە هەڵئەمژێ و ئەڵێ:

ـ نەکا ئەمە تۆی بۆنی یاسەمەن لە خۆت ئەدەی؟

منیش بۆن هەڵئەمژم و بەرامەی یاس گیانم تازە ئەکاتەوە. مورتەزا چاوەڕێی وەڵام نییە و وا دیارە بیر ئەکاتەوە. سەیرێکی من ئەکا و ئەڵێ:

ـ من ئەمەوێ کارێک بکەم. ئەمەوێ قوتوەکەی بابە گیان بکەمەوە و بیبەستمەوە.

ـ مەگەر تێک چوویت؟

ـ ئەمەوێ بزانم ئەو کارتۆنانە هیچیان تیایە یان نا؟ باشە چی ئەبێ ئەگەر سەیری ئێسکەکانی باوکمان بکەین؟

ـ من ئەترسم.

ـ لە چی ئەترسی؟ لە مردوو؟ کوڕی باش مرۆڤ ئەبێ لە زیندوو بترسێ نەک لە مردوو!

ـ نەء، من لەوە ئەترسم دیمەنێکی نالەبار ببینم و هەتا مردن لە بیرم نەچێتەوە.

ـ ئەوپەڕی چەند پارچە ئێسقان ئەبینی. پێت وایە تەرمەکەی باوکم خۆی ئامادە کردووە دەمت لێ خوارکاتەوە؟

ـ من نایەم. خۆت بڕۆ و هەر کارێک ئەکەی بیکە.

ـ کە وابوو بۆ خۆت دانیشە تا دێمەوە.

ـ کەوڵپۆسەکە بدە بە شانتا.

مورتەزا کەوڵپۆس بە کۆڵ، لە ژوورەکە چووە دەرەوە تا لە هۆڵەکەوە خۆی بگەیەنێتە بەرهەیوان. من ئەکەومەوە بیری کترییەکە کە ماوەیەکە هاتۆتە کوڵ. چایی لێ ئەدەم. کاتی ئاوتێکردنی ناو کترییەکە لەرزینی دەستم ئەبینم. بیر ئەکەمەوە لە نێوان من و براکەمدا چەندە جیاوازی هەیە. ئەو حەزی لە بینینی مردووە. لە هەر کوێ یەکێک ئەمرێ، پێش هەموو کەس بۆ کفن و شۆردن لەوێیە. یەکێک لە سەرگەرمیەکانی

چوونی گۆڕستانە. هەڤاڵەکانی مەلا و ڕەوزەخوێنن. نەء. هەمیشە وا نەبووە. پێشتر ئەفسەرانی پۆلیس و ئەمیرانی سپا هاوکاسەی بوون. هەمیشە لەگەڵ کەسانێک ئەبوو بە هەڤاڵ کە دەستێکیان لە بەندوباو[٢٣] و چەواشەکاریدا هەبوو و، کلکیان بە شوێنێکی قورسەوە گرێ درابوو. هەمیشە پارەی یەکجار زۆری دەست ئەکەوێ و هەمیشەش گەدایە. بە جۆرێک کە هەندێ جار من ئەبێ وامی بدەمێ. بەڵام من کێم؟ من بە پێچەوانەی ئەو، لە تەرمەکەی باوکیشم ئەترسم. لە زیندووەکانیش ئەترسم. هەمیشە نەفرەتم لەوانەیە کە سەریان بە عەرەب و عەجەمەوە گرێ دراوە و لێیان ڕائەکەم. بە پێچەوانەی براکەم پێم وانییە بە شەوێک دەوڵەمەند ببم. هەمیشە کارم کردووە و داهاتەکەم هەمیشە بە دژواری بەشی ژیانمی کردووە. کامەمان چووینەتەوە سەر باوکم؟ وا دیارە هیچ کامەمان. باوکمان بە شوێنێکەوە بەند نەبوو. زۆرتر لەگەڵ ئەوانەدا هەڵسوکەوتی هەبوو کە بتوانێ بە لوێچێ چای وشک و نیوکیلۆ قەند[٢٤]، شادمانیان بکات. زۆر باش سازی لێ ئەدا، بەڵام هەر بۆ ئەمجۆرە مرۆڤانە. بەس ئەو مرۆڤانەی خۆش ئەویست کە دنیایان خۆش نەئەویست. ئێمە هیچکامەمان نەچووینەتەوە سەر باوکم. ئەگەر هەموو خەڵکی، وەکوو ئێمەی جووتە برا، نەچووبێتنەوە سەر باوکیان، کە وابوو هەموان لە نێوان عەرز و ئاسماندا هەڵواسراون. کە وابوو هیچکەس نەچۆتەوە سەر باوکی بۆیە ژیان گەیشتۆتە ئەم ڕۆژە، نازانم.

ئەچم لە سەر سیسەمەکە ڕائەکشێم. بە تەواوی سەرگەردان بووم و داماوم. چی لەم تەرمانە بکەین؟ بۆچی مردووەکان گەڕاونەتەوە بۆ ناومان؟ بۆچی باوکم لە گەڕەکەکانی خوارەوەی شاردا خولەی دێ؟ بۆچی نایەتەوە بۆ ماڵەوە؟ بۆچی ناچی بۆ دیتنی دایکم؟ دەستم

---

٢٣ ـ بەندوباو: misrepresentation [ناو] چەواشەکاری، کردار یان تاوانی باسکردنی درۆ یان چەواشەکارانە لە سروشتی شتێک. [ع] تحریف [N] distortion [د] تحریف، ارائه اطلاعات نادرست.

٢٤ ـ قەند: glucose, candy [خۆراک] [ناو] کەند، شیلەی زەلی شەکر یان چۆنەر لە پاش وشک بوونەوە، ڕەق و سپی و شیرینە [ع] ورق السکر [N] glukose, godteri [د] قند.

ڕائەکێشم. دیوانەکەی حافز هەڵئەگرم، بە هیوایەکی بێهیوای وەرگرتنی وەڵامێک ئەیکەمەوە:

سۆفی نایەوە داو و سەری فێڵی ساز کرد
بناغەی فێڵی لەگـەڵ گەردوونی فێڵەباز کرد

مورتەزا بە توندی ئەدا لە پەنجەرەکە و هاوار ئەکات:

ــ هەستە وەرە دەرەوە. هەستە!

بە پەلە هەڵئەبەزمەوە و ئەچمە بەهەیوان. مورتەزا پاڵی داوە بە دیوارەکەی ناوهەیوانەوە و بە قووڵی هەناسە هەڵئەکێشێ و ئەڵێ:

ــ بۆنی یاس! بۆنی گوڵی یاسەمەن...

بۆن ئەکەم. بۆنی گوڵی یاس ناو هەیوانەکەشی ئاخنیوە. مورتەزا کارتۆنەکەم پیشان ئەدا و ئەڵێ:

ــ بۆنی یاسەکە هیی ئەمانەیە...

سەیر ئەکرم. مورتەزا کارتۆنەکەی بابە گیانی کردۆتەوە، هەندێ لە کاکەی بەر دەموچاوی لاداوە، کفنەکەی کردۆتەوە و ڕوخساری باوکم دەرکەوتووە. ئەڵێی کاتژمێرێک لەمەوبەر مردووە. هیچ شتێک لە ڕوخساری‌دا نەگۆڕاوە: سمێڵە سپیەکانی کە لە ئاستی کونە لووتیا دووکەڵی سیگار زوردی کردووە، ناوچەوانی بڵیند و قژە سپیە شانەکراوەکەی.

ــ شانەم دا لە سمێڵ و قژی. ئاڵۆسکابوو.

ــ بۆ نەڕزاوە؟

ــ نازانم.

ــ رەنگە بە هۆی سەرمای بن عەرزەکەوە بێ.

ــ رەنگە.

ــ باوەڕ ناکەم. ڕوومەتی تەنانەت لەو کاتەش تازەترە کە لە ساردخانەی نەخۆشخانە وەرمان گرتەوە.

ــ هەرگیز نامرێ ئەوەی کە دڵی زیندووە بە ئەوین!

ــ دیسانەوە بەبێ کات و جێ هۆنراوەت خوێندەوە کاکە برا؟

ـ خۆت خەریکی ئەیبینی کوڕی باش. بە قەدەر سەرە دەرزیەک نەگۆڕاوە. ئەڵێی چووە بۆ گەرماو و گەڕاوەتەوە. وەک ئەو کاتانە.

ـ ئەگەر نەڕزاوە لە بەر ئەوەیە کە قووڵایی زەوی وەکوو بەفرەچاڵ وایە.

ـ ئەی ئەم بۆنی یاسە؟

ـ نازانم. ڕەنگە ئەم بۆنە بیرەوەری ژیانە کۆنەکانە.

ـ بەڵێ.

ـ بیبەستەوە چاوەکەم.

ـ کێ ئەتوانێ پێشبینی ئەوە بکات، ساڵێک پاش مردنی باوکی، ئەتوانێ بەمجۆرە دیداری لەگەڵ بگات؟

ـ کێ ئەتوانێ پێشبینی تەنانەت یەک چرکەی ژیانی ئەمڕۆش بکات؟! تۆ بیت و خوا بیبەستەوە.

ـ ئەگەر کامێراکەت فیلمی تیایە بیهێنە با وێنەیەکی لێبگرم.

ـ ئەوەیان ئا، ڕاوەستە با بچم بیهێنم.

بە پەلە کامێراکە لە قەفەسەی پەرتووکەکان هەڵئەگرم و ئەچمەوە بۆ هەیوان. وێنەی ڕوخسار و بەشێکی قوتووەکە ئەگرم. مورتەزا پێشنیاز ئەکا وێنەیەکی بەکۆمەڵ بگرین.

ـ بەبێ سێپایە نابێت. تۆ بوەستە من وێنەی هەردوکتان بگرم.

مورتەزا کەوڵپۆسەکە بە سەر شانیەوە ڕێک ئەکات. و بە بێئەڤان دەستێک ئەهێنێ بە قژیا. من خەریکی میزان کردنی لێنزەکەم کە ئەڵێ:

ـ تۆزێ پێ بکەنە بابە گیان!

ـ قەشمەری لە هەموو جێیەک؟

ـ خۆ لەگەڵ تۆم نەبوو، زووکە.

مورتەزاش وێنەی من باوکم ئەگرێ. من کامێراکە ئەگەڕێنمەوە شوێنی خۆی و ئەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی لە بەستنەوەی باوکمدا یارمەتی مورتەزا بدەم. هاوار ئەکا:

ـ پلایسەکە بهێنە بۆ ئەوەی بتوانین جوان شەتەکی بدەین.

بە پلایسەوە دێمەوە بۆ بەرهەیوان. لەم ماوەیەدا، مورتەزا، دەموچاوی داپۆشیوە و خەریکی بەستنەوەی کارتۆنەکەیە. سەرێکی تەلەکە لە پشت کارتۆنەکەوە ئەداتەوە دەستم. دوو سەری باربەندەکە ئەلکێنێ بە یەکەوە و جەمسەرەکانی لێک قفڵ ئەکا و بە پلایسەکە ئەیگووشێ بۆ ئەوەی باش یەکانگیر ببن. دوو جاری تریش ئەبێ ئەمکارە بکەین. لە بەشی لای خوارەوەی کارتۆنەکە مۆرێکی هێلکەیی سەرنجم ڕائەکێشێ کە بۆم ئاشنایە. لە ناو مۆرەکەدا نووسراوە «کارگەی کارتۆن سازی نیشتمان». ئەڵێم:

ــ سەیرکە! ئەم کارتۆنە هیی هەمان ئەو کارگەیە کە ئێمە کارتۆنمان لێ ئەکڕی.

ــ ئەو کاتانە ئەوەندە داهێنەر نەبوون.

ــ نەء. توانای دروستکردنی بەستەی خواردەمەنی و پیشەییان نەبوو. هەر ئەو کاتانەش داواکاری ئەوەندە زۆر بوو، ئەترسان فریا نەکەون.

ــ بەڵێ برا گیان. ئەمانە ناهێڵن هیچ کارگەیەک بخەوێ. داواکاریی بەستەی خواردەمەنی کەم ئەبێتەوە؟ بە هەمان کەرەسە و دەزگا، تابووت دروست ئەکەن. ئاوەزیان بە کاریان ڕائەگات!

بەستنەوەی باوکم تەواو ئەبێت. هەردوکمان ئەچین بۆ گەرماو و دەستمان بە سابوون ئەشۆین. مورتەزا بە تێبینییەوە چا تێ ئەکات. و لە هەمان کاتدا ئەڵێ:

ــ کاکە من زۆرم بیر لێکردۆتەوە. ڕاستەکەی جارێ ئەمانە هیچیان لە دەست نایەت. ئەبێ خۆمان ڕێگەیەک بدۆزینەوە و لە شوێنێک ئەمانە بنێژین. گوێ لە قسەی ئەم و ئەویش نەگرین.

ــ من ڕێگەیەکم هاتووە بە بیردا. لە بیرتە بابە گیان بۆ خۆی هەمیشە حەزی ئەکرد لە کوێ بنێژرێ؟

ــ دەک بژی کوڕ! بۆچی زووتر ئەوەمان نەهاتبوو بە بیردا؟

ــ کە وابوو ئەیبەین بۆ «مەشهەد». لە خانەقا لە لای دەروێشەکانی

ترەوە ئەینێژین. من یەک دوانێک ئەناسم زۆر دەستیان ئەڕوات. یەکیان خاوەنی گاراجی «چراغعەلی»ـە، لە گەورەترین باربەرییەکانی «مەشهەد»ە. بارەکانی کومپانیای ئێمەش ئەوان ئەیبەن بۆ کابۆل. لەگەڵ منیش زۆر نێوانی خۆشە. یەکیش حاجی قەندەهارییە. لە ملیۆنێرەکانی ئەفغانستانە. بە هاتنە سەرکاری کومۆنیستەکان هاتووە بۆ «مەشهەد». بیستوومە لەوێش کاری گرتوویەتی. کابرایەکی زۆر بە دەسەڵاتە. زۆر کار بەڕێوەبەرە، زۆریش هەڤاڵی منە.

ــ من ئەڵێم پیکاپێک دەسخەین و هەر سێ کارتۆنەکەی تێبخەین و هەردوکمان بچین بۆ «مەشهەد».

ــ وەڵڵا بە ڕای من، خانەقا بە ئاسانی باوکم وەرئەگرێ. بەڵام ئەو دوانەی تر چی؟

ــ ئێمە هەر ئەڕۆین، چی تیایە هەرسێکیان ئەبەین. هەرچی بێ لەم دەر بۆ ئەو دەر ڕزگارییە. پێش هەموو شت ماڵەکە بەتاڵ ئەبێت. ژن و منداڵەکەت ئەتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و ژیانیان. جگە لەوەش ئەوانە ڕەنگە ئەم دوانەش وەربگرن و ڕەنگە لە ڕێگرش‌دا زۆر دەرفەتی تر بڕەخسێ.

ــ هەر چۆن بێ ئەوەندەی کە ماڵەکە چۆڵ ئەبێ خۆی گرنگە. بەڵام بەڕاستی ئەی خەزوورم چی لێبکەین؟

ــ دەی چییە، ئێمە خۆ هەر ئەڕۆین، ئەویش ئەبەین.

ــ ئەگەر بمانەوێ بڕۆین، ئەبێ پیکاپ دەسخەین و کۆپنی بەنزین کە ئەویش بە تۆ ئەکرێ.

ــ ئەم گەشتە زۆر شتی پێویستە کە ئەبێ دابین بکرێ. یەکەمیان بڕێکی باشی پارەیە.

ــ بۆچی بڕێکی باش؟

ــ لەبەر ئەوەی ئەگەر پێویستی کرد هەنگاو بە هەنگاو ڕێگەی پێ تەخت بکەین و بڕۆینە پێشەوە. پاشان دوو زنجیری باش، چوار تایەی نوێ بۆ پیکاپ و... ئیتر بە برای خۆم بڵێم دوو بەتانی خوری ئەستوور،

ڕووپۆشی برێزنتی ڕێکوپێک و برێکی باش ئارەق، بۆ ئەوەی ئەگەر لە سەرمادا گیرمان کرد، فریامان کەوێ. بەڵام ئارەقەکان ئەبێ جێسازی بکرێ بۆ ئەوەی تووشمان نەکات.

ـ باشە، ئەمانە هەمووی کەی ئامادە ئەبێت. چونکە هەر هەمووی کاری تۆیە.

ـ من ئەمشەو چەند میوانم هەیە.

ـ لەو بابەتەن؟

ـ چیرۆکی پارە و پیکاپ ئەمشەو چارەسەر ئەبێت. تۆ هەوڵ بدە پەیوەندی بە هەڤاڵانی «مەشهەد»ەوە بگری.

ـ مەگەر ئەمانە پارەت پێ ئەدەن؟

ـ ئەمشەو ئەم شتانە بۆ خۆت دەرئەکەوێ. تۆش ئەمشەو وەرە و لە دانیشتنەکەمان بەشداری بکە.

ـ ئێوە مەنگەڵ دائەنێن، من وەڵامی ژنەکەم پێ نادرێتەوە.

ـ ئەوەشی بە ئەستۆی من. ئەبێ تێی بگەیەنین، هەندێ جار هەندێ کار پێویستە بکرێ. جارێ هەڵسە با بڕۆینەوە و سەرێک لە مناڵەکان بدەین.

ـ پێش گەڕانەوە بۆ ماڵی ئێوە، من ئەبێ سەرێک لە خەسووم بدەم.

مالّی خەسووم پڕە لە بۆنی یاس. کارتۆنە مقەباکە لە ناوەڕاستی ژووری میوان دانراوە و خەسووم بە بەردەوامی فرمێسک ئەڕێژێ و چارشێوەکەی ئەهێنێ بە چاویا. بە بێوەستان سەروبنی کارتۆنەکە ئەگرین و ئەیگوێزینەوە بۆ حەوشە و دەرگاکان دائەخەینەوە.

ـ حاجی خانم نیگەران مەبە، هەموو کارەکان دروست ئەبێت. فەرموو ئەوەش بەڵگەی گواستنەوە. بە دە خولەک وەرمانگرت. ڕاستەکەی ناوی باوکی قاسم ئاغا چی بوو؟

ـ ڕەزا.

زۆر چاکە، من خۆم ئەویتری پڕ ئەکەمەوە. خەم مەخۆ حاجی خانم. ئەتەوێ بێی بۆ ماڵی ئێمە؟

ــ نا بە قوربان. چاوەڕێی تەلەفۆنی حەسەنم. ناتوانم بێم.

ــ کارێکتان هەبێ بۆتان جێبەجێ بکەم؟

ــ بە قوربانت بم ڕۆڵە گیان. ئیحسانەڵڵا هەیە. قاچێکی لێرەیە و قاچێکی لە کۆگایە. زۆر سپاس.

لە ناو ئوتۆمۆبیلەکە، مورتەزا پێ ئەکەنێ و ئەڵێ:

ــ بوو بە چوار!

کە ئەچینە ژوورەوە، ژنەکەم دێتە پێشەوە و سەیرم ئەکا:

ــ بۆ وا ڕەنگت پەڕیوە؟

ــ نازانم.

دایکم لە دوورەوە سەیرم ئەکات. مەهدی بە غار دێ بۆ لام و باوەش ئەکا بە ناوقەدمدا. خۆی ئەلکێنێ پێمەوە، ئەڵێی چەندین ساڵە نەمی دیوە. دایکم قەنداغێک دروست ئەکات. و ئەیدا بە دەستمەوە. گەرمای ڕینگاڵی قەندەکە زیاتر لە شیرینیەکەی ئەمهێنێتەوە سەرخۆ. دائەنیشم و قاچم ڕائەکێشم و ژنەکەم بەتانیەکی چوارلۆ ئەدا بە سەر قاچمدا. دایکم دێ لە بەرامبەرم دائەنیشێت. ئەڵێم:

ــ ئەمانەوێ بیانبەین بۆ خانەقای «مەشهەد»، ئەمە تەنها ڕێگەیە کە دۆزیومانەتەوە.

دایکم لە کاتێکا بە بێدەنگ فرمێسک دائەبارێنێ، ئەڵێ:

ــ خوا شوکر کە هەردوکتان بێکارن! خۆم بە قوربانتان بم خوایە گیان. پیاوانە لێ بنەون و زووتر ئەمانە بنێژن. ئەم بێچارانە گیانیان سەرگەردانە.

مورتەزا نیگایەکی پرسێنەر ئەکاتە من و، ئاوڕ لە دایکم ئەداتەوە و ئەپرسێ:

ــ مسۆگەر هاتوونەتە خەوت.

ــ نا ڕۆڵە، لە خەوا نەبوو. لە وشیاریدا بینیم. باوکتان ئەڵێم.
ــ لە کوێ بینیت دایە؟
ــ ئەمڕۆ کە لە سەرەی شیردا وەستابووم. لە پیادەڕەوەکەی ئەوبەر شەقامەکە وەستابوو و زەق زەق سەیری ئەکردم. جگەرم بۆی بوو بە کەباب. بە هەمان کراسە قۆڵ کورتەکەیەوە کە چەند ساڵ لەمەوبەر تۆ بە دیاری پێت دابوو. دەستێکی خستبوویە گیرفانی پانتۆڵەکەی، بە دەستەکەی تریش وەکوو هەمیشە یاریی بە سمێڵی ئەکرد.
ــ هیچی پێ نەوتی؟
ــ نا، قسەی نەکرد.
ــ بۆچی نەچوویتە پێشەوە قسەی لەگەڵ بکەی؟
ــ یەکەم وتم نۆرەی شیرەکەم لە دەست ئەچێ. جگە لەوەش دڵنیابووم قسەم لەگەڵ ناکات، واتە ناتوانێ قسە بکات. ڕاستەکەی تۆزێکیش ترسابووم.
دیسانەوە فرمێسک دائەوەرێنێ و سەیری هەردوکمان ئەکات و ئەڵێ:
ــ لەم سەرمایەدا، بە لۆی کراسێکی ناسکەوە، لە بەردەممدا قیت بوویەوە. ئەڵێم نەکا چاوەڕوانی خێر و بێرێکی هەیە و ئێمە خافڵین؟
ــ دایە گیان هار کارێک دڵت خۆش ئەکات. بیکە. مەگەر کەمت خێر کردووە؟ دیسانەوەش بیکە.
مورتەزا سەیرێکی من ئەکات و ئەیەوێ بزانێ هیچ بە دایکم بڵێ یان نا؟ منیش بە ئاماژەی سەر ڕەزامەندی خۆم دەرئەبڕم.
ــ گوێ بگرە دایە، مردووەکان هەموویان لە ناو شاردا ئەخولێنەوە. ئێمە تا ئێستە چەند جار باوکمان دیوە. تەنانەت قسەشمان لەگەڵ کرد. تەنانەت ئارەقیشمان لەگەڵ خواردەوە.
ــ بڕۆن ون بن! بۆ ئەوە نابن دوو قسەتان لەگەڵ بکرێ.
ــ بەڕاستمە دایە. نەک هەر باوکم بەڵکوو هەموو مردووەکان لە ناو شاردا ئەگەڕێن و لە ناو زیندووەکاندا خولەیان دێ. ئەمجار کە بابە

گیانت بینی ئەتوانی قسەی لەگەڵ بکەی هیچ مەترسە.

ـ ئەوە ئیتر بۆ من حەرامە!

ـ کێ وتوویەتی؟ ئەو مێردی تۆیە. باوکی منداڵەکانتە.

بیبی بە شەڵەژاوی خۆی ئەکا بە ژوورا و ئەڵێ:

ـ من بابە گیانم بینی!

ـ فەرموو! گۆڤان لە غەیبەوە گەیشت. نەموت؟

ـ لە کوێ بینیت؟

ـ ئالێرە، لە پشت دەرگاکە. خەریک بوو ناوی سەر زەنگەکەی ئەخوێندەوە. وەکوو کابرایەکی غەوارە. سەرەتا پێم وابوو غەوارەیە. باش کە لێی نزیک بوومەوە، خوایە گیان! ئەوە خۆ بابە گیانە! پێم وت: «سەلام بابە گیان!» ئەویش وەڵامی دایەوە. پاشان وتی: «کچێ، ئارەقی باش دروست ئەکەی!» پێم وت: «بابە گیان تۆ خوا وەرە ژوورەوە.» وتی: «ئێستە نا کچم، کارم هەیە. ئەترسم دایکتان قەڵس ببێت. ئەمەی وت و ڕۆیشتە ناو کۆڵانی میسداقی و لە پێچی کۆڵانەکەدا ون بوو.

مورتەزا وتی:

ـ چاوت لێیە وتم ئارەقمان لەگەڵ خواردەوە؟ ئەبینی وتم قسەیشمان لەگەڵ کرد؟ ئەمجار کە بینیت بانگی بکە ژوورەوە. ڕەنگە حەز ئەکا بێتە ماڵەوە، بەڵام پڕکێشی ناکات.

دایکم ئەڵێ:

ـ ئێمە هەمووومان خەریکین تێک ئەچین. لەگەڵ مردووەکانمان قسە ئەکەین. لەگەڵ مردووەکانمان ئارەق ئەخۆینەوە، بانگیان ئەکەینە ژوورەوە! نەخێر، ئێمە خەریکە تێک ئەچین. گوێ بگرن، بزانن چیتان پێ ئەڵێم منداڵینە: باوکتان مردووە، یەک دانە ساڵە مردووە. تەرمەکەشی ئەوەتا بە سەر دەستمانەوە ماوەتەوە. واتە خەریکە گۆڕ بە گۆڕ ئەبێت. ئەتوانن بچن و دەرگای کارتۆنەکە بکەنەوە و سەیری ئێسکە ڕزاوەکانی بکەن. ئەمە خۆی نییە، ڕۆحیانەتەیەتی! ئەگەر ڕۆحی سەرگەردانە

لەبەر ئەوەیە کە تەرمەکەیان لە گۆڕ دەرهێناوە. لە خۆوە خەیاڵات هەڵتان نەگرێ. بڕون بگەڕن بە دوای گۆڕدا. هیچ مردوویەک زیندوو نابێتەوە. هیچ مردوویەک قسە ناکا. ئەگەر مردوویەک پەیدا بوو و قسەی کرد ئێمە نابێ قسەی لەگەڵ بکەین. خۆ نابێ قانوونی خودایی، قانوونی پەسڵان و پسات[٢٥] بگۆڕدرێ. بڕۆن بە دوای گۆڕدا بگەڕن. بەمجۆرە کات لە دەست مەدەن. هەر ئەوەندە!

ئەچێ بەرەو چێشتخانە. خۆشکیشم لە بێدەنگیدا پارچەیەک گۆشت لە ناو ڕۆژنامەکە دەرئەهێنێ و ئەڕوا بە دوایدا. ژنەکەم خۆی ئەخزێنێ بۆ لای منەوە و ئەڵێ:

ـ باوکی من چی لێ ئەکەن؟

ـ ئەویش ئەبەین.

ـ ئاخر ئەو خۆ دەروێش نەبوو.

ـ نەبووە با نەبووبێ. لە ناو دەروێشەکان ئەو قسانە نییە. نیگەران نەبێ، ناهێڵم بە سەر دەستمانەوە بمێنێتەوە.

ـ خوا بکات هەموو شتێک بە باشی بچێ بەڕێوە. ئەگەر ئەم باوەحێزانە بهێڵن... ڕاستەکەت پێ بڵێم، سەیدی خۆیشمان قاچێکی بە تەواوەتی ئەشەلێ. لە دوێنێوە هەتا ئێستە زۆر شتم بۆ ڕوون بۆتەوە. دایکی بێچارەت چ تابشتێکی هەیە! هیچ ئەزانی سەید لێی داوە و ڕۆیشتووە؟

ـ بۆ کوێ؟

ـ ئەڵێن باوکی نەخۆشە، چووە بۆ لای ئەو. بەڵام وانییە. ئەوەی کە دەرئەکەوێ تابشتی قسەکانی ئێمەی نییە.

ـ گوێ بگرە ژن. سەید هەڤاڵی زۆر کۆنی منە. من ئاگام لە ناخی دڵی هەیە. جگە لەوەش ئێمە بۆ یەکتر لەو قسانە ئازیزترین. ئەگەر لە هەندێ شتدا بۆچوونی جیاوازیشمان هەبێت، ئەوە نابێتە هۆی شەڕ و کێشە.

---

٢٥ ـ پەسڵان و پسات: ئابیناسر ئەزەڵ و ئەبەد.

ـ حەح! پێت وایە. بی‌بی لێی ئەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: «ئەگەر ملیۆن ملیۆن خەڵکی وەکوو فلانەکەس بکوژن هیچ شوێنێک لەنگ نابێ!»

ـ مەبەستی من بووە؟

ـ ئەی چۆن. بی‌بی خوێن لە جەرگی ئەتکێ. هیچ دەنگیشی دەرنایەت. تەنانەت بیستم بە دایەی وتووە: «ئەگەر لە سەر ئەو بیر و باوەڕەی بمێنێتەوە ناچارم لێی جیا ببمەوە.»

ـ من ئەو قسانە لە سەید باوەڕ ناکەم. من سەید ئەناسم. بڵێ بزانم. ئەمشەو دێت؟

ـ مسۆگەر نایەت.

ـ خۆزگە ئەهات و کۆمەڵێک لە سەرکردەکانی خۆی ئەبینی.

ـ چۆن؟

ـ مورتەزا چەند کەسیانی بانگ کردووە. بڕیارە منیش هەبم. ڕاستی ئالالە لە کوێیە؟ دەنگی نایەت!

ـ هیچ باش نییە. ئاسپرینێکم بۆ کردە ناو ئاو و کردم بە گەروویا. لە نیوەڕۆوە یاوی کردووە. جارێ خەوتووە.

ئەچمە سەر سەری ئالالە و دەست ئەهێنم بە قژیا. بە دەم خەوەوە پێ ئەکەنێ و لێوەکانی ئەجووڵێتەوە. لای خۆم بیر ئەکەمەوە ئەگەر بەڵێن وابێ هەر کەسە و یەک یان چەند مردوویەک بنێرێ بۆ خانەقا، لە چاوترووکانێکدا، مردوو لە سەربانیش جێگەی نابێتەوە. وایە، ئەبێ زۆر بە گورجی بجووڵینەوە. باشترە سەرەتا حاجی قەندەهاری بنێرم لێی بکۆڵێتەوە. پاشان بکەوینە ڕێ. تەنها کەسێکە ڕەنگە تەلەفۆنی ئەمانەی هەبێ سینایی یە، بەرپرسی تڕانسپۆرتی کومپانیای کۆن. تەلەفۆنی بۆ ئەکەم. ژمارە تەلەفۆنی حاجی قەندەهاری هەیە.

بەبێ کات بەفیڕۆدان تەلەفۆن ئەکەم بۆ «مەشهەد». پاش ڕیزێکی باش چاک و چۆنی کردن داوا لە حاجی ئەکەم بچێ بۆ خانەقا، سەیرێک بکات و بپرسێ ئایە ئەگونجێ یەکێک لە دەروێشە ملبەکوێنەکانی خانەقا

بهێنن و لەوێ بە خاکی بسپێرن یان نا؟ پاشان داوا لە حاجی ئەکەم هەنگاوێکی زیاتر هەڵگرێ و بپرسێ ئەگەر ئەم هەژارە سێ کەسی تری لەگەڵ بێت ئەوسا چی ئەبێت؟

حاجی بەوپەڕی حەز و پێخۆشبوونەوە پەژێرەی کرد و بەردەوام سەرەخۆشی لێ ئەکردم. لە حاجی تێ ئەگەیەنم بابەتەکە هیی ئەم ڕۆژانە نییە و ئەمانە لە گۆڕستان گەڕاونەتەوە. حاجی ئەڵێ:

ـ خەم نییە لێ ئەکۆڵمەوە و ئاگادارت ئەکەمەوە.

ژمارە تەلەفۆنی ماڵی دایکمی پێ ئەدەم. بەڵێن ئەدا ئەوپەڕی هەتا بەیانی وەڵامم بداتەوە.

من و ژنەکەم سەرێک لە مورتەزا ئەدەین. سفرەیەکی چەرمی گەورە لە ناوەڕاستی ژوورەکەیدا، بە سینیەکی وارشۆی[٢٦] گەورە لە ناوەڕاستیدا و، لە سەر سینیەکەش مەنگەڵ! مورتەزا لە ناو دۆڵابەکە چوار سینی لاکێشە دەرئەهێنێ و بە دەوری سینی یەکەمدا دای ئەنێ. پاشان دوو وافووری زۆر شیک و دوو مقاش لە کیسەی ماهووت دەرئەهێنێ و لە سەر خۆڵەمێشی مەنگەڵەکە دایان ئەنێ.

ـ دامودەزگایەکی شیکت هەیە.

ـ بەڵێ کاکە. هیی تاغووتیەکی پێشوو بوو، لێم کڕی.

ژنەکەم ئەپرسێ:

ـ بە چەندەت کڕی کاک مورتەزا؟

ـ حەفتا هەزار تمەن! بەڵام خۆڕاییە. سینیە بچووکەکان یەکپارچە زیون. وافوورەکان داری مسکەتی ڕەسەنن.

من ئەڵێم:

ـ بە پارەی مفتە چی کە ناکرێ!

زەنگی دەرگا لێ ئەدرێ. هەموو بە پەلە لە ژوورەکە ئچینە



٢٦ـ سینی وارشۆ: Warsaw tray وارشۆ پایتەختی پۆلۆنیایە و ناوی کالەنییەکی زیو و نیکڵە دەفر و ئامان و سینی و سەماوەری پێ ساز ئەکرێت. کالەنی: ئالیاژ.

دەرەوە. مورتەزا لە ناو ژوورەکەوە دەرگاکە ئەکاتەوە. کلیلی تایبەتی بۆ خۆی دروست کردووە. دایکم زۆر پەرێشانە. هەموومان بە دەورییەوە دائەنیشین، بەڵکوو سەری قسەی پێ داخەین و تۆزێ کەشەکەی بۆ بگۆڕین. ئەڵێ:

ــ ئاخر ئەمەش بووە بە ژیان ئەم کوڕە بۆ ئێمەی دروست کردووە؟ ئێمە ئەبێ دەست لە سەر سینگ پەزێرایی لە کۆمەڵێک ڕەوزەخوێنی مفتەخۆر بکەین کە تەرمی پیاوەکەمانی هێناوەتەوە و داویەتی بە سەر دەستماندا؟ تۆ بیت و خوا سەیر ئەکەن!

ــ بە ڕای من ئەم پەیوەندییانە لە هیچ باشترە.

ــ کوڕی خۆم تۆ ئەمانە ناناسی. من مردوو و ئێوە زیندوو! ئەگەر بە قەد سەرە دەرزییەک خێری ئەمانە بە کەس گەیشت؟

مورتەزا لە ژوورەکە دێتە دەرەوە و پەنجەی ئەخاتە سەر لووتی، گوایە پێمان ئەڵێ بێدەنگ بین. ئاماژە بە منیش ئەکات بچمە ژوورەوە. من بە سەر و دەست پێی ئەڵێم کە «پاشتر دێم.» دایکم بە دەنگێکی کپ ئەڵێ: «بڕۆ بۆ ناودالآن و لە دەرگاکەی ترەوە بچۆرە ژوورە. قەت لەم دەرگایەوە هاتوچۆ مەکەن.»

ــ باشە تێگەیشتم. بەڵام تۆش زۆر ڕەق مەبە. ئەگوزەرێ.

باخەکە تاریکی دایگرتووە. بە ناودالآنەکەدا هەڵدێم. تەقەیەک ئەدەم لە دەرگاکە و ئەیکەمەوە. جگە لە براکەم، سیانی تریش لە گردی مەنگەڵەکە دانیشتوون.

ــ سەلاموعەلەیکوم.

ــ وە عەلەیکوم سەلام.

مورتەزا لەبەرم هەڵئەسێت و وای دەرئەخا ڕێزم لێ ئەگرێت و پێشوازیم لێ ئەکات و ئەڵێ:

ــ برای گەورەی بچووکتان. داوام لێکرد ئەمشەو تەشریف بهێنێت و لە خزمەتی بەڕێزان موستەفیز ببێت و بەهرە وەربگرێ.

یەکیان سەری بەرز ئەکاتەوە و توزێ لەبەرم هەڵئەسێ:
ـ فەرموون قوربان، فەرموون. ببوورن ئێمە هەڵناسین. چونکە وتوویانە لە سەر سفرەی گەورەکان ملکەچی ڕەوا نییە.
ـ تکایە قوربان. ئاسوودە بن.
یەکی تریان هەندێ خۆی ئەجووڵێنێت و بە دەست ئاماژەم بۆ ئەکات لە لایەوە دابنیشم. کاتی دانیشتن ئەبینم هەر کامە و «مەگنۆمێکی ٤٥»ی لای دەستیەوە داناوە. هەرسێکیان سەریان تاشراوە و ڕیشیان درێژە. لبادی سپییان لە بەردایە و لە بری عابا و مێزەر، چەند دەست جلی پاسداریی بە جلگرەکاندا هەڵواسراوە. چەند جووت پۆستاڵیش لە سووچی ژوورەکەدا ڕیز کراوە. بیچمیان ئاخوندییە، بەڵام جاکەت و کڵاو و پانتۆڵیان هیی پاسدارانە. ڕەنگە ئەمانەش بۆ شوێنە گومکێیە.
ـ جەنابان، کاکەم مرۆڤی زەوق و زانستە. هەتا یەک دوو ساڵ لەمەوبەر لە زانکۆ وانەی ئەوتەوە و چەند پەرتووکیشی نووسیوە.
ـ پەرتووکەکانی سەبارەت بە چییە برا؟
ـ راستەکەی بۆ ئەوە نابن باسیان بکرێ. سەبارەت بە زانستی ئابوورییە.
ـ مەگەر ئابووریش زانستە؟
ـ وەڵڵا بڵێم چی، ڕەنگیشە نەبێ.
ـ ئەم فیزیک و ماتماتیک و کیمیا و ئابوورییە هەموویان ڕۆژاواییین. زانست، زانسی «فیق»ـە و زانستی گوتە.
یەکی تریان وافوورەکە ئەداتەوە بە مورتەزا و ئەڵێ:
ـ هەروەها زانستی «حەدیس»! هەرچەند هینی نازانستیش زۆرن کە ئەمانەش لە شوێنی خۆیاندا زۆر گرنگن.
ـ فەرمایشتەکەتان دروستە حاجی ئاغە. بەڵام ئەگەر ڕد ببینەوە، ئەمانە هەموویان لە قورئاندا هاتوون. هیچ لە دەرەوەی قورئان بوونی نییە. کاتێکە قورئان باسی «فڕین» ئەکات. واتای ئەوەیە کە مرۆڤ ئەتوانێ فڕۆکە دروست بکات. جا خستوویەتە ئەستۆی خۆی کە کەی

ئەتوانێ ئەو کارە بکات. با بچێت بیکات. لە پزیشکیش‌دا هەر بەمجۆرە. ئێوە پێتان وایە ڕەوا و ناڕەوا بۆچی دانراوە. یان شۆردنی قاپ و قاچاخ بە خۆڵ؟ زۆر چاکە تازە پاش چەندین سەدە، زانا ئوروپاییەکان تێگەیشتوون کە خۆڵ پنیسلینی تیایە. خێری سەریان!

مورتەزا لە ژێرەوە سەیرێکی من ئەکات و بە دۆستەکانی ئەڵێ:

ــ برایانی قورمساخ! تکایە کۆی کەنەوە. ڕێزی مەنگەڵەکە بپارێزن و ئەوەندە باسی زانستی مەفەرموون.

ــ بابە گیان، هەر لەم شەوی یەکەمەوە ئابڕوومان مەبە!

ــ کۆی کەنەوە، کۆی کەنەوە! ئەوە برای منە و لە خۆمانە. ئەو قسانەش بە کەڵکی ئەو نایەت.

ــ کە وابوو دڵمان ئاسوودە بوو. وەرە بەرەوە برام.

مورتەزا «بەست»ـەکەی لە سەر هۆقەی وافوورەکە ئامادە کردووە و ئەیدا بە دەست یەکێک لە میوانەکانەوە و ئەویش ڕای ئەگرێ بۆ من و ئەڵێ:

ــ ئێوە لە ڕێوە هاتوون، بە ئێوە ئاگات.

ــ سپاس، دەستان خۆش بێت. ئێوە بفەرموون. من پاشتر.

ــ نابێ لەوە زیاتر شەرم بکەن.

مەقاشەکە لە دەس مورتەزا وەرئەگرێ، ئەیدا لە وافوورەکە. سەرەتا خۆڵەمێش و پاشان پزیسکە بە حەوادا بڵاو ئەبێتەوە.

ــ سەیرکە، ئاگر خواردنەکەی ئەڵێی جەنگ کردنی نادرشایە. ئەڵێم:

ــ کاکە برا، بە نیوەچڵی منت بە میوانەکان ناساند بەڵام دۆستەکانت بە من نەناساند.

مورتەزا، بە نیگایەک میوانەکانی هەڵئەسەنگێنێ و ئەڵێ:

ــ ئاخر ئەمانە لە جنۆکەکان و لە کۆمەڵەی لە ئێمە باشترانن. پێ ناساندنی ئەمانە کارێکی ئاسان نییە. خۆ ڕێگە ئەدەن؟

ــ بۆ ئەمشەو جارێ بە ناوی بچکۆلە قەناعەت بکەن. دواتریش

کات زۆرە.

ـ بەڵێ، بە سەرچاو. ئەم جەنابەی کە سەبارەت بە زانستی قورئانی وتاری بۆ دایت ناوی حوجەتولئیسلام عەباسە. ئەو حوجەتولئیسلامەش سەیدەلعولەما ڕەزایە. حوجەتولئیسلام محەمەد باقریش دادیارە و هەمە کارەی دادگایە. با پێتی بڵێم، دادگای شۆڕش لە سەر شاخی ئەو ئەگەڕێ.

ـ ئەوەندە مەڵێ شاخ، پیاوی باش.

ـ ببوورە جەنابی حوجەتولئیسلام. ئێمە ئەبێ ئەم شاخە لە شوێنێکدا نوقم بکەین بۆ ئەوەی بتوانین قڕەی لە خۆمان لادەین.

بە کۆمەڵ ئەدەن لە قاقای پێکەنین و یەکیان ئەڵێ:

ـ ئەم برایەی ئێوە ماشەڵڵا زۆر قسە خۆشە.

ـ هەڵبەت ئێمەش حەز لەو قسە خۆشانەی ئەکەین.

ـ خەریک بوو ئەمناساندن کە بە دەرپێی کورتەوە خۆتان هاویشتە ناو قسەکەم. بە کورتە کاکە گیان، ئەم قۆزە، سەرۆکی کومیتەی خەبات دژی سووسەلەم و، نوێنەر و سەرۆکی چەند جێگای تریشە. ئەوەش سەیدەلعولەمایە. هەم دەستی ڕاست و هەم دەستی چەپی سەرۆک کۆمارە و، سەرۆکی ڕامیاری ـــ ئایدیۆلۆژیکی دەزگایەکی زۆر گرنگیشە.

سەیدەلعولەما ڕوو ئەکاتە من و ئەڵێ:

ـ هەڵبەت هەر فەرمانێکتان هەبێ لە خزمەتداین.

مورتەزا هەڵئەسێ، لە ناو دۆڵابەکەدا بە دوای شتێکدا ئەگەڕێ. پاش ماوەیەک ئەیدۆزێتەوە و لە ژێر وردەوپردەکان ئەیهێنێتەوە دەرەوە. بتڵێک ویسکیە. لە بەردەم مندا دای ئەنێ و ئەڵێ:

ـ فەرموو کاکە، ئەمەش بۆ نەشەی جەنابت.

حوجەتولئیسلام عەباس ڕووی ئەکاتە من و ئەڵێ:

ـ هەیهۆ. ئەمە چییە ئەیدەی بە کاکە برا؟

ـ زۆر خراپە؟ تۆ مەیخۆ!

ــ من لێوی لێ نادەم. خوا ئەو ڕۆژە نەهێنێ.

ــ بەڵام من پێم وایە نەشەی ئەمە زۆر لە هیی تریاک باشترە و زیانیشی کەمترە.

ــ نە قوربان گیان، ئەمە لە کوێ و ئەوە لە کوێ! **لە نێوان مانگی من تا مانگی گەردوون، جیاوازیی زەوی تا ئاسمانە.**

ــ ئاخر ئێوە خۆ هەرگیز لەمەتان نەخواردۆتەوە، هەتا جیاوازی نێوان ئەم دووانە بزانن.

ــ عەرزی گەورەی خۆم بکەم پرسەکە ئەمە نییە. پرسەکە ئەوەیە کە ئەم خاوەن مردووە بە جارێک حەرام کراوە، بەڵام تریاک حەرام نییە.

ــ ئاخر سەردەمی حەزرەتی ڕەسووڵ تریاک نەبووە تا حەرام بکرێ.

ــ ئێستە زانیت؟ ئەو قورئانەی بومبی ئەتۆم و فڕۆکە و پنیسلینی پێشبینی کردووە، نەیتوانیوە تریاک پێشبینی بکات.

ــ بەڵێ، زۆر وایە. ئەی بۆ قاچاخچیەکان ئەگرن و ئەیانکوژن؟

ــ پرسیارەکەت بەجێیە. سەیرکە، ئێمە کە لێرە دانیشتووین خەریکین خراپە لەگەڵ خۆمان ئەکەین.

ئاخوندە قۆزەکە ئەڵێ:

ــ قوربانی ئەم «خراپ»ـە بم! خوا ئەم خراپە زیاتر بکات. قەزای ئەم خراپە بکەوێ لە تەوقی سەری من.

ــ خەریکم قسە ئەکەم! فێدار خۆت شیرین مەکە! ئێمە لێرە خەریکین تاوانێکی تاکە کەسی ئەنجام ئەدەین. بەڵام فرۆشەر و بڵاوکەرەوەی تریاک و هێرۆین ئەم تاوانە لە دژی کۆمەڵ و لە ناو کۆمەڵدا ئەنجام ئەدەن. ئەمکارە شەرعەن بەرامبەرە بە کۆمەڵکوژی و شەرعەن سزای هەیە.

ــ دەی کاکە، دەس پێ بکە!

ــ نە کاکە برا، من ئەمشەو بە ڕێزی جەنابانەوە ناخۆمەوە.

ــ ئەی قوربانی ڕەوشت و مەرامت. بە ڕاستی کە مرۆڤێکی بەڕێزی. کە وابوو وەرە لەمەت پێ بدەم بۆ ئەوەی دەروونت بگەشێتەوە.

وافوورەکە بە بەستی ئامادەوە لە بەردەممدا ڕائەگرێ.

ــ من لێی نازانم حاجی ئاغە.

ــ خۆم بۆت ڕائەگرم، قوربانی بالآت.

ــ هەی حاجی! زۆر خۆت مەکە بە قوربان و سەدەقەی براکەمان، چاوت دەروێش کە، خاوەنی هەیە!

بەم گوتەی مورتەزا هەموویان ئەدەن لە قاقای پێکەنین، لە زۆری پێکەنین وا خۆیان ڕائەوەشێنن باشاریان لە دەست دەرئەچێ. وافوورەکە بەر ئەبێتەوە سەر عەرزەکە. عەباس و سەیدەلعولەما لە سەر عەرزەکە پان ئەبنەوە. ڕەزا سەری ئەخاتە سەر چۆکی و لە زۆری پێکەنین ئەکەوێتە فینگەفینگ. پێکەنینەکەیان کە تەواو ئەبێت سەیدەلعولەما ئەڵێ:

ــ خوا لە تاوانمان خۆش بێت. ئەم بێغیرەتەی کە بەمجۆرە بە دەم پێکەنینەوە پان بۆتەوە، پڕ بە هەسێڵێک فرمێسکی لە چاوی خەڵکی گرتووە!

ــ بە هەمان ئەندازەش ئەتوانم لە پێکەنیندا فرمێسک لە خەڵک وەربگرم. ئەمە هونەرێکە خوا خۆی پێمانی داوە.

مورتەزا وافوورەکە لە سەر عەرز هەڵئەگرێتەوە و بە دەسڕ خاوێنی ئەکاتەوە و ئەڵێ:

ــ ئەوەندە خۆ با مەدە فێدار!

رقم هەڵساوە و خەریکە تەشەرێک باوێژم. ئەڵێم:

ــ باشە پیاو بەو قۆزییە، بۆچی پێی ئەڵێن فێدار؟

ــ تۆ ئەبێ بزانی کەی بە ئاخوندێک ئەڵێن فێدار.

ــ خوا خۆی لێت خۆش بێ. لە خۆوە ئەڵێ، باوەڕ مەکە.

ــ هەڵبەت کە باوەڕ ناکەم. دڵنیام گاڵتەیە.

سەیدەلعولەما وافوورەکە ڕائەگرێ بۆ من. زەنگی دەرگاکە لێ ئەدرێ.

ــ شێویان هێنا.

مورتەزا دەرگا ئەکاتەوە. تیشکی شین و بێدەنگی چرای پیکاپێک شەقامە پڕ دارەکە ڕوون ئەکاتەوە. لە بەردەم خانووەکە، لە بەردەم هەیوان‌دا ڕای ئەگرێ. من و مورتەزا ئەچین بۆ وەرگرتن. مەنجەڵێکی پڕ لە برنج، قابلەمەیەکی گەورەی کە من نازانم چی تیایە، قاپێکی تر کە ئالۆمینوۆمیان تێوە پێچاوە، قاپێکی مەزنی کرێم کارامێل، تەبەقێک شیرینی، بتڵێک پیپسی کوولا. شتەکان یەک لە دوای یەک لە لایەن من و مورتەزاوە ئەبرێتە چێشتخانە. پاشان ئەگەڕێینەوە بۆ ژورەکە و سفرە و مەنگەڵ ئەبەینە سووچێکەوە و سفرەی خواردن ڕائەخەین. قاپ و خواردن یەکە یەکە لە لایەن دایکم، خێزانم و کوڕەکەمەوە دێتە پشت دەرگای ژوورەکە و ئێمەش لە سەر سفرەکە دای ئەچنین.

ــ فەرموون، شێو ئامادەیە.

هێشتا دەسمان پێ نەکردووە دەنگی ژنەکەم لە پشت دەرگاکەوە ئەبیستم کە من بانگ ئەکات. داوای لێبوردن ئەکەم و ئەچمە دەرەوە.

لە «مەشهەد»ەوە بە تەلەفۆن کاریان بە من هەیە. حاجی قەندەهارییە. ئاگادارم ئەکاتەوە کە «هەموو شتێک تەواوە.» سپاسی ئەکەم. ئەبێ شادمان بم. بەڵام دڵم دێ بەیەکا و ئیتر وازی گەڕانەوەی دیواخانم نییە.

## بەندی چوارەم

ئەو پیکاپەی مورتەزا بە کرێی گرتووە، پیکاپێکی ئەمریکایی گەورەیە. نوێ، جێدار و زۆر تۆکمەیە. ئەرخایەنی ئەدا بە مرۆڤ. مورتەزا لە پشت فەرمانی پیکاپەکە دانیشتووە. لێخوڕینی پیکاپ ئەوەندەش کە پێم وابوو دژوار نییە. فەرمانەکە سووک و پێداڵەکان نەرم و خۆشن.

نزیک مەیدانی فەوزییە ڕێ بەندانە. لە پشت ڕێ بەندانەکە ئەوەستین. پاش ماوەیەک بۆمان دەرئەکەوێ ئەو ڕێگەیە ناکرێتەوە، چەنکە هەندێ لە شۆفێرەکان ماشینیان بەجێ هێشتووە و ڕۆیشتوون. ئوتۆمۆبیلەکە ئەکوژێنینەوە. مورتەزا دائەبەزێ و ئەڵێ:

ــ ئەبێ بپرسین چی ڕووی داوە. ڕێ بەندانی ئاسایی نییە. مسۆگەر شتێک ڕووی داوە.

لە پەنجەرەی یەکێک لە ئوتۆمۆبیلەکانی بەردەممان‌دا دائەنەوێتەوە و چەند ساتێک لەگەڵ شۆفێرەکە ئەدوێ. پاشان بە ڕەنگی پەڕیوەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ناو پیکاپەکە و ئەڵێ:

ــ خەریکن قامچی ئەدەن لە کۆمەڵێک تریاکی. خەڵکیش کۆبوونەتەوە بۆ تەماشا.

ــ منیش ئەمەوێ بچم بۆ سەیر کردن. تۆ لە ناو ئوتۆمۆبیلەکە بە و چاوەڕێ بکە.

ــ مەگەر مێشکت تێک چووە کە ئەتەوێ بچی بۆ سەیر؟

ــ ئەبێ بڕۆم و بیبینم. ئەبێ بڕۆم.

لە ئوتۆمۆبیلەکە دائەبەزم و ئەم بەرەو مەیدانی فەوزییە. مەیدانی

فەوزییەی پێشوو و ئیمام حسێنی نوێ. لە ناو باخچە خڕ و گردەکەی ناوەڕاستی مەیدانەکە، لە سەر چیمەنە ڕچاوەکە و لە نێوان تەشکە[٢٧] ئەندازەییەکانی شمشادە سپی پۆشە کورتەکاندا، دوو ڕیز پیاویان لە سەر چیمەنەکە داناوە. کەتێکی تەختە لە بەردەم پیاوەکان دانراوە و لەوبەری مەیدانەکە ئاخوندێک لە سەر کورسیەکی گەورە دانیشتووە و خەریکی مەوعیزە کردنە بۆیان. پیاوەکان زۆربەیان وەنەوز ئەدەن. زۆربەیان ئاوی لووتیان شۆڕ بۆتەوە و هەڵئەلەرزن. لە پشت سەر پیاوە خومارە پەرێشانەکانەوە پاسدار بە تفەنگەوە وەستاون. دوو سێ بڵیندگۆ قسەکانی ئاخوندەکە لە سنووری مەیدانەکەدا بڵاو ئەکاتەوە:

«ئەهای، ئەی مرۆڤی خافڵ! خوداوەند گوێی پێداوی بۆ ئەوەی ببیستی، چاوی پێداوی بۆ ئەوەی ببینی، دەستی داوە کار بکەی، ئەم لەشەی داوە بە ئێوە بۆ ئەوەی بیپارێزن. ئەوەی کە لە لەشی تۆدایە سپاردەی خوداوەندە، ئەسپاردەی ئەوە. تۆ مافی ئەوەت نییە دەستت ببڕی. هەقت نییە قاچت ببڕی. بەڵام تۆی چارەڕەش، بەم کارە چەپەڵەت دەستت لە کار ئەخەی، قاچت لە کار ئەخەی، زمانت لە کار ئەخەی، چاویشت هەروەها. لە هەموو گرنگتر هێز و توانا و هۆشت لە کار ئەخەی. ئەڤانت لاواز ئەکەی. خۆت تووشی ناکامی ئەکەی. تۆ دوخمانی لە ئەسپاردەی خوا ئەکەی. دوخمانی لە ئەسپاردەیش هەر بەو جۆرەی کە خودا لە قورئانی کەریمدا فەرموویەتی، گوناهێکی لەبەخشین نەهاتووە. ئێمە دوژمنی ئێوە نین. ئێمە پارێزەر و پاسەوانی ئۆمەتین. ئەم قامچییەی ئەمڕۆ لە ئێوەی ئەدەین وشدارێکە. کەرەسەیەکە بۆ پاککردنەوەتان، بۆ ڕزگار بوونتان، بۆ خاوێن کردنەوەتان. ئێمە هەر کارێکمان لە دەست بێت درێخی ناکەین.»

ئەیانەوێ قامچی بدەن لەم خومارانەی ئاوی لووتیان بۆ ڕاناگیرێ.

---

٢٧ ـ تەشک: face, visage ئاوەڵناو بەچک، بیچم، سیما، فۆرم، شێوە یان پێکهاتەی بینراوی شتێک [ع] وجه، مظهر [N] ansikt [د] شکل، صورت ⇦ تەشکی ئەندازەیی.

وازی تەماشاکردنیانم نییە. ئەگەڕێمەوە بۆ لای ئوتۆمۆبیلەکە.

مورتەزا، بە هەر جۆرێک بووە، ئوتۆمۆبیلەکەی دوو سەد مەتر هێناوەتە پێشەوە. کاتێکە ئەگەمە لای پیکاپەکە کە مورتەزا بە بەراوردکردنی زۆر لەبار، بە جووڵانی مینیاتۆری، لە نێوان ماشینە وەستاو و بەجێهێڵراوەکاندا خۆی دەرباز کردوە. ئەچم لە لایەوە سوار ئەبم. ئەگەینە مەیدانی فەوزیە. یەکیان بە سکا لە سەر قەرەوێڵەکە خەواندووە. پاسدارێک لە سەر سەری سوار بووە و پاسدارێک لە سەر قاچی دانیشتووە. پاسداری سێیەمیش قامچیەکە بە دەوری سەریدا ئەسووڕێنێتەوە و توند ئەیکوتێ بە پشتی کابرادا. لەشی کابرا هیچ بزووتنێک، هیچ کاردانەوەیەکی لێوە بەدی ناکرێ. دیسانەوە لە ڕێ بەندانی بازنەی مەیداندا گیرمان کردووە. ئەو پاسدارانەی لە سەر مل و قاچی دانیشتوون، هەڵئەسن. بەڵام پاسداری سێیەم هەر لێی ئەدا. بە هەمان زەبر و بە هەمان توندی. کابرا بچوکترین جووڵەیەک ناکا. لە بڵیندگۆکانەوە دەنگی قورئان ئەبیسرێ. مورتەزا ڕوو ئەکاتە من و بە دەنگی بەرز ئەڵێ:

ـ کابرا مردووە!

دیسانەوە بە وردی سەیری کابرای سەر قەرەوێڵەکە ئەکەم. جووڵەیەک،ناڵەیەک یان کاردانەوەیەکی لە بەرامبەر ئازاری قامچیەکاندا نییە. سەرەڕای ئەوەش باوەڕ ناکەم مردبێت. باوەڕ ناکەم قامچی لە مردوو بدەن! ئەمە ئیتر ئەبێ زۆر تازە بابەت بێ. گەیشتووین بە جەمسەری شەقامی تارانی نوێ. ئێستە لە سیلەیەکی ترەوە ئەتوانین سەیری دیمەنەکە بکەین. ناتوانم چاویان لێ هەڵگرم. گیانم ئەلەرزێ. پێم وابێ ڕەنگ بە ڕوومەوە نەماوە. نازانم. بەڵام بە چاوی خۆم ئەبینم دەستەکانم ئەلەرزێ. سەروبنی کابرا ئەگرن و لە سەر چیمەنە ڕچاوەکە ڕای ئەکێشن. کابرا وشک و ڕەق و تەق لە سەر سەهۆڵە چیمەنەکە بەر ئەبێتەوە. نەفەری پاش ئەو لە سەر قەرەوێڵەکە ڕائەکێشن. ڕێگە ئەکرێتەوە و ئێمە، شەقامی «ئینقلاب» بەجێ ئەهێڵین و درێژە بە

ڕێگەی خۆمان ئەدەین.

ڕێگەی **هەراز** بە ناو ئەو کێوانەدا تێ ئەپەڕێ کە هەرگیز نەحەساونەتەوە. ئەم کێوانە، وەکوو هەموو گیاندارێکی تر هەناسە ئەکێشن. ئەخەون. کراژ ئەخەن و لە هەموو گرنگتر ئەڕۆن بەڕێدا. کەس نازانێ چ کات ئەکەونە ڕێ. بەڵام کاتێکە ئەکەونە ڕێ، هەموو شتێک لە ژێر پێی خۆیاندا ئەتلیقێننەوە. ڕێگەی هەراز بە ناو یەک دوو چینی داوێنی ئەلبورزدا تێ ئەپەڕێ. کێوێک کە تەنها یەک کێو نییە. لوتکەیەک کە تەنها یەک لوتکە نییە؛ گڕکانێکی خامۆشە کە هەموو ڕازەکان و تەواوی بیرەوەرییەکانمانی لە سینگی خۆیدا پاراستووە. هەزار ئێزەد لە سەر سەریەوە چاویان تێبڕیوین و چاکە و خراپەمان هەڵئەسەنگێنن. من خەم ئەخۆم لەوەی، بێگانەیەک ئەبینم پەنجەی لە سەر خاڵێکی نەخشەی جوگرافیای جیهان دائەنێ و زۆر بە دژوارییە ئەیخوێنێتەوە: «دەماوەند» و پێی وایە ئەمەش کێوێکە وەکوو هەموو کێوەکانی تری ئەم دنیایە.

ئەگەر خەڵکی جیهان دەماوەند بە کێوێکی ئاسایی ئەزانن لە بەر ئەوەیە کە ئێمە لە هاوزادەکان و لە برا خوێنیەکانی خۆمان دوا کەوتووین. کاتێکە براکانی ئێمە چوون بۆ نیمچە کیشوەر و درێژەیان بە خوداسازی خۆیان دا. ئێمە بەڵام لە هەمان یەکەم هەنگاودا لەوان دواکەوتین و ئێستە ئیتر بە تۆزی قاچیشیان ناگەین. ئێمە بەسەندەمان[٢٨] بە خودایەک کرد. خوایەکی غەوارە و خاوەنی هەموو ناو و نازناوەکان: جەببار، ڕەحیم، قاسم، بەخشندە، توانا، میهرەبان، فێڵباز و لە کۆتاییدا ستەملێکراو! ڕەنگە ئەمە بە هۆی تەمەڵبوونی ئێمەوە بوو. ئەمڕۆکە، بە ژمارەی هەر یەک هێندی، یەک خواش هەیە. بە ڕەهەندێکی تایبەت، ئەگەر ئەم برا پشکنەرانە لێمان جیا نەبوایەتنەوە، دەماوەند ئەمڕۆ ڕەنگە

٢٨ ـ بەسەندە: adequate ئاوەڵناو [بەس+ئەند+ە] بە ئەندازەی پێویست، لەبار، شیاو. ع
کاف N tilstrekkelig, nok د کافی.

خوای پاسەوانی سنوورەکانی ئێران زەمین یان ڕەنگە خوای ناسکترین سروە بوایەت. ڕەنگیشە خوای هەزاران چاوی ئەسرینڕێژی بەردین ئەبوو.

گەڕاوە کانیە(٢٩) گەورە و وردەکانی، هەر کەمەیان، پزیشکی دەردان و چارەسەری جۆرەها برینن. بۆ قاچێئیشە گەڕاوی وا هەیە، لە دوورترین شوێنەکانەوە، تەنانەت لەو شوێنانەوە کە دەماوەند نابینرێ، دێن بۆی. لە قەراخیا سفرەی ژیان ڕائەخەن و حەوت ڕۆژ، یان چوار ڕۆژ، هەر ڕۆژە و دوو جار قاچیان لە ئاوی گەڕاوی کانیاو هەڵئەکێشن و پاشان بە قاچی ساخەوە ئەگەڕێنەوە بۆ شار و زادگەیان. گەڕاوی وا هەیە بۆ چاککردنەوەی برینی کۆنە بیرۆیە(٣٠). گەڕاو هەیە بۆ چاککردنەوەی خورووە. گەڕاوی لێیە بۆ چاککردنەوەی باداری(٣١) و لە ناو ئەم کانی و گەڕاوانەدا نزاری لێیە بۆ فەرامۆشکردنی پەژارە بوو. ئێستە نازانم ئەو دارستانانە هەن یان نا. چونکە ئەمڕۆ ئەوا پیکاپێک بە ملە و داوێنەکان‌دا ڕێ ئەکات کە جووتە برا و چوار تەرمی لە گۆڕ و لە گۆڕستان دەرکراو ئەگێڕێت و هیچ ئارەزوویەکیان نییە جگە لە دۆزینەوەی چوار گۆڕ لە پانتایی پان و بەرینی زەوی‌دا و، هیچ ئاگایان لە کۆتایی ئەم گەشتە درێژ و پڕ لە سەرشۆڕییە نییە.

یاران چییان لێهات؟ دۆستان چییان لێهات؟ شاریاران چییان لێهات؟ دەنگی شەجەریان لەو دارستانانەوە کە لەوێ خەماکان لەبیر

---

٢٩ـ گەڕاو: mineral water گەشت ناو چاوەی ئاوی گەرم و سوێر، کە بڕێکی زۆر کانزای سروشتی تیایە و بۆ چارەکردنی هەندێ نەخۆشی پێست و ڕۆماتیزم سوودمەندە.

٣٠ـ بیرۆ: eczema نەخۆشر ناو ئەگزیما، گەزنەک، جۆرە برینێکی زبری بەئاڵۆشە لە پێستی ئادەمیزاددا پەیدا ئەبێ، جۆری وشک و تەڕی هەیە کە زینچکاوی لێ دێ و، بە وشکەبیرۆ و تەڕەبیرۆ ناسراون ع الأكزيما N eksem د اکزما. ☜ بەردەبیرۆ

٣١ـ باداری: نەخۆشییەکی ئاساییە، جۆرێکە لە هەوکردن لە نێوان جومگەکانی پەنجەی پێدا دروست دەبێت، بە تایبەتی پەنجە گەورەی پێ، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ترشێکەوەیە کە پێی دەگوترێت ترشی میزاوی لە خوێندا.

ئەکرێ، ئەمهێنێتە دەرەوە و لە تەنیشت براکەمەوە کە زۆر بە دژوارییی لە سەر توێژی سەهۆڵگرتووی پێچەڵپلووچی کوێستانەکە لێ ئەخورێ، دام ئەنێتەوە.

دەنگی شەجەریانیش شتێکە بە مەزنی ئەم کێوە. ئەم لوتکەیە. هەستان لە دەنگیدا بیرخەرەوەی ئەم لوتکەیە و دابەزینی پڕە لەو کانیاو و نزارانەی کە خەم ئەڕەوێنێتەوە. ئاسمانیە نەک زەمینی. نەء، زەمینیە. زەمینییەکی بێخەوشە. چونکە هەرچی هەیە لە پانتایی ئەم زەمینە دایە. دەنگی شەجەریان، دەنگی هەموو کێوەکان، دۆڵەکان، ڕووبارەکان، بەرد و دارەکانی ئەم خاکەیە.

ئەم دەنگە هەروەها ئەمخاتەوە بیری دواکەوتن لە برا هیندیەکانمان. ئەگەر سەرڕێژنەی[٣٢] ئەوانمان هەبوایە شەجەریانمان ئەکرد بە خودای ئاواز و، لە ئاناهیتا[٣٣] کۆشکمان بۆ ساز ئەکرد بۆ ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و سەدە لە دوای سەدە لەبیر نەچێتەوە. ئەمە چ دەنگێکە؟ ئەمە چ ئاوازێکە کە تەنها لە یەک گەروو دێتە دەرەوە، لە کاتێکا کە هەموو دەنگەکانە. نەک هەر هەموو دەنگەکانی ئەمرۆ بەڵکوو دەنگەکانی هەموو سەردەمەکان. ئەم دەنگە لە هەموو ماڵە فارس زمانەکاندا، لە سنوورەکانی سرەخسەوە تا چاهبەهار و گناوە، لە بەرزاییەکانی قەندووز تا ناو ماڵەکانی نیمچە کیشوەر، بە یەک جار لەدایک بووە، نەک هەر لەم سەردەمە، بەڵکوو لە هەموو سەردەمەکاندا. لەدایکبوونی لە ناو هەموو هۆز و تیرە، هۆبە و هەوار و بنە و خێزان، ڕەوەند و باژێردا پاتە بۆتەوە، ئەمە ڕیاڵی[٣٤] نەتەوەیە. کاتێکە ئەم گەرووە ئەکەوێتە گەڕ، بە تەنها بیرەوەرییەکان دووپات ناکاتەوە، بەڵکوو وەکوو

---

٣٢ـ سەرڕێژنە: ناو سەرڕێژانە، سەلیقە، زەوق، شێواز، چێژ N stil, måte, smak ع د
سلیقە، ذوق، اسلوب E style, manner, taste.

٣٣ـ ئاناهیتا: Venys هەسارەی دووەم لە کۆمەڵەی هەتاوی، نزیکترین هەسارەیە بە گۆی زەوی. ع زهرة N Venus د زهره. غغغ

٣٤ـ ڕیاڵ: sap ناو شیلە، ئاوگ، شیلاو و گوشرا هێمایر کاکڵ و ناوەڕۆک و ماک و سۆلان.
ڕیاڵی هەنگوین: شیلەی هەنگوینی قاڵکراو ع نکتر N sevje د عصارە.

یادێک کە بدات لە لاپەڕەکانی ئەستووری مێژوو، هەموو مێژوو بەسەر ئەکاتەوە و سروەی ئاوزی بۆنی هەموو ژیانە لەناوچووەکان ئەدات بە لووتا. ئەو دەنگبێژێکە هەموو گوڵەکانی بۆن کردووە و هەموو پیاو و ژن و مناڵانی هەموو سەردەمەکانی دیوە. مسۆگەر حافزیش حەزی کردووە هۆنراوەکانی بەو ئاوازە بخوێنێت و نەیتوانیوە.

لە پشت سەرمەوە، لە ناو پیکاپەکە و لە نێوان سێ تەرمی تردا، تەرمی پیاوێکە کە بزوتنی چالاکانەی پەنجەکانی لە سەر تەلەکانی سێتار، مەنەیەکی دێرینە بوو و دەنگی سازی گوڵاڵەی لە دڵی بەرد ئەڕوان. لەبیرمە ئەو شەوەی سازی لێ ئەدا و دایکی «ئەوینی» سەری لە گۆڕ دەرهێنا و هاواری کرد «ئەی هاوار کوڕەکەم!» و ئێستەش بۆنی یاسی لەگەڵ خۆی هێناوە و ئەگەر بۆنی ژیانە کۆنەکان نەبوایەت ئێمە ئەمڕۆ ژیانمان لەبیر کردبوو.

لە دەرەوە، با پڕووشەی تۆف و چڕی سەهۆڵی ئەدا بە شووشەی ئۆتۆمۆبیلەکەدا. گۆرانی تەواو بووە، چەمچەکان لە سەر شووشەکەی پێشەوە قرچەقرچیان دێت و بەملا و ئەولادا ئەخزێن. بەرەگەی بینین تەنگ بۆتەوە و جیهانی بچکۆلەی بەرامبەرمان بووە بە یەکپارچە. بە ڕادەیەک کە لێواری ڕێگا و هەڵدێرەکان زۆر بە دژوارییی ئەبینرێ. ئەڵێم:

ـ ئەبێ ڕایگرین، بەو جۆرە ناتوانین بڕۆین.

ـ ڕاگرتن هەمان و مردن هەمان.

ـ لانیکەم لە بەردەم چاخانەیەکدا ڕایگرە. چایەکی گەرم بخۆین و هەناسەیەکمان بێتەوە بەر و لە دۆخی ڕێگەوبانیش بپرسین.

ـ ئەمویست ڕایگرم. لە بەردەم دوو چاخانەشەوە تێپەڕین، بەڵام هەردوکیان ببوون بە یەکپارچە سەهۆڵ.

بە کەپرۆچکەیەکی بەردینی کلۆڵ ئەگەین کە بەفر و سەهۆڵ

دایپۆشیوە. لێی ورد ئەبمەوە بەڵکوو نیشانەیەکی ژیانی تیا بەدی بکەم. هەموو شووشەکان بەستوویانە و سپین. بەڵام لە پشت شووشەیەکەوە، شتێک وەکوو چەمچەی ئوتۆمۆبیل ئەملا و ئەولا ئەکات. زۆرتر ورد ئەبمەوە؛ وایە، یەکێک دەست ڕائەوەشێنێ:

ــ کوڕە ڕایگرە، ئەڵێی لێرە هەواڵێک هەیە.

مورتەزا زۆر بە وشیاریی و بە ئەسپایی ئوتۆمۆبیلەکە لە جادەکە لائەدا، سەری ئوتۆمۆبیلەکە ئەنێ بە دەرگای کوختەکەوە. هەردوکمان دائەبەزین و ئەچین بەرەو دەرگاکە. دەرگا هەتا نیوە ئەکرێتەوە و تاریکی ناو چاخانەیەکی ناوڕێ ئەمانگرێتە خۆی. زۆپایەکی گەورەی دار لە ناوەڕاستی چاخانەکەدایە. قۆڵە زۆپا ڕێی بەرەوە دیوارەکە لار کردۆتەوە و لە سەرتاپای بۆرییەکان، لە درزەکان و لە هەموو بیچمیەوە لەزگە دووکەڵی باریک سەریان هەڵێناوە و لە حەوای نیوە تاریکوڕوونی چاخانەکەدا سەرگەردانن. دەنگی شمشاڵی دڵتەنگ بەر گوێ ناکەوێ. قاوەچی کەوڵپۆسێکی لە بەردایە. لە لای سەماوەرەکەوە دانیشتووە و بە دەممانەوە پێ ئەکەنێ.

ــ ئۆغر بێ. بۆ کوێ ئیشەڵڵا؟

ــ خەریکین ئەچین بۆ «مەشهەد».

ــ تەرمتان پێیە؟

ــ بەڵێ. تۆ لە کوێوە زانیت، مامە؟

ــ لەم دۆخە دژوارەدا مرۆڤی بێکار بەم ڕێگەیەدا تێناپەڕێ. فەموونە نزیکەوە، فەرموون چا بخۆنەوە.

هەر یەکە و چاییەقەندێک(٣٥) ئەدات بە دەستمانەوە. لە تەنیشت ژێرپیاڵەکەوە چەند کلۆ قەند، بە هۆی سەرڕێژ بوونی پیاڵەکەوە خەریکن ئەتلیسێنەوە. قەندەکان ئەخەمە ناو پیاڵەکە و ئەپرسم:



٣٥ـ چاییەقەند: sugar tea aside خواردنەوە چای تاڵ، پیالەیەک چای تاڵ لە سەر ژێرپیاڵە، لەناو سینییەکی بچکۆلانەی زەرد، دوو کلۆ قەند و کەوچکەچایەک لە تەنیشتی دائەنرێ. ع شاي السكر جانبا N sukker te til side د چای قند پهلو.

ـ چۆنی ئەگوزەرێنی مامە؟
ـ ئەیگوزەرێنین ئیتر، شوکری خوا خراپ نییە.
ـ هیچت دەست ئەکەوێ؟
ـ کەسی وا بێهەدا نایەت، مەگەر ڕێبواری وەکوو ئێوە. لە خەڵکی وەکوو ئێوەش خۆ ناکرێ پارەی زیادی وەربگیرێ. سەرەڕای ئەوەش ئەگەر خودا خۆی دارتاشە ئەزانێ چۆن دار و تەختە بە یەکەوە ئەلکێنێ.
ـ مەبەستت چییە؟
ـ لەو کاتەوە کە هەوا وای لێهاتووە، شوکری خوا، ڕۆزی ئێمەش گەیشتووە. شەوانە کەڵ و ئاسک و بزنە کێوی، لە برسێتی و سەرمادا پەنامان بۆ ئەهێنن. خۆیان دێن، ئەدەن لە دەرگا و منیش ئەڵێم: «قەرموون، پێوقەدەمتان خێر بێ. هیچم نییە ئێوە بیخۆن. ئاڵف و ماڵف دەسناکەوێ. بەڵام ئەتوانم ڕزگارتان بکەم!» کێرد ئەهێنم بە گەروویاندا و پێش ئەوەی لە برسێتیدا بمرن، ڕزگاریان ئەکەم. هەم پێستەکەم بۆ ئەمێنێتەوە و هەم گۆشت. لەو بەفرەچاڵە خوداداوەی پشت چاخانەکەدا هەتا حەز کەن گۆشتم خەواندووە. ئەگەر پەلەتان نەبێ کەبابی پشتەمازەی بزنەکێوی یان ڕانی کەڵتان پێ ئەدەم.
ـ کامیان بەلەزەتترە مامو؟
ـ هەر کامیان چێژی خۆی هەیە. ئەبێ تاقی بکەیتەوە بۆ ئەوەی بزانی کامیانت لا بەچێژترە.
مورتەزا چا گەرمەکە هەڵئەقورێنێ و ئەڵێ:
ـ ئیتر چیت هەیە لەگەڵی بیخۆین؟
ـ ئەگەر لەو شتاناتان بوێ، لە ناو سفرەی ئێمە دەسناکەوێ.
ـ قەت لێی نەبووە یان بەمزوانە وای لێهاتووە؟
ـ نە برای من، تازەیی وای لێهاتووە. دڵم خەریکە دەردێ بۆ تنۆکێکی.
مورتەزا کەوڵپۆسەکە ئەدا بە بان سەریدا و ئەڵێ:
ـ کەبابەکەی ساز کە، ئەویکەی لە پای من!

ئەمە ئەڵێت و ئەچێ بەرەو دەرگا. پاش کورتە ساتێک ئەگەڕێتەوە و ئەڵێ:

ــ وەرە مامە. بیبی نیشانە! شتی وات هەرگیز نەخواردۆتەوە. باشترین ئارەقی خۆماڵیە.

پیرەمێرد بە ترسەوە سەیرێکی بتڵەکە ئەکات و ئەڵێ:

ــ تووشمان نەکات، ئاغە!

ــ ها... لە کاکەوە لەپڕ بووین بە ئاغە؟

پیرەمێرد پێ ئەکەنێ و شانی هەڵئەتەکێنێ و ئەڵێ:

ــ خوا لە ئاغەیی کەمتان نەکات، خێر بێتە ڕێتان.

ــ نەتوت کەبابەکە بوو بە چی؟

ــ ئامادەیە، بە چاوترووکانێک ئەیبرژێنم.

پیرەمێرد پەنجەرەیەکی بچکۆلە، کە ڕووی لە دۆڵەکەیە ئەکاتەوە. دەستی لە پەنجەرەکەوە ئەباتە دەرەوە و ئێمە خشەخشی نایلۆنی ڕچاو ئەبیسین. پاش تۆزێک گەڕان، چوار شیش بە پلە گۆشتی زلەوە ئەهێنێتە ژوورەوە. بە خاکەنازێک پۆلووی گەشاوە لە زۆپاکە دەرئەهێنێ و ئەیکاتە مەنگەڵێکی تەنەکە و دەس ئەکات بە کەباب برژاندن. مورتەزا پێکێک ئەدا بە دەستیەوە. پێکەکە وەرئەگرێ و ئەڵێ:

ــ بە خۆشی ئێوە!

کەباب و ئارەق کاری خۆیان کردووە. ماندوێتی تازە خەریکە خۆی دەرئەخات. لە سەر هەرزاڵەی چاخانە و لە سەر کۆمەڵێک پێستی بزنەکێوی باش خۆشەنەکراوی بۆگەن ڕائەکشێم. مورتەزا بە تامەزرۆییەوە سەیری پۆلووە سوورەکان ئەکات. ئەزانم چی ئەوێ. شارەزایی لەمکارانەدا لە باوکیەوە بە مەنە پێی گەیشتووە. سەیرێکی پیرەمێرد ئەکات و ئەڵێ:

ــ حەیفی ئەم ئاگرە خەسار ئەبێ!

ــ خوا لە دەمت ببیسێ قوربان.

وا دیارە زۆر دەمێکەیە دووکەڵ لە لووتت نەکەوتووە؟

ــ زۆر دەمێکەیە قوربان، زۆر دەمێکەیە!

ــ لە ئێمە باشتران لێرەوە تێناپەڕن؟

ــ نە قوربان، ئێرە بووە بە چۆڵگە.

ــ تۆزێ ئاگرەکە خۆش کە، من دامودەزگا دائەمەزرێنم.

پیرەمێرد گیانی دێتەوە بە بەردا و ئەکەوێتە جموجۆڵ. ئاگری مەنگەڵەکە بە تەواوی ئەگۆڕێ. موڕتەزا پارچە پارچە دەزگای لە لۆی کەوڵپۆسەکە دەرئەهێنێ و ئەڵێ:

ــ ئێستە کە بڕیارە دابنیشین ئەبێ یەک دوو پێستە بدەم بە سەر مەکینەکەدا بۆ ئەوەی نەیبەستێ.

ــ پیادە قوربان. هینی خۆتە. پێستە نرخی چییە؟ چەند دانەت گەرەکە هەڵگرە.

هەڵئەسم یارمەتی موڕتەزا بکەم. بە دوو سێ پێستەوە ئەچینە دەرەوە. کاپوتی ئوتۆمۆبیلەکە هەڵئەداتەوە. بە هەردوکمان مەکینە و ڕادیاتۆرەکە باش دائەپۆشین و بە پەلە خۆمان ئەکەینەوە بە ژووردا. پیرەمێرد لە سەر تەختەبەستێکی پان دەزگای دامەزراندووە و بە دەوراندەوری منگەڵەکەدا پێستەی جۆراوجۆری بزن و کەڵە کێوی ڕاخستووە. گەرمای مەنگەڵ و نەرم و گەرمی ئەو پێستانەی لە سەری دانیشتووم، لەگەڵ بۆنی گەنی پێستە باش خۆشەنەکراوەکان، دڵم تێک ئەدات. ئەمەوێ هەڵسم موڕتەزا ئەڵێ:

ــ وەرە مژێکی لێدە، ئێسکت تۆکمە ئەکات. مەخەوە، ئەمانەوێ بڕۆین.

دائەنیشم. موڕتەزا بەستەکەی لە سەر دائەنێ و ئەیگرێ بە بەر دەممەوە و ئەکەومە دوخمانیکردن لە دەستم، لە چاوم، لە گوێم و لە هەموو ئەسپاردە خوداوەندییەکان. بەڵام ئێسکەکانم قورس ئەبێت. ڕاست ئەکات گیانم دێتەوە بە بەردا. ماندوێتی و هیلاکی ڕێگەم لە لەش دەرئەچێ و وەکوو پەروانە سووک ئەبم.

پیرەمێرد دوو سێ بەست بە دوای یەکدا ئەکێشێ و نزامان بۆ ئەکات. کاتی ڕۆیشتن چەند شیش کەباب و خەڵووزمان پێ ئەدا. مورتەزا چەند هەوڵ ئەدا پارەی پێ بدات، وەری ناگرێ. بەڵام بەڵێنمان لێ وەرئەگرێ لە گەڕانەوەدا سەرێکی لێ بدەین. بەڵێنی پێ ئەدەین و ئەڕۆین. لە بەردەگا دەنگی لەگەڵ وژەی باکە تێکەڵ ئەبێت: «پێستەکان لەگەڵ خۆتان ببەن، پێویستتان ئەبێت. پێستەکان ئەخەینە پشت پیکاپەکە، لای کارتۆنەکان و ئەکەوینە ڕێ.»

کات لە دەی شەو تێپەڕیوە کە ئەگەینە قەراخی «بابول»... لە «بابول» بۆ شاهی، لە شاهی بۆ گورگان، گورگان بۆ گومەز، لە گومەز بۆ... هەیهۆۆۆ، هێشتا خوا کیلۆمەتری ماوە.

لە خەمی ڕێگەکەدام کە چەند تارمایی لە تاریکی بەردەم ئۆتۆمۆبیلەکەدا قیت ئەبنەوە و بە هەڵکردن و کوژاندنەوەی لایتێکی دەستی فەرمان ئەدەن ڕایبگرین. ئۆتۆمۆبیل پڕە لە ئارەق، دەزگای تریاک و چوار تەرم... ڕای ئەگرین. یەکێک لە بیست مەترییەوە تفەنگەکەی ڕووە لە ئێمە ڕاگرتووە. دوو کەسیش لای ئۆتۆمۆبیلەکە وەستاون.

ــ ماندوو نەبن برا!

ــ سپاس برا، سەلاموعەلەیکوم.

ــ تکایە ناسنامە و پسوولەی ئۆتۆمۆبیل.

دڵم بە ئاشکرا لێ ئەدا. مورتەزا بەڵام ئاسوودەیە. پسوولەکان ئەدا بە دەست پاسدارەکەوە. یەکیان بە لایت، ناو ئۆتۆمۆبیلەکە ئەگەڕێ. چاوی ئەکەوێ بە کاسێتەکان. دەستی ڕائەکێشێ و دەست ئەنێ بە دوگمەی ڕێکۆردەرەکەدا. دەنگی «بەنان» بەرز ئەبێتەوە: «بۆنی جۆگەی موولیان دێت و...» مورتەزا لە ژێر لێوەوە ئەڵێ: «بیلاخ!» پاسدارەکەی تر ئەپرسێ:

ــ کاسێتەکان چی لێبکەین برا؟

ــ پلاستیکە؟
ــ ئەم یەکەیان ئا.
مورتەزا بە شادمانیەوە خۆی هەڵئەقورتێنێ و بەبێ وەستان ئەڵێ:
ــ هەر هەمووی پلاستیکە برا. دڵنیا بن، ئێمە لەوانە نین. ئەگەر هیی کومیتەی سەرەکی «بابول»ن سڵاوی من بە حاجی ئاغە بگەیەنن. لە گەڕانەوەدا ئەچم بۆ خزمەتیان.
ــ خزمی حاجی ئاغەن؟
ــ بە ئیجازەتان بەڵێ.
ــ ببوورن بارتان چییە؟
ــ چوار تەرمی مردوو. هەڵبەت پسوولەی گواستنەوەمان پێیە.
ــ فەرموون برا، فەموون خێر پێش.
ئەکەوینە ڕێ. بۆ ماوەیەک زمانم ناگەڕێ. هەرچی چۆن بووە دێمەوە بە خۆما و ئەپرسم:
ــ باشە پلاستیک ئیتر چییە؟
ــ بە گیانی تۆ نازانم.
ــ ئەی چۆن بوو ئەتوت هەر هەمووی پلاستیکە؟
ــ مەگەر کاسێتی دار و ئاسنیشمان هەیە؟
ــ نازانم وەڵڵا. پلاستیکە، هەرچی هەیە، لە لایەن مەولاوە هاتووە.
ــ ڕاستی ئارەقەکانت لە کوێ داناوە؟
ــ نەزانی باشترە، کەمتر ئەترسی. ئەگەر بزانی ڕەنگت وا ئەپەڕێ، دەسبەجێ تووش ئەبین.
ــ تۆ خۆت بەڕاستی ناترسی؟
ــ چەندە کەمتر بترسی کارەکان ئاسانترە. کاتی مەترسی مەولا ئەوەندە لێم نزیک ئەبێتەوە کە هەناسەی ئەدا لە هەناسەم.
ــ خۆزگەم بە خۆت، لەگەڵ بەرپرسی کومیتەی ئێرەش ئاشنایت. وایە؟
ــ نا کوڕە تۆش، هەر نازانم کێشە!

ـ ئەی چی بوو ئەتوت سڵاوی ئێمەی پێ بگەیەنە؟

ـ ئەم قسانە مەولا ئەیخاتە سەر زمانم. بینیت چۆن لە کۆڵمان بوونەوە؟ ئەگەر بیویستایەت بە تەواوەتی بگەڕێ، کارمان سەخت بوو.

ـ عەجەب قۆشمەیەکت لێ دەرچووە.

ـ سپاس قوربان.

لەپڕ دێ بە مێشکمدا و بۆم دەرئەکەوێ پلاستیک واتای چیە:

ـ گوێ بگرە مورتەزا. نەکا مەبەستی پاسدارەکە لە پلاستیک، کلاسیک بوو؟

مورتەزا ئەدا بە سەر ستۆپەکەدا. سەرەتا سەری ئەخاتە سەر فەرمانەکە. پاشان چرای ناو ئوتۆمۆبیلەکە هەڵئەکات. لە من مۆڕ ئەبێتەوە و ئەدا لە قاقای پێکەنین. هەردوکمان ئەکەوینە پێکەنین. خەریکە لە پێکەنیندا ناوسکمان ئەپچڕێ کە پڵتۆکێک ئەدا لە شووشەی پشت سەرمان و دەنگی باوکم ئەبیسرێ کە ئەڵێ: «بڕۆن کوڕم، بڕۆن!»


سەرما لە ناخەوە ئەملەرزێنێ. برسێتیش زۆری هێناوە. تا شار زۆرمان نەماوە، بەڵام منیش توانام نەماوە. کەوڵپۆسەکە جوان ئەپێچم لە خۆمەوە و سەرم لە ناو خوری و کۆلکەی کەوڵپۆستەکەدا ئەشارمەوە و ئەڵێم:

ـ پێکێک ئارەق لەمکاتەدا کارساز ئەبوو.

ـ نا کاکە گیان، لێرە بەولاوە هەنگاو بە هەنگاو بۆی هەیە بۆنی دەم بکەن. تا نەگەینە جێگەیەک باش نییە.

لە شار جگە لە با ڕێبوارێکی تری لێ نییە. کەم پەنجەرە هەڵە. تیرێژێکی باریک لە درزی سەنگەرەکانەوە ئەخزێتە دەرەوە و لە بەر ڕووناکی‌دا لوولەی ئاگرپژێنەکان ئەبینرێ. پەیکەرە ڕچاوەکانی درەختەکان جووڵە ناکەن. سەرەڕای ئەوەی ئەم شارە لە دەسپێکی فڕۆکەکانی دوژمن زۆر دوورە، کەچی لە شارێکی چۆڵکراو ئەچێ.

ـ ئەبێ بچین بۆ کوێ؟




ـ مۆتێلێک لەوبەری شار هەیە، هیی ئاڤانسە، هەڤاڵمانە.

شارەکە تێپەڕ ئەکەین. دیسان دەرەوەی شار، دار و جەنگەڵ. مورتەزا پسپۆڕانە و بە چالاکی خەم و پێچی کوێرەڕێکان ئەبڕێ و لە بەردەم مۆتێلەکەدا ڕای ئەگرێ. هەردوکمان دائەبەزین. لە تاریکیدا سەیرێکی هەر چوار تایەکە ئەکات. کارێک کە بە پێی خوو ئەنجامی ئەدات. ئەگینا، لەو شەوەزەنگەدا، خۆ هیچ نابینرێ. ئەڕوات بەرەو دەرگاکە. منیش بە دوایدا. کە ئەچینە ژوورەوە بە دەنگی بەرز هاوار ئەکا:

ـ ئاڤانس سالام! بابام لە کاوێی؟![٣٦]

لە ژوورێکەوە دوو پاسدار دێنە دەرەوە و ئەکەونە هەڵسەنگاندنمان:

ـ کارێکتان هەبوو برا؟

مورتەزا، حەپەساو و ترساو ئەڵێ:

ـ ئاڤانسمان ئەویست.

ـ ئاڤانس کێیە برا؟ ئێمە لێرە ئاڤانسمان نییە.

ـ مەگەر ئەمە مۆتێلی ئەو نییە؟

ـ ئەها، تێگەیشتم. نە برا! ئەم مۆتێلە دەستی بەسەرا گیراوە.

ـ سەیرە، نەمزانیبوو. ببوورە برا.

ـ ژوورتان ئەویست؟

ـ نە برا. لە ڕێدا بووین. هاتووین سەرێکی لێ بدەین. ڕاستەکەی هەندێ پارەمان لایەتی.

---

**٣٦**ـ مورتەزا لێرەدا لاسایی ئاڤانس ئەکاتەوە کە ئەرمەنیە و ئەرمەنیەکان کاتی قسەکردن بە کوردی و فارسی (ل)یان هەمووی قەڵەوە و (ئە) بە (ئا) بێژە ئەکەن. ئەرمەنیەکان لای ورمێ زۆرن و پەیوەندییان لەگەڵ کوردەکان خۆشە و زۆریان کوردی ئەزانن. لە ڕۆمانە ناوازەکەی «نزا بۆ ئارمین»ی نووسەری مەزن دکتۆر برایمی یۆنسی، وەرگێڕانی وەرگێڕی توانا عەبدوڵڵا حەسەنزادەدا، ئارمین کچە ئەرمەنییەکە، کەس و کاری لە ماڵە کوردێک ئەیشارنەوە.

ـ نە برا، ئیتر لێرە نییە. ئەگەر ئەتانەوێ بچن بۆ ماڵەکەی.

ـ ماڵەکەی خۆ نەگۆڕاوە؟

ـ پێم وانییە.

ـ زۆر سپاس، خوا حافیز.

بەبێ قسە و بە شەمزاویی ئەچێتە پشت فەرمان. دەرگاکە بۆ من ئەکاتەوە و ئەکەوێتە ڕێ.

ـ باشە ماڵەکەی ئەزانی؟

ـ ئەرێ بابە تۆش!

لە بەر ماڵی ئاڤانس ڕای ئەگرێ. خوا خوامە لە ماڵەوە بێت. چونکە بە ڕاستی لە پێ کەوتووم. پەنجە ئەنێت بە زەنگەکەدا، دائەنەوێتەوە و بەبێ ئەوەی هیچی لێ دیار بێت سەیری ژێر ئوتۆمۆبیلەکە ئەکات. ئاڤانس دەرگا ئەکاتەوە و تا چاوی ئەکەوێ بە مورتەزا، لە خۆشیانا خەریکە باڵ بگرێتەوە.

ـ چی باوە کوڕە، تۆ لا کاوێ، ئێرا لا کاوێ؟

باوەش ئەکەن بە یەکا و یەکتر ماچ ئەکەن. مورتەزا منی پێ ئەناسێنێ. هەمووماں ئەچینە ژوورەوە و من دەسبەجێ لە سەر موبلەکە ڕائەکشێم.

ـ ماندوون، دیارا. خودایا ئام والاتە کای ئابادان ئەبێ؟

ـ چی بووە ئاوەڕووتیان کردووی؟

ـ ئاسوودە بووین، بابا. هار ئاوارای جانگی، هار بریندار، هار پاککەوتە. بالام پارا بێپارا. خاریک بوو هارچیمان هابوو ئارۆیشت. نانتان خواردووە؟

ـ قوزەڵقورتیشمان نەخواردووە. بەلام چەند شیش کەبابی بزنە کێویمان پێیە.

ـ هی ناو ڕێیا؟

ـ بەڵێ.

ــ شتی چاکە. بڕۆ بیهێنا.

مورتەزا ئەڕوا بۆ کەباب. ئاڤانس پەرداخێک ویسکی ئەدا بە دەست منەوە و ئەڵێ:

ــ نا بابام، ئێرا جێی خاو نییە. تازا سەرەتای ئەوینە. دوو ساڵا ئێمە ئاخاوی نەدیوە.

خۆم ڕائەکێشم و پەرداخەکەی لە دەست وەرئەگرم. مورتەزا کەباب ئەهێنێ کە نایلۆنی تێوە ئاڵاندووە و ئەڵێ:

ــ ئەتوانی ئاگر ساز کەی؟

ــ واک کارەبا!

پەرداخێکیش ئەدا بە مورتەزا و ئەچێ بۆ ئاگر کردنەوە.

ــ بووین بە عەزیەت بۆی.

ــ نە برام. ئەو لە خوایەتی یەکێک بێت بۆ لای. بێچارە بە تاقی تەنهایە.

ــ ئەی ژن و منداڵەکەی لە کوێن؟

ــ پارەکە لە سنوور کردیانی بەو دیوا. ئەمیش بڕیار وابوو مۆتێلەکە بفرۆشێ و بڕوات. نازانم ئێستە ئەویەێ چی بکات.

ــ ئێرەش بۆنی یاسی لێدێ!

ــ منیش هەستم پێکرد، بەڵام باوەڕم نەکرد.

ــ تۆ بڵێی مردوی ئەمیشیان ناردبێتەوە؟

ــ پێم وانییە. ئاڤانس ئەرمەنیە و مەسیحی، کاریان بە گۆڕستانی ئەوان نییە.

ئاڤانس بە چەند دەفر و کارد و چنگاڵ و سەبەتەیەک نان لە چێشتخانە هاتەدەرەوە.

ــ لێرەش شتێک ڕووی داوە ئاڤانس؟

ــ بۆچی ماگار؟

ــ بۆن دێت!

ئاڤانس بە گومانەوە سەیرمان ئەکات و پاشان وەکوو بڵێ چی

ئەبێ با ببێ وتی:

ـ تەرمی کوڕی یەکێک لە هەڤاڵاکانە. لا ماڵی خۆیان جێ نییە. مەناڵەکان ئەترسن. هێنایانا لێرا دایناوە. با ئێوام ناوت کە نەترسن.

ـ ئێمە خۆمان چوارمان لە ناو ئوتۆمۆبیلەکەدا پێیە!

ـ چار دانا؟ یا ئیمامی زامان! ئاوان کێن؟

ـ یەکیان باوکمانە. یەکیان باوکی ژنەکەی کاکەمە. دوانی تریش لە خزمانن. باش نایانناسین.

ـ عاجاب بازمێکە ها! کوڕی ئام هاڤاڵەی منیش، خۆیان کوشتن، خۆیان چاڵ کردن، خۆیان ناردن. کای ئام والاتە ئاباد ئەبێ خودایا؟... وەو، کاباب سووتا.

بە غار ئەچێ بۆ چێشتخانە و پاش تۆزێک بە کەبابەکانەوە لە سەر بەلەمێکی چینی ئەگەڕێتەوە.

ـ ئارەق ئەخۆیتەوە ئاڤانس؟

ـ نا بابا، چەندەت بوێ هاما. لە ناو ئوتۆمۆبیل شاردووتە؟

ـ ئەرێ.

ـ زۆڕ وریا با... چ کاباب! خودایا! داراجە یەک!

ـ پشتە مازەیە. دەی لەم ناوە باسی جەنگ چییە؟

ـ وەڵڵا هاموو ئابەن. هاندێکیش خۆیان ئاچن. ئێمە لە جانگ تەنها شاهیدەکانی ئەبینین. خواردنی خاڵک بووە بە شاربات. هاندێ جار جانازە دێتەوە و من گومان ئاکام گایشتبێتە مایدانی جانگ. ئەمڕۆ ڕۆیشتووە، بایانی بە مردوویی گاڕاوەتەوە.

ـ لە تاران پێیان ئەوترێ کالای یەکجار.

ـ هاندێک هاڵ دێن، هاندێ خۆ ئاچن. هاندێ بۆ ئیسلام، هاندێ بۆ ئێران. چاند دانە ئاڕمانیش چووبوون بۆ جانگ. شارباتی شەهادەت خواردن، گاڕان.

ـ وەڵڵا، پاسداران وتوویەتی: «لە پێناوی ئسلامدا!» گوو بە ئێرەی بابی درۆزن.

زۆر خەوم دێ، بەڵام خۆم ڕاگرتووە. هەندێ جار سەرم ئەکەوێ بە بەرا و ئەرکی ئاگاداربوون، وەکوو ئەستێرەیەکی شووشە، ئەیدا بە تەوێڵما، بە ناوەڕاستی هەر دوو چاوما. ڕائەپەڕم. بە زۆر چاوەکانم ئەکەمەوە و دیسانەوە ئەکەومەوە ناو چاڵی خەو. لە نێوان ئەم خەو و بێدارییەوە پچڕ پچڕ قسەکانی ئاڤانس ئەبیسم. سەبارەت بەوەی نازانم کامە بینایان کردووە بە زیندان. سێ زیندانی نوێیان دروستکردووە و دادیارێکی شۆڕشیان هەیە کە هەر پێنج خولەک و دوو کەس دادگایی و گوللەباران ئەکات. خەو ئەمبات و ئەمهێنێ. لەت و کوتی قسەکانی ئاڤانس ئەلکێنم بە یەکەوە: «پاسدارەکە، دوو ڕۆژ پاش تیرەباران، چووە بەر دەرگاکەیان، دای لە دەرگا و پانزە تمەنی دا بە دایکی کچە، لە بری مارەیی. تەنها چواردە ساڵ تەمەنی بوو. پەیمانگەی باڵای پەروەردەیان کردووە بە کومیتە...»

ئێستە کە قسە کردن لەگەڵ مردووەکان‌دا کارێکە ئەکرێ، حەز ئەکەم لەگەڵ یەکێک لەم کچانە قسە بکەم. لە زمانی خۆی ببیستم چی بە سەر هاتووە. بەسەرهاتی یەکێک لەم کچانە، لە کاتی دەرکردنی بڕیارەوە هەتا تیرەباران. ئەبێ گەورەترین و خەمبارترین سەربردەکانی جیهان بێ.

ئەتویست چی بپرسی؟ بپرسە! هاتووم بۆت بگێڕمەوە.

ــ خۆت ئەزانی، خۆت بیڵێ، بۆمی بڵێ...

ــ سەربردەی مە درێژترین داستانی جیهان نییە. هەموو شتێک وەک برووسکە تێپەڕی. کاتێکە گرتمیان ئەوەندەیان لێدام تا بێهۆش بووم و بوورامەوە. کاتێکە هاتمەوە هۆش چاویان بەستم و بردمیان بۆ دادگا. ڕەوزەخوێنەکەی گەڕەکی خۆمان سەرۆکی دادگا بوو. جاران زۆر جار ئەهات بۆ ماڵمان، بۆ ڕەوزە خوێندن. دایکم زۆر یارمەتی ئەدا. نەم

ئەبینی، بەڵام بە دەنگەکەیا ناسیمەوە. زۆر شادمان بووم کە دادوەر ئاشنایە. لەگەڵ من قسەی نەکرد. لە یەکێکی پرسی: «چی کردووە؟» و دەنگێک وتی: «موحاربەی خوا.» و ئەو وتی: «زۆر چاکە بیبەن.» منیان گەڕانەوە بۆ ژوورەکە. لە بنی دڵما شادمان بووم. دڵنیا بووم بە جۆرێک یارمەتیم ئەدا، ڕزگار ببم. تا ڕوون بوونەوەی هەوا هەر سەیری برینەکانم ئەکرد. ئەوانەی کە ئەمتوانی بیان بینم. پشتم ئەسووتایەوە و نەمئەتوانی برینەکانی ببینم. برینەکان سەرگەرمییەکی باش بوون. پاشان شێویان بۆ هێنام. نازانم چەندە ئەبوو نانم نەخواردوبوو. نان بوو و خورما و ئاو. خورمایەکم خستە دەمم. بەڵام نەمتوانی قووتی بدەم. ئاوم کرد بە سەریا. ددانم هاتە ئێش. خەریک بووم مژم ئەدا لە ددانم کە دەرگای ژوورەکە کرایەوە و پاسدارێک وتی: «هەتا کاتژمێری دەی شەو کاتت هەیە سپاردەنامەی خۆت بنووسی. ئەگەر کاغەز و پێنووست گەرەکە بۆت بهێنم.» دەرگای داخست و ڕۆیشت. ویستم بیر لە دایکم بکەمەوە. بەڵام بۆم نەکرا. لە باوکم و خوشکە بچکۆلەکەم، نەکرا و نەکرا. بە جارێ هەر نەمتوانی بیر بکەمەوە. نازانم چەند کاتژمێر تێپەڕی. دیسانەوە دەرگا کرایەوە. هەمان پاسدار هاتە ژوورەوە و وتی: «نووسیت؟» وتم: «نەء.» وتی: «سپاردەنامەت نییە؟» وتم: «نەء» وتی: «باش نییە کچێ. هەموو موسڵمانێک ئەبێ ڕاسپاردە بنووسێ.» وتم: «من هیچم نییە بینووسم. تەنها شتەکانم بدەن بە خوشکەکەم. وتی: «ئەزانی تۆ ئەمشەو ژنی منی؟» وتم: «دەست لە من مەدە.» قایشەکەی ئاڵاند بە دەوری دەستیدا، پاشان هەڵیسووڕاند بە دەوری سەریا و بە گوڵی قایشەکە دای لە سەرم.

ــ ئەو ڕەشاییەی لای چاوت هیی ئەوەیە؟

ــ رەنگە. پاشان ئیتر ئاگام لە هیچ نەما. نیوەشەو بە هۆی ئازارەوە خەبەرم بوویەوە. بینیم هەموو گیانم خڵتانی خوێنە. ئەویش لە لامەوە لە ناو ژوورەکە ڕاکشابوو. خەوتبوو. بۆ ساتێک دای لە سەرم کلیلەکەی لە گیرفان دەربهێنم، دەرگا بکەمەوە و ڕاکەم. بەڵام ترسام.

ئاگام لە دەرگاکانی تر نەبوو. خەریک بووم بە سووچی کراسەکەم خۆم ئەسڕییەوە، خەبەری بوویەوە. چاوی هەڵگلۆفی و وتی: «ئەی باوکە گیان، درەنگ بووە، هەستە بڕۆین.» ژێر باڵی گرتم. لە ژوورەکە هاتینە دەرەوە. نەم ئەتوانی باش بڕۆم بە ڕێدا، ئەشەلیم. باوەڕم نەئەکرد. هەتا ئەوەی چاوی بەستم. پاشان بەستمیەوە بە دارێکەوە. ئەوسا باوەڕم کرد. ئەوسا بە پەلەپەل کەوتمە بیرکردنەوە. هەموو ژیان و تەمەنی خۆم بەسەرکردەوە. یاریکردن لە حەوشە، جەژنەکان، جەژنانەکان، میوانیەکان، پۆلی یەکەم، پۆلی دووەم، هاوپۆلەکان، دایکم، باوکم، ئەوسا کە نەخۆش کەوتبوو، کاتێکە دایکمی بردبوو بۆ گەشت، ماڵی خاڵم، مناڵەکانی خاڵم، تاران، گەڕانەوە لە تاران، دار پرتەقاڵ، گەورەترین پرتەقاڵ کە لە دارم کردبوویەوە، زەردە ماسی، زەریا، بەلەمەکەی مامم، کچی مامەم، بووکەکەی، کلاسی چوار، کلاسی پێنج، مامۆستای پەخشانی پۆلی شەشەم کە پێی وتم: «مەگەر مێشکت بۆنی سەوزیقاورمەی لێدێ؟» پاشان ئیتر هیچ. گەرووم و پاشان سەردڵم کزایەوە. لەپڕ وەک ئاگر بگرم. بەڵام هیچم نەبیست. هێشتا کاتم هەبوو بیربکەمەوە لە خوشکم، کە ئەو کاتە ئەبێ خەوتبێ. هاتە سەر سەرم، بە دەمانچە گوللەیەکیشی نا بە مێشکمەوە. نەیهێشت ئیتر بیر بکەمەوە!

یەکی دی چارشێو بەسەر، خۆش چاو و برۆ، دوو چاوی ڕەش، لای لێوی بریندار، دێتە ژوورەوە.

ـ تۆ کێی؟

ـ هاتووم بۆت باس بکەم.

ـ نامەوێ بۆم باس بکەی. بەسمە.

ـ نەء، هاتووم و ئەبێ بۆت باس بکەم. چونکە هیی من جۆرێکی ترە.

هاوار ئەکەم:

ـ نامەوێ بۆم باس بکەی. بەسە، بەسە.

مورتەزا ڕام ئەوەشێنێ. چاو ئەکەمەوە. لێزک خووساندوومی. مورتەزا و ئاڤانس دامودەزگایان ڕاخستووە. لە سەر موبلەکە دائەنیشم. ڕوومەتم لە ناو لەپی دەستمدا دائەشارم.

ـ خەوت بینی کاکە؟

ـ ئەرێ.

ـ مەگەر خەونی بە مردووەکانەوە بینیوە. ئێمە لە بێداریدا پۆل پۆل مردوو ئەبینین و واشمان لێنایە.

هەست ئەکەم ناسازم. هەڵئەسم بچم بۆ ئاودەس.

ـ ئاودەس لە کوێیە؟

ـ بنی ناودالان، دەستی ڕاست.

دەرگای ئاودەس داخراوە. ناکرێتەوە. لە ناوەوە داخراوە. ئەگەڕێمەوە.

ـ نەت دۆزییەوە؟

ـ با، بەڵام یەکێکی لێیە.

ئاڤانس سەیرێکی مورتەزا ئەکات و پاشان ڕوو ئەکاتە من و ئەڵێ:

ـ ببوورن، ئابێ کامێ ڕاوەستن. هاندێ جار وا ئابێ. کامێ ڕاوەستە. ئەگار زۆر نییە بچۆ بۆ گارماو.

ـ گەرماو لە کوێیە؟

ـ دەرگای تەنیشتی.

دەرگای گەرماو کراوەیە. ئاوێکم دا بە دەموچاومدا و کاتێکە بۆ خاولی ئەگەڕێم، دەنگی کردنەوە و داخستنەوەی ئاودەس ئەبیستم. مل ئەکێشم. ئەیبینم. باڵای بەرزە. چوارشانەیە. بیست و سێ چوار ساڵ زیاتر نابێت. ئەچێ بۆ هۆڵەکە و درێژە بە ڕێگەی خۆی ئەدات بەرەو دەرەوە.

مورتەزا ئارام و لەسەرخۆ، بە سەرنج بەڕێی ئەکات. تا لە

خانووەکە ئەچێتە دەرەوە.

ـ بەمشەوە بۆ کوێ ئەچێ؟

ـ ئاچێ بۆ لای ماڵی خۆیانەوە. هەموو ڕۆژ ئاچێ بۆ ئاو لاّیە. هاموو خزمان پێیان وایە تێکچوون. خوشکەکەی مناڵێکی دوو سێ ساڵان هایە، ئاو مانالّەی زۆر خۆش ئەوێ. بەردەوام لەگەڵ ئاو مانالّە قسە و وازی ئاکات. دایکیان پێی وایە هەموویان بوون بە دۆعایی.

من ئیتر ناوێرم بخەوم. بیرم ئەچێتەوە بۆ لای کچەکان، بە چاوی شینهەڵگەڕاو و لێوی بریندار، ڕیزیان بەستووە و چاوەڕێن بخەوم بۆ ئەوەی بێن بۆ لام. لە لای دامودەزگای مورتەزا و ئاڤانسەوە دائەنیشم بۆ ئەوەی وەک پەروانە خۆم سووک بکەم. بۆ ئەوەی لە خەو و خەونی پڕ لە نۆبووکی چواردە ساڵەی بریندار خۆم پاراستبێ.

ئێستە لە سەر پارچە تەختەیەک دانیشتووم و کەوتوومەتە ناو ڕێبازی بەرەدەڵان و پڕ هەڵەتی ڕۆژگاری ئاڤانسەوە. ساڵی پێشوو هەرچی هەبووە خستوویەتە سەر مۆتێلەکە، پاشان پارەیەکی خەرج کردووە و وەشکەری پەیدا کردووە بێن و دەست بەسەر مۆتێلەکەدا بگرن! ئێستە ئاسوودە بووە. ژنەکەی لە لەندەن کاری پەیدا کردووە. منالّەکەی ئەچێ بۆ فێرگە. بەم دواییە بە ئینگلیزی نامەی بۆ نووسیوە. «خوا شوکر ژنەکەم مرۆڤێکی بە جەربەزەیە.» پاش لە دەسچوونی مۆتێلەکە و بێکەڵک بوونی پلاژەکەی لە «بابولسەر»، هیچ داهاتێکی نییە. ماوەتەوە ئەم ماڵە کە کەس نایکڕێ. ئەگەر بتوانێ خانووەکەی بفرۆشێ ئەیەوێ بچێ بۆ ئینگلیز. هەڵبەت ڤیزایش خۆی گرفتارییەکە. بەڵام هیوادارە بتوانێ ڤیزا وەربگرێ. هەڤاڵێکی ئەرمەنی بەڵێنی پێداوە، لە میدلەند بانک هەژمارێکی بۆ بکاتەوە، پارەیەکی زۆری تێبکا و بەڵگەنامەکانی بۆ بنێرێ و ئەو بچێ بۆ تورکیە و پیشانی کونسووڵی بدات و بڵێ کابرایەکی زگورتی پارەدارە و ئەیەوێ بۆ حەفتەیەک بچێ بۆ لەندەن بۆ پشوودان و کڕین. ڤیزاکەی کە وەرگرت بچێ بۆ لای ژن

و منداڵەکەی و بمێنێتەوە. لەوێ چی پێ ئەکرێ ئەوە نازانێ، بەڵام ڕای وایە خوا گەورەیە. ڕەنگە بتوانێ بۆ خۆی و بنەماڵەکەی پەنابەرێتی ئەمریکا وەربگرێ و هەموویان بچن بۆ ئەمریکا و ئەگەر پێی بگاتە ئەوێ ئەتوانێ کارگەی میکانیکی ئوتۆمۆبیل دابنێ و بەرەی خۆی لە ئاو دەربکێشێ.

لە دەرەوە، لە پشت پەنجەرەکە، ڕەنگی شەو خەریکە کاڵ ئەبێتەوە. ئاڤانس ئەوەندەی چاوی بە پشت پەنجەرەکە ئەکەوێ، ڕائەبێت. لە ژوورەکە سێ بەتانی ئەستوور ئەهێنێ و هەرکامە و بەتانیەکمان پێ ئەدات و ئەڵێ:

ــ کاتێکە پانجەڕەکە ئەکەمەوە، ئابێ خۆتان داپۆشن و بەبێ قسە گوێ لا بایانی بگرن.

ــ مەگەر بەیانیش قسە ئەکا ئاڤانس؟

ــ کاتی خۆی ئەی بیستی.

ئاڤانس سەیری کاتژمێرەکەی و پشت پەنجەرەکە ئەکات و لە کۆتایی‌دا هەڵئەسێ و ئاماژە بە ئێمە ئەکات کە بەتانیەکان لە خۆمانەوە بئاڵێنین. بە ئارامی پەردەکە لائەدا و پەنجەرەکە ئەکاتەوە. لە کەسێک ئەچێ کە ئەیەوێ بە دەست باڵندەیەک بگرێ. پەنجەی لە ئاستی لووتی ڕائەگرێ. بەتانیەکەم وەکوو چارشێوی ژنان داوە بە سەرمدا و لە درزەکەیەوە سەیری دەرەوە ئەکەم. باخی سپی و گەورەی پرتەقاڵ. لقەکان لە کالانی سپی و ئەستووری سەهۆڵدا بەبێ جووڵە دەستیان بۆ ئاسمان بەرزەوە کردووە. لەم بەیانیە بێ باڵندەیەدا، لەم بەیانیە نەزۆکەدا، لەم بەیانیە ڕچاوەدا چ دەنگێک ئەبێ هەبێ؟

پەنجەی ئاڤانس ئەمجار سووچی بەرەو ئاسۆ پیشان ئەدا. دیسان گوێ ڕائەگرم. ڕاست ئەکات. دەنگێک دێت و نزیک ئەبێتەوە. لە ناو باخەکەوە تێ ئەپەڕێ و بڵێی نەڵێی لقە ڕچاوەکانی دار پرتەقاڵ جووڵە ئەکەن. دەنگ وەکوو ئاوازی دەستەیەکی کۆڕاڵە. سەرەڕای ئەوەی کە

لە دوورەدەستی ئاسۆوە دێ و بە ناو لق و پۆپەکان‌دا تێ ئەپەڕێ، بەڵام وەهایە کە لە دوورەوە، لە زۆر دوورەوە ئەبیسرێ. ئەڵێی دەستەیەکی گۆرانیبێژن لە شوێنی لێکدانی زەوی و ئاسمان‌دا، لای سپێدپەهنا، لەوێ کە شەو ئەبێ بە ڕۆژ، وەستاون و هەماهەنگ و هەماواز ئەخوێنن. دەنگیان بە نێوان دارە ڕچاوەکان‌دا تێ ئەپەڕێ، ئەسوێ و کە ئەگاتە ئێمە جگە لە ئاوازێکی پەژاراوی بێ وشە نییە. ئەم دەنگە لە کوێوە و چۆن ئەبێ هاتبێت. ڕەنگە سروەی کازیوەیە کە بە تێپەڕین بە سەر قامیشەڵان و چەم و باخ و خەڵک و گەناوەکان‌دا ئەم دەنگە بەدی ئەهێنێت. بیری ژیشکە گڵێنەکان ئەکەومەوە کە پەنجەمان ئەهێنا بە سەر دڕکەکانیان‌دا و دەنگی موزیکیان لێ بەرز ئەبوویەوە. کورت و زرنگاوە. هەر بەوجۆرەی کە سروەی بەیان بە ئارامی پەنجە بە دڕکی پشتی ئەم ژیشکەدا ئەکێشێ و، ئەم ناڵە درێژە خەمگینە... کە لەپڕ ویزەی دەسرێژی ئاگرپژێن یەک جار، دوو جار، سێ جار بەیانی ئەلەرزێنێ. پاش تۆزێک ئاوازی کۆڕاڵ ئەبڕێ و هەموو شتێک لە یەکدی هەڵئەپچڕێ.

ــ تاواو بوو. ئێستا کاتژمێر پانجە. هەموو ڕۆژێک بام جۆرە تاواو ئابێ!

ئینجا پەنجەرەکە ئەبەستێت.

ــ چی بوو ئاڤانس؟

ــ هیچ. بڕیار بەڕێوە برا. ڕۆژ دەستی پێکرد.

لە سەر موبلەکە دائەنیشم و دەنگی تەک تیرەکان ئەبیسم کە خاڵی کۆتایی بەسەرکردنەوەی بەپەلەی ئەو ژیانانەیە کە ئەوەندەش بە تەمەن نین. ئاڤانس ئەپرسێ:

ــ سارووپێ ئاخۆن؟

مورتەزا ئەڵێ:

ــ دوو کاتژمێر من لێ ئەخورم تۆ بخەوە، پاشان تۆ لێخوڕە من

ئەخەوم.

کەولێپۆسەکەم لەبەر کردووە. بەتانیەکەم لە خۆمەوە ئالاندووە و ئامادی خەوتنم کە دەنگی بەنان «بۆنی جۆگەی موولیان هەر دێت و دێ...» ئەمبا بۆ جادەکانی سەمەرقەند و بوخارا. بە لایەلایەی ئەتلەسی ئەو بە قەراخ باخەکانی سەمەرقەندا تێ ئەپەڕم و لە دەشتەکانی نێوان خێوە و بوخارادا بە سەر جادەی خەونِدا لێ ئەخورِم.

گوشاری دەستی مورتەزا کە خەریکە شانم ئەگووشێ خەبەرم ئەکاتەوە:

ـ بڕیار وابوو دوو کاتژمێری بخەوی کاکە. ئێستە ئەوا سێ کاتژمێر و نیوە کە خەوتووی. هەڵسە.

ـ چییە برام، ئەڵێی مەولات لەگەڵ نییە؟

ـ هەر ئەڕۆم و لێی دوور ئەکەومەوە. وەرە لێخورە.

بە دژواری بە سەر یەکا هەڵئەگەڕین و جێمان ئەگۆڕینەوە. یەکەمجارە لە بیابان پیکاپ لێخورِم. مورتەزا دەسبەجێ خەوی لێ ئەکەوێ. بە بەتانیەکە سەر سینگی دائەپۆشم و بە ئارامی ئەچمە پێشەوە. دەنگدۆزی[٣٧] ڕادیۆکە بائەدەم و بە دوای ئێزگەیەکی ناوچەیی‌دا ئەگەڕێم، بەڵکوو هەواڵێکم دەسکەوێ. لە بن خشەخشی پاڕازیتەوە ئەبیستم عیراق بە موشەک شارەکانی ئەسفەهان و قوم و تارانیان کاول کردووە. لە تاران سێ ماڵ کاول بووە، تاقە کەسێک کوژراوە و حەوت کەس بە سووکی بریندار بوون. درۆیە. مەگەر دانیشتوانی سێ ماڵەکە چوون بۆ سەیران کە تەنها یەک کەسیان لێ کوژرابێت؟ مەگەر خانووەکان لە پەڕی ئاگرخۆرە دروست کراون کە دائەڕووخن و برینیان سووکەڵەیە؟ هەرچی چۆن بێ، پیرۆزە. مووشەکبارانیش کراین. ئاخرەکەی ماڵ و منالێشمان کەوتە بەر هێرشی مووشەک. بومبارانەکان ئەگەر هەتا ئێستە بە ڕواڵەت ئامانجیان پێکانی ناوەندە

ـ٣٧ دەنگدۆز: tune **فەرمان** **ناو** لەسەر کێشی هەنگدۆز، کۆک، کلیلی کۆک، قۆپچەی گەڕان بۆ شەپۆلێکی تایبەت لە ڕادیۆدا. [ع] زر الطلب [N] stemme [د] کوک.

سەربازی و ئابوورییەکان بوو، ئەمجار ئیتر بە ئاشکرا نیشانەیان لە ماڵ و ژیانی خەڵک گرتووە. لە بن خشەخشەوە بەیاننامەیەکی سەربازی خۆمان ئەبیستم کە بەغدایان داوەتە بەر مووشەک. کە وابوو ئێمەش ئەبێ چاوەڕوانی مووشەکی زیاتر بکەین. ئەبێ بە زووترین کات پەیوەندی بە تارانەوە بکەم. ئەبێ بە خێرایی کارەکەمان جێبەجێ بکەین و بگەڕینەوە بۆ تاران. ئەگەر شتێک ڕووبدات، کەسیان بە سەرەوە نییە و دیار نییە چییان بە سەر دێت.

دەشتی پان و بەرینی گورگان بە دەوروبەرمەوە وەکوو زرێبارێکی ڕچاوە. ڕێگە چۆڵ و بێدەنگە. برسێتی و ماندوێتی و خەویش دەستیان داوەتە دەست یەک و کۆڵەیان کوتاوم. هەندێ توندی ئەکەم و سەیری دەوروبەر ئەکەم بەڵکوو چاخانەیەک ببینم، بە هیوای پشوودانێک. بەڵام نەء. گەیشتووینەتە خودی گورگان. تابلۆی قەراخ جادەکە کیلۆمەتری پانزە پیشان ئەدا. بە دواین هێز و توانام لێ ئەخوڕم.

لە شار چاوم بۆ شوێنێک ئەگەڕێ بتوانم تۆزێ لێی بحەسێمەوە. ئەیدۆزمەوە. ڕەستۆرانێکی گەورە کە لە سەر شووشەکەی لیستەیەکی دوورودرێژی خواردن نووسراوە و لە سەر مقەبایەکی گەورەش نووسیویانە: «کەبابی ئاسک» و بە جیاواز لکاندوویانە بە شووشەکەدا. لە بەر ڕەستۆران ڕای ئەگرم. مورتەزا دائەچڵەکێ. سەری بەملا و ئەولادا با ئەدا و ئەپرسێ:

ــ کوێیە؟

ــ گورگان.

ــ باشت ئاژووتوە برام. بەڵام بۆچی لێرە وەستاوی؟

ــ مەگەر نابینی، ڕەستۆرانە.

ــ بکەوە ڕێ، بکەوە ڕێ، زوو زوو.

ئەکەومە ڕێ و ئەپرسم:

ــ چی بووە؟

ـ مەگەر لەوبەر شەقامەکە کومیتەت نەبینی؟

ـ نا، نەمبینی. بەڵام چیمان لە کومیتە داوە؟ خۆ تۆ بە خزمیان دەرئەچی؟

ـ بڕۆ، ئێستە کاتی ئەم قسانە نییە. لە کۆتایی ئەم شەقامەدا ڕایگرە تا پێت بڵێم.

کاتێکە ئەگەینە کۆتایی شەقامەکە ڕای ئەگۆڕێ. ئەیەوێ لادەم بۆ لای ڕاست. لە شەقامی دەستی ڕاست لۆرییەک لە ڕووبەڕوومانەوە دێت. ئەیەوێ چرا بدەم بە لۆرییەکە. منیش چرای پێ ئەدەم. لۆری کە نزیک ئەبێتەوە، مورتەزا شووشەکە دائەداتەوە و بە دەست پێی ڕائەگرێ. من ئەوەستم. ئوتۆمۆبیل هێشتا نەوەستاوە، دائەبەزێ و لەوبەری شەقامەکە لە پلەی لۆرییەکە سەرئەکەوێ. چەند ساتێک لەگەڵ شۆفێرەکە قسە ئەکات. پاشان بە دەم ماڵاوایی کردن و بە پێکەنینەوە لە لۆرییەکە دوور ئەکەوێتەوە و سوار ئەبێتەوە:

ـ بای دەوە و بکەوە شوێن لۆرییەکە.

ـ بۆچی؟

ـ بۆ ئەوەی بچین بۆ جێگایەکی پەنا.

ـ من خەریکە لە براساندا پەکم ئەکەوێ. کاتژمێر نزیک چواری دوای نیوەڕۆیە.

ـ خۆت زیز مەکە کاکە گیان. لە گەڕاندا مرۆڤ ئەبێ هاوڕێی ڕێ بێ.

ـ بەمجۆرەی کە تۆ ئەڕۆیت حەفتەیەکی تریش ناگەینە «مەشهەد» و ئاگات لە دنیا نییە. تارانیان دراوەتە بەر مووشەک.

ـ مووشەک؟

ـ بەڵێ قوربان، مووشەکی ڕوسی!

ـ کوژراو و بریندار؟

ـ مەگەر ڕاستەکەی ئەڵێن؟

ـ نازانی کەوتۆتە کوێ؟

ــ نەء.

ــ ئەبێ زوو تەلەفۆن بکەین و هەواڵێک وەرگرین.

لۆرییەکە لە بەردەم بینایەکی کوری ئاجوردا ڕای ئەگرێ. خانووەکە نوێسازە و هێشتا نێوانی ئاجوورەکان بەندکەشی نەکراوە. شۆفێری لۆری دەرگاکە ئەکاتەوە و فەرمووومان لێ ئەکات بچینە ژوورەوە. لە لای لاجامەی دەرگاکە پێکەوە چاک و چۆنی ئەکەین.ماڵەکە گەچکاری کراوە، بەڵام ڕەنگ نەکراوە. هۆڵەکە قاڵیەکی گەورەی تورکمەنی لێ ڕاخراوە. لە سووچێکا تەلەفزیۆنێکی گەورە لە سەر مێزێکی تەختەی قاچ شکاو دانراوە. پانتۆڵێکی جین و چەند جووت گۆرەوی لە گۆشە و قەراخدا فڕێ دراون. خاونماڵ یان زگوردییە، یان ئەگەر ژنیشی هەیە، ئەوا ژنەکەی مرۆڤێکی شپرزەیە. دەرگای ژوورەکەی بەرەو حەوشە ئەکاتەوە و ئەچێتە ژوورەوە. هێشتا دانەنیشتووین سفرە ڕائەخات. لە سەر ڕفەی ئاگردانەکە وێنەی تاڵەقانی و لە سەر دیواری بەرامبەر وێنەی کەنارێکی کوێستانی هەڵواسراوە. لە بەر دەرگاکەوە چەند نان سەنگەکی کۆنە هەڵئەداتە سەر سفرەکە و ئەڕوا و بە چەند دەفر و بابیە و کەوچکەوە ئەگەڕێتەوە. زۆر گورجوگۆڵە. ئەڵێ:

ــ دەروێشیە هەڤاڵان، ئەبێ ببوورن. بۆ نیوەڕۆ ئاوگۆشتی بزنەکێویمان هەیە.

دیسان ئەڕوا و دێتەوە. کیتەڵەیەکی گەورەی ئاوگۆشت لە ناوەڕاستی سفرەکەدا دا ئەنێ و، وەک بڵێی شتێکی لەبیر چووبێت ئەڕوا و بە چەند سەلک پیازی پاککراوەوە ئەگەڕێتەوە.

ئاوگۆشتێکی زۆر بە تام و چێژە. لەو دەوریانەدا کە وێنەی عومەر خەیام لە ژێر شۆڕەبیدا دانیشتووە و لە پێکی بلووردا شەراب ئەخواتەوە، گۆشتی کوتراوی گەردنی بزنەکێوی بە پیازەوە ئەخۆین.

ــ مەگەر تا ئێستەش بزن دەسئەکەوێ؟

ــ نە قوربان، ئەو هەژارە ئەبێ ڕێی ون کردبێ.

شۆفێری لۆری بەپەلە سفرەکە کۆ ئەکاتەوە و بە دوای‌دا، گورجوگۆڵ، مەنگەڵەکە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دائەنێ. ئەمجا تێ ئەگەم کاکی برام چ بەرنامەیەکی هەیە!

ـ برام من خەمیماڵەوەمە.

پێش ئەوەی مورتەزا وەڵام بداتەوە، شۆفێری لۆرییەکە ئەڵێ:

ـ دەیجا تەلەفۆن بکەن.

بۆم دەرئەکەوێ لە ماڵەوە تەلەفۆنیان هەیە.

ـ نامەوێ ئەرک بخەمە بەرتان، ملۆزمیش ڕادەی هەیە.

ـ گوێشی مەدەرێ قوربان. مەگەر چەندە ئەکات. هەر ئێستە تەلەفۆنەکەت بۆ ئەهێنم.

مورتەزا یەک یەک پارچەکانی دامودەزگای لە ژێر کەوڵپۆسەکە دەرئەهێنێ. من نازانم ئەم کەوڵپۆسە چەندەی جێ هەیە! شۆفێر تەلەفۆنەکە ئەهێنێ و لە بەردەمی من دای ئەنێ و ئەڵێ:

ـ فەرموو قوربان تەلەفۆن بکە، چەندەت پێخۆشە تەلەفۆن بکە. خزمەتکاری خۆت گوێی لەم قسانە نییە.

ـ زۆر سپاس. بەڵام ئەبێ پارەی تەلەفۆنەکەم لێوەرگری.

ـ ئەو قسانە چییە جەناب. ئەوە کەی نرخی هەیە... حەح... هێشتا منت نەناسیوە!

ماڵی دایکم ئەگرم، خێزانەکەم وەڵام ئەداتەوە.

ـ چۆنی ئافرەت؟

ـ سەلام، تۆی؟ گەیشتن؟

ـ نا، کچێ، مەگەر بەمزوانە ئەگەین.

ـ ئەی لە کوێوە تەلەفۆن ئەکەی؟

ـ ئێستە لە گورگانین.

ـ کەوابوو بەشە مەترسیدارەکەی تەواو بووە. شوکری خوا.

ـ ئێوە چۆنن؟

ـ ئێمە هەموومان ساخ و ئاسوودەین. لە بیری خۆتان‌دا بن.

ــ مووشەک داویە لە کوێ؟

ــ بیستتان؟ هێشتاش دیار نییە. ڕایان نەگەیاندووە. لە لایەن ئێمەوە دڵت ئاسوودە بێت. زیاتر ئەیدا خواروو و ناوەڕاستی شار.

ــ مەگەر تا ئێستە چەند دانەی لێداوە؟

ــ پانزە دانە.

ــ ئەگەر وابێ شار کاول بووە.

ــ نا، بابە تۆش، وانییە. هەرکامە و یەک دوو خانووی ڕووخاندووە. هەر ئەوەندە.

ــ ئێمە زۆر نیگەرانی ئێوە بووین.

ــ هیچ پێویست ناکا. مورتەزا چۆنە؟

ــ باشە. سڵاوی هەیە. سڵاوی دایکیشم بگەیەنە.

ــ دایکیشت هەواڵتان ئەپرسێ. ئەڵێ هەر کات دەستتان گەیشت تەلەفۆن بکەن.

ــ زۆر چاکە، ئەی تۆ لەوێ چی ئەکەی. نەڕۆیشتوویتەوە؟

ــ ئەمویست بڕۆمەوە، دایکت نەیهێشت. لێرە بە دەوری یەکەوە ئاسوودەترین.

ــ هەواڵی سەید چی؟

ــ چووە بۆ بەرەی جەنگ! هێشتاش نەگەڕاوەتەوە.

ــ ئەیهۆ، کێ باوەڕ ئەکات. سڵاوی بیبی بگەیەنە.

ــ زۆر چاکە، دڵتان لە بابەتی ئێمەوە ئاسوودە بێ.

ــ خواحافیز.

بیستۆکەکە دائەنێمەوە. شۆفێری لۆری و مورتەزا هەرکامە و بەستی خۆی کێشاوە و دووکەڵی بۆنخۆشی تریاکیان لە ژوورەکەدا بڵاو کردۆتەوە. حەزم لێیە وەکوو پەروانە خۆم سووک بکەم. ئەخزێمە لای مەنگەڵەکە. مورتەزا پێ ئەکەنێ و ئەڵێ:

ــ کاکە خەریکە فێر ئەبیت.

ــ هەموو لەشم لە ماندوێتیدا ئەزریکێنێ.

ـ ئەزانم چیتە، فەرموو.

لە کاتێکا هەناسەی من بە کونی وافوورەکەدا تێ ئەپەڕی و لە سەر دارە لووس و خەڵووزەکە ئاڵقەیەکی سوور دروست ئەکات. بیر ئەکەمەوە ئەگەر فێرە تریاک ببم چ قوڕێک بکەم بە سەرمدا، وەڵامی ژنەکەم چی بدەمەوە، مناڵەکانم چییان بە سەر دێ؟ بەستی یەکەم کە تەواو ئەبێت شۆفێری خاوەن ماڵ چایەکم بۆ دائەنێ. حەز ئەکەم زووتر نۆرەم بێتەوە و بەستی دووەم بکێشم.

ـ من ئەڵێم لەم هەڤاڵە سەبارەت بە ماوەی ڕێگە بپرسین.

ـ ئەم هەڤاڵە خۆی بۆ «مەشهەد» ئەچێت و تا خودی «مەشهەد» بە دوای ئەودا ئەڕۆین. بیرت تەختی تەخت بێت.

ـ هەڵبەت ئەگەر ئێوە پێتان خۆش بێت. بۆ ئێمە مایەی شانازییە.

ـ تکایە، لەگەڵ ئێوەدا بیرمان لە هەموو بابەتێکەوە ئاسوودەیە.

ـ هەڵبەت ئەگەر بە ئێمە ڕازی بن.

مورتەزا پێ ئەکەنێت و بە گاڵتەوە ئەڵێ:

ـ زۆر چاکە کاکە. ئێستە کە بووین بە هەڤاڵ و بڕیار وایە پێکەوە ببین بە هاوگەشت، بڵێ بزانم هینی کام لای؟

ـ حیزبی بام برام! بادەڵڵایی!

ـ کە وابێ لە خۆمانی.

ـ جارێ چارمان نییە. با لێی داوین و لەگەڵ خۆی ئەمانبات. لەگەڵی ئەچین، چی بکەین؟

ـ وەڵڵا وایە، تۆ ڕاست ئەکەیت. بەڵام دیار نییە بۆ کوێمان ئەبات؟

هیچ ناڵێم. وازم نییە گوێ لەم قسە هەڵیت و پەڵیتانە ڕابگرم. مورتەزا دووکەڵ لە کونە لووتیەوە ئەداتە دەرەوە و ئەڵێ:

ـ هەموو باش بوون؟

ـ چۆن بوو پرسیت؟

ـ پێویست بە پرسیار نەبوو. دیارە تەندروستن. تۆ لە خۆتەوە نیگەران بووی.

بە بەستی سێیەم تەواو گێژ ئەبم. پاڵ ئەدەم بە دیوارەکەوە و جگەرەیەک دائەگیرێنم. وا هەست ئەکەم بە تەواوی تووش بووم. کاتێکە نەمکێشاوە ماندوو و شەکەت و تووڕەم. پاش کێشان سووک و ئاساوودە ئەبم.

ــ کەی ئەکەوینە ڕێ؟

ــ ئەکەوینە ڕێ ئیتر...

سەرم ناوەتە سەر چۆکم و ئەمەوێ سەرخەوێک بشکێنم. مورتەزا و شۆفێری لۆری پێکەوە سرتە سرتیانە و تریاک ئەکێشن. ئەڵێی بیست ساڵە پێکەوە هەڤاڵن. ئەم چەند هەنگاو ڕۆیشتن و چەند کاتژمێر دانیشتنە خەریکە وەڕەزم ئەکات. هیچ بە هیوا نیم بە ڕۆژێک بگەینە «مەشهەد». ئەڵێی ئەو چوار تەرمەی لە پیکاپەکەدا خەوتوون بە تەواوەتی لەبیر کراون. لەگەڵ ئەم هاوگەشتە تریاکییە لە نیوەی ڕۆژ زیاتر ناتوانین ڕێ بکەین. لە «مەشهەد»یش هەر ئەم بەزمە ئەبێت. لە هەموو خراپتر خۆیشم خەریکە فێر ئەبم. ئەمڕۆ حەز و پەلەم بۆ کێشان لەوان زیاتر بوو. لە بەیانیەوە ئەبێ بە جارێ تریاک بنێمە لاوە و لێو بە وافوورەوە نەنێم. باش کە بیری لێ ئەکەمەوە خەریکە گرفتێک بە گرفتارییەکانم زیاد ئەبێت. ئینجا خوا بکات بتوانین مردووەکان لە شوێنێک بنێژین و پاش ئەو هەموو ڕەنجە، ناچار نەبین بە بارەوە بگەڕینەوە بۆ تاران. جگە لەوە ئەبێ بیرێک لە دوارۆژیش بکەمەوە. ئەبێ کارێک بدۆزمەوە. ئەبێ کارێک بخەمەڕێ. بە درێژبوونەوەی بێداری ژیانمان ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر ئەبێت. باشتر وایە قاتی دووەمی جانووەکەم جیا بکەمەوە. قەباڵەی جیای بۆ وەربگرم. پاشان بیفرۆشم و پارەکەی بکەم بە سەرمایە. ئەمەیان زۆر زیاتر لە کار پەیداکردن و دامەزراندن ئەگونجێ. هیچ شێوەیەکی موسڵمانبازی نازانم. نابێ هیوای ئەوەم هەبێ کار بە من بدەن. ئەبێ خۆم دەست پێ بکەم. هیچ چارەیەک نییە. بەڵام چ کارێک؟ ئەبێ لەگەڵ هاوڕێیانم ڕاوێژ بکەم.

نارده و هاورده؟ ئەوە هەر نابێت. بەرهەمهێنان باشترە. بەڵام چی ئەتوانم بەرهەم بهێنم؟ کاری بەرهەمهێنان سەرمایەی زۆری ئەوێ. ڕەنگە بتوانم چەند هاوبەشێک بدۆزمەوە...

مورتەزا و شۆفێری لۆری، خەریکی کۆکردنەوەی پێش ڕۆیشتنن. مورتەزا دامودەزگاکە لە ئاسەڕی کەوڵپۆسەکەدا تاقەت ئەکا و ئەیدا بە شانیدا. ئەبێ هەڵسم. دیسانەوە ڕێگە و، هێشتا چەند کیلۆمەتر نەرۆیشتووین، دیسانە وچان خستن. بەڵکوو ئیشەڵڵا ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەینە جێ. هەڵئەسم و بەبێ قسە و وتە، سواری پیکاپەکە ئەبین. کەوڵپۆسەکە لە خۆمەوە ئەپێچم. هەموو دڵەخورپەکان بە جارێک هاتوون. بەخاکسپاردنی مردووەکان، درێژەدانی ژیان لە تاران، دەسپێکردنی کاری تازە. ئەویش لە کوێوە دیارە لە کۆڵمان ببنەوە و مردووی نوێ نەدەن بە کۆڵماندا!

سەد مەترێک بە دوای لۆرییەکەدا ئەڕۆین. لۆری چرامان پێ ئەدا و مورتەزاش جارجارە بە لێدانی لایتی سەروخوار پەیوەندی لەگەڵ ئەگرێ. چاوم ئەبەستم و وردە وردە لە ناو بیری جۆراوجۆردا ون ئەبم. لە پەیژەی سەرکەوتن سەرئەکەوم: سەرەتا مردووەکان ئەنێژم و دڵم ئاسوودە ئەکەم. ئەگەڕێمەوە بۆ تاران. نهۆمی دووەمی خانووەکەم جیائەکەمەوە. لەگەڵ سەید ئەبم بە هاوبەش. ڕەنگە چەند کەسی تریش بدۆزمەوە. کومپانیای هاوبەشی دائەمەزرێنین. ئەم ڕۆژانە هەموو شتێک بازاڕی ڕەشی هەیە. چی بەرهەم بهێنین باش ئەفرۆشرێ؟ لە بەر ئەوەی کە کارگە خۆماڵیکراوەکان خەوتوون و لە بازاڕدا قڕی هەموو شتێکە. باشە کارگەی قوتوسازی چۆنە؟ ئەبێ زۆر باش بێت. بەڵام نەء، خۆ هیچ دەسناکەوێ بیکەنە ناو قوتو. هەموو کارگەکانی قوتوسازی نیوەداخراون. کارگەی فیلتری ئوتۆمۆبیل یان فیلتری پیشەسازی. ئەم شتانە ئێستە هەمووی لە هەندەران ئەهێنن و بە نرخی خوێنی باوکیان ئەیفرۆشن پێمان. مەگەر فیلترێکی ئوتۆمۆبیلی پەیکان

سەرتاپای چییە؟ قوتوویەکی تەنەکە، سپرینگێک و پارچە مقەبایەکی قەدکرداو. سەروبن حەوت هەشت تمەنیشی تێناچێ. ئەیدەن بە ئێمە بە نەوەد تمەن. لە هەموو ئەمانە ئاسانتر کشتوکاڵی میکانیزەیە. لە هۆڵێکی سەرگیراودا ئەکرێ پەتاتە و تەماتە بەرهەم بهێنرێ، بە گەرمای زۆر و تیشکی کارەبا و، ئەکرێ ساڵی چوار پێنج جار بەروبوومی لێوەربگیرێ. هەم کەرەسەی خاوی پێویست نییە لە هەندەرانەوە بۆی بهێنی و هەم فرۆشتنیشی ئاسانە. لەم قات و قڕیەدا خەڵکی ئەیفڕێنن. بەڵێ، بیرێکی زۆر چاکە. کارگەی مەزنی میکانیزەی بەرهەمهێنانی پەتاتە و تەماتە. گەزەریشی ئەتوانین لێ زیاد بکەین. هەروەها شێلم. ئەگەر پێنج هەزار مەتر، هەر دوو سێ مانگ یەکجار، بەری لێ بگرین. شەش جار سێ هەزار ئەکاتە ملیۆنێک و هەشتسەد هەزار کیلۆ. ئەگەر کیلۆی تەنها بە بیست تمەنیش بفرۆشین، لە ساڵدا خۆی ئەدا لە سی و شەش ملیۆن تمەن. هەموو بەرهەمەکەش لە دوو مانگ پێشەوە، پێشفرۆش کراوە. نە هەماری پێویستە و نە پارە بۆ درێژەدان بە کار. بەس کارەبامان پێویستە و بە کارەبا بڕانی سێ چوار کاتژمێری ماڵمان کاول ئەبێت. کە وابوو ئەبێ بیر لە ژنراتۆرێکی بەهێز بکەینەوە. بۆ ژنراتۆریش گازۆل پێویستە و بۆ گازۆلیش حیزبوڵڵاییەک پێویستە بچێ پسوولەی بۆ وەربگرێ. جگە لەوە بۆ دەسخستنی کەلوپەلی خانوو دروستکردنیش بەکەڵک دێت. لەوە ئەترسم لە کۆتاییدا کڕیارەکەشی هەر خۆیان بن. دەیجا چییە، ئەیفرۆشم بە خۆیان. خۆ دەزگای دەست پەڕاندنم دانەهێناوە. تەماتەم چاندووە و پەتاتە. ئەگەر بێت و خۆشیان بیکڕن، مەگەر چی لێ ئەکەن؟ هەر ئەبێ بیبەن بۆ بازاڕ و خەڵک بیخوا. تەماتە هەم دۆست ئەیخوا و هەم دوژمن. ئەگەر کارەکان ڕێ کەوت و باش دەوڵەمەند بووم، یەکەم کارێک کە ئەیکەم ئەوەیە ژن و مناڵ بنێرم بۆ دەرەوە بۆ ئەوەی بتوانن بخوێنن و وردە وردە ورەیان بەرز بتەوە و ڕەنگیان بچێتە سەر ڕەنگی مرۆڤ. لەم فێرگەیانەدا کە لە ناودالان و ناو پۆلەکاندا وێنەی شەهیدی ورگهەڵدڕاو و سەری بێپلەش و لەشی

بێسەر و قاچی بڕاو هەڵواسراوە، خۆ مرۆڤ پەروەردە ناکرێت... بە بەڕێوەبەری فێرگە ئەڵێم: «جەنابی بەڕێوەبەر، ئەم مناڵە تفلە بێتاوانانە پێویستیان بە وێنەی گوڵ و دار و باخ و دیمەنی دڵڕفێن هەیە. ئەم هەموو لەشە لەت و کوت کراوانە چییە داوتانە لەم دەر و دیوارە؟ لە ناو ئەم هەموو خوێن و گۆشت و ئێسقانە هەڵدڕاوانەدا چاوەڕێیت ئەم منالآنە ببن بە چی؟» ئەویش نە یەکی لێکرد و نە دوو و وتی: «ئێمە ئەمانەوێ ئەمانە شتێکیان لێ دەربچێ جیاواز بن لەگەڵ ئێوە. ئەمانە خوێنی شۆڕشن!» بۆ ئەوەی مناڵەکەم نەبێ بە خوێنی شۆڕش لە فێرگە هێنامە دەرەوە و خۆم لە ماڵەوە وانەی پێ ئەڵێم. لەو ڕۆژەوە لە فێرگە هاتۆتە دەرەوە، هەر ڕۆژە و ڕووداوێکی نوێ ڕوو ئەدا و تا ئێستا نەمتوانیوە هیچی فێر بکەم. بەڵام بێداری بەردەوام و یەک دوو ساڵ دواکەوتنی باشترە لە فێرگەچوونی لەو بابەتە. بەڵێ، تەماتە پڕۆژەیەکی چاکە.

دیسانەوە کولانەیەکی نیوە تاریکی ناوڕێ، نازانم لە نێوان کام دوو شاردا، بەڵام کە خەبەرم ئەبێتەوە، براکەم و شۆفێری لۆری بڕیاری خۆیان داوە. دڵنیام جێگەیەکە بۆ دانانی دامودەزگا. لە ژوورێکی جیا لەوان لە سەر لێواری قەرەوێڵەیەک دائەنیشم. ئێرەش چاخانەیەکە وەکوو هەموو چاخانەکانی تری ناو ڕێ کە خاوەنەکەی لەگەڵ شۆفێرەکەدا ناسیاوە. ڕەنگیشە پێشتر شۆفێری لۆری بووە و ئێستا پێش کەوتووە یانیش دوا کەوتووە؟ نازانم.

بۆنی بەزمەکەی مورتەزا وردە وردە بەرەنگاریی یەکە یەکەی شانەکانی لەشم تێک ئەشکێنێ. ئەڕۆم بەرەو دەرگایەک کە بەرامەی دووکەڵی بەست و وافووری لێوە دێتە دەرەوە. کاتێکە ئەگەمە بەر دەرگاکە، باوکم ئەبینم دێتە دەرەوە. بە سەرنجە ڕەخنەگرانەکەیەوە ئەڵێ:

ــ سەد جار پێم وتی ئەگەر تەنها یەک جار لێوت دا لەم سەگدینە. ئیتر هەتا مردن تووش بوویت!

ــ چی بکەم بابە؟ تۆ خۆت ئەبینی چ دۆخێکی ناخۆشم هەیە.

نووکی سمێڵی با ئەدات، هەڵم ئەسەنگێنێ و ئەڕوات. کە ئەچمە ژوورەوە موڕتەزا سەیرێکم ئەکات. و ئەڵێ:

ــ کوڕە، مردووەکانیش ئیتر دڵیان بۆت ئەسووتێ. هاتبوو ئەیوت: «بڕۆ براکەت بانگ کە خوماری خەریکە ئەیخات!»

## بەندی پێنجەم

گومەزی زێڕ و گوڵدەستە[٣٨] بڵیندەکان لەپڕ لەبەر چاوم سەر هەڵئەهێنن و خەمی جێبەجێکردنی یەکەمی بەرنامەکەمان ئەکات بە دڵەخورپەیەکی هەمیشەیی. پاشماوەی گەلاڵەکان و پرۆژەکان و بیرەکان لەناو ئەچن.

گەیشتووینەتە جێگەیەک کە بۆی هەیە بتوانین مردووەکانمان بنێژین. چوار تەرم لە کۆڵمان داگرین و بە خاکیان بسپێرین. ئەگەر پێمان ڕانەپەڕێ؟

نابێ بیریشی لێ بکەمەوە. مورتەزا لەبەر خۆیەوە زەمزەمە ئەکات. دیارە بە هەڵەیەکی زۆرەوە زیارەتنامە ئەخوێنێ و لە دەرگانەی ئیمام ڕەزا ئەپاڕێتەوە. پاشان دەستێک ئەکێشێ بە دەموچاوی‌دا و ئەڵێ:

ـ گاراجی هەڤاڵەکەت ئەزانی؟

ـ نەء، ئەبێ لە کابرا بپرسین.

چرا لێ ئەدات و پاشان گاز ئەدات. کامیۆن لە قەراخ جادەکە ڕای ئەگرێ. مورتەزا لە هەڤاڵەکەی ئەپرسێ و دیسانەوە ئەکەوێتەوە ڕێ. لە بەر گاراج شۆفێری لۆری دائەبەزێ و ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنی خۆیمان پێ ئەدات و ماڵاوایی ئەکات.

ئەچینە ناو گاراجەکە. پیکاپەکە لە سووچێکی چۆڵ ڕائەگرین و ئەچین بەرەو نووسینگەی گاراجەکە. هێشتا لە ناوەڕاستی گاراجەکەداین حاجی چراغعەلی، کەوڵپۆس بە شان، دێ بە پیرمانەوە. باوەش ئەکەین

---

٣٨ـ گوڵدەستە: minaret ناو یان منارە، کەلووی تەنیشتی گومەزی مزگەوت، شوێنی بانگدانی بانگبێژە. ع منارە N minaret د گوڵدەستە.

بە یاکا.

ـ بەخێر بێن. بەڵام چۆن توانیتان ئەو ڕێگە ببڕن؟

ـ بڕیمان حاجی. ناچار بووین و بڕیمان. ئەمەیش براکەمە، کاک مورتەزا.

پاش چاک و چۆنی و ماچومووچ لەگەڵ مورتەزا ئەچێ بۆ لای مەرسیدسە کۆنەکەی خۆی، دەرگاکە ئەکاتەوە و ئەڵێ:

ـ فەرموون.

ـ بۆ کوێ ئەبێ بچین حاجی گیان؟

ـ بۆ ماڵی خۆتان.

ـ نا حاجی گیان نامانەوێ سەر و دڵتان بگرین. ئەگەر هوتێلێکمان بۆ پەیدا بکەن باشترە.

ـ واتە ئێمە شیاوی پەزێرایی کردنی بەڕێزتان نین؟ ئێمە هەرچیمان هەیە لە سایەی سەری ئێوەوەیە. هوتێلەکان هەموویان کراون بە نەخۆشخانە و پڕن لە بریندار. هەڵبەت ماڵ و ژیانی ئێمە شیاوی ئێوەی نییە!

ـ تکایە وا مەفەرموون حاجی. ئێمە نمەکپەروەردەین.

ـ ئێوە لە سەر سەر و دڵی ئێمە جێتان هەیە.

ـ سپاس. ئێمە دڵبەستەی خۆشەویستیتانین. گرنگ ئەوەیە کارە سەرەکییەمان بکەوێتە ڕێ.

ـ ها؟... بەڵێ، بەڵێ. باوکت و خزمەکانی ترتان هێناوە بۆ ئێرە بیبەن و لە خانەقا بیاننێژن؟

ـ بەڵێ حاجی. مەگەر ڕێگەیەکی ترتان پێ شک دێ؟

ـ ڕاستەکەی نازانم بڵێم چی. نازانم چۆنی بڵێم. من نەم ئەتوانی پەیوەندیتان پێوە بگرم. ئێوە بەڕێوە بوون. ئێستەش جارێ ماندوون. کارەساتەکە ئەوەیە کە پێش دوو سێ ڕۆژ ڕژانە خانەقا و کاولیان کرد. خزنەکەی ئاغەشیان ورد کرد. هەموو گۆڕەکانی تریشیان وردوخاش کرد. ئەو شوێنە ئێستە لە گەمارۆی پاسدارەکان دایە. تەنانەت ناهێڵن

کەس بچێتە ژوورەوە. بەڵام زۆر نیگەران مەبن. لێرە هەندێ ڕێگەی تر خەریکە پەیدا ئەبێت. جارێ هەندێ ماندوێتی بحەسێننەوە، جا پێتان ڕائەگەیەنم.

یەک هەزار دانە کیلۆمەتر بە سەر سەهۆڵدا خزاوین بۆ ئەوەی لە یەکم ساتی گەیشتنماندا بۆمان دەرکەوێ، کارەکەمان جێبەجێ نابێت. هەموو شتێک تێک ئەچرژێ. حاجی لە پێشەوە و ئێمەش هەردووک، بەزیو و بێهیوا و تووڕە، بەدوایدا سەرئەکەوین بۆ قاتی دوو. ئەچینە ژوورێکەوە دەوراندەور پشتی و دۆشەکڵە دانراوە و قاڵیەکی گرانبایی لە باوەڕاستی ژوورەکەدا ڕاخراوە. پێڵاوەکانمان دائەکەنین و ئەچینە ژوورەوە. حاجی دەسبەجێ ئەچێ بۆ ئەو دیو و لە گەڕانەوەدا سینیەکی چا و سفرەیەکی چەرم لەگەڵ خۆی ئەهێنێ. چاوی کیمیاگەرە؛ بە یەکەم سەرنج لە دۆخی کاری خۆی تێگەیشتووە. بە دەم ڕاخستنی سفرەکەوە ئەڵێ:

ــ ئەم چەند ڕۆژە لەگەڵ حاجی قەندەهاری باسی خێرتان بوو.

ــ ڕاستی حاجی لە کوێیە؟


ــ ئێستە پەیدای ئەبێت. بە یارمەتی خۆتان تەلەفۆنم بۆ کرد و پێم ڕاگەیاند ئێوە تەشریفتان هێناوە.

حاجی لە ژوورەکە چووە دەروە، هێشتا نیوەی پیاڵە چاکەمان نەخواردۆتەوە کە مەنگەڵی ئاگر و وافوور و ژێرپیاڵەی پڕ لە تریاکی زەعفەرانی دەرەجە یەک ئەهێنێ و لە سەر سفرەکە بڵاویان ئەکاتەوە. مورتەزا ئەڵێ:

ــ من خۆم هەموو کەرەسەیەکم پێیە حاجی ئاغە، پێویست بە ئەرکی جەنابتان نەبوو.

ــ تکایە قوربان. هەڵبەت ڕەنگە هینەکەی ئێمە وەکوو هینەکەی ئێوە باش نەبێ!

حاجی لە لامان دائەنیشێ و، لە کاتێکا وافوورەکە لای ئاگرەکەوە




ڕائەگرێ و هەندێ جار ئەیسووڕێنێ، ئەڵێ:

ـ چ ڕۆژگارێکمان هەبوو و چ ڕۆژگارێکمان هەیە. ئاخرمان ئەبێ بە چی قوربان؟

ئەبێ شتێک بڵێم. مورتەزا کە چاوی لە داموودەزگاکەیە، هیچ ناڵێ. سینەیەک ساف ئەکەم و وەڵامی ئەدەمەوە:

ـ وەڵڵا خوا خۆی ئەزانێت و بەس. بەڵام ناخی دنیا بزووتن تیایە. ئەم گەڕانە زۆرەملێییەی گەردوون ئێمەش هەر ئەگرێتەوە. هەرچی چۆن بێ، ئێمەش ئەبێ بکەوینە ناو خولگەی ئەو جووڵانەوە.

ـ ڕاست ئەفەرموون قوربان.

حاجی بەبێ فەرمووکردن بەستی یەکەم ئەکێشێ و بەستی دووەم بۆ مورتەزا ڕائەگرێ و هێشتا دووکەڵ لە لووتی مورتەزاوە دێتەدەرەوە کە دەرگا ئەکرێتەوە و حاجی قەندەهاری دێتە ژوورەوە. من بە پەلە لەبەری هەڵئەستم. حاجی بە باوەشی ئاوەڵەوە دێ بۆ لام و لە سڵاوکردن‌دا پێشم ئەکەوێ:

ـ زۆر دڵمان لە دیدارتان خۆش بوو، ئاغە سەب[٣٩].

ـ منیش هەروەها حاجی گیان. ئێوە چۆنن؟

ـ بە حەمدیللا خێر و خێراتە. تەندروستی تەواو ئاغە سەب.

ـ هەواڵی کابوڵ؟ براکان؟

ـ وەڵڵا دیارە ئاگاتان لێیە حاجی سمایل تیرەباران کرا. دامان ماڵ و جوجکەکانیان هێنا بۆ ئێرە.

ـ نا، وەڵڵاهی نەمزانیبوو حاجی. پڕ بە دڵ سەرەخۆشیتان لێ ئەکەم.

---

**٣٩**ـ سەب: master, mistress, sahib نازناو کورتکراوی صاحاب لە صاحب. هیندییەکان بە ئینگلیزییەکانیان ئەوت و لە ناو هیندی و پاکستانی و ئەفغانیش‌دا ماوەتەوە. حاجی قەندەهاری ئەفغانستانییە و بە زمانی «دەری»، زاراوەی قەندەهاری ئەدوێ.

ـ بەڵێ ئاغە سەب. ڕاستەکەی هەموو شتێک وێران کرا. حاجی برایم توانی و هەڵات. ئێستە لە ئوسترالیایە. جگە لەمانە ئیتر خێراتە.

ـ باشە حاجی سمایل چ تاوانێکی هەبوو؟ ئەویان بۆ کوشت؟

ـ شۆڕشە و ئەبێ خوێن بڕژێ هەتا ئاشەکەی بگەڕێ! جارێ نۆرەی ئێمە و ئێوەیە. دەی لای ئێوە خێراتە؟

ـ وەڵڵا بڵێم چی حاجی گیان. قسە زۆرە.

ـ ڕووداوەکەی خانەقایان خۆ بۆ باس کردوون؟ بەڵام گەپ نییە[٤٠] ئاغە سەب. ئێمە لێرە دەستمان ئاوەڵەیە. هەندێ کارمان لە دەست دێ.

لە دڵی خۆمدا پێخۆشحاڵ ئەبم. دانیشتنەکە بۆ هەندێک بێدەنگ ئەبێت. حاجی قەندەهاری لە گیرفانی پۆستینەکەی سێ چوار لوول تریاکی زەردی خۆشڕەنگ دەرئەهێنێ و ڕای ئەگرێ بۆ مورتەزا و ئەڵێ:

ـ هەڵبەت شیاوی ئێوەی نییە. ئەگەر دیسانەوەش پێویست بوو بفەرموون ڕەوانەی خزمەتتانی بکەم.

ـ زۆر سپاس حاجی ئاغە. بۆچی زەحمەتتان کێشا. لەگەڵ خۆم هێنابووم. پێویست بە ماندووبوونی ئێوە نەبوو.

ـ چ گەپە، ئاغە سب! شایانی نییە. دڵمان خۆش ئەبێت. ئەمانە هیی «خوست»ـە[٤١]. من خۆم تەیارم کردووە.

وردە وردە بە هۆی بڕوابەخۆبوونی حاجی قەندەهارییەوە، بیرم لە بابەتی مردووەکان ئاسوودە ئەبێت. ئەزانم ئەگەر گیروگرفتێک هەبوایە حاجی بەو ئارامییە دانەئەنیشت. مسۆگەر هەندێ چارەسەر هەیە کە بەوجۆرە خەمساردە. لەپڕ هاتەوە بە بیرمدا کە ئوتۆمۆبیلەکەمان لە گاراج فڕێ داوە و هاتووین بۆ ئێرە و هەموو ژیان و مردووەکانمان لە ناو پیکاپەکە دایە.

ـ دەرگای پیکاپەکەت داخست مورتەزا؟

---

٤٠ ـ گەپ نییە: خەم نییە.

٤١ ـ خوست: شارێکە لە ڕۆژهەڵاتی ئەفغانسان لە سەر سنووری پاکستان.

ــ خەمی پیکاپتان نەبێ. وتوومە ئاگایان لێی بێ. جێگای مەترسی نییە.

ــ پیکاپەکە چوار گەشتیاری ی پێیە حاجی.

ــ ئەزانم قوربان. خۆشبەختانە خۆ داوای خواردن لە ئێمە ناکەن. چونکە خۆیان ئەزانن پسوولەی خواردەمەنیان بەتاڵ کراوە! لێرە هەتا کۆلکەت لە ناو فەرمانگەی «بەسیج» کوێر نەکەیتەوە، ناهێڵن مردووەکەت بنێژی.

ــ تارانیش وایە حاجی. پێش هەموو شت کۆلکەی فەرمانگەی «بەسیج» ڕەش ئەکەنەوە.

ــ گەپ نییە.

زۆر بە تامەزرۆییەوە چاو ئەبڕمە دامودەزگای تریاکەکە و شەرم لە حاجی قەندەهاری ئەکەم. موڕتەزا ئاگای لە دارەتمە و هەندێ جار بزەیەک ئەیگرێ. پاشان دڵی بۆم ئەسووتێ و ئەڵێ:

ــ بە یارمەتی حاجی ئاغە! وەرە یەک دوو مژی لێدە، ماندوێتی ڕێگە لە لەشت دەرچێ.

ــ نە بە قوربان، زۆر سپاس. ئەوەندە ماندوو نیم.

حاجی قەندەهاری ئەڵێ:

ــ بکێشە قوربان، گیانت جۆر ئەبێت. کاڵایەکی ناوازەیە.

لە لای حاجی قەندەهاریش ڕوودەربایسی ئەخەمە لاوە و جارێکی تر وەکوو پەروانە خۆم سووک ئەکەم. حاجی چراغعەلی ڕووم تێ ئەکا و ئەڵێ:

ــ خۆ ئاگاتان لە دەنگوباسی تاران هەیە؟

ــ نە حاجی گیان، هەواڵی تازەم نییە. بەس ئەزانم شاریان داوەتە بەر مووشەک.

ــ ئەوە سێ شەو و ڕۆژە مووشەک لە تاران ئەدرێ.

ــ لە ڕادیۆوە بیستوومە. بەڵام نازانم چ بەڵایەک بەسەر شاردا هاتووە.

ــ ئەڵێن ناوەکەی لە خۆی ترسناکترە. شتێکی وانییە. بەڵام ژمارەیەک نفووس تیاچوون.

مورتەزا سەر بەرز ئەکاتەوە، سەیرێکی دانیشتوان ئەکات و ئەڵێ:

ــ نازانن کەوتۆتە کامانە شوێن؟

ــ هەڵبەت ڕادیۆ هیچ ناڵێ بۆ ئەوەی دوژمن نەتوانێ شوێنی کارەکەی هەڵگرێ. بەڵام هەموو مووشەکەکان کەوتۆتە ناوەڕاست و خوارووی شار.

ــ رادیۆتان لا نییە؟

ــ بۆچی نا قوربان، ئێستە بۆت ئەهێنم. بەڵام لە ڕادیۆوە هیچ دەسگیر نابێ.

حاجی چراغعەلی لە ژوورەکە ئەچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی ڕادیۆ بهێنێ. من خۆم لە حاجی قەندەهاری نزیک ئەکەمەوە و ئەڵێم:

ــ حاجی ئەگەر یارمەتی بدەن کە ئێمە بتوانین زووتر بگەڕێنەوە بۆ تاران، منەتبارمان ئەکەیت.

ــ لە خزمەتی ئێوەدام ئاغە سەب. ئەمشەو چاشت مەچن بۆ هیچ کوێ. لە ماڵی خۆمان چاوەڕێین. ئێستەش ئەگەر تۆزێ قسەمان بکردایەت خراپ نەبوو.

ــ من لە خزمەت دام. ئەگەر پێتان خۆش بێت بچین بۆ شوێنێکی تر.

مورتەزا لە بنەوە ئاگای لێمە و بە ڕواڵەت خەریکی کاری خۆیەتی.

ــ کە وابوو جەنابت بەستێکی تر نۆش بکە. من ئەگەڕێمەوە و لە خزمەتتان‌دا تۆزی لە ناو شار چەرخش ئەکەین.

ــ زۆر چاکە حاجی گیان.

حاجی قەندەهاری لە براکەم خواحافیزی ئەکات. و ئەڕوات. چراغعەلی بە ڕادیۆوە ئەگەڕێتەوە و ڕادیۆ هەڵئەکات. جگە لە سروودی شۆڕشگێڕانە و مارشی سەربازی هیچی تری لێ نابیسرێ.

ــ چەند خولەک پێش ئێستە سپای پاسداران ڕاگەیاندنی دەرکردووە

کە چەند شاری عیراقیان داوەتە بەر مووشەک. ئێمەش ئەبێ چاوەڕێی مووشەکی تر بین.

ــ خوا فریامان کەوێ.

ــ بەڵام ئەڵێن مووشەکەکان زیانێکی وەهای نییە. چونکە پاڵنەریان[٤٢] بۆ زیاد کردووە و لە باررووتەکەیان کەمکردۆتەوە بۆ ئەوەی زۆرتر بڕوات. ئەڵێن دەنگەکەی لە خۆی بەهێزترە.

ــ هەرچی هەیە مووشەکە و گاڵتە هەڵناگرێ.

ــ ئەڵێن دەنگەکەی چەند منالّی کەڕ کردووە. چەند کەسیش لە زرمەکەی دڵیان تۆقیوە. شتێکی سامناکە.

بیر ئەکەمەوە هەموو ڕێسەکەمان بۆتەوە بە خوری. جەنگ درێژ بۆتەوە بۆ تارانیش. لە ئێستاوە ئاسایش لە هیچ شوێنێکی شاردا نامێنێ. ئەگەر مردووەکانیش هەروا بە سەر دەستمانەوە بمێننەوە، دوزینەوەی چارەسەر لە تاران هەر ناگونجێ. بیر و هۆشم خەریکە گۆج ئەبێت. هیچ بڕیارێک نادرێ. هیچ شتێک لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە. ئەگەر نەشە و ئارامی ئەم تریاکە سەگبابە نەبوایە، مسۆگەر هەتا ئێستە دڵم تۆقیبوو. چەندە ئاسان بیرم ئەکردەوە و چیها گیروگرفت کە هاتە ڕێ. بەڵام هەر جۆرێک بووە ئەبێ ئەم مردوانە لە کۆڵ خۆمان بکەینەوە. ئەگەر هیچ کارێکمان پێ نەکرا، پاچ و پێمەڕەیەک لە «مەشهەد» ئەکڕین و لە گەڕانەوەدا، لە ناوەڕاستی بیابان ئەیانخەینە بن خاک. بەردێک، کێوێک یان دارێک ئەکەین بە نیشانە و ئەچین بە دوای کارماندا. لە تارانیش ئەڵێین لە «مەشهەد» ناشتوومانن. چارەی ترمان نییە.

حاجی قەندەهاری لە باڵشمەی دەرگاکەدا دەرئەکەوێ. قاچم مێرووڵەی کردووە. بە شەلە شەل خۆم ئەگەیەنمە بەر دەرگاکە و بە حاجی چراغعەلی ئەڵێم:

---

٤٢ـ پاڵنەر: rocket مووشەک سێ بەشی سەرەکییە، تەرەقە و پاڵنەر و باررووت. تەرەقە موشک هەڵئەکات، پاڵنەر ئەیبات و باررووت ئەتەقێتەوە.

ــ بە یارمەتیتان حاجی ئاغە، ئەبێ زوو بگەڕێینەوە.

مورتەزا ئەڵێ:

ــ منیش بە خێرایی ئەچم بۆ زیارەتی ئێمام ڕەزا و ئەگەڕێمەوە.

بە دوای حاجی قەندەهاریدا لە پلیکانەکان ئەچمە خوارەوە. لە پشت دەرگای ژوورێکدا، لە ناو دالانەکە، باوکم وەستاوە و بە چاوێکی تووڕەی داچەماوەوە سەیرم ئەکات و ئەڵێ: «تف لە ڕووت بێ کوڕ!» بە پەلە ڕووم وەرئەگێڕم بۆ ئەوەی حاجی تێنەگات. حاجی پێشتر سڵاوی لە باوکم کردووە و ئەویش وەڵامی سڵاوەکەی نەداوەتەوە. لە دەرەوە، لە پێش ئوتۆمۆبیلەکەی حاجی، خەزوورم وەستاوە و نیگایەکی پڕ لە پاڕانەوەی هەیە. لەبەر خۆمەوە ئەڵێم: «بێخەم بە جەنابی سەرهەنگ، لە بیابان فڕێت نادەین!» حاجی بەبێ ئەوەی سەیرم بکات، ئەپرسێ: «لەگەڵ کێ قسە ئەکەی ئاغەسەب؟» و لەپڕ پەلاماری خەزوورم ئەدات:

ــ ئەگەر دیسانەوە لەمناوە پەیدات ببێت ئەتدەم بە دەست پۆلیسەوە، سەگبابی مردوو حیز!

خەزوورم سەیری من ئەکات و هیچ ناڵێ. حاجی ڕوو ئەکاتە من و ئەڵێ:

ــ دێن بۆ ئێرە، قەپاغی تایەکان ئەدزن. تێربوونیان نییە ئاغە سەب!

ــ نا، حاجی ئەوە باوکی خێزانمە.

ڕەنگی حاجی لەپڕ سپی هەڵئەگەڕێ و بە پەلە داوای لێبوردن لە خەزوورم ئەکا:

ــ ئاغە سەب، زۆر داوای لێبوردن ئەکەم، ئەبێ بمبوورن! ئاخر ماوەیەکە لە مناوە دزی قەپاغ پەیدا بووە. لێم مەگر، نەمناسین.

خەزوورم هەروا سەیری من ئەکات و، من زۆر لە نیگای ترێق ئەبمەوە. هەرچی چۆن بێ، ڕێی خۆی ئەگرێ و ئەڕوات. لە پشتەوە سەیری ئەکەم. هەمان قەد و باڵای سەردەمی ژیان، بەڵام ملبەکوێن و کزۆڵە. کاتێکە زیندوو بوو، گونی گونداری دەرئەهێنا. تەنانەت

قسەکردنیشی جورێک بوو لە نەڕاندن. کەس نەی ئەتوانی پێ بە پێی بڕوات. بەڕاستی بە شێوازێکی باڵا ژیا. بەڵام نازانم بۆ ئەوەندە گۆڕاوە! لە کاتێکا باوکم هەر وەک خۆیەتی، هیچ نەگۆڕاوە. ئێمەخەریکین دەرفەتێکی بێوێنە لە دەست ئەدەین. ئەبێ لەگەڵ ئەمانە دابنیشین و گوێ لە گوتەیان بگرین و لە زۆر شت تێبگەین. ڕەنگە ئێستە کە هەموو شت گۆڕاوە، ئەمانە قسە بکەن و هەواڵمان بدەنێ. ڕەنگە هەزار پەردە لە سەر ڕازەکان هەڵدرێتەوە.

ــ ئاغە سەب، زۆر زۆر شەرمەندەم. کە وابوو تۆ لەگەڵ ئەو قسەت ئەکرد. ئەوە هەمان جەنابی سەرهەنگە لەگەڵ خۆت هێناوتە؟

ــ بەڵێ حاجی ئاغە. گوێی مەدەرێ، پێش دێت ئیتر.

ــ ئێستە ئەتانبەم بۆ شەقامی خاکی، ئەو خانەقایە سەیر بکەن. ئەوێ ئیتر شوێن نییە.

پێویست ناکات حاجی. ئەگەر لەوێ ڕێ نەنێ، ئیتر بۆچی بچین بۆ تەماشای؟

ــ بەڵام هەر بە ڕێکەوت ڕێگەمان بەوێدا ئەڕوات. پاشان ئەچینە «بەرکی نوێ» کە هەمارەکانی ئێمە لەوێیە.

خێرایی ئوتۆمۆبیلەکە کەم ئەکاتەوە و ئەڵێ:

ــ بڕوانە ئاغە سەب. ئەمە هەمان خانەقایە.

هەموو دارودیواری بیناکە داروخاوە بە مل یەکا و پێنج شەش پاسدار لە بەردەم کەلاوەکەدا ڕاوەستاون و کێشک ئەکێشن.

ــ ئێستە پێتان ڕائەگەیەنم کە ئێمە چیمان پێ ئەکرێ. ئێوە سەرەتا بفەرموون ئەمانە لەگەڵ ئێوە چ خزمایەتیەکیان هەیە، تا پێتان بڵێم.

ــ وەڵڵا حاجی، یەکیان خوالێخۆشبووی باوکمە. یەکی تر ڕەحمەتی خەزوورمە. ئەوەیان کە خۆت بینیت. دوانەکەی تریش لە ژنانی بنەماڵەن کە زۆر نایانناسم. ڕەنگە ئەگەر سەیریان بکەم بێتەوە بیرم.

ــ ئەم دوو خانمە تازەن یان کۆنن؟

ـ مەبەستتان ئەوەیە کە کەی مردوون؟

ـ بەڵێ، ئاغە سەب.

ـ ڕاستەکەی باش نازانم. لە سەر کارتۆنەکانیان نووسراوە. بەڵام هەر هیی یەم ئەک دوو ساڵەن.

ـ زۆر چاکە، گەپ نییە.

ـ دەی حاجی گیان، خەریکە گیانم لە دەمەوە دەرئەچێ. تۆ بیت و خوا بڵێ چارەسەرەکەت چییە؟

ـ وەڵڵا ئاغە سەب بنی خێراتە. تۆ خۆ بۆ ئەو دوو خانمە گۆڕی بە ناو و نیشانت ناوێ؟

ـ دیارە ئەگەر بوایە باشتر ئەبوو، کە نەش کرێ چارە نییە.

ـ بە خزمەتی ئاغە سەب بگەیەنم کە پاش شۆڕشی کومۆنیستی ئێمە توانیمان بێین بۆ «مەشهەد». خوا لێی خۆش بێت حاجی سمایل، بڕێ پەیسەی[٤٣] بە خەڵکدا بۆ ڕەوانە کردین. ئێمە بەو پەیسەیە دوو سێ دانە ساردخانەمان کڕی و چووینە ناو کاری میوەوە. سێو و هەرمێ و قۆخ. ئەمانویست فاکتۆریەکی خۆشاوسازیش[٤٤] تەیار بکەین کە، بڵێم چی دۆخی ئێرەش تێکچوو. کاتێک جەنگ دەستی پێکرد لە سپای پاسدارانەوە هاتن و ئەم ساردخانەیان لە ئێمە کڕیەوە. ئێمە نەمان ئەزانی بە چ کاری ئەوان دێ. بەڵام ترساین و فرۆشتمان. سەرەتا ئازووخەی بەرەی جەنگیان لە هەمارەکانی ئێمەدا کۆ ئەکردەوە و ئەیاننارد بۆ بەرە. بەڵام وردە وردە نابەسامانیەکی تر سەری هەڵدا. واتە خەڵک شەهیدەکانیان ئەویستەوە و ئەمان نەیانبوو بیدەنەوە! بەوجۆرە بوو کە حەفتا شەهید ئەگەڕانەوە، بەڵام سەد و پەنجا تا دوو سەد بنەماڵە لە بەردەم پارێزگاری کۆ ئەبوونەوە و شەهیدەکانیان ئەویستەوە...

٤٣ـ پەیسە ڕەنگە لە پێزۆی یەکەی پارەی ئیسپانیەوە هاتووە، بە واتای پارە، هەرچەند پارەی ئەفغانستان خۆی ڕووپیەیە.

٤٤ـ فاکتۆری خۆشاو: کارگەی لاچەژ و خۆشاو و ڕینگاڵ، واتە مرەبا و کەمپووت و ئاوی میوە؛ یان juice و composte و jam.

هیچ سەرەودەر ناکەم، کە حاجی بۆچی ئەو هەموو پێشەکییە، بۆ من باس ئەکات. بۆچ ناچێتە سەر خودی بابەتەکە؟ بەڵام سەبارەت بەوەی ڕێزی لام زۆرە، دان بە خۆمدا ئەگرم و هیچ ناڵێم و سەرتاپا گوێم لێڕاگرتووە.

ـ بەڵێ ئاغە سەب، تا وای لێهات ڕۆژێکیان بڕیاریان دا هەماری سێوەکەی ئێمە بکەن بە ئێزگەی ساردخانەی شەهیدان. هەموو شەهیدەکانیان ئەبرد بۆ هەماری سێو و ماوەیەک ڕایان ئەگرت تا لیستەی ونبووەکان و ئەوانەی کە لە زۆنگەکان‌دا خنکاون و تەرمەکانیان نەدۆزراوەتەوە، دەربکرەێ و بزانن چەند کەسە. پاشان مردووەکانیان دابەش ئەکرد بە سەر هەموویان‌دا، بۆ ئەوەی هەموو بنەماڵەیەک دڵی خۆش ببێت!

ـ مەگەر مردووەکان لە هەمارەکەی ئێوە بەچکەیان ئەکرد؟

ـ نە ئاغە سەب، بە مشارێکی کارەبا، سووک و سادە، قاچی تەرمێکیان ئەبڕی و ئەیانخستە ناو کارتۆنێکەوە و لە سەریان ئەنووسی غوڵامڕەزا. قاچێکی تریان ئەخستە قوتوویەکی تر و ناوی حەسەنیان لە سەری ئەنووسی. بەمجۆرە دڵی هەموانیان خۆش ئەکرد. دەرەقەتی خەڵک نەئەهاتن. خەڵکی مردووەکانیان ئەویستەوە. چووبوون لە بەر پارێزگاری مانیان گرتبوو و ئەیانوت شەهیدەکانیان ئەوێتەوە. پارێزگار ناردبووی بە دوای ئیمام جومعەدا. ئەویش چووبوو بۆ پارێزگاری و کارووس و ئامۆژگاری بۆ دابوون و زۆر قسەی جوانیشی کردبوو. پێیانی وتبوو: «حەزتان ئەکرد مناڵەکانتان ببوایەتن بە مونافێق و بە سەرشۆڕی تیرەباران بکرایەتن؟ یان حەزتان ئەکرد مناڵەکانتان لە سەر شەقام ببن بە ژێر سەیارەوە؟ ئێستە کە مناڵەکانتان بە شانازییەوە شەهید بوون، شەهید خۆ کفن و دفنی پێویست نییە. شەهید وەکوو مەلائیکە پاکە. لە هەر کوێیەک هەیە با ببێ. لە ڕۆژنامەکانیش‌دا نووسیان، ڕەنگە خوێندبێتتەوە. بەڵام خەڵک کۆڵیان ئەدا و شەهیدەکانیان ئەویستەوە. جا ئەمە بوو کە ناچاری کردن، بڕیار بدەن شەهیدەکان ببڕنەوە. ئەگەر

بێت و مردوویەکی بێخاوەن لە شوێنێک پەدا ببێت و بیدەین بەمانە دڵیان خۆش ئەبێ. من خۆم ئەم خەڵکە ئەفغانیانەی عومریان ئەدەن بە ئێوە، ئەدەم بەمانە کە دڵیان خۆش ببێت... سەبارەت بە باوکت و باوکی خێزانت ڕێگەیەک هەیە کە ئێستە ناتوانم بیڵێم. جارێ زۆر مەترسیدارە. بەڵام بەڵێن ئەدەم زۆر بە ئابڕوومەندانە بیاننێژم. ئەگەر کاتتان هەبێ ماوەیەک لێرە بمێننەوە ئەویش جێبەجێ ئەکەین. ئەگەریش نا، بەجێیان بهێڵن بۆ من و بە دڵی ئاسوودە بگەڕێنەوە بۆ تاران. من هەواڵەکەیتان بۆ ئەنووسم، یان بە تەلەفۆن پێتان ڕائەگەیەنم.

ــ من هێشتا تێنەگەیشتووم. ئێمە دوو تەرم ئەدەین بە هەماری سێو و ئەوان لەبری دوو شەهید ئەیاننێژن؟

ــ نە، ئاغە سەب. لە بری چوار، ڕەنگیشە شەش!

ــ ئەمەیان تێگەیشتم. بەڵکوو هەشت دانەش، بەڵێ؟ بەڵام ئەم مردوانەی ئێمە ژنن.

ــ گەپ نییە، ئاغە سەب. ئەمانە کاری خۆیان باش ئەزانن. ناهێڵن کەس سەری لێ دەربکات. جا بزانن کە ئەمکارە چەندە خێریشی هەیە. لانیکەم شەش بنەماڵە دڵیان خۆش ئەبێ.

ــ من ڕام لێیە. من ئەو دوو خانمە ئەدەم. هەڵبەت نابێ براکەم بەم نهێنیە بزانێ، ڕەنگە ڕێگەمان لێبگرێ و نەهێڵێ.

ــ هەر لەبەر ئەمەش بوو ئەمویست بەتایبەتی قسەتان لەگەڵ بکەم. بەیانی لەگەڵ بەرپرسانی هەماری سێو کات دیاری ئەکەم و کارەکە سامان ئەدەین.

ــ پێویستە منیش بێم؟

ــ بۆ خۆتان باشە. یارمەتیەک ئەبێ بۆ خوالێخۆشبوان باوکت و خەزوورت. چونکە ئەمکارە بە جۆرێک لە هاوکاری ئەژمێردرێ.

ــ زۆر چاکە حاجی. بەیانی پێکەوە ئەچین بۆ هەماری سێو. زۆر سپاسی ئێوەش ئەکەم. هیوادارم بتوانین بۆ ئەو دوانەی تریش بە خێرایی ڕێگەیەک بدۆزینەوە.

ــ ئەگەر بتانەوێ، خەزووریشت ئەبەین بۆ ئەم هەماری سێوە و بارەکەمان سووک ئەکەین.

ــ نەء، هەر باسیشی مەکە حاجی ئاغە.

ــ گەپ نییە، ئاغە سەب. هەر جۆر تۆ پێت باش بێت. بەڵام مەزاخیان زۆر زۆر ئەکات.

ــ با زۆر بکات گرنگ نییە. ئەوەندەیان بە سەرمانەوە هەیە دوو جار بە خاکیان بسپێرین.

ــ زۆر چاکە. جارێ ئەوە پڕۆگرامی دوانیان.

زۆر سپاس، حاجی، نازانم بە چ زمانێک سپاستان بکەم.

ــ تکایە، ئاغە سەب. من ئەبێ سپاسی تۆ بکەم. هەرچی بێ لەم شارەدا منیش ئەبێ لەگەڵ ئەمانە هاوکاری بکەم، بۆ ئەوەی بتوانم بمێنمەوە. ئەم مردوانەی تۆ بۆ ئێمەش خێروبێرە.

هەتا ئێستە چوار تەرمم هەبوو. لە ئێستە بە دواوە لە دوان زیاترم نییە. ئەمە خۆی پێشکەوتنە. جگە لەوە هەندێ دەرەتانی نهێنیش هەیە، ڕەنگە بتوانم وردە وردە لە بن زمانی حاجی دەرکێشم. گرفتی یەکەم خەریکە چارەسەر ئەبێت. شوکری خوا. ئاریشەی بیابانیش بەو قسەیەی باوکم کردی، ئەوا هەڵوەشایەوە. ئەوەندەی ئەو دژایەتی کرد، وا دیارە ڕێگە چارەیەکی باشتر هەیە. ئەگەر دەرفەت هەبێ چەندە باشە لەگەڵ حاجی سەبارەت بە پڕۆژە ئابوورییەکانیش ڕاوێژ بکەم. دیدی ئابووری حاجی لە کۆنەوە بێوێنە بووە. لە ڕێگەی واوە پارەی پەیدا کرادووە، جنۆکەش ئاوەزی پێ ناشکێ: تواندنەوەی ئاسنەواڵەی ژەنگ لێدراو و کردنی بە شێلمانی ئاسن، دروستکردنی ئەرابەی مناڵ لە کورسیە شکاو و دەرگا و پەنجەرەی وردوخاشکراو. حاجی هەمیشە لە هیچ، لە خاک و خۆڵ پارەی دەرهێناوە. وابوو... دروستکردنی سابوون بە مارکی «باشترین» لە ئێسکی سەروپێخانەکان و کەر و هێسرە تۆپاو و خاکی بیابان لە شاکارەکانی بوو. لە ڕاستیدا، ئەتوانم

بڵێم حاجی لە ئەفغانستان بلیمەتێکی ئابووری بوو و مسۆگەر ئێستەش هەر وایە. ڕاوێژکردن لەگەڵ حاجی قازانجی ئەبێ.

ـ حاجی گیان ئەگەر ڕاتان لێبێ بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە. پێم وایە بە بوونی ئێوە لە «مەشهەد»، گرفتارییەکانی ئێمەش چارەسەر ئەکرێ.

ـ سەد لە سەد ئاغە سەب. هیچ نیگەران مەبن. ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی دڵی تۆ خۆش بێت.

ـ زۆر سپاس حاجی ئاغە.

ـ ئەگەر شتێکتان پێویستە بفەرموون با بۆتان تەیار بکەم.

ـ نە حاجی گیان. زۆر سپاسی هاوڕێیەتیتان ئەکەم.

حاجی لەبەر ماڵەوە من دائەبەزێنێ و خۆی ئەڕوا پێداویستیەکانی میوانیەکەی شەو ڕاپەڕێنێ. براکەم، تاقی تەنها لە لای مەنگەڵەکەوە دانیشتووە و خەریکە. حاجی چراغعەلی بە دوای تەلەفۆنێکدا چووە بۆ گاراج و بۆ پەزێرایی میوانەکان هەندێ گەز و پاقلاوای لەسەر سفرەکە بڵاو کردۆتەوە و سەماوەرەکەی لای دەستیەوە داناوە. بەرامبەری دائەنیشم، لای مەنگەڵەکەوە. لە بەردەممدا هەندێ خۆڵەکەوە ڕژاوەتە سەر فەرشەکە. بە مورتەزا ئەلێم:

ـ کێ ئێرەی والێکردووە کوڕە؟

ـ من نەمکردووە، لە لای ئیمام ڕەزا کە گەڕامەوە میوان هات. ئەمویست کۆی کەمەوە تۆ هاتیتەوە.

ـ لە هەڤاڵەکانی حاجی؟

ـ نا، کاکە گیان. باوکم بوو. زۆر قەڵس و تووڕە. لە حەژمەتان دەستی ئەلەرزی. هەرچی جنێو و دژوێنی پێ بوو دای بە چڕوچاوی ئێمەدا و ڕۆیشت. ئەیوت: «ئێوەی قوڕومساخ ئەتانەوێ لەو بیابانە بمنێژن و بچن بە دوای کارتاندا!» پێم وت: «کێ ئەو قسەی کردووە؟ ئەگەر بڕیار وا بوایەت لە بیابان بتنێژن، هەزار کیلۆمەتر نەئەهاتین. ئێمە بۆیە پشتی خۆمان شکاند و تۆمان گەیاندە ئێرە، کە بتوانین

کارێکی کارانە بکەین.» ئەویش وتی: «هیوادارم. چونکە براکەت بڕیارێکی گەوجانەی داوە کە تەواو ئێمەی تووڕە کردووە. پێی بڵێ ئەو بیرە مناڵانەیە بخاتە لاوە.» وتم: «بە سەرچاو بابە، تۆ هیچ نیگەران مەبە. بە یارمەتی مەولا هەموو شتێک دروست ئەبێت. پاشانیش دوو سێ بەستی کێشا. ئەو خۆڵەش ئەو ڕژاندوویەتە سەر مافوورەکە، چونکە دەستەکانی لە تووڕەیی‌دا وەک شەقشەقە ئەلەرزین.

ــ باسی ترت لەگەڵ نەکرد؟

ــ بۆچی نا، زۆر باسی تر کرا. هیچ لە خەزوورت دڵخۆش نەبو.

ــ پێکەوە ناکۆکن؟

ــ ئەڵێ هاوشانی ئێمە نییە. لەگەڵ هەندێ کەسی تایبەت هەڵسوکەوت ئەکات. زۆر تووڕەیە. بەتایبەت لەوە غەزریبوو کە تووڕەییەکەی خۆی داوە بە کچەکەی و تۆ ئەبێ جەوری بکێشی.

ــ وایە ئیتر، چی ئەکرێ. هەندێ کەس تووڕەن و هەندێکیش وەکوو تۆ لەسەرخۆن. بە وەڵڵاهی ئەو خوێنساردییەی تۆ زیاتر مرۆڤ ئەڕەنجێنێ تا ئەو تووڕەییەی ئەو.

ــ خۆ من ناڵێم، باوکم ئەیوت.

ــ ئەزانم، ئیتر چی ئەوت؟

ــ هیچ. بەس وتی خەریکە ئەچێ بۆ تاران. ئەیوت دڵی نیگەرانە.

ــ کە وابێ مسۆگەر لە تاران شتێک ڕووی داوە.

ــ نە برام. گوێ مەدەرێ. خەڵکی هەمیشە لە تفەنگی بەتاڵ ئەترسن. دەی لەگەڵ حاجی چیت کرد؟

ــ وەڵڵا بڕیار درا دوو ژنەکە لێرە بنێژین. ئەیوت بۆ پیاوەکانیش چەند ڕێگە هەیە کە زۆر نهێنیە و ئەبێ چەند ڕۆژێک ڕاوەستین. بڕیارە بەیانی بچین بۆ سپا یان نازانم کوێ. بەیانی هەموو شتێک ڕوون ئەبێتەوە.

ــ بڵێ بزانم نەکا ئەتەوێ ژنەکان وەکوو شەهیدی جەنگی بفرۆشی؟

ــ بیفرۆشم؟

ــ ئەیٚ چی، پێت وایە خۆڕاییە؟

ــ من تێناگەم، باش قسە بکە.

ــ نەکا ئەتەوێ بەیانی لەگەڵ حاجی بچی بۆ هەماری سێو؟

ــ بەڵێ، مەگەر خراپی چییە؟

ــ خوا مردووت بپارێزێ! من لە سەرەتاشەوە هەماری سێوەکەم ئەزانی. بڕیارە چەندەت بدەنێ؟

ــ باسی پارە هەر نەکراوە. مەگەر پارەش ئەدەن؟

ــ حاجی کڵاوی کردۆتە سەرت و تۆ ئاگات لێ نییە. هەماری سێو لە بری هەر مردوویەک شتێک بە مرۆڤ ئەدا. من دەمێکەیە ئەوە ئەزانم.

ــ من سەری لێدەرناکەم، لە کاتێکا کە ئێمە گیرمان کردووە بە دەست مردووەکانەوە، بۆچی خۆیان دێن و مردوو ئەکڕن؟!

ــ قانوونی داوا و دەرکەوتەیە[٤٥]، کاکە گیان! جگە لەوەش هەموو مردوویەک دوو سێ شەهیدی لێ دەرئەکەن.

ــ بەڵام پێم وانییە حاجی لە بری مردووەکان پارە وەربگرێ. خۆ ئەزانی هەماری سێو هیی حاجی خۆی بووە؟

ــ ڕەنگە وەرنەگرێ. بەڵام بە جۆرێک بۆی قەرەبوو ئەکەنەوە. من بیستوومە لە بری هەر مردوویەک بەفرگر، گسکی کارەبا، تەلەڤزیۆن و لەو جۆرە شتانە ئەدەن.

ــ حاجی خۆ پێویستی بە تەلەفزیۆن و گسک نییە، تۆش! پارەی بە پێمەڕە هەڵئەداتەوە.

ــ هەرچی بێت مامەڵەگەرە. ئەو هەموو پارە و داراییەی لە کوێوە پەیدا کردووە؟

ــ ئێستە تۆ پێت ناخۆشە؟

---

٤٥ ـ داوا و دەرکەوتە: supply and demand ئابووری کاڵا ناوی لێکدراو شێوازێکی ئابوورییە کە بەهای کاڵا لەسەر بناغەی «پێدا» لە بازاڕی کێبەرکێدا هەڵئەسەنگێنن. زۆری داخواز نرخی پێدا بەرز ئەکاتەوە و بە پێچەوانە. ع عرض و طلب د عرضە و تقاضا ☜ پێدا.

ـ من؟ نا. سەدی سەد لەگەڵم. لە سەرەتایشەوە کە گەیشتینە «مەشهەد»، ئەمویست بیڵێم، لە تۆ ترسام.

ـ بە دایکم بڵێین چی؟

ـ ڕاستەکەی بڵێین چی ئەبێ؟

ـ وەڵڵا، باشتر وایە درۆیەک ساخ کەینەوە کە خۆمان تووشی گێرە و کێشە نەکین.

ـ باشە ئەتوانین بڵێین چی؟

ـ بە ڕای من باشترە ناوی دوو شەهید لە ڕووی گۆڕەکانیانەوە بنووسین و بڵێین ئەوانمان لەبری ئەو دوو شەهیدە ناشتووە. ئەمەش ناو و نیشانی گۆڕەکانیان. لەوە باشترە بڵێین داومانن بیان بڕنەوە.

ـ زۆر چاکە وا ئەڵێین. بۆ ئەوانی تر چی؟

ـ وەڵڵا حاجی بەو پێیەی کە پەیوەندی لەگەڵ هەماری سێو هەیە ڕەنگە بتوانێ کارێکیان بۆ بکات.

ـ ئێستە ئەیبینین. ئەگەر وتی مردووەکانتان دابنێن و بڕۆن نەچیتە ژێر بار، ها!

ـ نەء. دڵت ئاسوودە بێ.

ـ بە ڕاستمە ها! ئەمانە مردوو دزن. بازرگانی بە مردووی خەڵکەوە ئەکەن.

ـ چاکە، کاتی ئەوەیە تەلەفۆن بکەین بۆ تاران.

ـ تۆ لێرە نەبووی من تەلەفۆنم کرد، هەموو باشن. بەڵام ترساون. دایکم ئەیوت تا بۆتان ئەکرێ لە «مەشهەد» بمێننەوە. ئەوێ باشترە. لە ئالالەم پرسی، وتی باشە. خەریکە شیرین زمانی ئەکات. مامۆستایان بۆ مەهدیش پەیدا کردووە. بەڵام هەواڵی گرنگ پاش ئەو هەواڵەی تۆ باست کرد ئەوەیە کە سەید خۆی داوای کردووە و چووە بۆ بەرەی پێشەوەی جەنگ!

ـ چی؟

ـ بەڵێ قوربان! ئاخرەکەی کاری خۆی کرد.

ـ بی‌بی چی؟

ـ بی‌بی توزێ گریاوە و وتوویەتی کە وابوو منیش ئەوم فڕێدا. چی ئەبێ با ببێ.

ـ دایکم چی؟

ـ وەکوو هەمیشە. قاچ ئێشە، پشت ئێشە و بێبڕوایی بە ئێمە. بۆ گێڕایەوە چ بەڵایەکیان بە سەر خانەقا هێناوە. ئەویش وتی ئێمە خۆمان کردووە بە گاڵتەجاڕ.

کاتێکە لە ئوتۆمۆبیلەکە دائەبەزین، سەرما خەریکە وشکمان کات. ئەوەندەی حاجی کلیل دەرکا و دەرگای حەوشە بکاتەوە، لەحەوشە تێپەڕین و خۆمان بکەین بە ژوورا، ئەمرین و زیندوو ئەبینەوە. لەگەڵ چوونە ژوورەوە نووکی لووتم ئەسووتێ. کاتێکە سەری پەنجەم برد بۆ لووتم، پارچەیەکی باریکی سەهۆڵ ئەکەوێتە سەر ڕایەخەکە. هەوای ژوورەکە گەرمە، بەڵام ماوەیەکی ئەوێ بۆ ئەوەی ئێمە گەرممان ببێتەوە.

ـ زۆر سەرمات بووە ئاغە سەب.

ـ بەڵام ژوورەکە باش گەرمە حاجی.

ـ بە حەمدوللا سووتەمەنیمان زۆرە. شووفاژەکان بە بەردەوامی کار ئەکەن.

مورتەزا سەری دائەخات و ئەڵێ:

ـ سووتەمەنی بە تۆ نەگەیەنن، بە کێی بدەن حاجی؟

ـ ڕاستە، زۆر ڕاستە ئاغە سەب.

شێو، پاقلەپلاو و چەند جۆر شلە دروست کراوە کە زۆر بەچێژن. پاش شێوکردن سفرەکە کۆ ئەکەنەوە و بەساتەکەی مورتەزا ڕایەخەن. من و حاجی لە سەر دۆشەکڵە لای یەکەوە دائەنیشین. من سەری قسە ئەکەمەوە و ئەمەوێ سەبارەت بە کاروباری ئابووری ڕاوێژی لەگەڵ بکەم.

ـ دەی حاجی، ئێستە کاتی ئەوەیە بچینە سەر باسی مژاری ژیان.
ـ فەرموون ئاغە سەب.
ـ راتان چییە سەبارەت بەوەی لە هۆڵێکی سەرگیراودا تەماتە و پەتاتە بەرهەم بهێنرێت؟
ـ ئەگەر بۆ پەتاتە و تەماتەیە ئەوە کارێکی پیرۆزە، بەڵام ئەگەر بۆ پەیسە تەیار کردنە ئەوا کاری ئاسانتر زۆرە.
ـ هەڵبەت بۆ پارە دەرهێنانە. تۆ خۆت ئاگات لە باری ژیانی ئێمە هەیە.
ـ دیارە ئاگام لێیە. باری ژیانی ئێوە لای ئێمە ئاشکرایە. بە دەمدرێژی نەبێت هەر کارێکی بەرهەمهێنان کە پێویستی بە پەیسە دانان هەبێ، لانی زۆر زیان ئەهێنێ. ئێوە ئەبێ دەست بۆ کارێک ببەن کە پێویستی بە دەسمایە و سەرمایە نەبێ.
ـ مەگەر کاری بەرهەمهێنانی واش لە دنیادا پەیدا ئەبێت کە بەبێ سەرمایە بکرێت؟
ـ زۆر. زۆر ئاغە سەب! یەکێک لەو کاری بەرهەمهێنانە کە زۆر قازانجی هەیە لەمکاتەدا لە «مەشهەد» ئەکرێ. تەنها پێویستە تەشریف بهێنن و لە «مەشهەد» بژین. هەم لە جەنگ و بومباران بە دوور و هێمنە و، هەم دەرفەتی کارکردن هەیە.
ـ ئەکرێ بفەرمووی ئەوە چ کارێکە؟
ـ هەڵبەت ئاغە سەب. بە مەرجێک لەگەڵ غەوارە باسی بەکەی. ئێوە هەمیشە ڕازداری ئێمە بوون. تەشریف بهێنن بۆ ئێرە. خانوویەک تەیار بکەن و تیا دابنیشن. سەرەتا هەندێ دژوارە. ئەبێ تەختی حەوشەکەتان هەڵکەنی هەتا ئەگەیت بە خاک. خاکەنازێک خۆڵ هەڵگرن، زۆر بە نهێنی. لە ناو ژوورەکە، خاکەکە وشک بکەرەوە. پاشان بیدە لە هێڵەک. خاکە هێڵەککراوەکە بکە بە گۆرەوی نایلۆندا. گەردێکی نەرم و زۆر ناسک دروست ئەبێت. هەندێ گوڵاوی لێبدەن بۆ ئەوەی بۆنی خۆش ببێت. خاکەکە لە نزیک گەرما دابنێن و جارێکی تر وشکی بکەنەوە.

بەقەد باڵی مێشێک لەو خاکە بکەنە ناو کاغەزێک و بیپێچنەوە. ئەگەر ڕۆژی سەد بەستە دروست بکەن، لە خزنی ئیمام ڕەزا ئەفرۆشرێ. هەر ئەم باریەت ئەتوانێ ڕۆژی سەد بەستەی لێ بفرۆشێ. بەستەی سەد تمەن، ڕۆژی دەهەزار تمەن. خوا بەزیادی کات.

ــ ئەم بەستانە بە کێ ئەفرۆشرێ، حاجی ئاغە؟

ــ بە دیدەنیاران و زیارەتکەران... بە نەخۆشەکان. ئەبێ بچیتە لایانەوە و بڵێی: «تۆزی خزن!» دەسبەجێ لێت ئەکڕن. ئێستە ڕەنگە هەندێک دۆخیان زۆر باش نەبێت. مامەڵە بکەن و بیکڕن بە پەنجا تمەن. بەڵام لەولا هیی واش هەیە دوو سەد تمەن ئەدات. ئەزانی ئاغە سەب، دکتۆرەکان هەموویان ڕۆیشتوون! خەڵکی شەفای خۆیان لە ئیمام ڕەزا ئەوێ. هەموو ڕۆژێک لە بەیانی زووەوە تا نوێژی شێوان دەوری خزن و پشت پەنجەرەی پۆڵا، پڕە لەو زیارەتکەرانەی داوای چاکبوونەوە لە ئیمام ئەکەن و، کۆتاییان نایەت. بە پێمەڕەیەک خاک زیاتر لە سەد لەک[٤٦] پارەت دەست ئەکەوێ. جا جەنابت بڕۆ و چەند ملیۆن تمەن خەرج بکە و جامخانە دروست بکە و خاک پەیدا بکە. دەستەبەندی کردن خۆی کەرەسەی گەرەکە. ئەو ڕێگە درێژە بۆ؟ ئێوە بە ئاسانی ئەتوانن ڕۆژی یەک **لەک** تۆزی حەرەم بفرۆشن. بەس ئەبێ ئاگاتان لێبێ مجێورەکانی حەرەم پێ نەزانن. هەڵبەت زیارەتکەران پاش ماوەیەک خۆیان ڕێگەی ماڵەوە ئەدۆزنەوە و ئەرکی ئێوە سووکتر ئەبێت. من خۆم ئەتوانم کڕیارتان بۆ بنێرم. ئەگەر بتانەوێ لەگەڵیشتان ئەبم بە شەریک.

ــ من ئەوەم پێ سەیرە ئێوە خۆتان هەتا ئێستە بۆ ئەو کارەتان نەکردووە؟

ــ ڕاستەکەی ئەم زاراوە ئەفغانیەی من نەیهێشتووە. متمانەیان بە ئێمە نییە. فرۆشیاری شێعە پێویستە. هەڵبەت منیش نەمویستووە لەگەڵ کەسی ناخۆیی ئەو کارە بکەم. ئێمە لەم شارە گیروگرفتمان زۆرە ئاغە

---

٤٦ ـ لەک: د دە هەزار.

سەب.

مێرمندالێک سەبەتەیەکی گەورەی پڕ لە پرتەقاڵ و نارنج ئەهێنێتە ژوورەوە. چاوەکانی مورتەزا خڕ ئەبێتەوە. منیش بە سەرسووڕمانەوە سەیری سەبەتەکە ئەکەم. حاجی ئەم پرتەقاڵانەی لە کوێ هێناوە؟ چۆن گەیشتوونەتە ئێرە؟ ئەبێ بپرسم. ئەمەش ئەبێ کارێکی باش بێت.

ـ ئەو میوانە لە کوێوە هاتووە حاجی؟

ـ لە جەلال ئابادی خۆمانەوە ئەیهێننە هەرات. لەوێشەوە سەید تەیموور، خۆ لە بیرتانە؟ لۆکە پێچیان ئەکات و ڕەوانەی ئەکات بۆ ئێرە. قاچاخبەری[٤٧] تریاک لەگەڵ خۆیان ئەیهێنن. هەڵبەت بۆ ئێمە لە تریاک گرانتر تەواو ئەبێت. بفەرموون، گیانتان تازە ئەبێتەوە.

قاشە شیرینەکانی نارنجی گەرمێن ئەخەمە دەمم و، بیر ئەکەمەوە مرۆڤ چەندە ئاسان ئەتوانێ پارە دەست بخات. بەو مەرجەی پێبەندی هیچ پرنسیپێک نەبێت. ئەگەر زیاتر لەگەڵ حاجی گفتوگۆ بکەم مسۆگەر زۆر ڕێگەی تری کلاوبازیم فێر ئەکات، تا بتوانم ئاسانتر دەوڵەمەند ببم. بەڵام ئەبێ بیر لە کارەکانی خۆم بکەمەوە. حاجی بۆ ڕاوێژکاری من نابێت. ئەبێ، پاش بەخاکسپاردنی مردووەکان، بکەومە دوای پرۆژەی تەماتەکە.

هێشتا دامودەزگا کۆنەکراوەتەوە ئەدەن لە زەنگی دەرگا. بە پەلە هەڵئەسم بۆ ئەوەی جل بگۆڕم. مسۆگەر حاجی قەندەهاریە. بەڵێ خۆیەتی. هاتووە پێکەوە بچین بۆ هەماری سێوەکە. مورتەزا بە دواین نیگا، دوا هەڕەشەی خۆی ئەکات. باش ئەزانم ئەترسێ باوکم لە چنگم دەربهێنن! لەگەڵ حاجی دەرئەکەوین.

ئوتۆمۆبیل بە کۆڵانی وادا تێ ئەپەڕێ کە تا کەمەرکەشی دیوارەکانی

---

٤٧ ـ قاچاخبەر: runner, mule, contrabandist هێمایی فەرمان توورەکەبەر، کەسێکە چ خۆی یان بە کەرەستە و هۆکاری تر، کاڵای قاچاخ ئەگوێزێتەوە. قاچاخبەر بە زۆری بۆ کەس یان ناوەندێکی تر کار ئەکات. ⇦ توورەکەکێش: bagman

سەهۆڵ دایپۆشیوە. هەرچی چۆن بێ، ئەگەینە شەقامی سەرەکی و ئەوەندەی پێ ناچێت شار بەجێ ئەهێڵین. دارتووەکانی دوو بەری ڕێگەکە بەو لەشە سپی و ڕچاوەیانەوە، بە نەرمی تێئەپەڕن. لە دوورەوە دیواری هەمارەکان بە بانی جەمەلۆنی لار و چلوورەی شۆڕەوەبوو بە قەراخی دیوارەکانی‌دا، ئەبینرێت. لە سەردەرگای هەمارەکە، لە سەر تابلۆیەک نووسراوە: «ئێزگەی شەهیدان».

دوو پاسدار بە بینینی حاجی بە پەلە دەرگاکە ئەکەنەوە. ئۆتۆمۆبیل ئەچێتە ناو هەمارەکە و بە دوای ئێمەدا پاسدارەکان دەرگاکە دائەخەنەوە. لە هەمار جگە لە چەند مێزی درێژ و باریک هیچی تری لێ نییە. لە سووچی هەمارەکە ژوورێکی لێیە، ئەچین بۆ ئەوێ. لە ناخەوە هەڵئەلەرزم. نازانم بە هۆی سەرماوەیە یان بە هۆی ئێزگەی شەهیدانەوە. لە قەراخ دیوارەکە قوتووی باریک و درێژ، بە ڕێکوپێکی لە سەر یەک هەڵچنراون. حاجی دەرگای نووسینگە ئەکاتەوە و ئەچێتە ژوورەوە. دوو کورتەبنە لە پشت دوو مێزی تەختە دانیشتوون و هەرکامیان پەڕاوێکی گەورەی لە بەردەم دایە. حاجی لەگەڵ کورتەبنەکان چاک و خۆشیەکی خۆمانە ئەکات. دیارە پێکەوە ڕێکن و بەبێ ڕوودەربایسی. ڕەنگە ئەگەر من لەوێ نەبوایەتم، گاڵتەشیان پێکەوە بکردایەت.

ــ دەی حاجی ئاغە، چۆن بوو لەم ناوە دەرکەوتن؟

ــ بە خزمەتتان ڕابگەیەنم ئەم هەڤاڵەی ئێمە دوو ئافرەتیان هەیە. بە دوای گۆڕدا ئەگەڕان. وتم بیهێنن بۆ ئێرە هەم کارەکەی ئەوان بکەوێتە ڕێ و هەم...

کورتەبنە باز ئەداتە ناو قسەکەی و ئەڵێ:

ــ هەڵبەت بۆ ڕێکخستنی کاتی ئەم برایە باشە. بەڵام پێشتر ئەبێ بیانبینین بزانین بەکار دێن یان نا.

من بەبێ وەستان وتم:

ــ بەڵێ حاجی ئاغە بەکار دێن. هەڵبەت ئەگەر پێتان خۆشە بیانبینن. بەڵام هەردوکیان پاش ڕاپەڕین نێژرابوون.

کورتەبنە بیرێک ئەکاتەوە و ئەڵێ:

ـ ئێمە مردووەکانتان ئەنێژین برا. هەڵبەت نابێ چاوەڕێی کێل و ئەمانە بکەن.

ـ نا قوربان، نامەوێ.

کورتەبنەی دووەم ئەپرسێ:

ـ گەڕێنراونەتەوە؟

ـ بەڵێ قوربان. بەڵام ئەمانە لە خزمانن، خۆیین. هیچ گەپ نییە.

کورتەبنەکان سەیرمان ئەکەن. ئەڵێی سەیری هیچ کوێیەک ناکەن. چاوەکانیان تیشکی نیگاکردنی تیا نییە. چاوەکانیان سارد و بەبێ نیگا و بەردینە. تەواو وەکوو دوو پارچە بەردە چەخماخەی قەراخ چەم کە لە کالانەی چاوی پەیکەرێکدا دانرابێتن. بە پێچەوانەی چاوەکانی پەیکەری تووتانخاموون(٤٨) کە لە دوو پارچە بەردی بەنرخ بەدیهاتووە و کاتێکە بە لایدا تێ ئەپەڕی، بە نیگا بە دواتدا دێت. چاوەکانی ئەم «برایانە» هیچ نیگایەکی تیانییە. یەکیان پێنووسەکەی هەڵئەگرێ و ئامادەی نووسینە لە سەر پارچە کاغەزێک:

ـ چەند ساڵان بوون؟

ـ باش نازانم. بەڵام مسۆگەر لە سەر کارتۆنەکان نووسراوە.

ـ چوارپەلیان ساخ بووە؟

ـ ئەوەندەی من لە بیرم بێت بەڵێ.

ـ قەڵەون یان لەڕ؟

ـ یەکیان زۆر قەڵەو و باڵا بەرز، ئەوی تریان توزێ قەڵەوە.

ـ لەبیرتانە کەم تا کورت چەند کیلۆ بوون؟

ـ نە حاجی، بەڵام دڵنیام یەکیان لە سەد کیلۆ زیاتر بوو.

ـ زۆر چاکە. لەبەر دڵی حاجی قەندەهاری کە زۆر خزمەتی

---

٤٨ـ تووتانخاموون: Tutankhamun لە پادشاکانی خانەدانی فیرعەونەکانی میسر لە نێوان ساڵانی ١٣٣٤تا ١٣٢٥ پ.ز فەرمانڕەوایەتی کردووە. کوڕی ئەخناتوونە و بە بەناوبانگترین فیرعەون دادەنرێت. لە تەمەنی گەنجی مردووە و لە دۆڵی پاشاکان بە خاک سپێردراوە.





شۆڕش ئەکەن وەری ئەگرین. ئەمڕۆ تا پێش نیوەڕۆ ئەتوانن بیانهێنن.

ـ زۆر سپاس.

هەردوکمان لە جێ ڕائەبین کە بڕۆین، یەکێک لە کورتەبنەکان ئەڵێ:

ـ سەرنج بدە برا. دەربارەی ئەم مژارە لەگەڵ کەس قسە مەکە. هەڵبەت گرفتاری بۆ خۆت دروست ئەبێت.

ـ دڵتان ئاسوودە بێت حاجی. هیچ نەبووە کە لەلای خەڵک باسی بکرێ.

ـ کاتێک گەڕانەوە بۆ تاران ئەگەر خزمان پرسیاریان کرد، بڵێن کەسانێک یارمەتی دان مردووەکان بنێژن. ژمارەی ڕیز و ژمارەی گۆڕیشیان پاشتر بۆ ئەنێرین.

ـ بەڵێ حاجی. دڵت لە سەداسەد ئاسوودە بێ.

لە ناو ئوتۆمۆبیلەکە لە حاجی قەندەهاری ئەپرسم:

ـ ئەمانە زانیان کە مردووەکان ژنن؟

ـ بەڵێ ئاغە سەب. پێم وتبوون.

ـ بەڕاست مشارە کارەباکەیانم نەبینی.

ـ لە کارگەیە. خۆ لەبەر چاو دایانانێن. ڕەنگە کاتی هێنانی تەرمەکان بتوانم پیشانت بدەم.

لە گاراج ئەیەوێ بچێتە پشت فەرمانی پیکاپەکە، من ناهێڵم.

ـ نا حاجی، سەرەتا ئەبێ ئەو دوانەیان بخەینە لاوە. پاشان ئەکەوینە ڕێ.

ـ گەپ نییە ئاغە سەب. لە هەمار دایان ئەنێین.

ئوتۆمۆبیل هەڵئەکات. بەگ ئەگرێت و ئەڕوات بۆ بەردەم هەمارەکە. پاشان زۆر بە وریایی پاشەوپاش ئەچێتە ژوورەوە و ئەڵێ:

ـ وریا بن ئاغە سەب، لێمان هەڵە نەبێت. چونکە گۆڕینەوەیان زۆر دژوار ئەبێ.

بە وریایی کارتۆنەکانی باوکم و خەزوورم لە پیکاپەکە دائەگرین و لە سووچی هەمارەکەدا لە سەر یەک دائەنێین. حاجی پارچەیەک برێزنت ئەدا بە سەریاندا.

حاجی لەو هۆڵەی کە بەیانی لەوێ بووین تێئەپەڕێ و لە بەردەم هەماری دووەم ڕای ئەگرێت. بەبێ ئەوەی هۆڕن لێبدات، ساتێک ئەوەستێت. دەرگاکە ئەکرێتەوە و ئەچینە ناو هۆڵێکی ترەوە کە پێنج تا شەش هەزار مەتری دووجا ئەبێ. دەوراندەور بە سێ ڕیز قەفەسەبەندی کراوە، کە هەتا بنمیچەکە سەرکەوتووە. هەموو قەفەسەکان پڕە لە کارتۆنی مقەبا. لە ناوەڕاستی هۆڵەکە چەند مێزی باریک و درێژ هەیە و پاڵاوەشی[٤٩] بەرامبەر دەرگای هاتنە ژوورەوە بەتاڵە. بۆ ئاسانی بارکردن و داگرتنی بارەکان. چەند ڕیز لامپی کز بە بنمیچەکەوە، لە ناو قەفەسی تەلی وەکوو تەڵەمشک، تیشکێکی لاواز و بێدەنگ بە دەور خۆیاندا بڵاو ئەکەنەوە. لە سووچێکدا، ژوورێک بە دیواری چوار مەتر بەرزەوە دروستکراوە و لە سەر دەرگاکەی نووسراوە: «خوشکان».

ئەزانم ئەبێ کارتۆنەکان بدەین بەو شوێنە. ئەوەندەی ئوتۆمۆبیلەکە لە پادەری[٥٠] بەتاڵ ڕای ئەگرێ، دوو پاسداری بێنیگا دێنە پێشەوە و لەگەڵ حاجی چاک و چۆنی ئەکەن. بە شێوەی قسەکردنیاندا دیارە یەکتری ئەناسن. ڕەنگە حاجی کاڵا زۆر ئەهێنێ بۆ ئێرە. پاسدارەکان بە پەلە قوتوەکان لە پیکاپەکە دائەگرن و لە قەفەسەی لای دیوارەکە دای ئەنێن. حاجی لەبەر خۆیەوە ئەڵێ:

ـ ئەو ژوورە کارگەی خوشکانە.

---

٤٩ ـ پاڵاوەش: antech, entrance ناو پاکەنە، کەوشکەن، شوێنی پێڵاو داکەندن؛ بەردەرگای چوونەژوورەوەلە هۆڵی گەورە. ع مدخل N forkammer د کفش کن.

٥٠ ـ پادەری: ناوی لێکدراو بەرپێ، ڕایەخی پێشدەرگا، وەرپایی.



ـ تۆ خۆت ناوەکەت بینیوە؟

ـ بەڵێ ئاغە سەب. زۆر جار، زۆر.

ئەو هۆڵەی بۆ چاندنی تەماتە لەبەر چاومدا بوو، تەواو وەکوو ئەم هۆڵەیە. بەڵام بە قەفەسەی زیاتر، تیشکی زیاتر و گەرمای زیاترەوە. حاجی خواحافیزی لە پاسدارەکان ئەکات و ئۆتۆمۆبیلەکە ئەخاتە ڕێ و لە هەمارەکە دێتە دەرەوە.

ئەمانە کێ بوون کە دام بیانبڕنەوە؟ خۆزگە ئەمتوانی باش بیانهێنمەوە بیر. دڵنیام کاتێکە منالێکی بچکۆلانە بووم بۆ جەژنە پیرۆزە چووم بۆ ماڵیان. مسۆگەر جەژنانەیان پێداوم. مسۆگەر دەستێکیان هێناوە بە سەرمدا و نازیان کردووم و ئەمڕۆ، پاش تێپەڕینی ساڵان، منیش بەمجۆرە پاداشتی چاکەیانم دایەوە.

حاجی بێدەنگی ناو پیکاپەکە ئەشکێنێ و ئەڵێ:

ـ ئەگەر ڕێگە بدەن ئەتانبەم بۆ گەڕان.

ـ خراپ نییە حاجی گیان. ئەگەر ئەرک نەبێ برۆ بۆ لای «کێوە بەردینە».

ـ وا دیارە باش «مەشهەد» ئەزانی.

ـ بەڵێ حاجی گیان. چەند ساڵ لێرە ژیاوین. تا پۆلی سێیەمی

سەرەتایی لێرە خوێندوومە.
ــ مسۆگەر بیرەوەری زۆرت لە کێوە بەردینە هەیە!
ــ ئەی... بەڵام ئەوەندە بەڵامان بە سەردا ئەبارێ ئیتر جێگەی بیرەوەری نامێنێتەوە.
ــ نا ئاغە سەب. ئەمانە هەموو ئاسانە. ئەبێ خۆتان ڕابهێنن.

لە شەقامێکەوە تێ ئەپەڕین کە نایناسم. هیچ شوێنێکی لە بیرمدا نییە و ئەوسا، لەپڕ خۆم لە بەرامبەر کێوە بەردینەدا ئەبینم: بەفر دایپۆشیوە، بە هەسێڵەکەی بن پێیەوە کە بەستوویەتی و بووە بە بەشێک لە عەرزەکە. عەرزە لووس و پەرداخکراوە سەهۆڵەکە لەگەڵ بیابان جیاوازی نییە. بەڵام نیوەی تەنی ئەو گەمیە تەختە شکاوەی لە دەرەوەی سەهۆڵەکەدایە دەری ئەخات ئێرە ڕۆژێک لە ڕۆژان گۆل بووە. لە کێوە بەردینە، تەنها کێوەکەی ماوە و هەموو باخ و باخچەکانی دەوروبەری کراوە بە خانوو. باڵەخانەیەکی گەورە ئەبینم کە ئوتۆمۆبیلێکی سپی، وەکوو ئامبولانس، بە بەریا تێ ئەپەڕێ و دوور ئەکەوێتەوە.
ــ ئێرە کراوە بە نەخۆشخانە، حاجی؟
ــ نە ئاغە سەب. ئێرە لە کۆندا پەیمانگەی تەکنیک بوو. ئێستە کراوە بە زیندان.
ــ ئەی ئەوە ئامبولانس نەبوو؟
ــ ئەوە ئوتۆمۆبیلی گواستنەوەی خوێنە ئاغە سەب. ئەوانەی تیرەباران ئەکرێن پێش ئەوەی بیانکوژن خوێنیان ئەکێشن و ئەینێرن بۆ بریندارەکانی جەنگ. ئەزانی خۆ؟
ــ بەڵێ «فتوا»کەیم خوێندۆتەوە.
ــ بەڵێ ئاغە سەب. ئەم ئوتۆمۆبیلە هەموو ڕۆژێک دێ بۆ ئێرە، ئەو خوێنانەی کۆ بۆتەوە ئەیبات. دیارە خێری هەیە. ژمارەیەک بریندار گیانیان جۆر ئەبێ.
ــ پێم وابێ دڵیشیان جۆر ئەبێ.

ـ وایە ئاغە سەب.

ـ خولانەوە بەسە حاجی ئاغە، مسۆگەر «وەکیلاوا» و «خاجە ڕەبیع»یش ئەوەندە گۆڕاون، بۆ ئەوە نابن بیرەوەرییەکان بژێننەوە.

حاجێ بەبێ قسە، لە چەرخەڕێگاکە بای ئەداتەوە و ئەگەڕینەوە. چاوم لەو دارانەیە کە هەندێ جار بوون بە تۆپێکی گەورە و هەندێ جار نیوتۆپێک و بڕێ جاریش بوون بە فڕۆکەیەکی درێژی سەهۆڵ. سەیری پەنجەرەی داخراو و شۆستە بێڕێبوارەکان ئەکەم، کە لەپڕ ئەگەینەوە گاراج. دوو قوتوەکە دیسانەوە ئەخەینەوە ناو پیکاپەکە و دای ئەپۆشینەوە.

کاتێکە ئەچمە ژوورەوە، مورتەزا ئەبینم بە تووڕەیی تەلەفۆنەکەی تەوا ئەکا و بەبێ ئەوەی دیار بێت جنێوی ناموسی بە کێ ئەدا، بیستۆکەکە دائەخاتەوە.

ـ چی بووە برام؟

ـ ئەم خەڵکە زۆر سەیرن. خۆیان ئەو هەموو مردووە بە فڕۆکە ئەگوازنەوە، ئێستە کە نۆرەی ئێمە گەیشتووە ئەڵێن ئەبێ دەرفەت لە سەرۆک وەزیری وەربگیرێت.

ـ چی ڕووی داوە کە تۆ پێویستت بە فڕۆکە هەیە؟

ـ ئەبێ بچین بۆ تاران. هەر ئێستە سی و حەوت دانە مووشەک داوییە لە تاران. کەس نازانێ چی ئەبێت.

ـ دەیجا چییە خۆمان بە فڕۆکە ئەڕۆین و پیکاپەکە ئەدەین یەکێک بیهێنێتەوە.

ـ برا گیان، هەر بیریشی لێ مەکەرەوە. نابێ بۆ تەنها خولەکێکیش مردووەکان لە خۆمان دوور بکەینەوە.

ئەگەر وایە تەلەفۆن بکە بۆ حوجەتولئیسلامە بێدەسەڵاتەکەت. ڕەنگە کارێکی لە دەست بێت.

ـ تەلەفۆنم کرد، چووە بۆ تاران.

ـ زۆر چاکە یەکمان بە فڕۆکە بچێت بۆ تاران، ئەوی تر بە پیکاپ بگەڕێتەوە.

ـ نابێت. ئەوە ڕێگەیەک نییە بە یەک نەفەر ببڕدرێت.

ـ ئەی چی بکەین؟

ـ سەرەتا وەرە تەلەفۆنێک بۆ تاران بکەین بزانین لە چ دۆخێکدان، پاشان بڕیار ئەدەین چ قوڕێک بکەین بە سەرماندا.

بە پەلە تەلەفۆنی ماڵەوە ئەگرێ. بیستۆکەکەی لکاندووە بە گوێیەوە کە بە پەنجە ئەدەم بە سەر دەستیدا و ئەڵێم:

ـ باش قوشقی بوویت کاکە گیان!

ـ ئەلۆ، چۆنی دایە؟ هەمووتان ساخن؟... لای ئێوە چ باسە؟... کوێ؟ مەیدانی مەحسینی؟... دەنگەکەی؟ ئێمە ئەمانویست بە فڕۆکە بگەڕینەوە بۆ تاران، نەبوو. قوتوەکان ڕێ نادەن بۆ ناو فڕۆکە... مسۆگەر، مسۆگەر... نەء! بە قوتوەکانەوە دێینەوە. پێم بڵێ دایە، هەموو ساخ و سڵامەتن؟ ئەلحەمیللا... دوو ژنەکەمان ناشت. باوکم و سەرهەنگ لەگەڵ خۆمان ئەهێنینەوە بۆ تاران... چی؟ شتی وانییە... ڕەنگە ڕێگەیەک پەیدا ببێت. زۆر چاکە، خوا شوکر!... کە وابوو بە پیکاپ ئەگەڕینەوە... کەی بۆمان بکرێ. ئەویش باشە، سڵاوی هەیە... زۆر چاکە. نا، دایە گیان! خەمت نەبێ.

بیستۆکەکە دائەنێتەوە و، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ، ئەکەوێتە جێسازی و شاردنەوەی وافوور و کەرەستە لە ناو ئاسەڕی کەوڵپۆسەکەدا.

ـ هەواڵ چی بوو؟

ـ هەلومەرجی تاران باش نییە. هەر کاتە و بۆی هەیە بەڵایەکیان بەسەر بێت.

ـ باشە بۆ ڕازی نابی بە فڕۆکە بڕۆین و پاش دوو کاتژمێر لە تاران بین؟

من تەرمی باوکم لێرە بجێ ناهێڵم. ئەمانە مردوو دزن. من ئەزانم لێرە چ باسە. بەم پیکاپە هاتووین و بەم پیکاپەش ئەڕۆینەوە. بەڵام

چەندە زووتر، ئەوەندە باشتر.

برای هەمیشە خوێنساردم شەڵەژاوە و ئوقرەی لەبەر هەڵگیراوە. بەڵام دڵنیام ئەو مووشەکانە ناوەکەیان و ترسەکەیان لە کارگەرێتیان زیاترە. لەو زەریا بێسەروبنەی تاراندا، مووشەک ئەکەوێ بە سەر یەک دوو خانوودا و ئەوپەڕی هەر ئەو دوو خانوەش کاول ئەکات و شووشەکانی چەند ماڵە دراوسێش ورد ئەکات. تاران، لانیکەم یەک ملیۆن خانووە. گریمان چل پەنجا مووشەک یان ئەوپەڕی سەد دانە دای بە سەریا، جگە لە دووسەد سێسەد خانوو زیاتری پێ وێران ناکرێت. لەم دووسەد سێسەد خانووە ڕەنگە دوو سێ هەزار کەس بکوژرێن و بریندار ببن. ئەو ژمارەیەش لە بەراورد لەگەڵ کوژراوەکانی زۆنگەکانی مەجنوون و زەرەر و زیانەکانی خووزستان بەرامبەر بە سفرە. کە وابوو نابێ زۆر بترسین! گرنگ ئەوەیە مووشەکبارانی شارەکانی تاران و بەغدا ئیتر ئەوپەڕی پەرەسەندنی جەنگە. دوای ئەوە ئەبێ ئیتر کۆتایی پێ بهێنن. مەگەر هەر دوولا چەند دانە مووشەکیان هەیە؟

براکەم شتەکانی شاردۆتەوە و پێڵاو و کڵاو ئەکات و ئەڕوات بەرەو گاراج کە پیکاپەکە بەسەرکاتەوە و بەنزین و ڕۆنی تێبکات. ئەیناسم:

ـ گوێ بگرە برام! ئەمکارانە لە گاراجی چراغعەلی هەمووی بە نیو کاتژمێر ئەنجام ئەدرێت. پیکاپەکەش باش سەیر ئەکەن و ئەگەر پێویست بێت شتێکیشی ئەگۆڕن. بە تەلەفۆنێک ئەو کارانە هەمووی ئەکرێت. چوونیشی پێویست نییە. بەس پێم بڵێ کەی ئەتەوێ بکەوینەڕێ:

ـ ئەگەر ئەمڕۆ لای نیوەڕۆ بڕۆین زۆر باشە.

ـ باشە، خەم نییە. هەر ئێستە تەلەفۆن بۆ حاجی چراغعەلی ئەکەم ئۆتۆمۆبیلەکە ئامادە بکەن.

حاجی لەوێ نییە. چووە بۆ نەخۆشخانە. کوڕەکەی پارچەی هاوەنی بەرکەوتووە و لەبەر ئەوە براوە بۆ نەخۆشخانە... داوا لە میکانیکی گاراج ئەکەم پیکاپەکە سەیر بکەن و ئامادەی بکەن. ناونیشانی نەخۆشخانەش

ئەپرسم بەڵکوو بچین و سەریان بدەین. تەلەفۆن بۆ حاجی قەندەهاری ئەکەم. ئەویش ڕووداوەکەی نەبیستووە و بەڵێن ئەدا لە ماوەی دە خولەکدا ناوی نەخۆشخانەکە بدۆزێتەوە و بێت بە دوای ئێمەدا کە بچین بۆ سەردان. بە مورتەزا ئەڵێم ڕەنگە ئەمڕۆ نەتوانین بکەوینەڕێ. بەسەرهاتەکەی بۆ ئەگێڕمەوە. ئەو زیاتر ئەشەڵەژێ و قەڵس ئەبێت. جنێو بە داروبەرد ئەدات. تەواو وەکوو باوکم کە هەندێ جار لە خۆوە جنێوی بە دار و بەرد ئەدا و کەس نەی ئەزانی لەگەڵ کێیەتی. نازانم ئەو مرۆڤە هەمیشە ئارام و لەسەرخۆیە چی بەسەر هاتووە وا بەو جۆرە شپرزە بووە. ئەوسا کە لە جنێودان ئەبێتەوە، ڕوو ئەکاتە من و ئەڵێ:

ــ پیاوی باش بە، ئەبێ بە زووترین کات لەم کاولبووە بڕۆین.

ــ ئەڕۆین بە قوربان. بۆ لەپڕ داویە لە سەرت؟ بەیانی زوو بە هیوای خوا ئەکەوینە ڕێ. ئەگەر نیوەرۆژێک لە وەستانەکانی ناوڕێ کەم کەیتەوە ئەم دواکەوتنە قەرەبوو ئەبێتەوە.

ــ نە برام. ئاگات لێ نییە! من ئەترسم هەماری سێو مردووەکان بگەڕێنێتەوە.

ــ بۆ پێت وایە؟ ئەوان بە منەتەوە لێیان وەرگرتم.

ــ زۆر چاکە، بە هیوای خوا. ئەمێنینەوە بزانین چی ئەبێت. زۆر شت هەیە تۆ ئاگات لێ نییە. بەڵام ئەمێنینەوە.

تەلەفۆنەکە زەنگ لێ ئەدات. دڵنیام حاجیە. بیستۆکەکە هەڵئەگرم. ئەڵێ:

ــ حاجی قەندەهاری گەورەیی ئێوەی پێڕاگەیاندم. بەڵام پێویست بە ئەرکی ئێوە ناکات. خەریکە حەسەن ئەهێنینەوە بۆ ماڵەوە. خۆی دێ بۆ خزمەتتان. منیش هەر ئێستە دێمەوە خزمەتتان.

دائەنیشم و چاوەڕێ ئەکەم. قسەکانی مورتەزا بۆتە هۆی بیرپەرێشیم. لە چ هەلومەرجێکدا مردووەکان ئەنێرنەوە؟ هەر چرکە و دەیان بیر بە مێشکمدا تێ ئەپەڕێت. ڕەنگە بە بیانووی ئەوەی کە ژنن.

ڕەنگە ڕزابێتن و بۆ بڕینەوە نەشێن، ڕەنگە...
لەپڕ، هەراوهوریا لە ناودالانی نهۆمی خوارەوە بەرز ئەبێتەوە. دیارە حەسەنیان هێناوەتەوە. بە پەلە لە پلیکانەکان ئەچمە خوارەوە. حەسەن لە سەر دەستەبەرەیەک خەواندووە و چەند بەتانیان داوە بە سەریا. ڕوومەتی کوڵکەی کردووە و پشت لێوی گەنەموویەکی لێ ڕواوە. دێتەوە بیرم چەند ساڵ لەمەوبەر لە نووسینگەی باوکی چای بۆ ئەهێنام. شانزە حەڤدە ساڵ زیاتر نابێت. بزەی لە سەر لێوە بەڵام لاوازە و ڕەنگی پەڕیوە. دایکی بە چارشێوەوە بە لای سەریەوە ڕێ ئەکا و شەڵەژاوە. سەرەتا سڵاو لە دایکی ئەکەم و داوای لێبوردنی لێ ئەکەم، کە لەم هەلومەرجەدا بووین بە سەربار. پاشان دائەنەومەوە و ناوچاوی حەسەن ماچ ئەکەم. تەوێڵی ئارەقی لێ نیشتووە و لەشی بۆگەنی لێدێ.
ـ چ بەڵایەکت بەسەرهاتووە حەسەن گیان؟
ـ شتێکی وا نییە قوربان.
ـ چەند پارچەت بەرکەوتووە؟
ـ بە سڵامەتی ئێوە چواردە پارچە.
ـ رەحمەت لە شتی کەم. ئەی بۆ لە نەخۆشخانە ڕایان نەگرتی؟
ـ پارچەخۆرەکان پێویستیان بە نەخۆشخانە نییە. چونکە دکتۆرەکان ناتوانن هیچیان بۆ بکەن. ئەبێ چاوەڕوان بکەن خۆیان بتوێنەوە.
حەسەن ئەهێنن بۆ قاتی دوو و لە ژوورەکەی ئێمە دای ئەنێن تا ژوورەکەی تەنیشتی بۆ ئامادە بکەن. چەند خولەکێک تێناپەڕێ مورتەزا و حەسەن وەکوو دوو هەڤاڵی چەندین ساڵە ئەکەونە گاڵتەوگەپ. بە گشتی حەسەنم خۆش ئەوێ. مێرمنداڵێکی بە ورەیە. مورتەزا ئەڵێ:
ـ زۆریان ڕەتاندووی حەسەنی؟
ـ ئەرواحی نەنکیان! چواردە مانگ لە بەرەی جەنگ بووم، ئەگەر حیزبوڵڵاییەکی گەوج کارەکەی خراپ نەکردایەت، چواردەی تریش

ئەمتوانی بمێنمەوە.

من و مورتەزا خۆمان ئەگۆڕین و لە لای حەسەنەوە لە سەر ڕایەخەکە دائەنیشین.

ـ دەی حەسەن، پارچە لە کوێ و کوێی داوی؟

ـ یانزە دانەی لە سکم و لاکەلەکە و سینگم و پووزم. سیانیشی ناتوانم بیلێم.

ـ ئا! تێگەیشتم! خۆ لە پیاوەتی نەکەوتووی؟

ـ نا نا، نەی داوە لە شوێنی بڤە!

ـ ئا... داویە لە قنگت! باشە شوکری خوا، ئەوێ زۆر جێی مەترسی نییە. ئەوا خەریکە مەترسیت لە کۆڵ ئەبێتەوە.

حەسەن پێ ئەکەنێ و ئەڵێ:

ـ ئەگەر یەکێکت بەر ئەکەوت ئەوسا پێم ئەوتی.

من بە مورتەزا ئەڵێم:

ـ ئێستە کەی کاتی گاڵتە و ڕابواردنە کوڕی باش؟ هەرچی چۆن بێ، حەسەن برینداری جەنگە؟

دیسان حەسەن لە ناخی لەشە لاواز بووەکەیەوە بزەیەک ئەکات و ئەڵێ:

ـ ئەگەر شەهید بوایەتم، ئاخۆ چی بوتایەت! لەگەڵ بریندار بەو جۆرە گاڵتە ئەکات. قوڕ بە سەری شەهید!

دایکی حەسەن بە سەلەیەک میوە و تۆنگەیەکی ڕینگاڵەوە دێتە سەر. چارشێوی بە سەرەوە نییە. ڕووسەری داوە بە سەریدا و لە هەر دوو لاوە ئەگریجە ڕەش و سپییە ئاڵۆزکاو و شانە نەکراوەکەی کەوتۆتە دەرەوە:

ـ دایکت بە قوربانت بێت ڕۆڵە. چەندە بەو بێکەڵکەم وت مەهێڵە ئەو منداڵە بنێرن بۆ جەنگ. چەندە دڵم نیگەران بوو. خوایە گیان! خۆت ئەزانی و بەس، ئەم یەک دوو ساڵە چیم کێشاوە.

ـ هێشتاش ئەبێ شوکرانەبژێر بن کە ماشەڵڵا هەزار ماشەڵڵا

ساخ و تەندروست لە بەردەمت ڕاکشاوە.

ــ کوێی ساخە قوربان؟ کون کونیان کردووە مناڵەکەم.

ــ ئەڵێی چی دایە گیان، جەنگە ئیتر! خۆ هەڵوا دابەش ناکەن. باوکی بێچارەم چی بکردایەت؟

حاجی بە دوو نایلۆنی پڕ لە دەرمانەوە دێتە ژوورەوە. نایلۆنێک دەرمان و نایلۆنێک پڕە لە گاز و کەرەسەی شۆردنەوەی برین.

ــ هەر پێم وت ئەو دوو پۆلەش بخوێنە، نەیخوێند قوربان! نەیخوێند و ئێمەشی بەدبەخت کرد.

ــ سەد هەزار جار شوکری خوا، شوکر بە خێر گوزەرا حاجی گیان.

ــ ئەرێ وەڵڵا، جێگەی شوکری هەیە. ئازارت هەیە کوڕم؟

ــ نە بابە گیان. تا نەجووڵێمەوە ئازارم نابێ.

ــ تۆ بن و خوا سەیری بکەن. جگەرگۆشەی خەڵک ئەبەن بۆ جەنگ، پاشان بە چواردە پارچە ئاسنەوە ئەیگەڕێننەوە و ئەوسا ئەشڵێن بیبەرەوە بۆ ماڵی خۆتان. ئاسنەکان خۆیان ئەتوێنەوە!

ــ ئەوە ڕاستە حاجی. ئەو تەنها قسەیان ڕاستە. پارچەی هاوەن هیچی لەگەڵ ناکرێ، جگە لەوەی بۆ خۆی وردە وردە بتوێتەوە و لەش بیخوات.

ژنی حاجی ون بووە. نازانم کەی ڕۆیشتوە کە ئێمە نەمانزانیوە. من پێم وایە ئەگەر ئێمە نەبوایەتین لە لای کوڕەکەی دائەنیشت و نەئەجوولا. دیارە بە هۆی ئێمەوە نامێنێتەوە. ئەڵێم:

ــ حاجی گیان ئێمە لە سەر ڕۆیشتنین، هەواڵی حەسەنیان کە هێنا، ماینەوە بۆ ئەوەی چاومان پێی بکەوێ. ئێستەش زۆر زۆر ئەرکین بە سەرتانەوە. ئەگەر دەرفەتمان بدەن ئەمانەوێ بڕۆین.

ــ ئەوە چ قسەیەکە؟ ئەوەتا ئەو منالە بووە بە ملۆزمی ئێوە. توزێکی تر ئەیبەین بۆ ئەو دیو. ئێوەش ئەمشەو ئەبێ بمێننەوە و بەیانی زوو بڕۆن. باشتر وایە بە ڕۆژ لە ڕێدا بن و بە شەویش لە شوێنی

ئەرخایەن بخەون. جگە لەوەش ماڵی خۆتانە و نازانم بۆچی غەریبی ئەکەن؟

ژوورەکەی تەنیشتمان گەرم داهاتووە. من و حاجی و مورتەزا سەروبنی تەختەکە هەڵئەگرین و حەسەن ئەبەین بۆ دیوی خۆی. حاجی قەندەهاریش، بە تەزبێحەکەیەوە ئەگات و یارمەتیمان ئەدات. لە ژوورە تازەکە هەموومان گەردی تەختەکەی حەسەن دائەنیشین و من ئەڵێم:
ــ پێم بڵێ حەسەن گیان، حەزت لێیە لێرە بین یان بەجێت بهێڵین؟
ــ نە بابە بۆچی بەجێم بهێڵن، خۆ من هیچم نییە.
ــ ئاخر ئەگەر ئێمە لێرە بین دایکت پرکێشی ناکا بێت لە لات دابنیشێ.
ــ باشترە قوربان، باشترە. دێتە ئێرە بەس ناڵە و نەفرین ئەکات. منیش تاقەتی ئەو قسانەم نییە.
ــ کە وابوو بۆمان بگێڕەوە، چۆن بوو پارچەت بەرکەوت؟
ــ ئێمە قوربان نزیکەی یەکساڵ بوو لە بەرە، بە تەواوی لەگەڵ دوژمن ببووین بە دۆست. واتە لە ناو خۆماندا هەندێ نیشانەمان دانابوو کە بتوانین بە ئاسانی بەرامبەر یەکتر بژین. یەکێک لەو نیشانانە ئەمە بوو کە کاتژمێری حەوت و نیوی پاش نیوەڕۆ ئێمە دوو تۆپی حەواییمان ئەتەقاند و پاشان ئەوانیش دوانیان ئەتەقاند. ئەمە بە واتای شێوان بوو. پاشان بە دڵی ئاسوودە هەر دوو لامان لە سەنگەر ئەهاتینە دەرەوە. تەنانەت ئاگرمان ئەکردەوە. بە کورتە هەموو شت هێمن و هێسا بوو هەتا بەیانی ڕۆژی پاشتر؛ ڕۆژ لە نوێ و ڕۆژی لە نوێ. درێژەی نەدەم هەم ئێمە و هەم ئەوان لەوە تێگەیشتبووین ئێمە شەڕمان پێکەوە نییە، هەرکەس شەڕفرۆشە با بێت و بکوژرێت و بریندار ببێت. تازە لەمە سەیرتریش هەبوو. ماوەیەک بوو لە پۆلی بێتەل یەکێک کەم ئەهات. بەڵام کە ڕۆژ ئەبوویەوە ژمارەی نەفەرەکان تەواو بوو! سەرلک خەریک بوو وردە وردە ئەیدا لە سەری. هەتا شەوێکیان شۆپی یەکێک

لە سەربازەکانی هەڵگرت. کەوتە دوای و زانی بەڵێ، کاکی سەرباز بە بیری ئاسوودە ئەچێت بۆ سەنگەری دوژمن. سەرلک کاتێکە ئەبینێت سەربازەکە گەیشتۆتە بەر سەنگەری دوژمن، خۆی دابوو بە عەرزا و بانگی کردبوو: «عەباس! عەباس!» سەربازەکەش هەڵگەڕابوویەوە و سەیری دواوەی کردبوو و دیبووی لە تاریکیەکەدا یەکێک ڕاکشاوە و خەریکە ئەجووڵێتەوە. وای زانیبوو یەکێک لە سەربازەکانە هاتووە بە دوای‌دا. بە دەست ئاماژەی پێکردبوو بچێ بۆ لای. سەرلک هێزی دابوویە بەر خۆی، هەڵسابوو و چووبوە پێشەوە. بە سەربازەکە ئەڵێ: «ئەوە تۆ بۆ کوێ ئەچێ کوڕە؟» عەباسیش کە ئەبینێ کار لە کار ترازاوە ئەڵێ: «ئەچم بۆ میوانی جەنابی سەرلک! ئێوەش بفەرموون پێتان خۆش ئەبێت.» سەرلک ئەڵێ: «مەگەر ئێرە سەنگەری دوژمن نییە؟» عەباس وەڵام ئەداتەوە: «وایە جەنابی سەرلک، بەڵام لەگەڵ ئێمە هەڤاڵن. ئێوەش بفەرموون. دڵنیا بە زۆر خۆشت لێ ئەگوزەرێ.» سەرلک ئەڵێ: «جارێ تۆ بڕۆ، من پاشتر دێم.» عەباس ئەچێتە ناو سەنگەری دوژمن و بە عیراقیەکان ئەڵێ: «سەرلکیش هاتووە.» گورج دوو عیراقی سەریان لە سەنگەر دەرئەکەن و بە دەست داوا لە سەرلک ئەکەن، ئەویش ئەچێ بۆ لایان. جا لەو کونە چ باسە خوا ئەیزانێ. تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ، سەمای عەرەبی، شەوی موزیک، هێرۆیین و ڤۆدکا بە ئیشتیای خۆت. دەمەوبەیان ئەگەڕێنەوە. سەرلک ڕاپۆرت ئەدات. هەر ئەو ڕۆژە دادگای بیابانی و تیرەباران. بەڵام خۆی بەردەوام ئەبێت و شەوەکانی تریش ئەچێ بۆ سەنگەری عیراقیەکان.

ــ بەڵام نەتوت چۆن بوو پارچەت بەرکەوت؟

ــ هەر لە خۆوە قوربان. دەستەیەکی نوێ هاتن کە ئاگایان لە کەین و بەینی ئێمە نەبوو. دوو تۆپەکەی ئێوارەمان تەقاند و ئەوانیش وەڵامیان دایەوە. دەستەی نوێ لە پاش ئەوەش هەر تەقەیان کرد. چەند پێمان وتن تۆپ مەتەقێنن، کاتی شێوانە، قوربان نەچوو بە مێشکیدانا و بە قسەیان نەکردین. سەنگەری ئەمانیش سەنگەری عیراقیەکانیان

داگرتەوە. ئەوانیش خۆیان پێ ڕانەگیرا و وەڵامیان دایەوە. من هەڵاتم بچمە پشت تانکێک، زرم و درام بە عەرزا، کە چاوم کردەوە لە ناو هێلی کۆپتردا بووم: خلّتانی خوێن.

ــ بەسەرهاتی سەیر و سەمەرەت لە لایە حەسەن گیان، مرۆڤ باوەڕ ناکات.

ــ بەس پاسدارەکان شەڕ ساز ئەکەن. چەندە زیاتر بکوژ و ببڕ ببێت بە قازانجی ئەوانە. شەویان لێدێ بە سینەخشێ ئەچن بۆ لای سەنگەرەکانی دوژمن، مردووەکان ڕووت ئەکەنەوە. پاسدارێک هەبوو پێیان ئەوت ئەسەد. بۆ کوێ نەئەچوو؟ بە بیست سی دانە کاتژمێر و ئەنگوستیلە و دەسبەندی زێڕەوە ئەگەڕایەوە. لە مەچەکیەوە هاتا قۆڵی پڕ بوو لە کاتژمێر. هەر پەنجەیەکی چەند ئەنگوستیلە و ئاڵقەی زێڕی تیا بوو. هەتا دەمەوبەیان کاتژمێر و ئەنگوستیلەی ئەفرۆشت. نرخی کاتژمێرەکانیش زۆر باش ئەزانی و هەموو مارکەکانی ئەناسی. زیرەکێک بوو کەس نەی ئەتوانی فلسێک فێڵی لێبکا.

ــ ئەی ئەو هەموو کوژراو و بریندارە لە کوێوە دێت حەسەن گیان؟

ــ ئەمانە هیی کاتی هێرشە. سەرەتا زیل زیل بەسیجی ئەگات. کاتێک درێژایی بەرە باش باش پڕ بوو لە بەسیجی. فەرمانی هێرش ئەدرێت. بەسیجیەکان بە پیکاپ و زیل، بەبێ نەخشە و پلان، هێرش ئەکەن. ئەوسایە کە عیراقیەکان ئەکەونە خۆ و لە چوار لاوە دائەبارێنن بە سەریاندا. چوار پێنج کاتژمێری پێناچێ چەند هەزار کوژراو و بریندار ئەو بیابانە پڕ ئەکات. ئێمەی دەستەی سەربازی ئەرتەش لەو هێرشانەدا بەشداری ناکەین. هەمیشە چەند ڕۆژ زووتر بەوە ئەزانین کە بڕیارە هێرش بکرێت؛ عیراقیەکانیش هەروەها. چونکە دەشت و شاخ و دۆڵ و کوێت پێخۆشە پڕ ئەبێت لە ئیمامی زەمان، بە جلی سپی و بە سواری ئەسپی سپی. شمشێرێکی ڕووتیشیان بە دەستەوەیە. کاتێکە ئێمامی زەمان زۆر ئەبێ، بۆمان دەرئەکەوێ ئەوا بڕیارە هێرش بکرێ. ئێمەش خۆمان خڕ ئەکەینەوە.

ـ عیراقیەکانیش ئەم ئیمامی زەمانە ئەبینن؟

ـ ئەی چۆن. حەح... هەتا ئێستە زیاتر لە پێنجسەد دانە ئیمامی زەمانیان کوشتووە.

ـ تۆ لە کام تیپ بووی حەسەن؟

ـ تیپ چیە قوربان؟ من لە هێزی ماشینی بووم. شۆفێری تانک بووم. شانسێکی گەورەمان هێنابوو و ئەویش ئەوە بوو کە تانکەکانی هێزی ئێمە هەر هەمووی خراپ بوون و نەئەڕۆیشتن بە ڕێدا. تانکەکانمان خستبوویە پشت تەپەی توورەکەڕێژ[٥١] و لوولەکانی لەسەر تەپۆڵکەی خۆڵەکەوە دیار بوو. لەبری تۆپ بەکارمان ئەهێنان. خودایی هەم تانکەکانمان خراپ بوو و هەم پارچەی سپێریشمان نەبوو. ئەگەر بڕیار وا بوایەت بجووڵین هەتا ئێستە سەد جار کوژرابووین. هەڵبەت مردن و نەمردن لە بەرەی جەنگ، سەدا نەوەد بە دەست مرۆڤ خۆیەتی. ئەوانەی کە ئەکوژرێن، خۆیان هەر لە سەرەتاوە بۆ شەهید بوون دێن. ئەمانە دێن کە شەهید ببن و یەکڕاست بچن بۆ بەهەشت. سەرەتا کلیلێکی بەهەشتیشیان پێ ئەدان. لەم دواییانەدا کلیلەکەیشیان پێ ڕەوا نەئەبینین.

ـ دیارە هەڤاڵەکانیان نامەیان بۆ نووسیون و پێیان وتوون دەرگای بەهەشت ئاوەڵە و کلیلی ناوێ!

مورتەزا بە دوای ئەو قسەیەیدا بزەیەکی قەشمەرانە ئەکەوێتە سەر لێوی و سەری دائەخا و بە حەسەن ئەڵێ:

ـ ئێ حەسەن گیان، باسی جێ خۆشەکانت نەکرد فێڵەباز...

من دەسبەجێ خۆم هەڵئەدەمە ناو قسەکەی و مۆڕەیەک لە مورتەزا ئەکەم و باسەکە ئەگۆڕم. حەسەن خۆی منداڵکارە و لە بەرچاوی باوکی باسی ئەو شتانەش بکات، خۆش نییە.

حەسەن هێشتاش خەریکە قسە ئەکات و بیرەوەری ئەگێڕیتەوە، بەڵام من ئیتر گوێ ڕاناگرم، واتە ئیتر نابیستم.

---

٥١ـ توورەکەڕێژ: گردێکە لە گڵی بە کۆڵی مەردووم دروست کرابێت.

لە حەوشەی گاراج، حاجی قەندەهاری، حاجی چراغعەلی و شۆفێرەکانی گاراج دەوریان لێداوین. حاجی قورئانمان بۆ ڕائەگرێ و بە ژێری‌دا ئەڕۆین. مورتەزا دواین جار سەیری کارتۆنەکان ئەکات و جارێکی تریش لە بوونیان دڵنیا ئەبێ. حاجی قەندەهاری بۆ دواین جار ئەڵێ:

ـ ئاغە سەب، من ئەزانم کە ئەم مردوانە گیروگرفتیان بۆ دروستکردوون. ئەگەر لێرە داتان بنایەتن من کارەکەم بۆ سامان ئەدان.

مورتەزا وەڵام ئەداتەوە:

ـ زۆر سپاس حاجی. باوکم خۆی ڕایسپاردووە لە خۆمانی جیا نەکەینەوە. هەر لە بەر ئەوەشە کە ئەبێ لەگەڵ خۆمان بیبەین.

من ئەچمە ناو ئوتۆمۆبیلەکە بۆ ئەوەی خۆم لە سەرما و درێژدادڕی بێڕادەی حاجی ڕزگار بکەم. مورتەزایش ئەچێتە پشت فەرمان. حاجی دێ بۆ لای من و ئەڵێ:

ـ لە خۆوە خەزوورت کردووە بە بار بە کۆڵتەوە. ئێمە لێرە گۆڕمان بۆ تەیار ئەکرد.

ـ زۆر سپاس حاجی. لە تاران ئەبێ وەڵامی زۆر خەڵک بدەینەوە. خۆت ئەزانی خۆ.

بەمجۆرە ماڵاوایی کردنمان ئەبێ بە جۆرێک لە هەڵاتن و ئەکەوینە ڕێ.

هێشتا ئەوەندە لە گاراج دوور نەکەوتووینەتەوە کە مورتەزا ڕای ئەگرێت. تەوێڵی ئەخاتە سەر فەرمانەکە و ئەڵێ:

ـ پسوولە!... پسوولەی گواستنەوەمان وەرنەگرت. ئەبێ بپرسین شارەوانی لە کوێیە.

ــ باشتر نییە بگەڕێینەوە بۆ گاراج و حاجی یارمەتیمان بدات؟

ــ نا کاکە گیان. ئەترسم کارەکەمان لێ دژوار بکەن. ئەو کارە بۆ خۆم زۆر ئاسانە.

شارەوانی ئەدۆزینەوە. من لە ناو پیکاپەکە ئەمێنمەوە. مورتەزا ئەڕوا و پاش چەند خولەک ئەگەڕێتەوە. وەکوو قارەمانێک کە ڕێکوردێکی شکاندبێت ئەنیشێتە پشت فەرمان و ئەڵێ:

ــ پێنجسەدییەک لە گیرفانمدا زیادی بوو، چووم و دام بۆ پڕکردنی ورگی موستەزعەفانی جیهان!

## بەندی شەشەم

شار کەوتۆتە پشت سەرمانەوە. بە ناو تاک و تەرای گوندەکانی دەوروبەری شاردا کە هەرکامەیان بۆ خۆی بووە بە تەپۆڵکەیەکی بەفر و سەهۆڵ، تێ ئەپەڕین. دیار نییە دانیشتوانی ئەم گوندانە چوون بۆ کوێ، بەڵام دووکەڵ ئەبینم لە قوڵەکوورەی کۆمایەکەوە ڕووت و ئارام دێتە دەرەوە و لە هەوای زیوینی بیابان‌دا بڵاو ئەبێتەوە و ون ئەبێت. سەیری بانی گومەزەکانی تر ئەکەم و دووکەڵ ئەبینم وەکوو یەکەمین و دوایین نیشانەی ژیان، هێشتا لە کەڕەناکان نەهاتوونەتە دەرەوە، تێکەڵ بە هەوای قورسی دەوروبەر ئەبن و بڵاو ئەبنەوە. خەڵک لە سەر جێیان دانیشتوون و بە سووتاندنی دارەکان و جەنگەڵەکان خۆیان گەرم ئەکەنەوە. بەڵام ئەی بە چی ورگیان تێر ئەکەن؟ ئاژەڵە کێوییەکان هاتوون و خۆیان داوە بە دەستەوە. ئێستە ئیتر لەو سروشتە ڕەچەڵەک و ساردوسڕەدا هیچ دەسناکەوێ بۆ خواردن. خۆ کەسیش نایەت، بدات لە دەرگایان و خواردەمەنی مانگ وساڵیان بۆ دابنێت و بڕوات. ئەوەندەی کە ئەمانە ماون و هێشتاش زیندوون، لە ڕازە سەمەرەکانی ئەم گەردوونەیە!

وردە وردە چوار دایوارییە تاک و تەراکانی ناو دەشتیش بەجێ ئەهێڵین و بە بناری کێوەکان‌دا سەر ئەکەوین. پیکاپەکە ئەناڵێنێ و لار ئەکاتەوە و ئەخزێ و بۆ سەرەوە و سەرەوەتر سەرئەکەوێ. پاشان نۆرەی سەر بەرەوژێرییە. لە سەرەوژێرییەکادا خاوەنی خۆمان نین. پیکاپەکە باڵ ئەگرێتەوە. موڕتەزا لەبەر خۆیەوە نزا ئەخوێنێ و دڵنیام هەر هەمووشی بە هەڵە ئەخوێنێ. هەر جارەی لە هەڵدێرێک

بە سەلامەتی دەربازمان ئەبێ دەنگی ئەو «ص»انەی لە دەمی دێتە دەرەوە، بەرزتر ئەبێتەوە.

ـ هەڤاڵی ڕێگات لێ ون بووە کاکە برا؟

ـ هەمان ڕۆژ کە گەیشتینە «مەشهەد».

ـ ئەمجار ئەتەوێ لە کوێ لابدەی؟

ـ مەولا خۆی ئەیخاتە پێش پێمان، خەم مەخۆ کاکە گیان!

مەولا چەندین جار ئەوپەڕی هاوکاری لەگەڵ مورتەزا کردووە. ئەو شۆفێرانەی هاتنە سەر ڕێی وازداری دڵ بوون. یان ئەو چاخانانەی ناوڕێ، ئەتوت چاوەڕێی ئەویان ئەکرد. بەڵام پەلەی گەڕانەوە لە لای ئەو لە کاتی هاتن زیاترە. ڕەنگە لەبەر ئەوەی هەردوکمان نیگەرانی تارانین. ژمارەی ئەو مووشەکانەی داویانە لە تاران ئیتر لە دەسمان دەرچووە. هێشتاش نازانین مووشەک لە کوێی داوە و چەندە زیانی بەدیهێناوە. دەنگوباس لە ڕێگەی شۆفێری لۆرییەکانەوە ئەگات بە چاخانەکانی ناوڕێ و لەوانیشەوە ئەگات بە ئێمە. گێڕاوەکان جۆراوجۆرن. هەندێک شادمانن لەوەی کە دانەیەک داویە لە شەمێران، نزیکی جەماران. لە تێکڕای هەواڵە دژ و نەیارەکان بۆمان دەرکەوتووە چەند نەخۆشخانە کاول بوون و نەخۆشەکانیان کوژراون. مزگەوتێک، کلیسایەک و قشڵەیەکیش[٥٢] مووشەکیان بەرکەوتووە و هەواڵەکەیان لە هەموو گێڕانەوەکاندا یەکسانە.

بە پێچەوانەی کاتی هاتن، مورتەزا لە هیچ کوێیەک کات بە فیڕۆ نادات. لە کەمترین کاتدا خۆی نەشە ئەکات و منیش وەک پەروانە سووک ئەکات و ئەکەوینەوە ڕێ. جارێک دامودەزگای لە ناو

---

٥٢ ـ قشڵە: blunt سەربازی فاو پادگان، سەربازگە، سەربازخانە ع ثكنات عسكرية N brakke د پادگان.

ئوتۆمۆبیلەکە دائەمەزرێنێ. شەوە. نە ئەزانین لە کوێین و نە ئەزانین چەندەمان ماوە بۆ نزیکترین شار. لە ترسی سەرما و ڕەقبوونەوە هەر ئەڕۆین. مورتەزا شووشەیەکی بچووکی ئەلکول ئەکاتەوە، تۆزێ پەڕۆ ئەدا لە ئەلکولەوە و خەڵووزێکی پێ گڕئەدا. وافوورەکەی بە هەمان گڕی ئەلکولْ گەرم ئەکات. ئەڵێم:

ـ ماشینەکە ئاگر ئەدەی بە قوربان!

وەڵام ئەداتەوە:

ـ مەگەر یەکەمجارمە پیاو؟ ئاگات لە کاری خۆت بێت. هیچ مەترسە.

چرا شینەکانی پیکاپەکە تا چەند هەنگاو عەرزەکە ڕەنگ ئەکات. من بە ئارامی لێ ئەخورم و ئەو پسپۆڕانە دووکەڵی خۆشبۆن لە حەوای ناو پیکاپەکەدا بڵاو ئەکاتەوە. پاشان جێگەی لەگەڵ ئەگۆڕمەوە و منیش ئەکێشم. ئەمجارەیان لە هەموو جارەکان بەچێژترە. ئەوەندە ئەکێشم کە لووتم ئەکەوێتە خورین. دیسانەوە جێمان ئەگۆڕینەوە...

لە قاوەخانەیەک بەرچایی ئەخۆین و ئەکەوینەوە ڕێ. لە **شاهی** نیوەڕۆ ئەکەین و ئەڕۆین. پەلەپەلی وام هەتا ئێستا بە مورتەزاوە نەبینیوە. لە هەموو پرسگەکان کاغەزێک بە پاسدارەکان پیشان ئەدات کە زوو لە کۆڵمان ئەبنەوە. کاتێک ئەگەین وەڵام ئەداتەوە:

ـ ئەمە کاغەزی حوجەتولئیسلامێکە بۆ ئەو حوجەتولئیسلامە «مەشهەد»یە. لە «مەشهەد» بۆم دەرکەوت کابرا زۆر دەستی ئەڕوات. جا ئەگەر لەوێ بەکارمان نەهێنا لە ناوڕێ کەڵکی لێوەرئەگرین.

ئێوارە درەنگان ئەگەینە «بابول». یەکسەر ئەچین بۆ ماڵی ئاڤانس. ئەدەین لە دەرگا. لە ناوەوە هیچ وەڵامێک نایەتەوە. مورتەزا چەند جار ئاڤانس بانگ ئەکات. وەڵام نایەتەوە. بە پاڵێک دەرگاکە ئەکاتەوە و

هەردوکمان ئەچینە ژوورەوە. لە بنی دالانەکەوە دەنگی گریانی پیاوێک ئەبیسترێ. کاتێکە ئەچینە ناو هۆڵەکە، ئاڤانس ئەبینین لە سەر موبلەکە ڕاکشاوە و پەڕە کاغەزێکی گرمۆڵە لە ناو مشتیایەتی. چاوی وای دەرئەخا مردووە. مورتەزا پەنجەی ئەخاتە سەر ڕەگی ملی ئاڤانس و تاوێک ئەوەستێ و ئەڵێ:

ــ ئەلفاتیحا!

بە لەپی دەستی چاوەکانی ئاڤانس ئەبەستێ. من کاغەزەکە لە دەستی ئاڤانس درئەکێشم و ئەیخوێنمەوە: «لە کاری ژنەکەم لە لەندەن ئاگادار بووم. ئیتر نە جێی ڕۆیشتنە و نە جێی مانەوە. داوای لێبوردن لە هەموو هاوڕێیان ئەکەم.» نامەکە دائەنێمەوە سەر سینگی ئاڤانس. مورتەزایش نامەکە هەڵئەگرێ و ئەیخوێنێتەوە و بە بێئەڤان بە بەری دەستی ئەدا بە ناوچاوی خۆیدا. ئەویش نامەکە دائەنێتەوە سەر سینگی ئاڤانس.

نازانم ئەبێ چی بکەم. مورتەزا ئەچێ بۆ لای ڕابەری تەلەفۆنەکەی ئاڤانس، بەڵکوو یەکێک لە خزمانی بدۆزێتەوە. ناوێکی ئەرمەنی لە ڕابەری تەلەفۆنەکەدا ئەدۆزێتەوە: «هایرۆپتیان». تەلەفۆن ئەکات. وەڵام نییە. چەند جار بە ناو ژوورەکەدا ئەخولێتەوە و ئەڵێ:

ــ داد و بێداد. ئەگەر تۆزێ زووتر بگەیشتایەتین ڕەنگە ئێستە زیندوو بوایەت.

ــ ڕاستە، کاری ئەمڕۆیە.

ــ چی بکەین؟

ــ مانەوەمان لێرە باش نییە.

ــ وا باشە تەلەفۆن بۆ هەڤاڵەکەی بکەین.

ــ کام هەڤاڵ؟

ــ ئەوەی کە تەرمی کوڕەکەی لێرە داناوە. پێم وابێ هەمان ئەو کوڕە بوو ئەگریا.

ــ خۆ نازانین ناوی چییە، چۆن بیدۆزینەوە؟

ـ تەلەفۆن بۆ هەموو ناوەکانی ناو ڕابەرەکە ئەکەین.

گەنجەکە لە بنی دالآنەکەوە دێ بۆ لامان. پەڕاوەکە لە موڕتەزا وەرئەگرێ. پەڕەیەک ئەکاتەوە و پیشانی موڕتەزای ئەدات و پەنجە ئەخاتە سەر ناو و ژمارە تەلەفۆنێک. بە ڕواڵەتدا وا دیارە ترێق ئەبێتەوە. ئەپرسم:

ـ چۆن خۆی کوشت؟

کوڕە بە جۆرێک شانی هەڵئەتەکێنێ، واتە نازانم. بەڵام من نازانم بۆچی ئەوەندە خۆی بە تاوانبار ئەزانی. ڕەنگە زۆر پەرێشانە. دەم ناکاتەوە و قسە ناکا. هەروا کە سەیری عەرزەکە ئەکات فرمێسک دائەبارێنێ و ئەچێت بۆ ئەوسەری دالآنەکە. موڕتەزا ژمارەکە ئەگرێ.

ـ ببوورن کاتم لێگرتوون، پێم وابێ ئێوە هەڤاڵی ئاڤانسن... ئێمە ڕێبوارین. لەسەر ڕێ هاتین سەردانی بکەین، سەیر ئەکەین خۆی کوشتووە. ئێمە هیی ئێرە نین و کارێکمان لە دەست نایەت. ویستمان ئێوە ئاگادار بکەین... نەقوربان، ئەترسم ببێت بە هۆی دەردیسەر، ئێمە خۆمان چەند تەرممان پێیە کە چارەنووسیان دیار نییە... بەڵێ، ئێمە ئەوانەین کە لە لای بووین. زۆر سپاس جەناب، هەر بژین. نەء، نامانەوێ ئەرک بخەینە بەرتان. ئێمە ئەبێ بڕۆین. بەسەر چاو چاوەڕێ ئەکەین تا ئێوە دێن.

بیستۆکەکە دائەنێتەوە. ئەچین بۆ چێشتخانە. کتری سەر فڕنەکە ئاوی تیانەماوە و سووتاوە. بەڵام گازەکە داخراوە. وادیارە کوڕە هەندێ کاری ناوماڵیشی کردووە. لە کترییەکەوە دیارە کە ئاڤانس پێش بەرچایی کارەکەی تەواو کردووە. بەڵام دیار نییە بە چی؟ لە تەنیشت گازەکە نامەیەکی لێیە لە ئینگلیزەوە هاتووە... سەر نامەکە بە خەتی ئەرمەنی نووسراوە. هەرچی هەیە لەم نامە نەفرەت کراوە دایە. سەیری پشت پاکەتەکە ئەکەم، لە لایەن یەکێکەوە بە ناوی «هایرۆپتیان» نێردراوە. ئەدەن لە دەرگا. موڕتەزا بە پەلە ئەڕوا و دەرگاکە ئەکاتەوە. کابرایەکە باڵا بەرز، زۆر لەو گەنجە ئەچێ کە لەوێ ئەژی. سلآمێکی کورت

ئەکات. و یەکسەر ئەچێ بۆ لای ئاڤانس. لێوی خڕ ئەکاتەوە و چەند جار ئەدا بە پشتی دەستی‌دا و ئەڵێ:

ــ خوا لێمان خۆش بێت. زۆر پیاو بوو.

ــ تۆ هەمان هەڤاڵەکەی ئەوی کە ئەمانەتەکەت لێرە داناوە؟

ــ بەڵێ قوربان، ئێمە پێکەوە هاوبەش بووین. نازانی چ پیاوێک بوو.

ــ بۆچی نا، زۆر باشیش ئەزانم، هەڤاڵی کۆنم بوو.

ــ باش نییە ئێوە لێرە بن. ڕەنگە تووشی پرسیار و وەڵام ببن. سەرەتا ئێوە ئەبەمەوە بۆ ماڵەوە، پاشان خۆم دێمەوە بە دوای کارەکەی ئەودا.

ــ ئێمە بڕیار نەبوو لێرە بمێنینەوە. نابین بە ملۆزمی ئێوەش. ڕاستەکەی ئەوەیە زۆر نیگەرانی ماڵ و ژیانمانین لە تاران. ئێستەش پێمان وایە ئەبێ بکەوینە ڕێ.

ــ ئاخر ئەوە بۆ ئێمە خراپە کە نەتوانین پەزیراییتان لێ بکەین. ڕاستی تەرمەکانتان چی لێکرد؟

ــ دوانیان هێشتا ماوە.

ــ واتە دوانتان لە کۆڵ کردەوە، چۆن؟

ــ ڕاستەکەی لەبەر ئەوەی خزمایەتیەکی ئەوتۆیان لەگەڵمان نەبوو دامانن بە هەماری سێوەکە.

ــ ئا، بەڵێ کارێکی باشتان کرد. من نازانم قوڕی کوێ بکەم بەم سەرما. ئاوا ئاڤانسیشم لە دەست دەرچوو و کوڕەکەم بێپەنا بوو.

ــ خوا گەورەیە هەڤاڵ. هەروا نامێنێ. جا ئەگەر ڕێگە بدەن ئێمە ئەکەوینە ڕێ.

ــ وەڵڵا دڵم ڕێ نادا بەم تەنگی ڕۆژاوایە بڕۆن. ئێمەش کەپرە شڕەیەکمان هەیە.

ــ نە برام. ئێمە ئەڕۆین بەڵکوو زووتر بگەین.

ــ هەر جۆر پێتان خۆش بێت. هەڵبەت لێرە نەبن باشترە.

ـ کەوابوو خواحافیز، حەز ئەکەم سەیریش بکەن، ماڵ و ژیانەکەی دەستی لێنەدراوە.

ـ ئەم قسانە چییە قوربان. تۆ خوا خەجاڵەتمان مەکەن. دەستی عەلیتان لەگەڵ، خێر پێش.

مورتەزا ئەچێتە پشت فەرمان. بەدەم ڕۆیشتنەوە کەوڵپۆسەکە بە شانیەوە ڕێک ئەکات. کاسێتەکان کۆ ئەکاتەوە و ئەیانخنێ بە گیرفانی تەنیشت دەرگاکەدا. یەکەم پرسگەی دەرەوەی شار بە ئاسانی تێ ئەپەڕێنین. هەردوکمان بێدەنگین. ناتوانم بیری ئاڤانس لە مێشکم بکەمە دەرەوە. چەندەها ئارەزووی دوورودرێژی هەبوو. لە پرسگەی **ئامول** ڕامان ئەگرن. پاسدارەکان بە یارمەتی لایت ناو پیکاپەکە ئەگەڕێن. مورتەزا ناسنامە و پسوولەی گواستنەوەی مردووەکان لەگەڵ نامەی کابرا گەورەکەیان پیشان ئەدا. پاسدارەکان بەڕێمان ئەکەم. لە ئامۆل ئەبێ بخەوین. شەکەت و برسین. کەسیش ناناسین. مورتەزا هەر لە دوورەوە یەک دوو مۆتێل هەڵئەسەنگێنێ و بەدڵی نابێت. دیارە ئەیەوێ شوێنێک هەڵبژێرێ کە بتوانێ بەساتی لێ دابنێت. هەڵبەت ئێستە ئیتر ئەبێ بڵێم بەساتەکەمان!

لە بەردەم نانەواخانەیەکدا لەپڕ بڕیار ئەدا. دائەبەزێ و لەگەڵ پیرەمێردێک کە نانی کڕیوە و خەریکە ئەچێتەوە بۆ ماڵەوە ئەکەوێتە گفتوگۆ. لە ناو پیکاپەکەوە بە نیگا لەگەڵیان ئەڕۆم. چەند مەترێک کە لە پیکاپەکە دوور ئەکەونەوە، هەردوکیان ئەگەڕێنەوە. باوکم لە گەشتەکانیدا، قەت بەساتی لەگەڵ خۆی هەڵنەئەگرت. «تەوەکەلت و عەلیەڵڵا»ی ئەوت و ئەکەوتە ڕێ. لە هەر کوێ حەزی لە بەسات سازکردن بوایە، بە نیگایەک هاومەنگەڵی خۆی ئەناسیەوە و سەری قسەی لەگەڵ دائەخست.

هەردوکیان سوار ئەبن و پاش سڵاو و چاک و چۆنی لەگەڵ من ئەکەوینە ڕێ: «دەستی چەپ، بۆ لای ڕاست، دیسانەوە چەپ، خۆحەن،

ڕایگرە!» ئوتۆمۆبیلەکە لە تەنیشت پەرژینێکی تەختە ڕائەگرێ.

ـ نا مامە گیان، ناتوانین پیکاپەکە لێرە بەرەڵڵا بکەین. شتی گرنگی تێدایە.

ـ زۆر چاکە، بیهێننە ژوورەوە، لە حەوشە دایبنێن.

ئەمە ئەڵێت و پارچە تەختەیەک ئەجووڵێنێ کە لە سەر گرێجەنە ئەسووڕێ. دەروازەیەکی گەورە لە بەردەم پیکاپەکەدا ئەبێتەوە. مورتەزا بە بەرودوا کردن ڕێکی دەروازەکە ئەبێت. پیکاپەکە ئەباتە ناو حەوشەیماڵەکە. بە پێستەکان سەری مەکینەکە دائەپۆشین. پیرەمێرد ئەچێتە ناو خانووەکە و کاتێک بە چراتۆڕییەوە ئەگەڕێتەوە کە کارمان تەواو بووە. پێکەوە ئەچینە ژوورەوە. هەیوانێک بە بنمیچی دار و دوو کۆڵەکەی داری تاشراوی ڕزاوەوە: بیرەوەری ڕۆژانی باڵادەستی بنەماڵە. پاشان ئەچینە ژووری گەورەی خانووەکە لە ناوەڕاستی دیواری بچوکتریدا شتێک وەکوو ئاگردان، بە خەڵووزێکی زۆری گەشاوەوە، ژوورەکەی گەرم داهێناوە. هەڵبەت نەئەوەندە گەرم کە هەست بە سەرما نەکەین. قوتوە جگەرەیەک و قاڵنگەیەک[٥٣] کاموای بەجێماو لە سەر مافوورەکە، دەری ئەخات کە ژوورەکەیان بۆ ئێمە چۆڵ کردووە.

ـ ماڵی خۆتانە، ئاسوودە بن.




ـ سپاس مامە. هیوادارم زۆر ملۆزم نەبووبێتین.

ـ نە بابە گیان، فەرموون و ئاسوودە بن تا من شێو ئەهێنم.

کاتێکە لە ژوورەکە ئەچێتە دەرەوە مورتەزا ئەڵێ:

ـ بە پارەیە کاکە. زۆر کرنۆش و ببوورەی لەگەڵ مەکە.

---

٥٣ـ قاڵنگە: pull skein دەزوو **ناو** بەنی هەڵکراو بە شێوەیەکی تایبەتی ڕاست و چەپ لە پەنجە گەورە و پەنجە تووتە دەئاڵێنرێ و پاشی ئەوەی ناوقەد بەرەوژووری ئەبەسترێ جەمسەرەکەی‌تری لەپەسا ئەکرێتە کار بەبێ ئەوەی بڵاو ببێتەوە، لە کاتێکا گلۆڵە ئەگەر جەمسەرەکەی بگری و بەری بدەی، تل ئەبێتەوە و ئەڕوات؛ چەند هەودا دەزوو یان ئاوریشمێکە کە پێکەوە هەڵ کرابن بۆ ئەوەی تاوتاو دەرکێشرێ و کار بکرێ [N] trekke nøste.

ــ ئاگای لە بەرنامەت هەیە؟

ــ بەڵێ، خۆیشی ئەکێشێ.

پیرەمێرد سفرەیەک ئەهێنێ و لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕای ئەخات. من سووچی سفرەکە ئەگرم و ڕای ئەکێشم بۆ لای ئەگرەکە. پیرەمێرد بە سینیەکی گەورەوە ئەگەڕێتەوە. چەند دەوری و هەندێ نان و چەند شفتە و بڕێ پەنێر لە سەر سفرەکە دائەنێ.

ــ دەرویێشیە، ئەبێ ببوورن.

ــ لە سەریشمان زیادە مامە، خۆیشت فەرمو.

ــ بە یارمەتیتان لەگەڵ منداڵەکان نان ئەخۆم و دێمەوە خزمەتتان.

شێو، دامودەزگای تریاک و پاشانیش دوو دەست جێوبانی بە چەرچەفی سپی خاوێنەوە لە بەر ئاگرەکەدا ڕائەخرێ. من کە ناتوانم خۆم لە دەست بیری ئاڤانس ڕزگار بکەم، هەڵئەلەرزم و شەو لەت و کوت ئەکەم و، لە ماوەی نێوان خەو و بێداری‌دا ئاورودوو ئەدەم بە دەم ئاگردانەکەوە.

دەنگی مەکینەی پیکاپەکە خەبەرم ئەکاتەوە. مورتەزا ماشینەکەی هەڵکردووە و خەریکە ئامادە ئەبێت بۆ کەوتنە ڕێ. پیرەمێرد بە سینی بەرچاییەوە دێتە ژوورەوە. نان و پەنێر و چا. ئەزانم بەشی ژن و منداڵەکەی بۆ هێناوین. جیا لەوەی بە کۆپن پەنێری پێنادەن. دوێشەویش دەستمان بۆ پەنێرەکە نەبرد. چاکە هەڵئەقوڕێنین و پێنجسەد تمەن ئەخەینە ناو دەستی پیرەمێرد و ئەکەوینە ڕێ.

لە شەقامی سەرەکی شار بۆتکەیەکی ڕۆژنامەفرۆشی کراوەیە.

داوا لە مورتەزا ئەکەم رایگرێت، بۆ ئەوەی ڕۆژنامە بکڕم. لەبەر بۆتکەکەدا[٥٤] ڕای ئەگرێت. کەوڵپۆس بە کۆڵ ئەچم بۆ لای بۆتکەکە. پەردە نایلۆنە ئەستوورەکەی بەر دەرگاکە لائەدەم. بە پەلە دوو ڕۆژنامەی ئێوراه و ڕۆژنامەیەکی بەیانی هەڵئەگرم و ئەگەڕێمەوە بۆ ناو پیکاپەکە. «خەڵکی ئێمە بەم مووشەکانە پێ ئەکەنن!» ئەم ڕستەیە بە پیتی گەورە وەکوو مانشێتی ڕۆژنامەی ئێوارە نووسراوە. ئەیخەمە لاوە. ڕۆژنامەکەی تری ئێوارە نووسیوێتی: «خەڵکی ئێمە بەم مووشەکانە پێ ئەکەنن!» دیسانەوە بە پیتی گەورە و وەکوو مانشێت. ئەویش ئەخەمە لاوە و ڕۆژنامەی بەیانی: «خەڵکی ئێمە بەم مووشەکانە پێ ئەکەنن!»

ـ دەنگوباس کاکە؟

ـ بەو خوایە پێم وایە خەڵکی تاران هەموویان تووشی نەخۆشینی پێکەنین بوون.

ـ چی؟

ـ خەڵکی بە بەردەوامی خەریکن بە دەم مووشەکەکانەوە پێ ئەکەنن.

ئەکەومە خوێندنەوەی هەواڵە وردەکان: «هەتا ئێستە چل و حەوت مووشەک داویە لە تاران. دواین مووشەک دیواری ماڵێکی ڕووخاندووە و نەفەرێک بە سووکی بریندار بوو.» ڕۆژنامەی سێیەمیش هەمان دەقی ڕۆژنامەکانی یەکەم و دوەمی نووسیوەتەوە. لەسەرخۆ هەر سێ ڕۆژنامەکە پەڕە بە پەڕە، ستون بە ستون و، دێڕ بە دێڕ ئەخوێنمەوە و پێکەوە بەراوردیان ئەکەم. هەرسێکیان بە موو جیاوازیان نییە. هەواڵەکانی پەرلەمان، هەواڵەکانی مەیدانی جەنگ، ستوونی ڕووداوەکان. هەموویان وشە بە وشە وەکوو یەکن. کاتێکە جوانتر ورد ئەبمەوە، ئەبینم وێنەکانیش یەکن. هەرسێکیان کۆ ئەکەمەوە و ئەیخەمە ژێر پێم. ڕەنگە

---

٥٤ـ بۆتکە: kiosk [ناو] کیوسک، ژوورێکی بچکۆلانە بۆ فرۆشتنی ڕۆژنامە و ساردەمەنی و بلیت و ساندویچ. [ع] کشک [N] kiosk [د] کیوسک.

بۆ ئاگرکردنەوە پێویستمان پێیان بێت. ڕادیۆکە ئەکەمەوە: «خەڵکی ئێمە بەم مووشەکانە پێ ئەکەنن!» ڕادیۆکە ئەبەستم و کاسێتێکی مووزیک ئەخەمە سەر.

کاتژمێرێک لە نیوەڕۆ تێپەڕیوە. برسێتی وردە وردە زۆری هێناوە. دڵێشەی بەرەنجامی برسێتی دەستی پێکردووە. لە قەدپاڵی پێچەڵپێڵووچی کێوەکاندا، مورتەزا بەو چاوانەی کە بە هۆی ماندێتیەوە سپی هەڵگەڕاوە، بە شەکەتی لێ ئەخوڕێ و تۆزە تۆزە باشاری لە دەست ئەدات. دۆڵەکان سپی، کێوەکان سپی، ڕێگای بەرپێ سپی. ئەو هەموو چەرمەڵەیە زیندانی ڕەنگیان بۆ چاومان بەدیهێناوە. تامەزرۆی ئەو ڕۆژانەم بە کۆڵانە گەرم و خۆرلێدراوەکاندا تێ ئەپەڕیم و لەبەر زۆری گەرما ئەچوومە بەر نسێ. جارجارەش لقی لیلوپەڕێک، وەنەوشەیەک کە گوڵەکانی بە گەرما کز بووە و لە سەردەرگایەکەوە شۆڕبۆتەوە یان بەرامەی لە «پێچی ئەمین دەولە»دا بڵاو کردۆتەوە، بۆ ساتێک ڕەنجی گەرما کەم ئەکاتەوە. چەندەها گەرمام لە ژیانمدا دیوە. گەرمای سەروو پەنجا پلەی مەسقەت بە بۆنی لاشەی گیاندارە دەرياييەکانەوە، گەرمای گیانپڕووکێنی جەلال ئاوا بە بۆگەنیوی پیسایی مرۆڤەوە و؛ چ سەرمایەک! پێم وابوو سارد و گەرمی ڕۆژگارم چەشتووە. نازانم ئەو سەرمایە، بەوجۆرە سپی و یەکدەست و چۆڕی شیر و هەمیشەیی، چۆن هەناسەم لەبەر ئەبڕێ. نازانم سارد و گەرمی ڕۆژگار واتای چییە؟ پیکاپەکە ئەوەستێ.

ـ ئێرە کوێیە؟

ـ کەبابی بزنە کێوی قوربان! فەرموون دابەزن.

ئاوڕ ئەدەمەوە. کەپری پیرەمێردەکە ئەناسمەوە. بەڵام دەستی لە پشت پەنجەرەکەوە ناجووڵێتەوە. هەردوکمان ئەچینە ژوورەوە. ناو چاخانەکە ساردە. پیرەمێرد خۆی لە ناو پێستەکاندا شاردۆتەوە و تەنها نووکی لووتی لە ژێر کەوڵپۆسەکەیەوە بەدەرەوەیە. زۆپاکە ساردە.

ـ بەڵا دوور بێت مامە!

ـ بێ بەڵا بن، خەریکە باوکم دێتە بەرچاوم!

ـ چی ڕووی داوە؟

ـ ئێزنگم(٥٥) تەواو بووە. لەو پشتە هەیە، بەڵام ناتوانم بیهێنم. دوو ڕۆژە هەموو جمگەکانم ناویەتە ژان، خەریکە لە زارا ئەتەقن. ناتوانم بیانجووڵێنم. دارەکان بەستوویانە و لکاون بە یەکەوە.

ـ زۆر چاکە، ئێستە چاکی ئەکەین. پاچت هەیە؟

ـ تەورم هەیە.

بە چاو سووچێکی چاخانەکە پیشان ئەدات. تەورەکە هەڵئەگرم، دەستم لە قۆڵی کەوڵپۆسەکە دەرئەهێنم و ئەچم بۆ پشت چاخانەکە. لە لێژایی دۆڵەکەدا توێژێکی سەهۆڵ هەموو دارەکانی لکاندووە بە یەکەوە. بە تەور پارچە ئێزنگ یەکە یەکە جیا ئەکەمەوە و مورتەزا پارچە دارە ڕچاوەکان ئەباتە ژوورەوە. نۆرەیەکیش ئەو تەورکاری ئەکا و من هێزمەکان ئەبەمە ژوورەوە. چەند پارچە ئەخەمە ناو زۆپاکە. مورتەزا پەلاسە کۆنێک ئاگر ئەدا و پەلاسە گرگرتووەکە ئەخاتە ناو دارەکان. دەستەکانم ئیتر ناجووڵن. ئەبێ زوو گەرمیان بکەمەوە. دار نایگرێ. بڵێسەی پەلاسەکە خەریکە تەواو ئەبێت. بە پەلە هەندێ کۆنە پەڕۆی تر ئەدۆزمەوە و ئەیدەم بە دەم ئاگرەوە. بە ناچار ڕۆژنامەکانیش ئەهێنم بۆ یارمەتی. مورتەزا کورسیە شکاوێک، بەبێ پرس کردن بە پیرەمێرد، ورد ئەکات و ئەینێ بە زۆپاکەوە. لەت و کوتە شکاوەکانی کورسیەکە ئەیگرێت و ئارام ئارام گەرم دادێ. دەستمان هێز و توانایەکی دووبارەی تێ ئەزێ. دیسانەوە ئەچینەوە بۆ گیانی دارەکانی دەرەوە و ئەوەندەی بۆمان بکرێ دار ئەهێنینە ژوورەوە.

ـ ئەتوانی چامان بۆ دەم کەی؟

---

٥٥ـ ئێزنگ: firewood ناو هێزم، ئاوردوو، داری سووتاندن، زەنگە، چیو، چیلکە، چوڵسک، چۆ، بڕک، بێ ولک، قەتا، کرزە ع خشب الوقود N brensel د هیزم ن: سوتەمەنی گەرماوانیش هەر ئێزنگە. (ڕۆمانی شەرەف، ل٨٦٠)

ـ نە بەقوربان، هیچ نەوتم نەماوە. ئەبێ ئاو بکەینە ناو کترییەکە و بیخەینە سەر زۆپاکە.

ـ خواردنمان پێ ئەدەی؟

ـ هێشتا کەباب ماوە. ئەبێ لە دەرەوە بیهێنن. سازی کەن و بەشی منیش بدەن.

ـ کەوابوو بە جارێ ناتوانی جووڵە بکەی؟

ـ نە قوربان، دوور لە گیانتان لکاوم بە عەرزەکەوە.

ـ هی ئەم کەبابانەیە کە هەموو ڕۆژێک خواردووتە. لە سەداسەد تووشی دەردەمیران[٥٦] بوویت.

ـ مەگەر هیچی تر هەبووە و من نەمخواردووە؟

لە لای زۆپاکە خۆمان گەرم ئەکەینەوە. چەند پارچە سەهۆڵ ورد ئەکەم و ئەیخەمە ناو کترییەکە و یەخەمە سەر زۆپا. مورتەزا ئەچێ بۆ لای کەبابەکان و بە تەور ئەکەوێتە گیانی گۆشتە کەڵەکەکراوەکان و بە جارێ دە شیش کەبابی پێکەوەلکاوی شۆکەکردوو[٥٧] ئەهێنێتە دەرەوە. شیشەکان بە نووکەوە هەڵئەپەسێرێ بە زۆپاکەدا بۆ ئەوەی بیکەنەوە. پیرەمێرد وردە وردە پێستەکان لە خۆی ئەکاتەوە. مەچەکی پێی ئاوساوە. بەڕاستی ناتوانێ بجووڵێ. مورتەزا سەیرێکی ئەکات و لە بن گوێی مندا ئەڵێ:

ـ باداری خەریکە تیایا ئەبا. بارام کە گۆری گرت گشت تەمەنی بینیت کە گۆڕ چۆن بارامی گرت؟

زۆپا باش گرتوویەتی. تەختی سینگی سوور هەڵگەڕاوە. دارەکان

٥٦ـ دەردەمیران: gout ناوی لێکدراو نەخۆشی میرانە، میرانە، جمگەئێشە، هەوکردن و ئاوسانی جمگە بە هۆی بوونی ترشی میزەوە (یوریک ئەسید) لە خوێندا، خواردنی زۆری گۆشتی سوور، نەشتەرگەری جمگە، برسێتی، ئەلکول، کەمبوونی ئاوی لەش، قەڵەوی لە هۆکارەکانی میرانەن N Gikt ع د نقرس.

٥٧ـ شۆکە: fungal mildew چاوگی تێپەڕ دۆ، دۆکە، دۆدەردان، دۆکردن، کەڕوویەکی قارچکییە ئەدات لە درەخت و میوە و تەڕەکاڵ و وەکوو پەڵەیەکی سپی پێیانەوە دیار ئەبێت. هەروەها پەڵەی سپی ڕەقەڵەبەستوو بە هۆی وشکبوونەوەی لێزکەوە کە بە جلەوە دیار ئەبێت. ع العفن الفطري N soppmugg د سفیدک قارچی.

لە لای زۆپاکە هەڵئەچنین بۆ ئەوەی لەسەرخۆ وشک ببنەوە. مەنگەڵی کەباب برژاندن ساز ئەکەم. تۆزێ نانی لەواشی وشکەڵاتوومان هەیە و مورتەزا لە ناو پیکاپەکە ئەیهێنێ. لە سەر تەختەبەندی چاخانەکە سفرە ڕائەخەین، لەبەر دەمی پیرەمێرددا. ئەویش بە ئیشتیا دەس پێ ئەکات:

ــ دوو ڕۆژی ڕەبەق بوو هیچم نەخواردوبوو. خەریک بوو لە برسێتی‌دا ئەمردم. خوا خوام بوو خێرەومەندێک دەرکەوێ.

دوو سێ پیاڵە ئارەقی بی‌بی نیشان بە دوای یەکا هەڵئەدا. ئارەق لە تەوێڵ و ناوچاوی ئەپشکوێ. براکەم ئاگر لە زۆپاکە دەرئەهێنێ و لەبری، دار ئەخاتە ناو زۆپاکە. هێشاتا پارووی دوایی نەخواردووە، دامودەزگای پاش نانخواردن دائەمەزرێنێ. پیرەمێرد خۆی ئەجووڵێنێ و جێ خۆش ئەکات، دەنگی جمگەکانی لە چاخانەکەدا بڵاو ئەبێتەوە. نیگای پڕە لە ترس، پڕە لە هەزاران پرسیار، پڕە لە تکای یارمەتی، لە نێوان من و مورتەزادا ئەگەڕێ. پاش کێشانی بەستی یەکەم ڕوو ئەکاتە من و ئەڵێ:

ــ واتە من کارم تەواوە؟

بۆنی خۆشی تریاک لە وتووێژی بێسەروبنی پیرەمێرد ڕزگارم ئەکات. ئەخزێمە نزیکی بەساتەکە. ئێستە ئیتر بە دڵنیایی ئەوەوە کە تریاکیم، تریاک ئەکێشم. ئەو ترسەی ڕۆژانی سەرەتام نەماوە. بۆچوونم بەجارێ گۆڕاوە. گەیشتوومەتە ئەو ڕایەی لەو کەیفە باڵاتر لە دنیادا نییە. ئەوانەی کە بەیانی دەرئەکەون و تا شەو کار ئەکەن و شەویش دڵیان بە کەباب و برنج و سەوزیقاورمە خۆش کردووە لە خەڵکێکی گەوج ئەچن. تۆڕێ هۆش پێویستە بۆ ئەوەی مرۆڤ ژیانی خۆی لەو دۆخە یەکجۆر و ماندووکەرە گەوجانەیە دەرباز بکات!

بەستی یەکەم و دووەم ئەکێشم، تازە حەزم ئەچێتە سەر کێشان. حەز ئەکەم هەر لێرە لێی ڕاکشێم، وەنەوزێک بدەم و پاشان چەند بەستی تر. چایەکیش بە سەری‌دا. بەو نیازەوە ڕائەکشێم. مورتەزا ئەڵێ:

ــ ئەڵێی نیازی ڕۆیشتنت نییە؟

ــ نە برام با تۆزێ ماندوێتیمان بحەسێنینەوە.

پیرەمێرد خەوی لێکەتووە. بۆ دواین جار زۆپاکە پڕ ئەکەین لە دار. ئاو بە هەموو لای ئەو دارانەی لە نیوەڕۆوە لای زۆپاکە هەڵچنراون، دێتە خوارەوە و عەرزەکەی خووساندووە. مورتەزا لەسەرخۆ دامودەزگاکەی خاوێن ئەکاتەوە و ئەیشارێتەوە. هەردوکمان چەندین پێستی کەڵ و بزن ئەخەینە ژێرمان و کەوڵپۆسەکەمان ئەدەین بە خۆماندا. خورینی سکم و ڕاستەی ڕانم و سەر لووتم، کە نیشانەی زیادەڕۆیی ئەمڕۆیە، من و خەو لێک جیا ئەکاتەوە. ڕانە مەڕێک ئەژمێرم کە لە تەنکاوێک ئەپەڕنەوە و خڕەبەردەکانی بن چەمەکە کە لە ژێر تیشکی خۆر و فێنکی ئاوەکەدا ڕاکشاون، بە سمەکانیان وەرئەگێڕن. ئەودیوی خڕەبەردەکان سەوزە. کاری ژماردنی پەزەکان درێژە ئەکێشێ. نەخێر، گومانی مەڕ و ژماردنیان ناتوانێ نەشەی تریاک بڕەوێنێتەوە. هەروا بەئاگام. بیرئەکەمەوە ئەبێ خۆم لە بیرەوەری خۆشدا بتلێنمەوە بۆ ئەوی خەو بمباتەوە. گەڕان لە ناو باخ و بینینی ژنێکی جوان و خەوتن لەگەڵ ژنە لە بن شۆڕەبیەک و لە قەراخ هەسێڵێکیش سوودی نییە. بە گەشتەکەمدا ئەچمەوە هەتا ئەگەمەوە ژنەی خزممان. بەڕاست ئەو دوو ژنە بۆچی قەت نەهاتوون بۆ لامان و قسەیان لەگەڵ نەکردووین؟ بۆچی تەنها پیاوە مردووەکان گەڕاونەتەوە بۆ ناومان؟ هەڵئەگەڕێمەوە بۆ لای مورتەزا و بە ئەسپایی بانگی ئەکەم:

ــ ئەرێ تۆ لەبیرتە ئەعزەم سادات کێ بوو؟

ــ ئەمە ناوی ناو ناسنامەکەی بوو، بەڵام بانگیان ئەکرد شەمسەلملووک. ئەو ژنە بوو کە شووەکەی بەردەوام دەستی بۆ ئەبرد و پێی ئەوت خەپە گیان!

ـ ئەرێ، ئەری. هاتەوە بیرم. ژنی ئامۆزای باوکم بوو. هەمان ئەو ژنەی کە هەموو ڕۆژێک پۆپەی کەڵەشێری ئەخوارد بۆ ئەوەی ڕێزی بچێتە سەرەوە.

ـ ڕاستە، خۆیەتی. بڕێک پێش مردنی سەماوەرەکە ڕژابوو بە سەریا و هەموو لەشی سووتاندبوو. کاتێک لە نەخۆشخانە هاتە دەرەوە دەستی لکابوو بە لەشیەوە. شووەکەی پێی ئەوت ئەعزەم تەکباڵ. خۆشی حەزی نەئەکرد بچێ و نەشتەرگەری بۆ بکەن. ئەیوت: «وا باشترە، کەمتر کاری ناوماڵ ئەکەم.»

ـ کەوابوو ئەم شەمسەلملووکە بوو دامان بیبڕنەوە. خوا لێی خۆش بێت. لانیکەم دوو شەهیدی بەخۆ، یان چوار شەهیدی ئاسایی لێدەرئەچێ!

ـ روخسارە خاتوونیشت خۆ لەبیرە؟

ـ ئەرێ، ئەوم وردە وردە هاتۆتەوە بیر. ئەو ژنەی کە پەردەی مینیاتۆری دابوو بە دەرگای ژوورەکەدا. چاوی لەیلێی کون کردبوو و لە کونی چاوی لەیلێ وە، شەوی چوونە پەردەی کچی مامی سەیرکردبوو.

ـ ئەویش خۆیەتی. ژنێکی دڵ زیندوو و بە نەشە بوو.

ـ ئەڵێم ئەگەر خەوت نایەت، هەڵسە لای زۆپاکە دابنیشین.

هەردوکمان، لە یەک کاتدا، ڕائەبین. یەک دوو پێستە لە لای زۆپاکەوە ڕائەخەین. لە سەر لێواری هەرزاڵەکە و بەرامبەر بە یەک دائەنیشین. کەوڵپۆسەکانمان ئەدەین بە شانماندا و گوێ لە دەنگی تەقینی دڵۆپە ئاوی پارچە دارەکان ئەگرین، ئەڵێم:

ـ ئاخرەکەشی تێنەگەیشتم بۆچی ئەتویست بەو پەلەیە لە «مەشهەد» هەڵبێت.

ـ لەبەر ئەوەی تۆ هیچ ئاگات لێ نییە. ئەگەر ئەمانە مردووەکانیان بکردایەتەوە و دەستی شەمسەلملووکیان بدیبایە کە لکاوە بە لەشیەوە، بیانوویان ئەگرت و دوو تەرمەکەی تریشیان لە دەست دەرئەهێنایەن.

ـ هەق بە تۆیە... ڕاستی هیچ بیرت لەوە کردۆتەوە کە بۆچی بە

پێچەوانەی ئەو دوو سێ مردووەی لە ناومان‌دا بڵاوبوونەتەوە، ئەم ژنانە هیچ دەرناکەون؟

مورتەزا پێ ئەکەنێ. پزیسکەی بیرێکی چەتوونانە بە چاویا تێئەپەڕێ، بەڵام دەسبەجێ ون ئەبێت. ئەڵێ:

ـ ئەرێ. لە «مەشهەد» لە بابە گیانم پرسی. تەنها سەیری کردم، بزەیەکی سەیری کرد و وەڵامی نەدامەوە... بەڵام من هۆشم بەلای شتی ترەوەیە!... دایکم ئەیوت زۆربەی خەڵک مردووەکانیان ناشتووە. بیرەکەی خەریکە کۆڵەم ئەکوتێت. ئەبێ ڕێگەیەک کرابێتەوە کە ئێمە ئاگامان لێ نیی؟

ـ هەڤاڵەکانت مسۆگەر ئاگایان لێیە. بەڵام کارێک هەبوو ئەبوا بمانکردایەت و نەمانکرد. ئەویش کڕینی دیاری بوو. بۆ دایکم و بی‌بی و خێزانم و مناڵەکان.

ـ هێشتاش درەنگ نەبووە. لە پشت سەرتەوە لە لێواری هەڵدێرەکە هەتا حەزکەی دیاریی لێیە.

ـ گۆشتی ڕاو؟

ـ چی لەوە باشتر؟

ـ خراپیش نییە. ئەگەر پێت باش بێت دوان سیانێک لە پیرەمێرد ئەکڕین و ئەیبەن.

ـ ڕەنگە زیاتریش. ئەوەی کە جارێ لێرە زۆرە گۆشتە.

بۆگەنی پێستی باش خۆشەنەکراو و بۆنی لەشی پیرەمێرد کە پێ ئەچێ مانگ و ساڵە خۆی نەشۆردووە، بە هۆی گەرمای ناو چاخانەکەوە، تەواو بڵاو بۆتەوە. خۆزگە بخەوتایەتین و ئەوەندە بۆنی لاشەی پێستکراو و پێستنەکراومان نەچوایەت بە سەرا. مورتەزا لە درزی ئاسەڕی کەوڵپۆسەکەیەوە، بەساتەکە دەرئەهێنێ. ئێستە کە بەئاگاین و بۆنەکان ئازارمان ئەدەن، وا باشترە خەریکی ئەو بۆنانە بین کە تام و چێژێکیان هەیە.

بەستی سێیەم و چوارەمیش لە ئیشتیای کێشان کەم ناکاتەوە. بە

تامەزرۆییەوە چاوەڕێی تەوابوونی مورتەزام کە لەپڕ هەوا تاریک ئەبێ. ئەمەوێ لە پشت شووشە ڕچاوەکانەوە سەیری دەرەوە بکەم، بەڵام جگە لە تاریکی هیچ دیار نییە. با بە وژە و گڤەیەکی سەیرەوە خۆی ئەکوتێ بە دەرگا و پەنجەرەدا و بە لێواری ئەو هەڵدێرەوە مەترسی هەڵدێران ئەخزێنێتە ناخمانەوە. پیرەمێرد خۆی کۆ ئەکاتەوە و ئەلکێنێ بە دیوارەکەوە و ئەڵێ:

ـ گێژەڵووکەیە! ئەوەی لەمکاتەدا بەڕێوە بێت سەرەونگووم ئەبێت.

ئەم دەنگە بەڵام دەنگی با نییە. دەنگێکە کە بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا ئەیبیستم. بە ئاشکرا ترس لە ڕوخساری پیرەمێرد و براکەمدا ئەبینم. دەسرێک ئەگرم بە بەر زۆپاکەوە، گەرمی ئەکەمەوە و ئەینێم بە یەکێک لە شووشەکانی بەرەو جادەکە. بە چەند جار دووپاتکردنەوە، سەهۆڵی شووشەکە ئەتوێتەوە. چاوم ئەبڕمە دەرەوە. حەوا قەبارەی پەیدا کردووە و خەریکی ڕاکردنە. ئەڵێی مەترسییەک لە پشت سەرمانەوە نزیک ئەبێتەوە. با بە ڕەنگی بۆرەوە ئەورووژێنی و تۆزێ دوورتر شین دائەگەڕێ و کوێستانەکە ئەشارێتەوە. لەرینەوەی دەرگا و پەنجەرەکان و سینگدانیان بۆ ناوەوە لە هەناسەبڕکێی گیاندارێکی تۆقاو ئەچێ. هەندێ جار ئەیانەوێ هەڵکەنرێن و لەگەڵ کاروانی پێ بەڕەودا بڕۆن. ئەڵێی ملیار ملیار هەنگی سپی لە قەدی کێوەکە هەڵئەسن و، کاتێکە باڵ ئەگرنەوە شین دائەگەڕێن. بەبێ ئەوەی کۆتاییان هەبێ، بەشیکیان لە پێچی جادەکەدا ون ئەبن و بەشێکی تر، ناو دۆڵەکە پڕ ئەکەنەوە. شووشەکە ئەیبەستێتەوە و بۆ ئێمە دیسانەوە نەڕە و وژە ئەمێنێتەوە و، دەنگە وردیلەکانی ئەو ترسەی بە دوای یەکا لە دڵمانا ئەتەقێنەوە.

ـ ئەوە چی ئەکەی کاکە؟

ـ هێمن ترین شوێن جارێ هەر ئێرەیە.

ـ ڕەنگە با هەڵماندێرێ بۆ ناو دۆڵەکە.

ـ دیوارەکان بەردن و قورسن، پێم وانییە.

لە دەوری ئاگرەکە دائەنیشینەوە و دەروونمان وەک دەروونی

زریانە. پیرەمێرد دەستەکانی ئەقونجێنێ و گوشار ئەخاتە سەر عەرزەکە و ئەیەوێ هەڵسێ. هەموو جمگەکانی تەقەتەقیان لێوە دێ. سەرەڕای ئەوەی کە قەڵەو و گۆشتنە، ئەندامەکانی دەنگی ئێسکیان لێوە دێ. هەر جۆر بووە ڕاست ئەبێتەوە. ئەیەوێ مێزێکی قورسی تەختە بخاتە پشت دەرگاکە. ئەچین بە یارمەتیەوە. مێزەکە ئەخزێنینە پشت دەرگاکە. دەنگی کێڕەکیڕی مێز لەگەڵ قرچەقرچی جمگەکانی پیرەمێرد تێکەڵ ئەبن. مێز ئەگاتە پشت دەرگاکە.

ـ خوا جارێ ئێوەی گەیاندووە و ڕاتانیگرتووە. ناتوانن لێرە بجووڵێنەوە هەتا گەردەلوولەکە نەخەوێ.

پیرەمێرد بەدەم خەوەوە ئەتلێتەوە و دەنگی جمگە وشکەکانی ژوورەکە پڕ ئەکات. دووکەڵی تریاک، ئارام ئارام بە سەر بۆنەکانی تری چاخانەدا زاڵ بووە و ئێمەی جووتە برا، کە خەو ناچێتە چاومان، چاوەڕوانی ڕۆژ بوونەوەین. حەزم لێیە جارێکی تر، بەو جۆرەی کە لە ماڵی ئاڤانس بەیانیم بینی، هاتنەکەی ببینم و ببیستمەوە. مورتەزا لەپڕ ئەڵێ:

ـ لە بیرتە مادامە فاڵگرەکە چی وتبوو؟ لە بیرتە «ئەم کوڕە ئەبێ بە پردێک لە نێوان دوو دنیادا!» چەندە باشی بۆچووبوو. سەیرکە چۆن بوویت بە پردێک لە نێوان دوو دنیادا!

وەڵامی ئەدەمەوە:

ـ تۆیش بوویت بە پرد. هەموو بوون. ئەگەر قسەکردن لەگەڵ مردووەکانمان بریتی بێت لە پردی نێوان دوو دنیا، ئەمڕۆ هەوان خەریکن لەگەڵ مردووەکانیان قسە ئەکەن. هەموو بوون بە پردی نێوان دوو دنیا. من پێم وایە فاڵگرەکان هەر هەموویان لە بناغەوە درۆزنن. هەمیشە شتی گشتی لە چوارچێوەی لەزگەڕستەی ڕازاویدا ئەدەنە

دەرخواردی مرۆڤ...

هێشتا قسەکەم تەواو نەبووە، با لەپڕ ئەخەوێ و دێوە ڕەشە ماندووەکەی پشت پەنجەرەکان کاڵ ئەبێتەوە. کەوڵپۆسەکە ئەدەم بە شانمدا و ئەچمە دەرەوە. حەز ئەکەم لە بەر هەڵدێرەکە بوەستم کە بەرەگەی ڕوانینی بەرینترە. مورتەزاش دێت. هەردوکمان، بێدەنگ چاوەڕوانی قەدەم ڕەنجەکردنی کازیوەین. جارێ نە سپێدپەهنا دیارە و نە سپێدباڵ.

دیسانەوە ئەبیسترێ. ئەمجار کۆمەڵە ژنێکی قەرەچین کە گۆرانی ئەڵێن و دەستەیەک لە پشتیانەوە سەنج لێ ئەدەن. دەنگ لە پشت کێوەکانەوە دێت. کاتێک ئەگاتە لوتکەی شاخەکە وەکوو هەرەس سەرەوخوار ئەبێتەوە و بەرەو دۆڵەکە، بۆ ژێر پێ، بە دۆڵەکەدا تێ ئەپەڕێت و بە هەورازیدا بەرەو لوتکە سەرئەکەوێت، تا دوورترینی ڕۆژاوا. ڕەنگە دەنگ، دەنگی هەزار هەزار دەستە قەرەچیە، بە دوای یەکدا و بە سروودخوێندن دێن و ئەگەن و تێ ئەپەڕن و دیسانەوە دەستەیەکی تر...

کۆتاییەکەی سەرما ئەمانکاتەوە بە چاخانەکەدا. هەست ئەکەم بە نیوەچڵی گوێمان لە کازیوە گرتووە. مورتەزا ئەڵێ:

ــ هیچمان نییە بیخۆین. ئەبێ زووتر بکەوینە ڕێ.

ئەکەوینە گردوکۆکردنەوەی کەلوپەلەکان و، من ئەچم بۆ لای ئوتۆمۆبیلەکە. توێژێکی سپی شۆکەی بەفر نیشتۆتە سەر شووشەی پێشووی پیکاپەکە. بە یەکەم فوو بازنەیەکی بچووک وەکوو خۆڵەمێش، ئەچێ بە حەوادا. وا دیارە گلێرە[٥٨] وشکەکانی گژەبای دوێشەو نەیان بەستووە. پیکاپ بە ستارتی یەکەم هەڵئەبێت. پێستەکان لە سەر مەکینەکە کۆ ئەکەینەوە و ئەیخەینە پشتەوە. پیکاپە هەڵکراوەکە بەجێ ئەهێلین و ئەچینە ژوورەوە. پیرەمێرد لە سەر هەرزاڵەکە هاتۆتە

---

٥٨ــ گلێرە: hailstorm دیاردە **ناو** تەرزەلۆکە، تەرزەی وەرد، ڕەهێڵە و تۆفانی تەرزە [ع] عاصفة البرد [N] haglstorm [د] تگرگ.

خوارەوە و قرچەقرچی ئێسقانەکانی ژوورەکەی پڕکردووە. مورتەزا بە سەرسووڕمانەوە گوێی لە دەنگی جمگەکانی کابرای پیرەمێرد ڕاگرتووە و سەر ڕائەوەشێنێ.

ـ بەیانی باش مامە.

ـ ژیانت باش جەوان. خەریکن ئەڕۆن؟

ـ بەڵێ مامە. بەڵام ئەمانەوێ چەند جەندەکت لێبکڕین.

ـ فرۆشی نییە، چەند دانەتان گەرەکە باری کەن و ببەن.

هەردوکمان بە تەورەوە لەو دەرگایەوە ئەکرێتەوە بەرەو هەڵدێرەکە ئەچینە دەرەوە و ئەکەوینە گیانی سەهۆڵەکان. تەورەکە بە پانادا دائەهێنینەوە بۆ ئەوەی جەندەکەکان بریندار نەبن. سەهۆڵی وردکراو ئەکەوێتە خوارەوە و قەڵافەتی جوانی نێچیرەکان وردە وردە دەرئەکەون. تەنها نیگایان نییە کە بووە بە بەرد، ملە درێژەکەیان، قاچە تەرچک و باریک و خۆشتاشەکەشیان بووە بە بەرد. زیاتر کە تەور لە توێژی سەهۆڵ ئەدەین، ئەوسا بۆمان دەرئەکەوێ پیرەمێرد ڕەنگە زیاتر لە سەد ئاسک و بزنەکێوی کوشتووە و لێرە خەواندوویەتی.

براکەم یەکە یەکە لاشەکان هەڵئەداتە پشت دەرگاکە و ئەڵێ:

ـ بۆ مەلا جوانە... بۆ حوجەتولئیسلام... بۆ ڕەزا... بۆ بیبی و دایکم... عالیە...

جەندەک وەکوو قاڵبە سەهۆڵ بۆ ئەوبەری چاخانەکە، بۆ بەردەم پیکاپەکە ئەگوێزینەوە. هەرچەند ئەمانەش مردوون بەڵام دڵمان نایەت لە شوێنی بارەکە لە لای کارتۆنەکانەوە دایان بنێین. هەرچی چۆن بێ، ئەمانە بۆ خواردنن. مورتەزا ماوەیەک قەد و باڵای پیکاپەکە بەراورد ئەکات. ئەچێتە ژوورەوە و پارچە گوریسێک ئەهێنێ. بە ڕیزێک ملی بزنەکان ئەبەستێت و بە هەردوکمان و بە دژواری هەڵیان ئەواسین بە بنمیچی پشت پیکاپەکەدا.

لە کۆتاییدا پارەیەک ئەدەین بە پیرەمێرد و قرچەی جمگەکانی و بۆنی گەنیوی خۆی و پێستەکانی بەجێ ئەهێڵین. لە کاتێکا نازانین

پاشماوەی لاشەکان ئەبێ بە خۆراکی چ کەسانێک.

لە ئاوێنەی تەنیشت پیکاپەکەوە بۆ ماوەیەکی کورت خانۆچکەکەی پیرەمێرد ئەبینم، وەکوو پارچە بەردێکی ڕچاو بە لێواری هەڵدێرەکەوە وەستاوە.

دەنگی ئێسقانەکانی پیرەمێرد گڕ بووە و یەکدەست. ئەوانەی کە نۆتەی ئاوازی ئێسقانەکانیان نووسیوە، ئێستە لە بەشی پشتەوەی پیکاپەکەوە بە هۆی لێککەوتنیان، مووزیکێکی گڕ و یەکدەست و ناخۆشیان ساز کردووە کە ژانەسەرەکەی من زیاتر ئەکات. ڕای ئەگرین، قاچەکانیان توند ئەبەستین و دیسانەوە ئەکەوینەوە ڕێ...

دەمی داچەقاوی تونێلە ڕەشەکە لە دوورەوە ئەبینرێ. خڕ و تاریک. پاش تونێل ئەبێ چاخانەیەک، شتێکی لێبێ. بە هاتنە دەرەوە لە تونێلەکە بە دوای شوێنێک بۆ پشوودان، سەیری ئەملا و ئەولا ئەکەین لەپڕ هەموو لەشم بەجارێ ئەکەوێتە لەرزین و بە بێئەڤان هاوار ئەکەم:

ــ ئاو، دڵۆپێک ئاو!

بە هۆی هاوارەکەی منەوە فەرمانەکە لە دەست موڕتەزا دەرئەچێ. پیکاپ ماوەیەک لارەولار ئەڕوات و دیسانەوە ڕێی خۆی ئەدۆزێتەوە. موڕتەزا ڕای ئەگرێت. من جارێکی تر بە حەپەساوی هاوار ئەکەم:

ــ دڵۆپێک ئاو! دڵۆپێک ئاو لە سەر شووشەی ماشینەکە.

موڕتەزا، سەیری ئەو دڵۆپە ئاوە ئەکات کە تکاوەتە سەر شووشەی پیکاپەکە و پاشان کەوتۆتە ڕێ و بووە بە هێڵێکی باریک. لە پیکاپەکە دائەبەزێت. بە دڵی پەنجە دەست ئەهێنێ بە هێڵی ئاوەکەدا. سەرپەنجەی

تەڕ ئەبێ. بە پێکەنینەوە ئەگەڕێتەوە ناو پیکاپەکە. ئەپرسم:

ــ تۆ بڵێی لە کوێوە هاتبێت؟

ــ ڕەنگە هیی ناو ئوتۆمۆبیلەکە بێت.

شتێک وەکوو هیوا لە دڵمدا ئەپشکوێت. پیکاپ ئەکەوێتە ڕێ و من سەیری هێڵی باریکی ئاوەکە ئەکەم لە سەر شووشەکەی بەردەمم. پیکاپەکە لائەدات و لە بەردەم چاخانەیەکی بەرزی ڕچاو، لە سەر لێواری هەڵدێرەکە ڕای ئەگرێ. لە بەردەم چاخانەکەدا دارێکی بەستوو، بە لقی سپی و قورس بوو بە باری بەفر و سەهۆڵەوە، سەری بەرەو زەوی چەماندۆتەوە. مورتەزا بە چەند جار بەرودوا کردن پیکاپەکە لە ژێر دارەکەدا پارک ئەکا و هەردوکمان ئەچینە ژوورەوە. لە چاخانەیەکی خاوێن و ڕێکوپێک ئەچێ. هەوای ناو چاخانە گەرمە و کابرایەکی گەنجی بالآبەرز، بە چاوی گەش و پڕنیگا و سمێڵی نووک تیژ و ڕەنگ خورمایی و خۆش تاشەوە، لە لای سەماوەرەکە وەستاوە و بە بزەیەکەوە سەیرمان ئەکات. بە چونە ژوورەوەمان لە سڵاو کردن‌دا پێشدەستی ئەکات و لە پیاڵەی گەورە و خاوێن‌دا چامان بۆ ئەهێنێ:

ــ بەخێر بێن. فەرموون!

ــ سپاس بۆ تۆ، کاتی ڕۆیشتن نەمان بینیت.

ــ من ئێوەم بینی. نەوەستان و ڕۆیشتن.

ــ پێمان وابوو داخراوە.

ــ نە قوربان ئێمە کراوەین.

قومێک ئەدەم لە چاکە و ئەمەوێ دانیشم کە ئەڵێ:

ــ حەزتان لە چییە؟

ــ وەڵڵا هیلاک و ماندووین. بەرچاییمان نەخواردووە. ئێستەش لەوە ئەچی نزیکی نیوەڕۆیە.

ــ لە نیوەڕۆ زۆر تێپەڕیوە. بەڵام چیتان حەز لێیە بۆتان ئامادە ئەکەم. حەزتان لێیە پەرداخێک شیری ئاسکتان بۆ گەرم بکە؟

ــ شیری ئاسک؟

ــ بەڵێ قوربان.
ــ شیری ئاسکتان لە کوێ هێناوە؟
ــ لەم ناوچەیە چی بزنەکێوی و ئاسک و کەڵ هەبوو، پەنایان بۆ هێنایین. ئێمەش بە سایەی سەرتانەوە ژێرخانێکی گەورەمان هەیە. گەرممان کرد و ئاژەڵەکانمان تێکرد. ئێستەش خاوەنی ڕەوەیەکین.
ــ چیتان پێ ئەدان بیخۆن؟
ــ ئاسان نەبوو. براکەم لە شارەوە تا توانی خواردنی قوتووی بۆ ناردم. هەڵبەت تۆزێکیش بڵێی نەڵێی ڕژیممان پێگرتن. بەڵام قوربان، ئەبێ سپاسگوزار بن لە ئێمە. لای سەرەوە پیرەمێردێک هەیە تەنها کارێکە کردوویەتی کوشتنی ئەم بێزمانانە بووە.
ــ ئەیناسین.
ــ دیارە چوون بۆ لای.
ــ بەڵێ لە کەبابەکەشیمان خوراد.
ــ من هیچیانم نەکوشت. خۆم بووم بە مامان. شیرم دا بە کاژیلەکانیشیان. ئێستەش تا حەزکەن شیری باشم هەیە.
ــ زۆر چاکە، یەکی پەرداخێک شیرمان بۆ گەرم بکە بزانین تامی چییە.
ــ خۆش قوربان، زۆر خۆش. بەر لێوت بکەوێ حەز ئەکەی.
بە پارێزەوە قومێکی بچووک ئەدەم لە شیرەکە. بەلەزەتە و پاراو. پاش من مورتەزا نەترسانە پەرداخەکە هەڵئەقوڕێنێ.
ــ ئەگەر شتێک بۆ خواردن هەیە بیهێنە با یەکسەر بەرچاییەکەمان بخۆین.
ــ بەڵێ قوربان. پەنێرم هەیە هەر لەم شیرە گرتوومە. بە نانی تایبەتەوە کە لە شار دەستتان ناکەوێ.
نان و پەنێر و شیری چەوری مامز و بزنەکێوی باشترین بەرچاییە کە لە ماوەی ئەم گەشتەدا و لەم مانگ و ساڵانەی ڕابوردوو خواردوومانە. پاش قاوڵتی مورتەزا هەست بە ماندوێتی ئەکات. لە

ژێرەوە سەیرێکی قەد و باڵای چایچیەکە ئەکات. وەک بڵێی کابرا بە ئەهلی دڵ نازانێ. من ئەڵێم:

ــ ئەکرێ سەیرێکی کارمامزەکان بکەین؟

ــ ئەیچۆن نابێت. فەرموون بچینە خوارەوە، لەملاوە.

لە پلیکانە ئاسنەکانی پشت چاخانەکە بە پارێزەوە ئەچینە خوارەوە. ژێرخانی چاخانە هۆڵێکی گەورەیە بە کۆڵەکەی ئاسن و پەنجەرەی ئالۆمینیۆمەوە. بەرەو ڕوانگەی دۆڵەکە، ڕەوەیەک ئاژەڵ لە سەر کا مۆڵ دراون. ڕەنگە لە سەد زیاترن. لە بینینی ئێمە ناسڵەمێنەوە. ژمارەیەک کاریلەی بزنەکێوی و ئاسکۆڵە خەریکی شیرخواردنن لە گوانی دایکیان و بە هەمان ئارامی پێشوو بەردەوامن.

ــ سەیر کەن قوربان. بەس ئەمانە ساڵ و مانگیان ون کردووە. لە کاتی خۆیدا جووت ئەبن، لە کاتی خۆیدا ئاوس ئەبن و لە کاتی خۆیدا ئەزێن. بەس لەگەڵ بینینی ئێمە ڕاهاتوون. بەڵام باوکم هاتۆتە بەرچاوم. بەڕاستی باوکم دەرهاتووە هەتا توانیم ئەمانە لە مردن ڕزگار بکەم. ئێستەش هیچ ئارەزوویەکم نییە جگە لەوەی ڕۆژێک بتوانم ئەم دەرگایە بکەمەوە و بەرەڵڵایان بکەم بەو شاخەدا سەرکەونەوە. تۆ بڵێی ئەو ڕۆژە بگات؟

پێکەوە ئەگەڕینەوە سەر. پژمینە یەک لە سەر یەکەکانی مورتەزا و شۆڕبوونەوەی ئاو بە لووتیا، چایچیەکە وشیار ئەکاتەوە. نووکی سمێڵی ئەجاوێ و ئەڵێ:

ــ ئەگەر ماندوون فەرموونە ژوورەکەی سەرەوە بحەسێنەوە. چاتان بۆ ئەهێنمە سەر.

مورتەزا جارێکی تر چایچیەکە هەڵئەسەنگێنێ و ئەڵێ:

ــ بەڵام تۆ یەکەم کەسی کە تووشی هەڵەت کردم!

ــ سووچی ئێوە نییە قوربان. تاوانی ئەم قەد و باڵای منە خەڵک تووشی هەڵە ئەکات. فەرموونە سەر ئێستە ئاگرتان بۆ ئەهێنم.

دانیشتن لە لای مەنگەڵەکە بە گەرجی تەواو ئەکەین، بۆ ئەوەی

زۆرترین ڕێگە لە ڕووناکی جادەکەدا ببڕین. لە کاتی هاتنەخوارەوە بە پلیکانە ئاسنەکەدا لەگەڵ چایچیە گەنجەکە خواحافیزی ئەکەین.

کاتێکە ئەچینە لای پیکاپەکە وا سەرمان سووڕئەمێنێ، وشک ئەبین: دڵۆپی ئاو، نە یەک و نە دوان بەڵکوو زیاتر لە هەزار تکاوەتە سەر شووشەی پێش پیکاپەکە و ئەتکێن و ئەتکێن. سەیری سەرەوە ئەکەم. لە نووکی لقەکانی دارە ڕچاوەکەوە، ئاو، دڵۆپ دڵۆپ وەکوو ئاوی سێرۆم کە ئەیدەن لە نەخۆش، ئەتکێتە خوارەوە. مورتەزا بە حەپەساوی سەیری ئاسمان ئەکات. من دەمم لە ژێر لقە دارێک ڕائەگرم. دڵۆپێک ئەتکێتە سەر زمانم. ئاوەکە تاڵە. تفی ئەکەمەوە. کابرای چایچیش هێدمەگرتوو بە چاوی دەرپەڕیوەوە ئاوی سەر شووشەی پیکاپەکە و پاشان تکانی دڵۆپەکان لە لقەکانی دارەکە سەیر ئەکات و ئەپرسێ:

ـ تۆ بڵێی خەریکە بەهار دادێ؟

ئەڵێم:

ـ وەکوو شتێ بەهار هاتووە.

باوەشی ئەکاتەوە و یەکە یەکە لە ئامێزمان ئەگرێ و ماچمان ئەکات. مورتەزا ئەچێتە پشت فەرمان و چەمچەکان ئەخاتە گەڕ. شووشە ئەشۆردرێ. دەستێک بۆ چایچی ڕائەوەشێنین و ئەکەوینە ڕێ.

لە سەر پێچی جادەکەدا پارچە سەهۆڵێک ئەبینم لە سووچەکانیەوە دڵۆپ دڵۆپ ئاو ئەتکێتە ناو ژوری پیکاپەکە بە تەواوەتی گەرم داهاتووە. کەوڵپۆسەکە لە شانم لائەدەم. مورتەزا تیژی ئەکات.

نزیک **دەماوەند** دارێک ئەبینم کاری ئاسمان ئەکات و، بەردە سەهۆڵێک کە جۆگەلەیەکی باریکی وەکوو موو بە ناویا کەوتۆتە ڕێ.

لە **جاجڕوود**، جادەکە بە تەواوەتی تەڕە و تایەکانی پیکاپەکە، ئاو هەڵئەدا بە هەموو لایەکدا.

لە ناقبەری تاران ــ پارس و تاران ــ نەو خەڵکی ڕژاونەتە شەقامەکان و بە کۆمەڵ دڵۆپەکان سەیر ئەکەن. هەندێ حەپەساون و هەندێکیش لە خۆشیانا یەکتر لە ئامێز ئەگرن.

پیکاپەکە باڵی گرتۆتەوە. لە شەقامەکانی ناوەڕاستی شار دارەکان، دیوارەکان، دارتێلەکان و ئاڵا و ئاڵاییەکان ئاویان لێ ئەتکێ. دار و دیوار بوون بە کانی.

## بەندی حەوتوم

ڕۆژ ڕەش ئەکاتەوە کە ئەگەینە ماڵەوە. لە بن تیشکی شینی کەمرەنگی پیکاپەکەدا، پێڕەوی شمشادەکان ئەبینم چۆڕە و دڵۆپ سەهۆڵەکانی ژێر پێیان تەڕ کردووە.

کەس نایەت بە پیرمانەوە. مسۆگەر دەنگ و هەرای کردنەوەی دەروازەیان نەبیستووە. پیکاپ ئەگاتە بەردەمی ڤیلاکە. دیسانەوە کەس نایەت بە پێشوازمانەوە. هیچ دەرگایەک ناکرێتەوە. پیکاپەکە لە بەردەم خانووەکەدا بەجێ ئەهێڵین و بە لەشی ماندوو و کوتراوەوە ئەچینە ژوورەوە. دایکم لای سەماوەرەکە دانیشتووە، بیبی لای دەستیەوە، خێزانم بەرامبەری هردوکیان و هەرسێکیان ڕەشپۆش و گریان. سڵاو لە دەممان‌دا ئەمەیێت. وەک برووسکە هەموویان بە سەر ئەکەینەوە: کوڕەکەم، کچەکەم... کە هەردوکیان، پێش ئەوەی دڵم بوەستێ دێنە ناو دیوەکە و غار ئەدەن بۆلام. ئەڵێم:

ـ قسە بکەن، شتێک بڵێن!

دایکم و بیبی بەبێ برانەوە ئەناڵێنن و فرمێسک دائەبارێنن. ژنەکەم ڕائەبێت و لە بەرامبەرم‌دا ئەوەستێ. چاوەکانی کە بە هۆی گریانەوە هەڵئاوساوە ئەبڕێتە عەرزەکە و ئەڵێ:

ـ ئەمرۆ بەیانی تەرمەکەی سەیدیان هێنایەوە، دوێنێش هەواڵەکەی.

دەنگی شیوەنی خوشکم بەنی دڵم ئەپچڕێنێ و، پەردەیەک خوارتر ڕۆڕۆی دایکم و پاشان فرمێسکی ئێمەیە کە دائەبارێ. من هاوڕێییەکم لەدەست داوە کە ببوو بە پارەی گیانم. ساڵانی دارەلفنوون، ساڵانی زانکۆ، ساڵانی گەنجی، پیاسە و خولانەوە، گاڵتەکان، قەشمەرییەکان،

گەشتەکان، هەمووومان پێکەوە ڕابوارد. ئەڵێی لەم کاتەدا دیوارێک لە دەروونمدا داڕماوە، ئەڵێی ئیتر داڕووخاو و ناتەواوم. چەندە بەزمی و قسەخۆش بوو سەید. چەندە خەندە. چەند باش بە هەموانی ڕائەبوارد. چەند باش بە ڕیشی دنیا پێ ئەکەنی. هەرگیز تەنانەت تاقە ڕکاتێک نوێژی نەخوێندبوو. یەکێک لە هونەرەکانی لە گەنجێتی‌دا ئاخوندئازاری بوو. لە شەقام بە جۆرێک خۆمانە سڵاوی لە ئاخوندەکان ئەکرد کە ئەوانی تووشی هەڵە ئەکرد و وایان ئەزانی یەکێک لە خزمان و دۆستان سڵاوی لێکردوون. پاشان جۆرێک درێژەی بە چاک و چۆنی کردنەکە ئەدا کە ئاخوندەکە تێبگات ئەوا گاڵتەی پێ ئەکەن. ئەپرسم:

ــ ئێستە لە کوێیە؟

ــ بەیانی خۆیان ئەیبەن بۆ بەهەشتی زەهرا. تەرمەکە لە گەڕەکی خۆیانەوە ئەخەنە ڕێ.

ئەژنۆکانم سست بوو. لە هەمان شوێن کە لێی وەستاوم دائەنیشم. دایکم بە پەلە دوو چا تێ ئەکات و ئەینێرێ بۆ لامان. ناوچاوم ئەنێمە ناو لەپی دەستم. لەگەڵ سەید بە شەقام و کۆڵانەکان‌دا ئەگەڕێم. بۆ هەر کوێ ئەچم سەیدم لەگەڵە. لە ژێر باتۆمی پۆلیسەکان. لە فەرمانداری سەربازی. لە خۆپیشاندان بۆ موسەدیق و لە بیرەوەری سەر گۆڕەکەی. چەندە نیشتمانی خۆش ئەویست. نازانم بۆچی چوو بۆ بەرەی جەنگ. کاتێکە خوڕەمشارمان وەرگرتەوە بە پانایی ڕوخساری فرمێسکی ئەڕشت. پێم وابوو لە شادمانی دایە کە ئەڵێ: «نا، نا. من بەم خاکە وامدارم. ئەی کەی ئەو وامە بدەمەوە؟» پاشان ئیتر دەرفەتێک بۆ دانەوەی وامەکەی نەمابوو. لەوەی کە ئێمە چووینەتە ناو خاکی عیراقەوە هیچ شادمان نەبوو. ئەیوت: «ئەبێ ئاشتی بکرێت. بە پەژێرەکردنی ئاشتی لەمکاتەدا عیراق تەمێ ئەکرێت.» ئەی بۆچی چوو بۆ جەنگ؟ تازە ئێستە تێ ئەگەم بۆ ئەوە ببوو بە حیزبوڵڵایی کە بتوانێ بچێت بۆ بەرە... ئاخر ئەم ڕۆژانە خەڵکی تۆزێ بەتەمەن و پاکسازیکراو زۆر متمانەیان پێ ناکەن. نازانم بۆچی کاتێکە پێی وابوو

کار تەواو بووە، هەڵسا و چوو بۆ بەرە؟... ئێستە ئیتر ڕۆیشتووە. ئیتر لاکەلەکەی من هەڵدڕاوە، ئەم ماندوێتیە پەڕی سیمورگێکی[٥٩] ئەوێ.

هەر هەموو ئەچین بۆ ماڵی سەید. پیرەمێرد بە بینینی بی‌بی و من چەناکەی ئەکەوێتە لەرزین. سەرەتا بووکەکەی و پاشان من ئەگرێتە باوەش و بە ئارامی فرمێسک دائەبارێنێ. خوشکەکانی سەید کە جگە لە قاقای پێکەنین، هیچی تری ئەوانم لەبیر نییە وەکوو ئاوێزی کاتژمێر ئەجووڵێن و شیوەن ئەکەن. من و باوکی سەید سەیری یەک ئەکەین؛ دڵ پڕ لە خوێن، چاو خوێناوی و زمان بڕڕاو. ناتوانم لەوێ بەند ببم. ناتوانم پیرەمێرد بەو جۆرە ببینم. ناتوانم ڕێگە بدەم پیرەمێرد بە سەیرکردنی من کوڕەکەی بێتەوە بیر. لە تەنیست دەرگاکەوە پاڵ ئەدەم بە دیوارەکەوە و لە دوورەوە ئەبینم هەندێک خەڵک بە یارمەتی لایت، سەیری ئەو دڵۆپە ئاوانە ئەکەن لە هەموو لایەکەوە ئەتکێ یان کەوتۆتە ڕێ و دڵخۆشن. مورتەزا دێ بە دواما بۆ ئەوەی بڕۆین. دیسانەوە باوکی سەید ئەگرمە باوەش. ئەو دارەتی من ئەزانێت. پێویست بەوە ناکات داوای لێبوردن بکەم. بەبێ گوتە و بەبێ وشەیەک ئەیگووشم بە سینگما.

نزیک نیوەشەو بە توندی ئەدەن لە دەرگای حەوشە و زەنگ لێ ئەدەن. من و براکەم بە شەڵەژاوی ئەچین بۆ لای دەرگای حەوشە. دەستەیەک پاسدار، نزیکەی سیانزە چواردە کەس. بە پەلە دێنە ژوورەوە و بە دوای براکەمدا ئەگەڕێن. ئەو خۆی ئەناسێنێ. ئەیانەوێ بە هەمان جلی خەو و کەوڵپۆس بە شان بیبەن. بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک. بە تکا و پاڕانەوەی من ڕێگە ئەدەن جلەکانی لەبەر بکات. لە پاسدارێک

---

٥٩ـ پەڕی سیمورگ: کاتی جیابوونەوەی زاڵ، سیمورگ سێ پەڕی خۆی ئەدات بە زاڵ، تا کاتی تەنگانە ئاگری بدات و سیمورگ بچێت بۆ یارمەتی و دەربازکردنی لە ئاریشە و تەنگوچەڵەمە. ☜ زاڵ

ئەپرسم:

ــ بۆچی ئەیبەن؟

ــ ئێمە چووزانین، فەرمانیان داوە. مسۆگەر دژی شۆڕشە!

مورتەزا جلی لەبەر کردووە و گەڕاوەتەوە و لە حەوشە بە من ئەڵێ:

ــ بەیانی زوو تەلەفۆن بکە بۆ مەلا جوانە.

پاسدار بە دەورانده‌ورییەوە لە حەوشە ئەچنە دەرەوە. لە دەرەوە سێ ئوتۆمۆبیلی گەشت وەستاون. براکەم لەگەڵ سێ پاسدار سواری ئوتۆمۆبیلەکەی ناوەڕاست ئەکەن و ئەکەونە ڕێ. من ئەمێنمەوە و من.

ئەگەڕێمەوە ژوورەوە. دایکم، خوشکم، هەر هەموو خەوتوون. هیچکەس لە خەو ڕانەبووە. زۆر سەیرە. ئەچم بۆ ژوورەکەی مورتەزا. لە شوێنە بەتاڵەکەی مورتەزادا خەوتن دەرفەتە. دائەنیشم و پاڵ ئەدەم بە دیوارەکەوە. خۆزگە ئەمپرسی بۆ کوێی ئەبەن. دیارە نەیان ئەوت. بەڵام بڕیاری دادیاریان پێ بوو. وتیان. من نەمبینی. مسۆگەر یەکڕاست ئەیبەن بۆ دادگای شۆڕش. ئەگەر بەیانی هەڤاڵەکانی ڕوومان پیشان نەدەن چی بکەم؟ بەیانی چی بە دایکم بڵێم؟ بیبی بە جارێک تیائەچێ. ئەگەرەکان و چی بکەمەکان کۆتایی نایەت. حەز ئەکەم بگریم. براکەم لە زیندان، تەرمی باوکم بە کۆڵمەوە، سەید لە ساردخانە و منی قوڕبەسەر؟ لە مناوەدا تەنها کاری سەید ئاسانە. جگە لە پەژارەی لەدەسچوونی کێشەی ترمان نییە. ڕەنگە کاری مورتەزاش بەو هەڤاڵانەی هەیەتی دژوار نەبێ. نازانم.

درزی دەرگاکە بە ئارامی ئەکرێتەوە. باوکم دێتە ژوورەوە. لە بەرامبەرمدا دائەنیشێ و بە پەژارەوە سەیرم ئەکات و هیچ ناڵێ.

ــ سەلام بابە گیان! چاوت لێیە چی بووە؟

ــ هاتووم پێت بڵێم زۆر خۆت مەشەمزێنە. گرتنی مورتەزا فیتی هەڤاڵەکانێتی. ئەیانەوێ نرخی کارەکە ببەنە سەرەوە. هەروەها پێشت بڵێم ئەم سەیدە کەرە سووچی خۆی بوو. چەندە ئامۆژگاریم کرد

نەچوو بە گوێیا. ئیتر بیری لێ مەکەرەوە. منیش لەم ڕۆژانەدا ئەبێ بڕۆم. ئاگات لە دایکت و بیبی بێت. زۆر دڵم لە لای دایکتە.

ـ من هەمیشە ئاگام لە دایکمە بابە گیان. بۆچی ئەوەندە نیگەرانی؟

ـ زیاتر، زیاتر. من پێم ڕاسپاردووە تۆ هەندێ جار دێیت بۆ ئێرە مژێک لێدەی. هەر ئەمە ئەبێت بە هۆی ئەوەی زیاتر ئاگاتان لەیەک بێت. دایکیشت تەنها نابێت. خەم مەخۆ کوڕم. کارەکان جێبەجێ ئەبێت.

ـ ئەزانی چۆنە بابە، گوشاری ژیان هەرگیز ئەوەندە لە سەر شانم نەبووە.

ـ ئەزانم. لەبەر ئەوەیە کە زوو هەڵئەچی. لەسەرخۆ بە.

ـ حەز ئەکەم تۆزێ قسە بۆ موڕتەزا بکەی. حەز ئەکەم سازم بۆ لێدەی. بەڵام ئەترسم هەموو خەبەریان ببێتەوە.

ـ هیچکەس هەڵناسێ. دڵنیابە. باشترە بڕۆی بەساتەکەی موڕتەزا دامەزرێنی، بەستێکیش بکێشین. ئەم کوڕە بێغیرەتە دیسانەوە ئێمەی خراپ کردەوە.

ـ باشە بابە. بەڵام ئەترسم ژنەکەم هەڵسێ و پێم بزانێ.

ـ هیچکەس هەڵناسێ. بڕۆ ئاگر بکەرەوە و بیهێنە.

ـ بۆی دەرنەچی بابە گیان.

ـ نەء، من دانیشتووم.

وەک فڕفڕە مەنگەڵەکە ئامادە ئەکەم و بیرئەکەمەوە زۆر باشە، کاتێکی باش باوکم گیر هێناوە. ئەبێ قسەی پێ دەرخەم. مەنگەڵەکە لە ناوەڕاستدا دائەنێم و دامودەزگای موڕتەزا لە دۆڵابەکەی دەرئەهێنم و لای دەستیەوە دای ئەنێم. وافوورەکە لە سەر پشکۆ ڕائەگرم بۆ ئەوەی گەرم دابێ. کاتێکە سەیری ئەکەم پەڵە پەڵە وەکوو هەوری لێدێ. چاوی لێ هەڵئەگرم بۆ ئەوەی دیسانەوە ببێتەوە بە جەستە. ئەوەندەی دووکەڵەکە لە کونەلووتیەوە ئەداتە دەرەوە، دەسبەجێ بەستی دووەم دائەنێ.

ـ بۆم ناگێڕیتەوە بابە؟

ـ چی بگێڕمەوە، بابە گیان؟

ـ باسی مردنت. لە کوێی؟ چۆنی ئەگوزەرێنی؟

ـ ئەگەر زمان هەڵبڕم دڵت دێ بەیەکا.

لەپڕ دەنگی تەقینەوەیەک شەو و شار ئەشڵەقێنێ. دەنگدانەوەی تەقینەوە دار و دیوار ئەلەرزێنێ. بە بێئەڤان دەستم ئەگرم بە گوێمەوە. ئێشێکی وەها لە گوێمدا پەیدا بووە بۆ ساتێک پێم وایە ئیتر هەرگیز هیچ نابیستم. ئاوڕ ئەدەمەوە و سەیری باوکم ئەکەم. ئوقرە و ئارام دانیشتووە و چاوی بڕیوەتە من. ئەڵێ:

ـ شوکری خوا خەڵکی ماڵەکەم بەم دەنگانە داناچڵەکن.

وافوورەکە دائەمەزرێنێ و ئەیگرێ بۆ من:

ـ بکێشە کوڕم، بکێشە! با بەیانی گیانت تیابێت.

ـ مەگەر هەمیشە نەت ئەوت مەکێشە؟

ـ کێشات ئیتر. ئێستە ئیتر بکێشە. وشترسواری بە کۆمەکۆم نابێ.

کە لێو ئەنێم بە مۆدنەی وافوورەکەوە، بەرامەی بازاڕەکانی سەمەرقەند دێ بە بێنمدا. ئەڵێی وافوور مێسکی تێکراوە. هێشتا مژی لێ ئەدەم کە ڕائەبێ.

ـ ئەی بۆ ئەڕۆی بابە؟

ـ ئەڕۆم ئیتر کوڕم. تۆیش بەساتەکەت کۆکەرەوە و وەنەوزێک بدە بۆ خۆت. دەمەو بەیانە، بەیانی گرفتاریت زۆرە.

لە دەنگی ناڵە و شیوەنی بیبی لە خەو ڕائەبم. ئەوەندەی چاو ئەکەمەوە هەموو بەرنامەکانی ئەو ڕۆژە لە بەرچاومدا ڕیز ئەبن. یەکەم، تەلەفۆن بۆ مەلا جوانە. ناوی خۆی چییە؟ چۆن ئەتوانم لە نووسینگەکەی مورتەزادا بیدۆزمەوە؟ یان کاتێکە تەلەفۆن ئەکەم بڵێم کارم بە کێیە؟ نەء. ئەمە زۆر سەخت نییە. سەرەتا زەنگ بۆ سەیدەلعولەما لێ ئەدەم و لەو ئەپرسم. پاشان بەشداریکردن لە بەخاک سپاردنی سەید، پاشان

کۆکردنەوەی بنەماڵە. ئەی باوکم! ئەگەر ئەمڕۆ نەتوانم کێشەی باوکم چارەسەر بکەم چی ئەبێت؟ هەوا خەریکە گەرم ئەبێت. سەهۆڵەکان ئەیکەنەوە. مردووەکانمان بۆن ئەکەن. ڕاستی گۆشتەکان! ئەبێ بە زووترین کات لە پیکاپەکە دایانگرم. مسۆگەر چۆڕەیان کردووە و قوتوەکانیان خووساندووە.

لەجێ ڕائەبم و ئەچم بۆ لای دایکم و بیبی کە هەردوکیان لە چێشتخانە خەریکی گریانن. تا ئەمبینن باوەشم پیائەکەن و سەریان ئەخەنە سەر شانم و درێژە بە گریان ئەدەن. دایکم بە دەم گریانەوە ئەڵێ:

ــ ئێوە دوو برا ئاگاتان لە یەک بێت. تۆ بیت و خوا ئەوەندە لە یەکتر بێئاگا مەبن.

ئینجایە کە من نازانم چۆناوچۆن بەسەرهاتەکەی مورتەزای بۆ باس بکەم.

ــ تۆ بن و خوا ئارام بگرن. شتێک کە بۆ هەموانە ئەو هەموو گریان و شیوەنەی ناوێ. ماڵ هەیە یەکێکی لێ نەکوژرابێ؟ خەڵکی یان شەهید ئەبن یان حکوومەت ئەیانکوژێ. ئەمە ئیتر دیاردەیەکی گشتیە. ئێستە بەداخەوە گیروگرفتمان زیادیشی کردووە. دوێشەو هاتن و مورتەزاشیان برد بۆ دادگای شۆڕش.

دەنگی شیوەنی بیبی بەرزتر ئەبێتەوە. دایکم چاوم تێ ئەبڕێت و مات ئەبێت و بە هەمان دارەتی حەپەساو لە سەر عەرزەکە دائەنیشێ. نازانم ئیتر چۆن درێژەی بدەم. چی بڵێم.

ــ هەڵبەت وتیان بۆ هەندێ زانیاری وەرگرتنە و بەری ئەدەن.

بیبیش وەکوو دایکم بێدەنگ ئەبێ. هەردوکیان بە چاوی دەرپەڕیوەوە سەیرم ئەکەن و هیچ ناڵێن.

ــ باش گوێ بگرن. ئەمڕۆ کارمان زۆرە.

دایکم لە کاتێکا بە بەردەوامی چاوی تێبڕیوم ئەڵێ:

ــ تۆ ئەمڕۆ بچۆ بە دوای کاری براکەتدا. پێویست ناکا بێیت بۆ

گۆڕستانیش. ئێمە ئەڵێین هەردوکیان گرتوون و بردوویانن. سەبارەت بە کاری باوکت و خەزووریشت من ئەزانم ئەبێ چی بکەین. ئەبێ بە مەلا جوانە بڵێی: «گەوواد، هەر ئەو کارەی خەریکن بۆ هەموانی ئەکەن و کردووتانە، بۆ ئێمەشی بکەن.» خۆ تەنها هاتن و کێشان و خواردن نییە. دیارە شتێکیشیان ئەوێ. ئەبێ بیخەیتە ناودەستیان.

ـ زۆر چاکە دایە. ئەمڕۆ ئەیبینم و مسۆگەر کارەکەی تەواو ئەکەم. بەڵام پێشتر چوار پێنج جەندەکی ئاسکەکێوی لە ناو پیکاپەکەیە ئەبێ دایبگرین.

به پێوە لە چێشتخانە پیاڵەیەک چای هەڵئەدەم و هەرسێکمان ئەچین بۆ لای پیکاپەکە. پەردەی پشت پتکاپەکە لائەدەم. چەند دڵۆپی خوێن لە لاشەکانەوە تکاوەتە سەر کارتۆنەکان. دایکم ئاوڕ ئەداتەوە و ئەڵێ:

ـ چۆن دڵتان هات ئەم بێزمانانە بکوژن؟ چووبوون مردوو بنێژن یان چووبوون بۆ ڕاو؟

خۆ ئێمە نەمانکوشتوون دایە. ئەمانەیان کوشتبوو و کەڵەکەیان کردبوون. ئێمەش ئەم چەند دانەمان کرێ بۆ دیاری.

ـ خوا نیست و نابووتیان بکات![٦٠]

ـ لاشەکان یەکە یەکە لە بەند ڕزگار ئەکەین، سەروبنی ئەگرین و ئەیبەینە چێشتخانە. کاری گواستنەوە تەواو ئەبێت، دایکم ون ئەبێت. من و بیبی لە چێشتخانە جەندەکەکان ئەگرینە باوەش و لە سەر عەرزەکە ڕیزی ئەکەین. بیبی ئەڵێ:

ـ بەرتیلی خوێناوی!

ـ خوا بکا سەروبنی کارەکە بەمانە بیتەوە یەک. ئەی دایکم چی لێهات؟

ـ نازانم.

---

٦٠ـ نیست: destroyed فەرمان نەبوون، نابووت. ع دمرت N ødelagt د نابود، نیست.
ن: نیست و نابووت بن: نەمێنن و لەناو بچن.

بە پەلە ئەچم بۆ لای پیکاپەکە. دایکم لای پشت پیکاپەکە وەستاوە و بە پانتایی دەموچاوی فرمێسک ئەڕژێنێ و بە قوتوەکەی باوکم ئەڵێ:

ـ چوویت بۆ کوێ پیاو؟ هیچ دیار نەبوو لە کوێیت؟ ئاخرەکەشی نەمزانی لەم قوتوەدای، لە گەرماوی، لە ناو ژوورەکەی، لە شەقامی؟ خوایە سوێندت ئەدەم بە سدیقەی تاهیرە لەم سەرگەردانیە ڕزگاری کەیت.

پێم وایە ئەبێ شتێک بڵێم، کارێک بکەم. ئەڵێم:

ـ خراپی چی بوو دایە؟ دیدارێکمان لەگەڵ نوێ کردەوە. تۆ بۆچی لە هەموو شت نارازیت؟

ـ نا کوڕم، مردوو ئەبێ لە ژێر خاک بێت و زیندوو لە سەر خاک. نابێ بە پێچەوانەی سروشت کار بکەین. ئێستە ئەتەوێ ئەمانە چی لێ بکەیت؟

ـ پێم وایە سفرەیەکی نایلۆنم پێ بدەی، لە سەر سەهۆڵە ئەستوورەکانی بەر سێبەرەکە ڕای ئەخەم و قوتوەکانی لە سەر دائەنێم. سەر قوتوەکانیش بە سەهۆڵ دائەپۆشم بۆ ئەوەی بۆن نەکەن. تا بزانم چیمان بۆ ئەکرێ.

ـ هیچ لە بیری براکەتدا هەیت؟

ـ هەر ئەمڕۆ ئازادی ئەکەم، خەم مەخۆ.

ئەگەڕێمەوە ژوورەوە بۆ تەلەفۆن. ژنەکەم هەڵساوە و لە بەرهەیوان چاوەڕێمە. بە بینینم بزەیەکی تاڵ لێ ئەدات و ئەڵێ:

ـ هیچ لە بیری ئێمەدا هەیت؟

لە نیگای ترێق ئەبمەوە.

ـ چۆن لە بیری ئێوەدا نیم؟

ـ گرنگ نییە. ئەوەندەی کە بتوانی مردووەکان بنێژی خۆی زۆرە. سپاست ئەکەم. بەڕاست چۆن بوو توانیتان ئەو دوو ژنە بنێژن، ئەمانەتان نەتوانی؟

ـ پاشان پێت ئەڵێم.

دایکم تازە هاتۆتەوە بەخۆیا و بە جەختێکی زیاترەوە ئەپرسێ:

ـ چ بەڵایەکتان بە سەر ژنەکان هێنا؟

ـ ئەوانمان بە ناوی دوو شەهیدی جەنگی کە ون ببوون، ناشتووە. بەڵام پێمان وابوو باوکم و خەزوورم ئەبێ کارێکی باشتریان بۆ بکەین. ئەوە بوو هێنامانەوە.

ـ ئێستە ئەزانن گۆڕی ئەوانە لە کوێیە؟

ـ بەڵێ دایە نووسیومانە. لە لای مورتەزایە.

ـ نازانم وەڵڵا...

ڕابەری تەلەفۆن زیاتر لە پەنجا ئایەتوڵڵا و حوجەتولئیسلامی تیا نووسراوە. ڕەنگە زۆربەیان درۆبن. ڕەنگیشە ڕاست بن. تەلەفۆنی سەیدەلعولەما ئەدۆزمەوە و ژمارەکەی ئەگرم. دەنگێک کە ملەخڕەی هەبێت وەڵامم ئەداتەوە. داوای حوجەتولئیسلام ئەکەم. ناوم ئەپرسێ. پاشان ئەپرسێ کارم چییە. وەڵام ئەدەمەوە لە خزمانم و کاری تایبەتیم پێیەتی. ڕێگەم ئەدات:

ـ قوربان سەلامم هەیە. من برای مورتەزام.

ـ بەه بەه، جەناب تۆ چۆنی؟ زیارەتتان قبوڵ بێت ئیشەڵڵا.

ـ نوێنەری زیارەت بووم قوربان. سپاسی خوا خراپ نیم.

ـ کاکەبرایشت گەڕایەوە؟

ـ بەڵێ قوربان. بەڵام بەداخەوە دوێشەو گرفتێکی بچووک هاتۆتە پێش.

ـ بەڵێ، بەڵێ. هەستم ئەکرد. لە بابەتەکە بێئاگا نیم. ئەبێ لەگەڵ هەڤاڵمان چاوپێکەوتنێک بکەی. بڕۆ چاوت پێی بکەوێ. هەڵبەت بە تەلەفۆن دژوارە.

ـ تێ ئەگەم حاجی ئاغە. بەڵام ناوی ئەوم نایەتەوە بیر.

ـ ئەو ناوی حوجەتولئیسلام زاکرەلحسێنی یە. ژمارە تەلەفۆنەکەتان

خۆ هەیە؟

لە ڕابەرەکەدا ئەگەڕێم و ناو و ژمارەکەی ئەدۆزمەوە و ئەڵێم:

ـ بەڵێ، هەمە. کەوابوو ئیشەڵڵا بە زووترین کات بە خزمەتیان ئەگەم.

ـ ئیشەڵڵا.

بیستۆکەکە دائەنێمەوە و دەسبەجێ ژمارەی مەلا جوانە ئەگرم. لە چەند سکرتێری دەنگ گڕ و قرخن تێ ئەپەڕم تا ئەگەم بە خۆی.

ـ وا دیارە گرفتێک بۆ مورتەزا هاتۆتە پێش کە جەنابتان مسۆگەر ئاگاتان لە چۆنێتیەکەی هەیە.

ـ وەڵڵا پێشبینیم ئەکرد. بەڵام نەک بەم زووییە.

ـ باشە ئێستە ئەبێ چی بکەین؟

ـ هیچ نیگەران مەبە. من ئەبێ گورج چاوم پێت بکەوێ. کارێکی گرنگترم لەگەڵت هەیە.

ـ ئەگەر یارمەتی بفەرمووی هەر ئێستە دێمە خزمەتت.

ـ زۆر چاکە. هەر ئێستە پێش نیوەڕۆ وەرە. چونکە پاش نیوەڕۆ کۆبوونەوەم هەیە و ئەبێ ببوورن. ناونیشانەکە بنووسە.

مەلا جوانە، نووسینگەکەشی جوانە. مافوورەی گرانبایی، مێزی هەڵکەنراو، چرای سەرمێزی زۆر شیک، موبلی چەرمی دوور لە مێزی کارەکەی و قوتوە سیگاری کەندای زێڕ لە سەر مێزی میوان. بە چوونە ژوورەوەم لە پشت مێزی کارەکەی هەڵئەسێ و هەتا ناوەڕاستی ژوورەکەی دێ بە پیرمەوە و هەردوکمان لە سەر موبل بەرامبەر یەکتر دائەنیشین.

ـ حەوخانی ڕۆستەم [٦١] بوو حاجی ئاغە.

ـ بەداخەوە وایە، ئاسایشی ناوخۆ لە دژوارترین کارەکانە.

ـ دەی حاجی ئاغە کاتتان نەگرم. بفەرموون بۆچی براکەمیان

٦١ـ ڕۆستەم گەشتێک ئەکات بە حەوت قۆناغدا تێئەپەڕێ یەک سەختتر لەوی تر.

گرتووە و ئێستە من ئەبێ چی بکەم. خۆتان ئەزانن هەم ئالوودەیە و هەم نەخۆشە. ناتوانێ زۆر لە زیندان بەرگە بگرێ.

ـ نە قوربان. نیگەران مەبن. ئەڵێم حەبێک شتێکی پێ بدەن. جگە لەوە زیندان دکتۆر و دەرمانگای هەیە. هەڵبەت لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کارەکەی ڕائەپەڕێنین. ئاوا بە پەلە ناکرێت بنێرم بە دوای کارەکەی‌دا. ئەوەی کە ویستم بێی بۆ ئێرە سەبارەت بە کاری باوکت بوو.

بۆ ساتێک شادمان ئەبم. بەڵام ئەزانم نابێ پشت بەم ئیمام زادەیە ببەستم. ئەڵێ:

ـ من بیستوومە ئەوەی گیروگرفتی لەو بابەتەیان هەبووە کاریان جێبەجێ بووە، تەنها مردووەکانی ئێمە بە سەر دەستمانەوە ماوەتەوە.

ـ ئێوە خۆتان ڕۆیشتن بۆ گەشتی دوورودرێژ و لێرە هەندێ دەرفەت بەدی هات بەڵام ئێوە نەبوون. هەڵبەت ئێمە لەبیری ئێوەدا بووین.

ـ زۆر سپاس حاجی ئاغە. ئەوەی کە ئەمویست پێتان ڕابگەیەنم ئەوەیە کە کێشەی مورتەزا بۆ ئێمە لە پێشترە. ئێمە لە هەلومەرجێکی باش‌دا نین. دوێنێ شەهیدێکیان بۆ هێناینەوە. بنەماڵە پرسەدارن و دایکم زۆر زۆر نیگەرانی مورتەزایە.

ـ پێتان ڕابگەیەنم کە مورتەزا خان لە پەیوەند لەگەڵ کۆمەڵێک هەڵسوکەوتی هاوبەش گیراوە. ئێمەش بە دوای کارەکەیەوە هەین. بەوجۆرەی کە پێم ڕاگەیاندن دوو سێ ڕۆژێک کاتی گەرەکە بۆ ئەوەی هەراوهوریاکە بنیشێتەوە. چونکە لە پشت سەر ڕۆحانیەتەوە هەندێ قسە ئەکرێت و ئەگەر بەندە هەر ئێستە بچم بە دوای کارەکەی‌دا باش نییە. دەنگۆکان زیاتر پەرە ئەسێنێت. وا باشە چەند ڕۆژێک ڕاوەستین، ڕەنگیشە لە ڕێگەی خەڵکی ترەوە بچین بە دوای کارەکەی‌دا... بەڵام لە ڕوانگەی کاری باوکتەوە پرسگرکە بۆ من زیاتر لە پێشە. خاڵی گرنگ ئەوەیە لە ناو کۆمەڵی ڕووحانیەت‌دا قسە کراوە و وتراوە مانەوەی ئەو هەموو مردووە لە ماڵەکانی ئۆمەتی ئیسلام زۆر باش نییە. بۆیە

بڕیار درا مردووە دەرکراوەکان بە ناوی ئەندامانی کۆمەڵی ڕووحانیەت دووبارە بەخاک بسپێردرێنەوە. بەڵام ئەمکارە زۆر بە نهێنی بەڕێوە ئەچێت و نابێت هەواڵەکەی زۆر بکەوێتە سەر زمان.

ـ باش تێنەگەیشتم حاجی ئاغە، لێم ببوورن.

ـ زۆر سادەیە. بەندە ناسنامەکەی خۆم بەتاڵ ئەکەمەوە و لە هەمان کاتدا بەڵگەی مردنی خۆیشم ئەدەم بینووسن. تۆ بەڵگەی مردن و ناسنامەکەم لەگەڵ باوکت ئەبەیت بۆ گۆڕستان. لەوێش بەڕێزەوە بەخاکی ئەسپێری. تەنها بەو جیاوازییەوە کە ناوی من لە سەر کێلی گۆڕەکەی باوکت نووسراوە.

ـ ئەمە ڕێگەیەکی باشە حاجی ئاغە.

ـ بە - - - - ـەڵێ. خۆ پێم وتیت. هەڵبەت ئەمکارە بۆ ئێمە پارەی تێ ئەچێت. لەگەڵ بەتاڵکردنەوەی ناسنامە، کە خۆی بێمەزاخ نییە، کارتی «بەسیج»یش بەتاڵ ئەبێتەوە. خۆتان ئەزانن نرخی کارتی بەشی خواردەمەنی، لە ساڵێکدا نزیکەی سەد و پەنجا هەزار تمەنە. جا بیری لێبکەرەوە، مرۆڤ ئەگەر تەنها دەساڵ کارتی بەسیجی نەبێت و بیەوێ هەموو پێداویستیەکانی لە بازاڕی ڕەش بکڕێ، چەندە ئەکات. جگە لەوە دەرکردنی بەڵگەی مردنیش خۆی پارەی ئەوێت و زۆر تێچووی تریش.

بیری لێ ئەکەمەوە، ئەو درۆ زلانە بۆ دیاریکردنی نرخی کارەکە ڕیز ئەکات. یەکسەد و پەنجا هەزار تمەن بۆ دەساڵ، ئەکاتە ملیۆنێک و پێنجسەد هەزار تمەن. جگە لەوە زۆر تێچووی تریش هەیە. واتە لانیکەم تامی دەمی دوو ملیۆنە. بۆ دوو مردوو ئەکاتە چوار ملیۆن تمەن. چۆن ئەم پارەیە دابین بکەم؟!

ـ زۆر چاکە حاجی ئاغە. ئەبێ پێتان ڕابگەیەنم کە لەمکاتەدا من ئەو پارەیەم نییە. لە ماڵی دنیا ئەو خانووەم هەیە کە ئەمەوێ بیفرۆشم و بە پارەکەی کارێکی بەرهەمهێنانی سوودمەند بخەمە ڕێ. ئەگەر پێتان خۆش بێت لەو کارەدا سەدی پەنجا ئەتانکەم بە هاوبەش و دڵنیاتان ئەکەم سوودی کۆتایی ساڵ لەم پارەیە زۆرتر ئەبێت.

ــ ناااا، گیانی من! وەکوو شتێک لە قسەکانی من تێنەگەیشتی! ئێمە ئەبێ لەملا و لەولا پارە بدەین. پێت ڕابگەیەنم کە من و سەیدەلعولەما خۆمان بۆ تۆ ڕاگرتووە. هەموو ئەندامانی ڕووحانیەت هەتا ئێستە خۆیان فرۆشتووە! ئێمەش لەبەر پێشینەی هەڤاڵەتی لەگەڵ بەڕێزی برات پەلەمان نەکرد. ڕاوەستاین لە گەشت بگەڕێنەوە. لەمکاتەدا تاقە ئاخوندێکیش نادۆزنەوە ناسنامەکەی بەتاڵ نەکرابێتەوە و بەڵگەی ناشتنی بۆ دەرنەکرابێت. ئەگەر حەزت لێیە سەرێک لە گۆڕستان بدە بۆ ئەوەی بۆت دەرکەوێت چی ئاخوند هەیە بەجارێ لە گۆڕستانن.

کەوتمە بیری قسەکەی باوکم. گرتنی مورتەزا لەگەڵ ناشتنی مردووەکان پەیوەندی هەیە. ڕەنگە ئەویان لە مەیدان کردۆتە دەرەوە بۆ ئەوەی دەرفەتی مامەڵەکردن و قەرز و قۆڵە نەمێنێتەوە. ئێستە کە وایە منیش ئەبێت هەر دوو بابەتەکە گرێ بدەم بەیەکەوە. ئەمانە هەموو کارێکیان لەدەست دێ.

ــ بە خزمەتی حاجی ئاغە ڕاگەیەنم کە من لە ماڵی دنیا بەس ئەو خانووەم هەیە. ئەویش ئەبێ بیفرۆشم و پارەکەی بدەم بە جەنابتان. ئەوسا ئێوە خۆتان ئاگاتان لە باری ژیانی ئێمە هەیە و ئەزانن لە هیچ لایەکەوە ڕێگەی دەربازبوونمان نییە. من بۆ فرۆشتنی خانووەکەم هیچ قسەم نییە. بەڵام مسۆگەر ئەگەر مورتەزا لە دەرەوە بێت دڵنایم کارەکان زۆر خێراتر ڕائەپەڕێ.

بە سەری پەنجە تەوێڵی ئەخورێنێ و بیر ئەکاتەوە. ماوەیەک بێدەنگی ڕێگە بە هەردوکمان ئەدات زیاتر و باشتر بیر بکەینەوە. من زۆر ڕێ دەرناکەم. خانووەکەم، تەنها داراییەکەم لە دەست ئەچێت و هیچ چارەیەکیشم نییە. حاجی سەر لە بیرکردنەوە بەرز ئەکاتەوە و ئەپرسێ:

ــ ماڵەکە لە کوێیە؟

ــ نیاوەران.

ــ چەند مەترە؟

ــ خانوویەکی دوو نهۆمە. نهۆمی یەکەم خۆمانی تیاین و قاتی دوەممان داوە بە کرێ. بەو کرێیە لاری کەرەوە و مەیرێژە ئەژین. وام دانابوو قاتی دوەم جیابکەمەوە و بیفرۆشم. قاتی دوو، دووسەد و حەفتا مەترە. هەڵبەت مودێڕنە. لە ژێر چاودێری خومدا سازکراوە و لانیکەم مەتری بیست و پێنج هەزار تمەن نرخیەتی.

ــ کە وابوو جیاش نەکراوەتەوە؟

ــ جا خۆ جیاکردنەوە ئەگەر مورتەزا لە دەرەوە بێت و لوتفی ئێوەش یارمەتی بکا، کاری تاقە ڕۆژێکە.

ــ نەخێر جەناب، ئەمکارە چاوەڕوانی هەیە. من پێشنیار ئەکەم ئێوە ئەمڕۆ بەڵگەنامەی نوێنەرایەتی دەربەست بۆ جەنابی سەیدەلعولەما بنووسن کە ئەویش فەرمان بدات دەسبەجێ خانووەکە دابەش بکرێت.

ــ زۆر چاکە حاجی ئاغە، من ئامادەم. بەڵام ئێوە بفەرموون ئەمکارە چەندەی تێ ئەچێت و من ئەبێ بزانم لە پارەی خانووەکە «خوانەخواستە» چەندەم بۆ ئەمێنێتەوە؟

ــ وەڵڵا دۆستی ئازیز من نە نوسینگەی کڕین و فرۆشی خانووم هەیە و نە ئاگام لەم کارانە هەیە. هەڵبەت پێم وانییە ئاپارتمانێک لە نیاوەران لەم ڕۆژانەدا ئەوەندە بهێنێ کە تۆ ئەڵێی. وڵات وا لە ژێر گوشاری مووشەک باراندا و ئەگەر بمانەوێ لە پارە نزیکی بکەینەوە ئەوا زۆری پێ ئەچێت. من بە باشی ئەزانم، بەڵگەنامەی نوێنەرایەتی دەربەست بۆ سەیدەلعولەما بنووسن. ئەو ڕەنگە خانووەکە بە ناوی خۆی و منەوە تاپۆ بکات و بەو پێیە خەرجی جیاکردنەوەش ئێمە خۆمان ئەیدەین.

ــ ئەگەر وابێ زۆر لەو نرخەی کە وتتان، بۆ من گرانتر تەواو ئەبێت. ئەو خانوە لانیکەم دە ملیۆن تمەن نرخیەتی و ئەوەی ئێوە فەرمووتان زیاتر لە چوار ملیۆن نەبوو!

ــ گرنگ نییە قوربان. ئەگەر بەڕاستی پاشماوەیەکی هەبێ پێتان ئەدەینەوە.

ــ کە وابوو ڕێگە بدەن لە لایەن خۆتانەوە نرخی خانووەکە دیاری بکات و بەڵگەی نوێنەرایەتیش لە سەر بناغەی ئەو نرخە دیاری بکرێت.

ــ زۆر چاکە، بۆچوونێکی خراپ نییە. تۆ ناونیشانی خانووەکە بنووسە. ئێمە نووسینگەیەکی ئاشنامان هەیە، ئەینێرم خانووەکە بقرسێنێت.

ناونیشانی خانووەکە بە وردی ئەنووسم و لە سەر مێزەکە دای ئەنێم و لە کاتێکا لەجێ ڕائەبم ئەڵێم:

ــ هەروەها دیارییەکی بچکۆلەشم بۆ بەڕێزتان و جەنابی سەیدەلعولەما و حاجی ئاغە ڕەزا هێناوە.

ــ پێویست بە ماندووبوونی ئێوە نەبوو. ئەگەر پێویست بێت شەو ئەگەینە خزمەت و لە هەمان سووچی ژوورەکەی مورتەزا بە دەور یەکەوە کۆ ئەبینەوە و پاشان دیارییەکانیش ئەبەین. ئیشەڵڵا دیارییەکەتان مۆر و تەزبێح نەبێ!

بە جۆگەکانی قەراخ شەقامەکان‌دا ئاوێکی وەکوو لافاو کەوتۆتە ڕێ. لە لێواری دیوارەکانەوە ئاو چۆڕە ئەکات. لە لقی دارەکانەوە ئاو وەکوو باران دێتە خوارەوە. لە دارتێلەکانەوە ئاو دائەچۆڕێ. سەهۆڵەکان ئەوەندە بە پەلە خەریکی تواندنەوەن ئەترسم کارتۆنەکانی باوکم و خەزوورم بکەونە ڕێ. بە تێپەڕینی ئوتۆمۆبیلەکان ئاو بە هەموو لادا ئەپرژێ. ئەچمە پشت فەرمان و بە خێرایی ئەچم بەرەو ماڵی دایکم. لە ڕێ‌دا تەنها ئاو ئەبینم لە پلووسک و پاسار و، لە دار و دیوارەوە دائەبارێت. سات بە سات داباریني ئاو خێراتر ئەبێت. ئەگەر بەو جۆرە بڕوات لافاو هەڵئەسێ و شارەکە لەگەڵ خۆی ئەبات.

لە حەوشە، یەکەم کار کە ئەیکەم سەیرکردنی پشت کولانە مریشکەکەیە. بۆنی تەڕی یاس ئەدا بە لووتم‌دا. سەهۆڵەکان خەریکن ئەیکەنەوە. کارتۆنەکان لە ناو سفرە نایلۆنەکان‌دا پارێزراون. لە ژوورەوە

جگە لە خێزانم و کوڕەکەم و ئالالە کەس لە ماڵەوە نییە. بە دەورمدا کۆ ئەبنەوە. مناڵەکان ماچ ئەکەم و ئەیانگرمە باوەش.

ـ هەموو چوون؟

ـ بەڵێ، ناشتنی حەڤدە تەرم پێکەوەیە. سەیدیش لە ناو ئەوانە دایە.

مەهدی ئەڵێ:

ـ ئالالە ئیتر نە لەگەڵ خۆی قسە ئەکات و نە لەگەڵ ئێمە.

سەرم بۆ لای ژنەکەم ئەسووڕێنم. بە زۆر پێشی بە فرمێسکەکانی گرتووە. نیگای ئەشارێتەوە و ئەچێ بۆ چێشتخانە. ئالالە ئەکەمە باوەش و ماچی ئەکەم:

ـ ئیتر شیرین زمانی ناکەیت بابە؟

بەس سەیرم ئەکات. منیش سەیری ڕوخساری ئەکەم. لەپڕ بابەتەکەم بۆ ڕون ئەبێتەوە. مناڵەکە دائەنێم و ئەچم بۆ چێشتخانە. خێزانم فرمێسک ئەڕژێنێ و بە دەسڕ ئەیسڕێتەوە.

ـ چی بووە ژنە؟

ـ حەفتەیەکە بە تەواوەتی لاڵ بووە.

ـ بردت بۆ دکتۆر؟

ـ بەڵێ، ئەڵێی تۆقاوە. هیی دەنگی مووشەکانە.

ـ باشە ئەبێ چی لێبکەین؟

ـ هیچی لەگەڵ ناکرێ. تۆ ئاوا مردووبەکۆڵ بە دەور دنیادا بگەڕی لەوە باشترمان بە سەر نایەت.

ـ منیش لێرە بوایەتم هەر وا ئەبوو. جیاوازی چی بوو؟ بەڵام ئەمە ئەبێ چارەسەر بکرێت.

ـ دکتۆر ئەڵێ ڕەنگە بە هۆی داچڵەکاندنەوە چاک ببێتەوە. بە دەست ئێمە نییە. ڕەنگە تا مردنیش هەروا لاڵ بێ.

ناتوانم باوەڕ بکەم ئالالە، مناڵە شیرین زمانەکەم، بۆ هەمیشە بێدەنگ ببێت. هیوای چاکبوونەوە و پشکووتنەوەی زمانی لە دەروونمدا

بلێسە ئەکێشێ و لە هەموو شانەیەکی لەشمدا چرۆ ئەکات. بیر لە دکتۆرەکانی ئورووپا و ئەمریکا ئەکەمەوە. ئەگەڕێمەوە بۆ ژوورەکە. ئالالە ئەگرمە باوەش. منالّی هەژار چاو ئەبڕێتە من و بێدەنگە.

ــ منیش بە منالّی وام لێهات ئالالە گیان. کاتێکە بە ئەندازەی تۆ بووم. بردمیان بۆ دکتۆر، پاش چەند مانگ چاکبوومەوە. تۆش ئەبەم بۆ دکتۆر، زۆر زوو چاک ئەبیتەوە کچم.

کوڕەکەم لە لامەوە دائەنیشێ و ئەڵێ:

ــ نابیستێ بابە!

ــ با کوڕم. ئەو قسانە چییە؟ ئەبیستێ، باشیش ئەبیستێ. قسەکانی من ئەبیستی کچم؟

ئالالە سەری بە واتای ئەڕێ، ڕائەوەشێنێ. بە تووڕەییەوە بە مەهدی ئەڵێم:

ــ بۆ لە خۆتەوە قسە ئەکەی کوڕە؟

ــ لە خۆوە نالّێم بابە، ئاخر من کەڕ ببووم. باوەگەورە هات دای لە گوێم چاک بوومەوە.

ــ کام باوەگەورە؟

ــ بابە زلە.

لە قسە بێسەروبنەکانی کوڕەکەم، لە کەڕبوونی کچەکەم، لە تەنهایی و بێچارەیی ژنەکەم، لە چارەڕەشی خۆم وەڕەز بووم. سەرەڕای ئەوەش لە بیرم ناچێ قوتوە مقەباکان هەموو ساتێک بۆیان هەیە تەڕ ببن. بۆ ساتێک لە بیرم ناچێتەوە ئەگەر مردووەکان بە سەر دەستمەوە بمێننەوە بۆگەن ئەکەن. لێرە بەدواوە ڕاگرتنیان کات بە کات دژوارتر ئەبێت. ئەی پاشان ژیانی خۆمان چی لێدێت؟ ئێستە ئیتر هیچمان نەماوە. دەرمان و چاککردنەوەی منالّ پارەی ئەوێت. ژیان پارەی گەرەکە. بە دەستی بەتالّ هیچ کارێک ناکرێت. خەریکم لە پێ ئەکەوم. ئەچم بۆ لای هەیوانەکە بەڵکوو لە دوورەوە سەیرێکی پشت گاراجەکە بکەم. تاڤگەیەک لە لێواری شیروانییەکەوە کەوتۆتە ڕێ.

هەر دوو کارتۆنەکە بە دەست تاقی ئەکەمەوە. ئەرخایەن ئەبم ئاو دزەی نەکردووە بۆ ژێر نایلۆنەکان. بیرم ئاسوودە ئەبێ. ئاو لە بن شمشادەکانەوە جۆگەلەی بەستووە. ئەبێ چەند خاکەناز خۆڵ بکەمە سەر ڕێیان بۆ ئەوەی نەچن بۆ پشت کولانە مریشک و گاراجەکە. بەڵام عەرزەکە هێشتاش لە ژێر توێژێکی سەهۆڵدا داپۆشراوە. پێمەڕە دەرەقەتی نایەت. پێمەڕە دائەنێم و ئەچمە ژوورەوە. ژنەکەم ئەپرسێ:

ــ چیت کرد؟

ــ راستت ئەوێ نهۆمی دووەمی خانووەکەمانم دا لەبری ئەوەی مردووەکانمان بنێژن.

ــ ئەوەندە گران؟

ــ بەڵێ.

ــ ئەی لەمەودوا چ قوڕێک بکەین بە سەرمانا؟

ــ بڕیار وایە شتێکیان لێوەربگرمەوە.

ــ لەبیرم نەبوو. کاکەم ئەمڕۆ لە ئەمریکاوە تەلەفۆنی کرد. زۆر سپاسی تۆی ئەکرد. وتی ئەوان بەشە پارەی خۆیان ئەنێرن.

ــ خوا لە مردوویان خۆش بێت کە ئەیانەوێ دانگی خۆیان بدەن. بەو پارەیە تۆ و ئالالە ئەنیرم بڕۆن. ڕەنگە کارێکی بۆ بکرێت. هەرچەند بەم نرخی دولارە هیچ ناکات!

ــ من ئەڵێم وەرە هەموومان بڕۆین.

ــ جارێ ئێوە بە جووتە بڕۆن، با بزانم چۆن ئەتوانم هەندێ پارە دەسخەم.

ــ دەیجا چییە نهۆمی یەکەمیش ئەفرۆشین.

لە ناخی دڵمەوە قسەکەیم لا پەسندە. ئەم جەهەننەمە وەڕەزی کردووم. ئەڵێم:

ــ بۆچوونێکی خراپ نییە. لانیکەم خوێندنی منداڵەکان پەکی ناکەوێ.

ــ ئەگەر ڕات لێبێ زێڕەکانیشم ئەفرۆشم.

ئەڵێی ئاڤانس شتێک لە بن گوێمدا ئەڵێ کە یەک بە خۆم دائەچڵەکێم

و ئەڵێم:

ـ پێم وایە لە بناغەوە وای ڕێک ئەخەین کە پێکەوە بڕۆین. جارێ ئەبێ لە بیری میوانییەکەی ئەمشەودا بین. وا بڕیارە ئەو لە ئێمە باشترانە ئەمشەو بێن بۆ ئێرە، کاریان ببڕێننەوە. شێو چیمان هەیە؟

ـ دوو ڕانی گۆشتی ڕاوم لە ناو پیاز و خوێدا خەواندووە. ئەگەر کەمە گۆشتی تریش بخەوێنم.

ـ نازانم. ئەوەندەی هەیە ئەوان سێ کەسن.

ـ دایکت و بیبی بۆ شەو نایەنەوە. لە گۆڕستانەوە ئەچنەوە بۆ ماڵی سەید. هەموو ئەچن بۆ ئەوێ.

ـ باشتر، کە وابوو لە بۆڵەبۆڵی دایکم ڕزگار بووین.

ـ نیوەڕۆت کردووە؟

ـ نا، بەڵام برسیم نییە، خەوم دێ.

ـ بڕۆ لە ژوورەکەی مورتەزا سەرخەوێک بشکێنە.

هیچ خەوم نایەت. باڵام شتێکم کەمە. ئەچم بۆ ژوورەکەی مورتەزا. لە سەر فەرشەکە دائەنیشم و پاڵ ئەدەم بە دیوارەکەوە. چەند جار پژمین و شۆڕبوونەوەی ئاوی لووتم تێم ئەگەیەنێ چیم کەمە. ژنەکەم لە درزی دەرگاکەوە سەری ئەهێنێتە ژوورەوە و ئەپرسێ:

ـ سەرمات بووە؟ ڕاکشێ و شتێک بدە بە خۆتا هەتا ئاسپرینێکت بۆ ئەهێنم.

لە سەر بەتانیەکەی مورتەزا ڕائەکشێم و بە کەوڵپۆسەکە خۆم دائەپۆشم. ژنەکەم بە پەرداخێک ئاو و ئاسپرینێکەوە دێتە ژوورەوە. حەبەکە هەڵئەدەم و قومێک ئاو بە دوایدا. قاچم ڕائەکێشم. خوماری لە دەروونەوە ئەملەرزێنێ. بە بێئەڤان لە ناو ئاسەڕی کەوڵپۆسەکە بە دوای شتێکدا ئەگەڕێم و ئەیدۆزمەوە. هەمان دیارییەکەی حاجی قەندەهارییە. بە ئەندازەی باڵە مێشێک، بە نووکی نینۆک لێ ئەکەمەوە و ئەیخەمە ناو گەرووم و ئاو ئەکەم بە سەریدا.

تەنگی شێوان، لە خەوی خوماری ڕائەبم و دوو سێ پارچە کەباب کە ژنەکەم برژاندوویەتی بە دوو سێ پیاڵە ئارەقی بی‌بی نیشانەوە ئەخۆم. بەتایبەت ئارەق ئەخۆمەوە بۆ ئەوەی دەمم بۆنی لێبێ. بە چەند پۆلووی ئاگری کەبابەکە، مەنگەڵ ساز ئەکەم. سکڵەکان لە ژێر خۆڵەکەوەدا ئەشارمەوە و ئەچمە ژوورەوە.

هێشتا سفرە چەرمەکەم ڕانەخستووە، زەنگی دەرگا لێ ئەدرێ. لە ناو ژوورەکەوە دەست ئەنێم بە دوگمەکەدا و دەرگا ئەکەمەوە. سێ ئوتۆمۆبیل دێتە ناو حەوشەوە. هەرسێکیان ئوتۆمۆبیلی گەشتن. سەیدەلعولەما، مەلا جوانە و حاجی ڕەزا بە جلی پاسدارییەوە دائەبەزن و ئەچن بۆ لای ڤیلاکە. شارەزای ڕێگەی خۆیانن. تا بەرهەیوان ئەچم بە پیریانەوە.

ـ سەلاموعەلەیکوم.

ـ سەلام لە منەوەیە، بەخێر هاتن، فەرموون.

هەرسێک ئەچنە ژوورەوە. پۆستاڵی سەربازی دائەکەنن. قەمسەڵەی پاسدارییش هەڵئەواسن و عابای ئاخوندی لە ناو پانتۆڵەکەیان دەرئەکێشن و ئەیدەن بە سەر پانتۆڵی جەنگی‌دا و بە دەور مەنگەڵەکەوە دائەنیشن. بە سەر و سەکوتی مەلا جوانەدا دیارە کە خومارە. ئاوی لووتی، سمێڵی تەڕ کردووە. باوێشک بە دوای باوێشک دەرفەتی قسەکردنی پێ نادات. وافوورەکە ئەگرێ بە سەر ئاگرەکەوە و ئەڵێ:

ـ جێی کاکە برات خاڵییە. خانمی دایکت لە ماڵەوە نییە؟

ـ نە حاجی ئاغە. چووبوون بۆ بەخاک سپاردنی تەرمی زاواکەمان.

ـ ئەمویست پیرۆزبایی و سەرەخۆشی لێبکەم. هەڵبەت کات زۆرە.

ـ سپاسی بەڕێزتان ئەکەم حاجی ئاغە. بەڵام تەنها سەرەخۆشی لێبکە بەسە.

ـ تۆ ئاگات لە پلەی شەهید نییە قوربان! ئەگەر ئەتزانی شەهید لە لای خودا و ئیمامەکان چ پلە و پایەیەکی هەیە، ئەو قسەت نەئەکرد.

ــ وەڵڵا بە ڕای من ئەو خودایەی کە مرۆڤی خولقاندووە، زیندووەکەی لە مردووەکەی زیاتر خۆش ئەوێ.

ــ پەککوو... تا خوا حەز کات ئێمە حەدیسمان لە سەر پلەی شەهید هەیە.

ــ باشە قوربان، بۆ ئێمە چیتان کرد؟

ــ ئێمە یەکێکمان نارد، خانووەکەی دی. قاتی سەرەوە کرێنشینی تیایە. بەڵام ئەوە گرنگ نییە. قرسێنەر ئەڵێ قاتی سەرەوە پێنج ملیۆن زیاتر ناهێنێ. ئێمە بڕیارمان دا، لە بەر دۆستایەتی براکەت، ئەوەندەی پارەمان پێگەیشت، ملیۆنێک بۆ تۆ ساز بکەین. کە وابوو بۆ قاتی سەرەوە پێنج ملیۆن تمەن نرخمان داناوە کە بە ناوی کرێ بایی ئەدرێ بە ئێوە. دەقی بەڵگەنامەی نوێنەرایەتیش ئامادە کراوە. ئەمشەو جەنابت بیخوێنەوە. ئەگەر ڕایەکی تایبەتت نەبێت، بەیانی لە نووسینگەی حوجەتولئیسلام محەمەد باقر واژۆی ئەفەرموون. کاری تۆمارکردن کە تەواو بوو ئێمەش دوو ناسنامە و دوو بەڵگەی ناشتن ئەدەینە خزمەتتان.

ــ خوێندنەوەی پێویست نییە حاجی ئاغە. بەڵام ئەگەر سەرلەبەیانی هەموو کارەکان تەواو ئەبێت، براکەشم ئەبێ ئەوپەڕی تا لای نیوەڕۆ ئازاد بکرێ بۆ ئەوەی بتوانێت لە بەخاک سپاردنی باوکم و خەزوورم بەشداری بکات.

ــ کاری جەنابی مورتەزا دژوار نییە. خۆمان سپاردە دائەنێین و ئازادی ئەکەین. لەو بابەتەوە ئەرخایەن بە.

ــ بە بوونی جەنابتان هیچ گومانم لە ئازاد بوونی مورتەزا نییە. بەڵام بۆ ڕیتواڵی بەیانی بوونی پێویستە.

ــ بڵێ تەلەفۆنەکە بهێنن. هەر ئێستە جێبەجێی ئەکەم.

هەڵدێم بۆ هۆڵەکە، تەلەفۆنەکە هەڵئەگرم و لە وەڵامی نیگای پرسێنەری ژنەکەمدا ئەڵێم:

ــ هەموو شت جێبەجێ بوو.

تەلەفۆنەکە ئەبەمە ژوورەوە و ئەیدەم لە پریزی دیوارەکە.

حوجەتولئیسلام محەمەد باقر ژمارەیەک ئەگرێت و دەست ڕائەگرێت. پاش تۆزێک بیرکردنەوە سەری بەرز ئەکاتەوە و بە من ئەڵێ:

ــ بە ئەرکی مەزانە واژۆی بکە.

من بە پەلە بەڵگەی نوێنەرایەتی واژۆ ئەکەم. ئەو ژمارەکانی تر ئەگرێت و لەگەڵ حاجی ئاغە جەعفەری ناوێک قسە ئەکات:

ــ ئەلۆ... عەلەیکموسەلام. ویستم داواتان لێبکەم تاوانبارەکەی دوێشەو... بەڵێ مورتەزا... بەربدەن. بە ئوتۆمۆبیلێک بینێرنەوە بۆ ماڵەکەی... بەڵێ؟ بەڵێ، خۆی. هیچ پێویست ناکات. تکایە زۆر زوو. سپاس حاجی ئاغە.

بیستۆکەکە دائەنێتەوە و بە من ئەڵێ:

ــ لەبەر جەنابت ئابرووی خۆمان خستە بەری دەستمان. زەنگیان کە لێدا، تۆ تەشریف ببە بۆ بەردەگا، براکەت بهێنە ژوورەوە. نەزانن ئێمە لێرەین!

بە بێئەڤان ڕائەبم و هەڵدێم بۆ چێشتخانە. سەرم ئەبەمە بن گوێی ژنەکەم و ئەڵێم:

ــ هەم مورتەزا بەر بوو و هەم بەیانی مردووەکان ئەنێژین!

ــ تۆ بیت و خوا؟

ــ هەموو شت تەواو بوو. شێو کەی ئامادە ئەبێت؟

ــ هەر کات ویستتان، دە بیست خولەک زووتر بڵێ بۆ ئەوەی کەبابەکە بخەمە سەر.

ــ بیخە سەر.

بە چەند جار هاتن و چوون بۆ چێشتخانە سفرەکە ڕائەخەم و شتەکان لە سەر سفرەکە ڕیز ئەکەم. گوێڕایەڵی زەنگی دەرگای حەوشەم. خواخوامە پێش نانخواردن بگات. کەبابەکان لە سەر ئاگر هەڵئەگێڕمەوە و ژنەکەم پڵاو ئەکاتە بڵووتێکی گەورە. کەباب ئامادەیە. بەمزوانە نابێ چاوەڕێی بم. فریای شێو ناکەوێ. بڵووتی پڵاوەکە لە

ناوەڕاستی سفرەکە دائەنێم. ئەگەڕێمەوە کەبابیش ئەهێنم. جەنابان هەموویان دەورییەکانیان پڕ کردووە و چاوەڕوانی سینی کەبابن. بە دەست کەباب لە شیشەکە دائەگرن و دەست پێ ئەکەن. منیش لە لای سفرەکەوە بە ڕواڵەت خۆم خەریک ئەکەم. سەریان بەرەوخوارە. لە بێدەنگیەکی تەواودا، بە دەست پارچەیەک کەباب و هەندێ کەباب ئەگووشن بە یەکا و ئەیکەن بە پاروو و بە یارمەتی قامکە گەورەی دەست، پاروەکە ئەگوێزنەوە بۆ ناو دەمیان. دەستەکانیان وەکوو لۆدەر لەگەڕدایە.

ـ فەرمووتان ئەمە کەبابی چییە؟

ـ ڕاستەی ڕانی بزنەکێوییە حاجی ئاغە.

ـ زۆر بەلەزەتە.

ـ نۆشی گیان.

زەنگی دەرگا لێئەدرێ. ئەچم بۆ لای دەرگای حەوشە. براکەم بە پاڵێک دەرگای کردۆتەوە و خەریکی ماڵاواییە لەگەڵ شۆفێری ئۆتۆمۆبیلی گەشتەکە. لە هاتنە ژوورەوەدا ئەپرسێ:

ـ لێرەن؟

ـ بەڵێ، هەرسێکیان.

ـ دایک قەحبانە! ماڵەکەتیان لە چنگ دەرهێنا؟...

ـ دۆستایەتی لەگەڵ ئەمانە ئەمەیە ئیتر!

ـ دڵنیام پێیان واژۆ کردوویت، پاشان تەلەفۆنیان کردووە.

ـ وایە. بەڵام تووڕە مەبە. بەڵکو بەیانی کارەکانمان تەواو کەین و لەم گێرە و کێشەیە ڕزگارمان بێت.

ـ خۆ ناتوانم هیچیان پێ بڵێم. ئەبێ سپاسیشیان بکەم.

لەگەڵ چوونە ژوورەوە سڵاوێکی ساردوسڕ ئەکات. و ڕاست ئەچی بۆ لای مەنگەڵەکە...

ـ جارێ وەرە شتێک بخۆ، پاشان بچۆ بۆ لای مەنگەڵ.

ــ لە کۆڵم ببنەوە ئێوەش، تاقەتتان هەیە. ئێمە پێمان وابوو هەڤاڵی وەکوو ئێوەمان هەبێ کارمان لەنگ نابێت.
ــ هەرواش بوو کە کارت لەنگ نەبوو و بە ڕۆژێک هاتیتە دەرەوە.
ــ ئەرێ، ئەرواحی باوکتان.

ژوورەکە حوجەتولئیسلامی لێ نەماوە. قاب و دەوری ئەبەمەوە بۆ چێشتخانە. لە درزی دەرگاکەوە ئەبینم ژنەکەم و منداڵەکان لە سەر عەرزەکە خەوتوون. مورتەزا بەردەوام خەریکە قەرەبووی بیست و چوار کاتژمێرەکەی ڕابوردوو ئەکاتەوە. تەلەفۆن بۆ ماڵی باوکی سەید ئەکەم بۆ ئەوەی هەواڵی ئازادبوونی مورتەزایان پێبدەم. بەڵام زوو دای ئەخەمەوە. چونکە دێتەوە بیرم دایکم درۆی کردووە و بەو تەلەفۆنەی من ئەکەوێتەوە بە درۆدا. شەو خۆیان هەر ئەگەڕێنەوە. سەرەڕای ئەوەی هەموو دار و نەداری خۆم دۆڕاندووە، لەوەی کە بەیانی مردووەکانمان ئەنێژین، زۆر شادمانم. هەڵبەت وانییە بە جارێ هەموو شتێکم لەدەست چووبێت. قاتی خوارەوەم بۆ ماوەتەوە، زێڕەکانی ژنەکەم و مافوورەکانیش. ڕەنگە ئەمانە پاشماوەی نرخی خانووەکەشم بدەنێ.

تای دەرگاکە ئەکرێتەوە، باوکم بە ئارامی دێتە ژوورەوە. من و مورتەزا لەبەری هەڵئەسین و سەلام ئەکەین. پێ ئەکەنێت و لە لای براکەمەوە دائەنیشێت.
ــ گرفتارییەکی گەورە بوو، بەڵام تەواو بوو.
ــ بەڵێ بابە گیان تەواو بوو.

مورتەزا وافوورەکە ئەگرێت بۆ باوکم. باوکم سەیرێکی ئەکات و وافوورەکەی لێوەرئەگرێ. بەستەکە ئەکێشێ، بە شێوەیەک کە زۆربەی تریاکەکە ئەسووتێنێ. وافوورەکە ئەداتەوە و ئەڵێ:
ــ بەسمە ئیتر، پەلەمە، ئەمەوێ بڕۆم.
ــ بۆ کوێ وا بە پەلە؟

ــ ئەمەوێ بڕۆم دایکتان ببینم و ڕایی ببم.

ــ دایکم ئێستە دێتەوە. دانیشە تا ئەگەنە بەرەوە. ئەتەوێ بچیت بۆ کوێ؟ توخوا جارێ دانیشە!

ــ ئاخر ئەبێ ماڵاوایی لە زۆر کەس بکەم.

ــ باشە داینێ بۆ بەیانی. ئێستە لای ئێمە بە.

ــ چ کاتە؟

ــ نزیکەی یانزەی شەوە.

زەنگی دەرگا لێئەدرێ. دەرگا ئەکەمەوە. تیشکی شینی ئوتۆمۆبیل حەوشە ئەکا بە مانگە شەو و دیسانەوە ئەیداتەوە دەست ڕەشایی. دایکم و بیبی ئەیانەوێ لە دەرگای ئەوبەری هەیوانەوە بچنە ژوورەوە، بانگیان ئەکەم. چەند هەنگاوێک ئەچمە پێشەوە و بە دایکم ئەڵێم:

ــ باوکم هاتووە بۆ ئێرە. چاوەڕێی ئێوەیە خواحافیزیتان لێبکا.

بیبی بە ڕاکە خۆی ئەکا بە ژوورەکەدا. دایکم، هێواش هێواش لەشە قەڵەقەکەی ئەجووڵێنێ و دێ بۆ لامان.

ــ سڵاو بابە، خوا بمکات بە قوربانت.

باوکم لە ژێر چاوەوە سەیرێکی دایکم ئەکات. و هەوڵئەدات خەم و پەژارەی بشارێتەوە.

ــ قسە بکە بابە! لە کوێ ئەگەڕی بە لۆی کراسێکەوە؟

ــ باش بوو هەمووتانم پێکەوە بینی. هاتووم خواحافیزیتان لێبکەم.

بیبی و دایکم بە ئارامی فرمێسک دائەبارێنن. بەبێ قسە و بە بێدەنگ و چاو لە باوکم هەڵناگرن. باوکم سەیرێکی من و سەیرێکی دایکم ئەکات و پێی ئەڵێ:

ــ ئاگات لەمە بێت.

بیبی ئەخزێتە لایەوە و ئەڵێ:

ــ ئارەق ئەخۆیتەوە بابە؟

ــ نە کچم. نابێ ئیتر دەمم بۆنی لێبێت.

ـ دە برێک تارمان بۆ لێدە بابە گیان!

ـ باشە، یەک دوو پەنجەی پیا ئەهێنم. بۆ یادگاری.

بە پەلە تارەکەی ئەدەم بە دەستیەوە. هەموومان بە بێدەنگ بە دەورییەوە دائەنیشین. تارەکە کۆک ئەکا و ئارام ئارام دەست بە ژەندن ئەکات. نازانم چی لێئەدا. ئەپرسم:

ـ ئەمە چ هەوایەکە لێی ئەدەی بابە؟

ـ چوارگا.

ـ چوارگای وام هەتا ئێستە نەبیستووە.

ـ هی هەزار ساڵ لەمەوبەرە! گوێ بگرە.

...چ گەردەلوولێک بەرپا ئەبێ. خەڵکێک کە بە دەم قیژە وناڵینەوە هەڵدێن. ئەو قەڵانەی کە توانای بەرگرییان نەماوە و دائەڕووخێن. ئەو شارانەی کە کاول ئەبن. ئەو خەڵکەی کە ڕەشەکوژ ئەکرێن. بەردێک کە بە خوێنی پادشایەک ڕەنگ ئەبێت. ئەو باخانەی کە ئەسووتێن. ئەو خەزێنانەی تاڵان ئەکرێن. ئەو شارانەی خامۆش ئەبن و ئەو ئاڵا ڕەشانەی کە هەڵئەکرێن... لەم ئاوازەدا جیهان سەراوبن ئەبێت. چیها دەنگ کە ئەگۆڕدرێن. چیها ئاواز لە دابەزیندا ئەڕژێنە چاڵی فەرامۆشی و چیها ناڵە کە هەڵایسێن. ئەم ئاوازانە لە شارە وێرانەکان و لە سینە بریندارەکانەوە تێئەپەڕن. چیها چەم کە وشک ئەبن و چیها خوێن کە ئەبن بە چەم...

لەپڕ تارەکە دائەنێت. لە درزی دەرگاکەوە سەیری ئاسمان ئەکات کە خەریکە کازیوە ئەدات. هەڵئەسێتە سەرپێ، سەیری هەموومان ئەکات. نیگای دووبارە و سێ بارە بە ئەسپایی بە سەر هەموومان‌دا ئەگەڕێت و لە کۆتایی‌دا باوەش ئەکاتەوە و هەموومان لە باوەش ئەگرێت. ماچمان ئەکات. لێوەکانی وەکوو هەور ئەلکێن بە گۆنامەوە و دەنگی ماچەکەی لە ژوورەکەدا تاو ئەداتەوە و ئەڵێ:

ـ دیدار بە قیامەت!

لە دەرگاکە ئەچێتە دەرەوە. هەموومان بە هەنگاو و نیگا بەڕێی

ئەکەین. بە پێڕەوی شمشادەکان‌دا توند و تیژ هەنگاو هەڵئەگرێ و لە دەرگاکە ئەچێتە دەرەوە.

کاتژمێر پێنجی بەیانیە. دایکم لە لۆی لەچکە ڕەشەکەی‌دا فرمێسک ئەڕێژێ و ئەڵێ:

ـ جارێکی تر بە دەور یەکەوە کۆ بووینەوە، شوکری خوا.

بی‌بی ئەدا لە پڕمەی گریان و ئەڵێ:

ـ یەکێکمان کەم بوو.

بە فرمێسکی براکەم، منیش قلّپ ئەبمەوە و منیش ئەچمە ڕیزی ئەوانی ترەوە. وەستاوم بەرامبەر بە کازیوە و بە ئارامی ئەسرین دائەبارێنم و لە خۆم ئەپرسم: «ئایە کەسێک، لە شوێنێک، ئەم دەنگی بەیانیە ئەبیسێت؟»

هێشتا لە هەیوانم کە دەنگی تەقینەوەی مووشەکێک سەرتاپای خانووەکە ئەلەرزێنێ. هەوایەکی ئاخنراو و تۆپز خۆی ئەکێشێ بە گوێمان‌دا. بە پەلە و بە هەر دوو بەری دەستم، گوێم ئەگرم. دایکم و بی‌بی هیچ کاردانەوەیەکیان نییە. مورتەزاش سەری خستۆتە ناو هەر دوو قۆڵی و لەبەر خۆیەوە ورتەی دێت. من ئەگەمە ناوەڕاستی حەوشە و سەیری ئاسمان ئەکەم. تەنوورەی دووکەڵی مووشەک بە ئاسمانەوە ئەبینم. زۆر لێمان دوور نییە. کەموزۆر سەرووی شارە. دایکم ئەڵێ:

ـ وەکوو شتێک دیسانەوە مووشەکی پیاکێشا.

## بەندی هەشتەم

کاتێکە لە پلیکانەکانی بەڕێوەبەرێتی کۆلکە و تۆمارگە دێینە خوارەوە، دوو بەڵگەی ناشتن و دوو ناسنامەمان پێیە. مورتەزا ئەڵێ:

ـ بەیانی ئاگات لە دایکم بوو؟

ـ نا، چی بووە مەگەر؟

ـ چی زەنگی لێدا بۆ ماڵی سەید کەس وەڵامی نەدایەوە.

ـ ڕەنگە هێڵەکەیان بڕیوە، بۆ ئەوەی تۆزێ بخەون.

ـ ڕەنگە، ڕەنگیشە...

ـ بۆ ئەوەندە ودمی[٦٢] خراپ لێ ئەدەی کوڕە؟

ـ لە سەر ڕێمانە. بە سەر پێوە سەرێک ئەدەین، بزانین چ باسە.

ـ لەم هەموو گرفتاری و قوڕبەسەرییەدا وردە فەرمایشیش ئەفەرمووی قوربان؟

ـ کاری دوو خولەکە، پیاو! ئەوەندە بە هەڵپە مەبە.

کاتێکە ئەگەینە خەمسەری کۆڵانەکەیان دۆخەکە نائاساییە. ئاپۆرە دێت بە یەکا. بە ئوتۆمۆبیلەوە ناتوانین بچینە ناو کۆڵانەکە. مورتەزا وەک تیر دائەبەزێ و غاری ئەدا. منیش ترۆمبێلەکە لە قەراخ شەقامەکە بەجێ ئەهێڵم و هەڵدێم. دڕ بە ئاپۆرەکە ئەدەم. ماڵی باوکی سەید لە بناغەوە نەماوە. هەر نەبووە! پارچە زەوییەکی تەخت و کۆمەڵێک پاسدار

---

٦٢ـ ودم: blessness ئاوەڵناو نزای چاکە، پێوقەدەمی چاکە، نەفەسی بە باشە، بەهرەی بانسروشتی چاککردنەوەی نەخۆشی. ع مبارک N velsignelse د نفس مبارک ن: ودمی پیرۆزە ن: ودمی عیسا مردووی زیندوو کردەوە.

بە دەورییەوە. چەند پارچەی مافوورە و یەک دوو کارتۆن لە ناوەڕاستی شەقامەکە دایە و پاسدارێک ئاگای لێیانە. شۆڤلێک کە کارەکەی تەواو کردووە، ئەیەوێ بڕوات. پاسدارەکان پاڵ بە ئاپۆرەکەوە ئەنێن بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ شۆڤڵ بکرێتەوە.

ـ ئەری کاکە خەڵکەکەی چییان لێهاتووە؟

ـ هیچکەس لەماڵەوە نەبوو حاجی ئاغە. هیچکەس هیچی لێنەهاتووە.

ـ ئێرە ماڵی زاواکەمانە. هەموویان لە ماڵەوە بوون. دوێشەو کۆڵێ میوان لەم ماڵە مابوونەوە.

ـ دیسانەوە شوێنێک خراپ بوو و دژی شۆڕش هاتووە قاو بڵاو ئەکاتەوە. بڕۆ، بڕۆ برا، بڕۆ بە دوای کارتا.

سەیری زەوییە تەختکراوەکەی ماڵی سەید ئەکەم، باوکی سەید، خوشکەکانی، ئامۆزاکانی، مامەکانی، مامۆژنەکانی... نازانم ئیتر کێی تریش. مسۆگەر دایکم ئەزانێت... هەموو لەت و کوت کراون و لە ژێر خاکی کوتراودا خەوتوون و بوون بە بەشێک لە کەلاوە داڕووخاوەکە. هەڵبەت ماڵی باوکی سەید ئەوەندە گەورە نەبوو. دیارە چەند خانوو پێکەوە بەرکەوتوون و بەوجۆرە تیاچوون. هەموو دانیشتوانیان لە خەوەوە پردیان لێداوە بۆ مردن و گۆشت و پێست و دەماریان لەگەڵ ئاسن و خشت و سیمان تێکەڵ بووە.

بە مورتەزا ئەڵێم:

ـ ئەمڕۆ باسی ناکەین. با ئەم ڕۆژە نەگبەتەش بڕوات.

لە نووسینگەی گۆڕستان، بەرپرسی کورتەبنەی تۆمارکردن سەیرێکی ناسنامەکە ئەکات و لەبەر خۆیەوە ئەڵێ:

ـ دیسانەوە حوجەتولئیسلام!

ـ تەواو بوو برا، ئەمە ئیتر کۆتاییەکەیەتی.

لە سەر پارچە کاغەزێک ژمارەی بلۆک، ژمارەی ڕیز و ژمارەی

گۆڕەکەمان بۆ ئەنووسێ و ئەیدا بە دەستمەوە. براکەم لە دەرەوە وەستاوە. ئەو سەرەتا مەلا جوانەی کەنسڵ کردووە و منیش دوای ئەو سەیدەلعولەما. خەڵکێکی زۆر لەبەر دەرگا وەستاون کە ئێمە نایانناسین. ئەوان بە دوامان‌دا ئەکەونە ڕێ و بەرەو مزگەوت ئەچین. لە مزگەوت هەر دوو کارتۆنەکەیان لای یەکەوە لە سەر عەرزەکە داناوە و شاڵی ڕەشیان داوە بە سەریان‌دا. پێشنوێژی لێزانی پێزان چاوەڕێ ئەکات. بە گەیشتنی ئێمە خەڵکەکە ڕیز ئەبن و پێشنوێژ، نوێژی مردوو ئەخوێنێ.

پاش نوێژ کارتۆنەکان ئەکەونە ڕێ. گۆڕهەڵکەن پێشتر دوو گۆڕی هەندێ گەورەتریان ئامادە کردووە. بە گەیشتنی ئێمە سەروبنی قوتوەکان ئەگرن، تەرمەکان دەرئەهێنن و ئەیخەنە ناو قووڵایی گۆڕەکە و بە پەلە ڕیزێک خشتی گەورەی لە سەر دائەنێن و خۆڵ ئەکەن بە سەریان‌دا. هەموو ئەمکارانە لە ماوەی چەند خولەکدا تەواو ئەبێت. کابرایەک کە نایناسین بۆ مردووەکانی ئێمە، نەء، بۆ دوو پیاوی خودا، بۆ دوو کەس کە ژیانی خۆیان تەرخان کردبوو بۆ دین و، خزمەتەکانیان بۆ وڵاتی ئیسلامی تا دنیا دنیایە لەبیر ناکرێت، دەست ئەکا بە شینگێڕان و خەڵکێک کە نایانناسین ئەدەن بە ناوچاوی خۆیان‌دا و فرمێسک ئەڕژێنن. ئێمە بوونی خۆمان لەوێ بە زیاد ئەزانین. لە ناو خەڵکەکە دێینە دەرەوە و ئەچین بۆ لای ئوتۆمۆبیلەکە.

لە زەوی، لە سەرانسەری گۆڕستان، هەڵم بەرز ئەبێتەوە. ئەڵێی گۆڕستان بووە بە مەنجەڵێکی ئاوی کوڵاتوو. هێشتا نەگەیشتووینەتە لای ئوتۆمۆبیلەکە هەڵم بە بەرزایی یەک مەتر، بە جۆرێک تەختی زەوی دائەپۆشێ کە بە هۆیەوە هیچ شتێک نابینرێت. تاقە تاقە لقەکانی داری ئاسن، هەرکامە و بە وێنەی گەنجێکەوە سەریان لە ناو هەڵمەکە هێناوەتە دەرەوە. بە ئاستەم ئوتۆمۆبیلەکە ئەدۆزینەوە. بەبێ ئەوەی باش چاوم لێبێ قفڵی دەرگای ئوتۆمۆبیلەکە ئەکەمەوە. بە کردنەوەی دەرگاکە، دەسبەجێ ناو ئوتۆمۆبیلەکە پڕ ئەبێت لە هەڵم.

چەند سەد مەترێک کە لە گۆڕستان دوور ئەکەوینەوە، هەڵمەکە ئەوەندە خەست ئەبێتەوە کە ڕێگەکە نابینرێت. ئەڵێی ئاگر لە دڵی خاکدا کراوەتەوە. لە شوێنێکی شەقامەکەدا ڕای ئەگرم. دەنگی چۆڕەچۆڕی ئاو دەوروبەرمانی داگرتووە. براکەم هاوار ئەکات:

ـ مەوەستە! بڕۆ! بوەستی لافاو ئەمانبات!

بە بێ ئەوەی بەردەمم ببینم ئەکەومەوە ڕێ. ئاو ئەیدا لە بنی ئوتۆمۆبیلەکە. مژ و هەڵم وردە وردە کەم و کەمتر ئەبێتەوە و، ئێمە لافاو ئەبینین لە هەموو لایەکەوە کەوتۆتە ڕێ. تەختە سەهۆڵی مەزن بە سەر ئاوەوە مەلە ئەکات. ئەبێ بە پەلە خۆمان بگەیەنینە سەرووی شار کە لە بەرزایی دایە. ئاوەکان هەوساریان پچڕاندووە و بەرەوخواری شار لووزەویان[٦٣] بەستووە.

براکەم ئەیەوێ جێی خۆی لەگەڵ من بگۆڕێتەوە و خۆی لێبخوڕێ. بە خێرایی جێگەی خۆمی ئەدەمێ. براکەم ئوتۆمۆبیلەکە لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا داژوێ و تیژی ئەکات و ئاو بە هەموو لایەکدا فڕێ ئەدات. شەتاوی سەر شۆستەکان کورسییە شکاو، عارەبانەی منال، کڵاوخوود و پۆستاڵی سەربازی لەگەڵ خۆی ئەهێنێت.

لە ناوەندی شار لە قووڵایی لافاوەکە کەم نەبۆتەوە. خۆر لەپڕ تیشکی هاویشتووە و سەهۆڵی سەدمانگە بە چاوترووکانێک ئەتوێتەوە. ئاسمان و زەوی بە جارێ گریان گرتووە و لەهی لە هەموو لایەکەوە بەڕێوەیە. بەڵام براکەم خەریکە جەربەزە و شارەزایی خۆی پیشان ئەدات. ئەگەر من لە پشت فەرمان بوایەتم هەتا ئێستە، وەکوو ئەو ئوتۆمۆبیلانەی کە وەستاون، خۆم ئەدا بە دەست لافاوەوە. ئەو بەبێ گوێدان و سەرنجدانی ئوتۆمۆبیل و عەرەبە و مرۆڤەکان، لێ ئەخوڕێت

---

٦٣ـ لووزەو: جوولە خزینی شتی ورد بە پڕایی ⇦ جەواڵ دڕا گەنم لووزەوی کرد؛ دەرچوونی ئاو لە کون و قەڵەشتەوە بە تەوژم ⇦ لووزەوم بەردەسەرێ نامەوێ جورعەی کەم کەم «هێمن»؛ سواری زۆر بەپەلە ⇦ لووزەوی سواران سەری کرد.

و ڤیراژ ئەدات، بەرودوا ئەکات و خۆی لە گێژەنەی یەک لە دوای یەک دەرباز ئەکات.

کە ئەگەینە بەرزاییەکانی شەمێران و لافاوی کەفچەرێن ئەبینین، دڵنیا ئەبین لە ناوەندی شار بە خوارەوە هەمووی ئاو بردوویەتی. لە بڵیندگۆی مزگەوتەکانەوە دەنگی «سوورەی جالّجالّووکە» ئەبیسرێ. هەندێ جاریش ڕێنوێنی کردنی خەڵک و بەتایبەت کورتەبنەکان کە چۆن خۆیان بگەیەننە بەرزاییەکان، نەیەنە سەر شەقام و بچنە قاتەکانی سەرەوەی خانووەکان. ڕادیۆ بەس نیگەرانی کورتەبنەکانە.

لە جەمسەری کۆڵانەکەمانەوە لافاوێک دێتە دەرەوە کە لێخوڕین بە پێچەوانەی، ناگونجێ. مورتەزا بە بێوەستان درێژە بە ڕێگەکەی ئەدات. دوو کۆڵان سەرووتر ئوتۆمۆبیلەکە ئەخاتە سەرەوژێری و لە بنی کۆڵانەکەی خۆمانەوە ئەچێتە ژوورەوە.

لە بەردەرگای ماڵەوە دائەبەزم بۆ ئەوەی دەرگاکە بکەمەوە. ڕاست تا بن باڵم تەڕ ئەبێ. ئاو تا ئەژنۆ هەڵساوە بەڵام تەوژمەکەی بە ڕادەیەکە کە تا بن باڵ بە تەواوی تەڕ ئەکات. بە پاڵ دەرگا ئاسنەکە ئەکەمەوە. شوێنەواری سەهۆڵ بە دارەکانەوە نەماوە. شمشادەکان بە تەواوی شۆراون و ڕووتن. چلوورەکانی سەردەرگای بەرهەیوان کەوتوونەتە خوارەوە و لە ناوەڕاستی حەوشەدا ئارام ئارام بەڕێوەن.

کاتی سەرکەتن لە پلیکانەکانی بەرهەیوان لەپڕ دەنگێکی وەکوو تەقینەوە بەر گوێ ئەکەوێت و بە دوایدا گوشاری هەوا چەندین بەرامبەر ئەبێت. خانووەکە ئەلەرێتەوە. مورتەزا ئەڵێ:

ــ خوایە خۆت فریامان کەوە. لافاو لە کێوەوە هات...

دایکم چای دەم کردووە. من لە سەر کورسیەکە دائەنیشم و هەست بە ئاسوودەیی ئەکەم. ئیتر تەواو بوو. ماوەتەوە ئالالە کە ئەبێ زمان دەرکات. قورسبوونی گوێی ژنەکەم، دایکم و بیبی، کە دوێنێ چەند جار نیشانەکانیم بینی ئەدا لە دەمارم. بەڵام سەیر لەوەدایە ئەمانە چەندە بە ئەسپایی قسە بکەی گوێیان لێیە، تەنها دەنگە بەرزەکان

نابیستن. دەیجا ئەمەش خۆی باشە. ڕەنگە کەڕ بوون و جووڵەی لێومان ئەخوێننەوە. هەرچی چۆن بێت، لەگەڵ کەڕبوونی ئەمانە گیروگرفتمان نییە. چاک و باش پێکەوە قسە ئەکەین.

ژنەکەم ئالالەی بە باوەشەوە لە ژوورەکە دێتە دەرەوە. بە پێکەنینەوە ئەڵێ:

ــ ئەڵێی زەمین و ئاسمان چاوەڕوانی ئەم دواین جووتە بوون!

تەلەفۆن زەنگ لێئەدا. بیستۆکەکە هەڵئەگرم. کرێنشینەکەی نهۆمی سەرەوەیە. تۆقاو و پەرێشان ئاگادارم ئەکاتەوە کە هەموو ژێرخان و قاتی یەکەم بوو بە ژێر ئاوەو

لەوە ئەترسن خانووەکە داڕو

ــ ئێمە جارێ ناتوانین

داڕووخانی خانووەکە مەترسن. چونکە هەموو کۆڵەکەکان شێلمانی ئاسن و بتۆنن. نەگونجاوە خانووەکە دابچێ. لەوێ بن، ڕەنگە تا چەند کاتژمێری تر بچین بە یارمەتیانەوە.

کاتژمێر نزیکەی شەشی پاش نیوەڕۆیە. هەوا هێشتا ڕووناکە و گەرم. ئیتر سەهۆڵێک نەماوە. هەڵم لە زەوی بەرز ئەبێتەوە. وا پێ ئەچێت لە ناوەڕاستی هاوینەوە سەرمان دەرهێنابێت. لافاو جۆماڵی(٦٤) خۆی کردووە.

کۆڵانی بەر ماڵەکەم لە ژێر توێژێکی ئەستووری قوڕ و چیلکەوچەوێڵدا داپۆشراوە. لافاو ژێرخانەکەی پڕکردووە و بەشێک لە قاتی یەکەمیشی کردووە بە ژێرەوە. تا بەرزایی یەک مەتر کەلوپەلی ناوماڵ شوێنەواری نەماوە.

ئەدەم لە ئاو و لە پلیکانەکان سەرئەکەوم. کرێ نشینی قاتی سەرەوە ترساو و حەپەساو دانیشتووە. ئەوەندەی چاوی بە من ئەکەوێ،

٦٤ـ جۆماڵ: dredging [فەرمان] خاوێنکردنەوەی چەم و جۆگە لە قوڕ و لیت. [ع] التجریف [N] mudring [د] لای روبی.

ئەڵێ:

ـ نازانی چی بوو کاکە گیان. ئاو لەگەڵ خۆی زیاتر لە سەد کورتەبنەی هێناوە. ژێرخان پڕە لە سەگ و پشیلە و کورتەبنەی خنکاو. من ئەترسم لێرە بمێنمەوە.

لە پلیکانەکان ئەچمە خوارەوە. لەبەر دەرگای ژێرخانەکەدا ئەوەستم و بە وردی سەیر ئەکەم. چەند دانەیەک پشیلەی تۆپیو و چەند دانەیەکیش کورتەبنەی خنکاو لە ناو ئاوەکەدا ئەبینم.

پاشان ئەویش ئەبینم! ڕەنگە هاتووە سەیری باخ و سەرا تازەکەی بکات. باش سەیری ئەکەم. خۆیەتی. ئاو مێزەرەکەی بردووە، ڕیشە تەنکە ڕەشەکەی پڕ بووە لە گەن و گووژاڵ. یەکێک لە چاوە قەڵەو و جوانەکانی سەیری بنمیچەکە ئەکات!

دەرەلنگی پانتۆڵەکەم هەڵئەکەم. لە قوڕولیتەی بەردەم قاتی خوارەوە تێ ئەپەڕم و بە دژواری دەرگای خانووەکە ئەکەمەوە.

تەختی هۆڵەکە و ژوورەکان بە قوڕوچڵپاو هاتۆتە سەر. ئەچم بۆ ژووری دانیشتن، بەڵکوو ڕێزینێک بدۆزمەوە و جوان سەیری ژێرخان بکەم. هەتا سەر سیسەمەکە قوڕ و چڵپاو گرتوویەتی. تێکڕای کەلوپەلی سەر عەرزەکە، بەتانیەکان، ڕادیۆ و جلوبەرگ هەموو بوون بە بن چڕ و چیلکەوە.

دیوانەکەی حافز، لە سەر تەپڵەکی قەراخ سیسەمەکە، لە دواین جارەوە کە لە ماڵەوە بووین، هەروا کراوەیە. قوڕ و هەڕ هەموو پەڕەکانی لکاندووە بە یەکەوە. وا دیارە لە ژێر دیوانەکەدا شتێکی وەکوو قوتوە شەمچە هەبووە کە بە خواری ماوەتەوە و لە ئەنجامدا قوڕ و لیتە لە خوارەوە بە پەڕەکەدا سەرکەوتووە و پەڕەکەی داگرتووە و، ئەوەندەی گەیشتۆتە ئاستی نیوەی غەزەڵەکە بڕی نەکردووە و وەستاوە...